


# له "ڕۆژنامەی کوردستان" و "کوردستان میدیا"وە

## پووشپەڕی ٢٧٢٦

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe

پووشپەڕی ٢٧٢٦

# پێڕست:

١- کوردستان، داهاتووی ئێران و هاوکێشەکانی دەسەڵات............................................ هەوراز کاویان ..... ٤

٢- "سی و نۆ بەهار"............................................................................ د. ئاسۆ حەسەنزادە ..... ٩

٣- دیواری فاشیزم لە نێوان کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردستان و ناوەنددا.................... د. ئازاد محەممەدیانی ..... ١٧

٤- لە لێکتێگەیشتنەوە تا ڕێککەوتن، ئەو ڕێگا درێژەی لەپێشە!................................ ناسر باباخانی ..... ٣٠

٥- غیابی کوردستان لە مەیدانی جامی جیهانیدا.................................................. برایم لاجانی ..... ٢٤

٦- دووڕوویی سیاسی!............................................................................... ئاسۆ مینبەری ..... ٣٠

٧- هەڵگەڕانەوە، دوایین قۆناغی ناهومێدی............................................................ عەلی فەتحی ..... ٣٣

٨- کورد و کوردستان لە دەقە ئاینییەکانی یارساندا (بەشی دووهەم و کۆتایی؛ پاشخانی ئایینی لە کوردستان)............
............................................................................................................ سارۆ خوسرەوی ..... ٣٧

٩- پارادۆکسی میدیایی و دیپلۆماسی: لە مانشێتی "تۆڵە"ی هەمشەهرییەوە تا مێزی دانوستانی دۆحە....................
............................................................................................................ شەماڵ تەرغیبی ..... ٤٦

١٠- جێگای بەتاڵی خەڵک و مافەکانیان لە دانوستانەکانی نێوان ئەمریکا و ئێراندا................ تاهیر قاسمی ..... ٤٩

١١- خەبات بەردەوامە!................................................................................... ڕەزا دانشجوو ..... ٥٢

١٢- پارەکە زۆر باشتر بوو.................................................................................... دارسمە ..... ٥٧

١٣- خەڵک؛ ونبووانی بازنەی جەنگ و ئاشتی..................................................... ئەلبورز ڕوویینتەن ..... ٦١

١٤- پەیامی سپاس و پێزانینی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕوو لە خەڵکی خەباتکاری کوردستان، ئازادیخوازان، حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و ئێران................................................................. ٦٣

١٥- تفەنگ، قەڵەم و کەرامەت؛ لە قزقەپانەوە بۆ بەرەی خەباتی ڕۆژانەی هەر کوردێک....... شەماڵ تەرغیبی ..... ٦٥

١٦- هەگبەی شاخ و شۆڕش (شەهید کەریم قازی)................................................ برایم چووکەڵی ..... ٦٨

١٧- "کۆیلەی کۆیلەدار"................................................................................ دیاکۆ ڕۆژهەڵاتی ..... ٧١

١٨- حەسەن شەرەفی: ترسی دژبەرانی مافە نەتەوەییەکان نەک لە پارچەبوونی خاک، بەڵکوو لە دابەشبوونی هێز و دەسەڵاتە.............................................................................. دیمانە: فاتیمە عوسمانی ..... ٧٥



سەرچاوە
Serchawe

پووشپەڕی ٢٧٢٦


١٩- شێوەسەڵیی کورد و فاوستی ئاڵمانی.................................................... د. هاشم ئەحمەدزادە ..... ٨١

٢٠- دەستبەسەرداگرتنی دارایی و ماڵکوماڵی نەیارانی سیاسی؛ بۆچی و بە چ ئامانجێک؟......... کاوە ئاهەنگەری ..... ٨٨

٢١- تێکۆشانی پێشمەرگانە، لووتکەی هەرە بەرزی کار و خەباتی سیاسییە لە کوردستاندا.......... برایم لاجانی ..... ٩١

٢٢- قاسملوو؛ لە کەسایەتییەوە بۆ قوتابخانە................................................ شەماڵ تەرغیبی ..... ٩٥

٢٣- لە پەتی سێدارەوە هەتا مووشەک؛ فڕکردنی کورد سیاسەتی نەگۆڕی کۆماری ئیسلامی.................................
.................................................................................................... میرخان شەمسی بورهان ..... ١٠٢

٢٤- هەمیشە قاسملوو، قاسملوو لە هەموو مەتەرێزێکدا............................................. عەلی بداغی ..... ١٠٥

٢٥- پرسی نەتەوەبوونی کورد....................................................... د. عەبدولڕەحمان قاسملوو ..... ١١٠

٢٦- پرۆژەی سیاسیی قاسملوو؛ تاکە ڕێگای چارەسەری قەیرانەکانی ئێران...................... ئیبراهیم لاجانی ..... ١١٥

٢٧- پەیامی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی ٣٧ ساڵەی تێرۆری د. قاسملوو و هاوڕێیانی لە ڤییەن........................ ١١٩

٢٨- تاکی کورد؛ لە قەیرانی ماناوە بۆ قەیرانی گێڕانەوە............................................. کەیوان فاتحی ..... ١٢٣

٢٩- مستەفا هیجری: لە هیچ هەلومەرجێکدا پاشەکشە لە داخوازیی خۆمان ناکەین..................................
.................................................................................................... وتووێژ تەلەڤیزیۆنیی "زاگرۆس ٢٤"..... ١٣٠

٣٠- گەرووی هورمز؛ شمشێری داموکلیس یان پاژنەی ئاشیل؟.................................. ناسر باباخانی ..... ١٣٥

٣١- گەلۆ؛ شێعری دڵداری یان زمانحاڵی بەرگری و خۆڕاگری نەتەوەیەک!......................... هێمن مەردانی ..... ١٣٩

٣٢- زمان و دەسەڵات و ناسنامەی نەتەوەیی................................................ حەسەن قارەمانی ..... ١٤٤

٣٣- هەگبەی شاخ و شۆڕش (شەهید لەتیف حوسێنی)....................................... برایم چووکەڵی ..... ١٥٠

٣٤- کۆماری ئیسلامی دەچێتە خێوەتی سەفوان؟.................................................. عەلی بداغی ..... ١٥٣

٣٥- تابووتێک لە تاران و سێ تەرمیش لە سیستان................................................... دارسمە ..... ١٥٧

٣٦- نان پەڕیوەتە پشتی شێر............................................................... عەلی لەیلاخ ..... ١٦٠

٣٧- کراوات و جامانەکەی قاسملوو؛ دوو ئێتیکێتی شیاو............................................ عەلی لەیلاخ ..... ١٦٣




# کوردستان، داهاتووی ئێران و هاوکێشەکانی دەسەڵات



هەوراز کاویان

گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییەی ئێران و ناوچەکە، جارێکیتر پرسیارێکی کۆن و مێژوویی هێناوەتەوە ناوەندی گەنگەشە و باسەکان؛ ئایا گۆڕانکاریی سیاسی لە ئێراندا، بەبێ بوونی هێزێکی کۆمەڵایەتیی ڕێکخراو لە نێوخۆ و بەبێ دەوری جیددیی هێزەکانی پەراوێز، سەرکەوتوو دەبێت؟ وڵامەکە هاسان نییە؛ بەڵام یەک خاڵ ڕوونە؛ گوشاری دەرەکی، هێرشی ئاسمانی، گەمارۆ، ئۆپەراسیۆنی هەواڵگری یان شەڕی دەروونی دەتوانن حکوومەتێک لاواز بکات بەڵام بە تەنیا ناتوانن سیستەمێکی سیاسیی نوێ بونیاد بنێن. گۆڕانکاریی بەردەوام و سەقامگیر کاتێک ڕوو دەدات کە فشاری دەرەکی لەگەڵ درزی نێوخۆیی، بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی، ڕێکخستنی سیاسی، شەرعییەتی کۆمەڵگە و بەدیلێکی جێی متمانەدا گرێ دەدرێتەوە. ڕێک لەم خاڵەوەیە کە گرنگیی کوردستان دەردەکەوێت.

کورد لە ئێراندا نە دیاردەیەکی کاتییە، نە هێزێکی پەراوێزخراوە و نە کەرەستەیەکیشە بۆ قەیرانێکی ژێئۆپۆلیتیکی. پرسی کوردستان ڕەگی لە مێژوویەکی دوورودرێژی نکۆڵیکردنی کولتووری، سەرکوتی سیاسی و سێدارە، جیاکاریی و هەڵاواردنی زمانی، بە ئەمنیکردنی جوگرافیا و بێبەشکردنی ئابووریدا هەیە. خەباتی گەلی کورد لە پێناو مافە سیاسی،

زمانی، کولتووری، بەڕێوەبردنی نەتەوەیی و ناوچەیی، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و کەرامەتی مرۆیی، داواکارییەکی کاتی و قۆناغی نییە، بەڵکوو بەشێکە لە یادەوەریی مێژوویی ئەو نەتەوەیە. لە کۆماری کوردستانەوە هەتا خەباتی مەدەنی، چەکداری، کولتووری و کۆمەڵایەتیی دەیەکانی دواتر، کوردستانی وەک یەکێک لە مکوڕترین و جێگیرترین چەقەکانی بەرگریکردن لە دژی ناوەندگەرایی داپڵۆسێنەری حکومەتەکان لە جوگرافیای ئێراندا پێناسە کردووە. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا، گێڕانەوەی فەرمیی حکوومەتەکان و بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی ناوەندگەرا بەردەوام ئەوە بووە کە پرسی نەتەوەیی کورد تەنیا لە چەمکی "جیاخوازی"دا کورت بکەنەوە. ئەم کورتکردنەوەیە، لە یەک کاتدا هەم ناڕەوشتییە و هەمڕی نازانستی.

زۆربەی هێزە سیاسییەکانی کورد، لە ئەساسنامە و هەڵوێستە فەرمییەکانیاندا، باسیان لە دیموکراسی، عەلمانییەت (سێکۆلاریزم)، فیدراڵیزم، خۆبەڕێوەبەری، مافە نەتەوەییەکان و ئێرانێکی فرەنەتەوە کردووەتەوە. تەنانەت لەو شوێنانەشدا کە باسی مافی دیاریکردنی چارەنووس کراوە، ئەم مافە مەرج نییە تەنیا بە واتای جیابوونەوەی دەستبەجێ یان پرۆژەی سەربەخۆیی لکێنرابێت، بەڵکوو پێش هەر شتێک بە واتای ڕەتکردنەوەی باڵادەستی و نکۆڵیکردن و مافی گەلە بۆ بەشداریکردن لە دیاریکردنی داهاتووی سیاسیی خۆی. کەواتە، هەر شیکردنەوەیەک کە داواکاریی کورد تەنیا بۆ "مەترسی لەسەر یەکپارچەیی خاک" دابەزێنێت، لە ڕاستیدا یان لە تێگەیشتنی پرسەکە دەستەوستانە یان بە ئەنقەست و لەڕووی غەرزەوە ئەو لێکدانەوەیە دەکات.

پرسیارێکی گرنگی تر ئەوەیە کە، ئایا ئەمریکا و ئیسرائیل دەتوانن بەبێ هێزی زەمینی لە نێوخۆی ئێران، حکومەت ناچار بەخۆبەدەستەوەدان یان گۆڕانکاری بکەن؟ لە ڕوانگەی ستراتیژییەوە، هێزی ئاسمانی و فشاری دەرەکی دەتوانن ژێرخانی نیزامی، فەرماندەیی، ئابووری و ورەی حکومەتێک دابڕزێنن؛ بەڵام گۆڕینی ڕێژیم، تەنیا بە ئۆپەراسیۆنێکی نیزامییەوە بەند نییە. حکومەتەکان ئەوکاتە دەڕوخێن کە توانای سەرکوتکردن، کۆنترۆڵکردنی شەقام، شەرعییەتی ئایدۆلۆژی و ترسی گشتی لە یەک کاتدا لەدەست بدەن؛ ئەوەی ئەمڕۆ لە ئێران و لە ژێر سێبەری دەسەڵاتی ڕێژیمی ئیسلامیدا خەریکە دەردەکەوێت. لە دۆخێکی وەهادا، هێزی زەمینی بە واتای نەریتییەکەی تەنیا سپایەکی دەرەکی نییە، بەڵکوو کۆمەڵگەی ڕێکخراو، ئەو ناوچانەی خاوەنی تۆڕی سیاسین، هێزە مەدەنییەکان، مانگرتنەکان، ئەنجومەنە خۆجێییەکان و ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینەی نێوخۆی وڵاتیش، بە جۆرێک لە جۆرەکان بە زەمینەیەکی سیاسی و گونجاو دادەنرێن. بەبێ ئەم زەمینە سیاسییە، شەڕ لە ئاسمانەوە ڕەنگە حکومەت بریندار بکات، بەڵام مەرج نییە بیگۆڕێت یان تێکی بشکێنێت.

لەنێو ئەم هاوکێشەیەدا، کوردستان بەهۆی پاشخانی سیاسی و مێژوویی خۆیەوە گرنگییەکی دوو هێندەی هەیە. کوردستان هەم جوگرافیایەکی سنووریی هەیە، هەم یادەوەریی بەرگریکردن، هەم کۆمەڵگەیەکی سیاسیی زیندوو و فرەڕەنگ، هەم

ئەزموونی ڕێکخراوەیی و لە هەمان کاتدا پەیوەندیی بەربڵاوی بەدەر لە سنوورەکانیش هەیە. هەر لەبەر ئەمەیە کە لە قەیرانە گەورەکانی ئێراندا، ناوی کورد و بزووتنەوەکەی دووبارە و چەندبارە دەبیستریّ و حیسابی لەسەر دەکرێت. هەر هێزێکی ژیر کە بیر لە داهاتووی ئێران بکاتەوە دەزانێت بەبیّ چارەسەرکردنی پرسی کورد، هیچ دیموکراسییەکی بەردەوام لە ئێراندا نایەتە کایەوە. ئێرانی داهاتوو یان دەبیّ فرەیی نەتەوەیی، زمانی، کولتووری و ناوچەیی خۆی قبووڵ بکات، یان جارێکی تر دەکەوێتەوە ناو خولی بەرهەمهێنانەوەی ناوەندگەرایی، سەرکوت، سێدارە، کۆمەڵکوژی و قەیرانەوە. بەڵام ئەم گرنگییە، مەترسییەکی گەورەشی لەپشتە، کە ئەویش مەترسیی بەکارهێنان وەک کەرەستە و سەردێڕە، مێژووی کورد لە ناوچەکە و، لە سەد ساڵی ڕابردوودا پڕە لە بەڵێنی گەورە و پەیمانشکێنی و خیانەت. زلهێزە دەرەکییەکان بە گشتی هەتا ئەو کاتە پێویستیان بە کوردە کە کوردستان بەشێک بێت لە هاوکێشەی فشار خستنە سەر دوژمنەکانیان. کاتێک ڕێککەوتنێکی گەورەتر لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکە یان لەسەر بنەمای بەرژەوەندییەکانی وزە و ئەمنییەت بێتە ئاراوە، ئەوە ڕەنگە کوردەکان دووبارە بە تەنیا جیّ بهێڵرێن. بۆیە، هەر جۆرە پەیوەندییەک لەگەڵ هێزە دەرەکییەکاندا دەبێت شەفاف، مەرجدار، سیاسی و لەسەر بنەمای گەرەنتی بێت، نەک لەسەر بنەمای سۆزداری، بەڵێنی زارەکی یان هاندانی کاتیی سیاسییەکان.

لە ڕۆژانی ڕابردوودا، گەنگەشە لەسەر وەرگرتن یان وەرنەگرتنی چەک لەلایەن هێزە کوردییەکانەوە هاتووەتە ئاراوە. بابەتێکی لەم شێوەیە ئەگەر بەبیّ بەڵگەی ڕوون بگوترێت، زیاتر خزمەت بە شەڕی دەروونی دەکات نەک ڕاستییەکان. ئەوەی لە ڕووی سیاسییەوە گرنگترە ئەوەیە کە نابێت کورد ڕێگە بدات کەسانی تر گێڕانەوە لەسەر ڕۆڵی ئەوان دروست بکەن. ئەگەر چەک وەرنەگیراوە، دەبێت بە ڕوونی هەڵوێست هەبیّ و بگوترێت. ئەگەر پێشنیارێکیش کراوە، دەبێت ڕوون بکرێتەوە کە لە بەرامبەر چ گەرەنتییەکی سیاسی، چ جۆرە پاڵپشتییەکی نێودەوڵەتی، چ پلانێک بۆ پاراستنی خەڵک، و چ ئاسۆیەکی گەش بۆ داهاتووی ئێران بووە؟ بۆ هەموو عەقڵێکی سەلیم پێویستە بزانێت کە کوردستان نابێتە ڕێڕەوی گواستنەوەی چەک بۆ کەسانی تر، یان نابێتە مەیدانی تاقیکردنەوەی پرۆژە دەرەکییەکان. خەباتێک کە پشتگیریی سیاسی، کۆدەنگیی گەلی و ئاسۆیەکی ڕوونی نەبێت، دەتوانێت تێچوویەکی قورس بەسەر خەڵکی سڤیلدا لە جوگرافیای کوردستاندا بسەپێنێت.

لە لایەکی ترەوە، لەم قۆناغەدا پێویستە ئۆپۆزسیۆنی غەیرە کوردیش بخرێتە ژێر ڕەخنە و پرسیاری جیددییەوە؛ ئەو پرسیارەی کە هەمیشە بە جۆرێک لە جۆرەکان لێی ڕاکردووە یان لە کاتی گونجاودا سەرکوتی کردووە. بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی ناوەندگەرا لە کاتە هەستیارەکاندا لەبری قبووڵکردنی پرسی نەتەوەکان و مافی یەکسان، لە وێژمانی سیاسی حکومەتی ناوەندی نزیک بووەتەوە و داواکارییەکانی کورد، بەلوچ، عەرەب، تورک، تورکمان و نەتەوە و

پێکهاتەکانی تری ئێرانی بە دەستەواژەی وەک "دابەشبوون"، "مەترسی" یان "نائارامی" وەسف کردووە. ئەم تاقمانە ئەگەرچی خۆیان بە دژبەری ڕێژیم دەناسێنن، بەڵام لە کردەوەدا پارێزەر و هەڵگری هەمان ئەو لۆژیکە سیاسییەن کە کۆماری ئیسلامیش لە نیو سەدەی ڕابردوودا پشتی پێ بەستووە و سوودی لێ بینیوە؛ واتە چڕکردنەوەی دەسەڵات، نکۆڵیکردن لە فرەیی و ترس لە دیموکراسیی ناوچەیی. ڕوخاندنی ڕێژیم تەنیا گۆڕینی ناوی دەسەڵاتداران نییە، بەڵکوو ڕوخاندنی ڕاستەقینە واتە تێپەڕین لە پێکهاتەی سەرکوت، جیاکاری و ناوەندگەراییە. بۆیە پرسیارەکە ئەوە نییە ئایا ئۆپۆزسیۆنی ناوەندگەرا بە جۆرێک لە جۆرەکان "ئەستوونی پێنجەم" یان هاوبیروڕای حکومەتی ناوەندییە یان نا، بەڵکوو پرسیارە جەوهەری و وردترەکە ئەوەیە کە کام بەش لە ئۆپۆزیسیۆن لە ڕاستیدا ئامادەیە دان بە مافە نەتەوەیی و سیاسییەکانی کورددا بنێ؟ کام هێز ئامادەیە بەرگری لە فیدراڵیزم، نامەرکەزییەت، خوێندن بە زمانی دایک، بەڕێوەبردنی نەتەوەیی و ناوچەیی، دادپەروەریی ئابووری و گەرەنتی دەستووری بۆ هەموو پێکهاتە و ڕەوتەکانی ناو ئێران بکات؟ لە بەرامبەردا کام هێز تەنیا و تەنیا خوازیاری گۆڕینی ئاڵا و ڕوخساری دەسەڵاتە، بەبێ ئەوەی پێکهاتەی باڵادەستی بگۆڕێت؟ سنووری نێوان ڕوخێنەری ڕاستەقینە و بەرهەمهێنەرەوەی سیستمی پێشوو، ڕێک لە وڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەدا ڕوون دەبێتەوە.

**لەو ساتەوەختە هەستیارەدا، پێویستە کورد لە یەک کاتدا چەند بنەمایەک بپارێزێت:**

**یەکەم:** یەکڕیزیی سیاسیی پێویستییەکی حەتمییە. جیاوازیی حیزبی شتێکی سروشتییە، بەڵام لە کاتی قەیرانە مێژووییەکاندا، پەرتەوازە بوون دەبێتە کارەسات.

**دووەم:** داواکاریی کورد پێویستە بە زمانێکی یاسایی، سیاسی و نێودەوڵەتی دەربڕدرێت؛ وەک مافی دیاریکردنی چارەنووس، فیدراڵیزم، گەرەنتیی زمان و کولتوور، بەشداریی یەکسان، ئاسایشی خەڵکی سڤیل و دادپەروەریی ناوچەیی.

**سێیەم:** پێویستە کورد لەگەڵ هێزە دیموکراتەکانی تر، نەتەوەکان و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی ئێراندا هاوپەیمانی بکات، بەڵام لە هیچ هاوپەیمانییەکیاندا نابێت داواکارییەکانی خۆی بسڕێتەوە یان کاڵی بکاتەوە.

**چوارەم:** هەر جۆرە چوونە نێو هاوکێشە ئەمنییەتییە دەرەکییەکانەوە دەبێت تەنیا بە گەرەنتییەکی ڕوون، پاڵپشتیی سیاسیی ئاشکرا، ڕێوشوێنی پاراستنی خەڵک و کۆدەنگیی نێوخۆیی ئەنجام بدرێت.

لە بەرامبەردا، نابێت کورد بکەوێتە داوی چەند هەڵەیەکەوە؛ نابێت ببێتە هێزی بریکار (نیابەتی) هیچ هێز و زلهێزێک.


پووشپەڕی ٢٧٢٦

نابێت بەبێ ئاسۆیەکی سیاسیی ڕوون بچێتە شەڕێکەوە کە کۆتاییەکەی لە دەستی خۆیدا نییە. نابێت ڕێگە بدات پرسی کوردستان بۆ پرسی چەک و سنوور کورت بکرێتەوە. نابێت متمانە بە ئۆپۆزسیۆنێک بکات کە لە زماندا دیموکراتە بەڵام لە پرسی نەتەوەکاندا هەمان لۆژیکی حکومەتی ناوەندی بەرهەم دەهێنێتەوە. هەروەها نابێت ئەوەش لەبیر بکات کە شەرعییەتی خەباتی کوردستان لە خەڵک، مێژوو، دادپەروەری و ڕەوایی داواکارییەکانیەوە سەرچاوە دەگرێت، نەک لە ڕەزامەندیی کاتیی هێزە دەرەکییەکان. ئەمڕۆ ئەگە کورد لە ناوەندی باسەکاندایە، لەبەر ئەوەیە کە داهاتووی ئێران بەبێ کوردستان وێنا ناکرێت. نە گەلانی ئێران دەتوانن بگەنە دیموکراسییەکی ڕاستەقینە ئەگەر پرسی کورد و نەتەوەکانی تر پشتگوێ بخەن، نە هێزە دەرەکییەکانیش دەتوانن لەسەر خاکی ئێران هاوکێشەیەکی بەردەوام دروست بکەن ئەگەر کۆمەڵگە ڕێکخراو و ڕەسەنەکان تەنیا وەک کەرەستەیەک بۆ فشار سەیر بکەن.

کوردستان چیتر پەراوێزی ئێران نییە، بەڵکوو یەکێکە لە تاقیکردنەوە سەرەکییەکانی داهاتووی ئێران. هەر هێزێک نکۆڵی لە مافەکانی گەلی کورد بکات، تەنانەت ئەگەر ناوی خۆشی بنێت ئازادیخواز، هێشتا لە لۆژیکی ستەمکاری تێنەپەڕیوە و پاشماوەی سیاسەتی کۆماری ئیسلامی ئێرانە. لە کۆتاییدا، ئەگەر بڕیار بێت ئێرانی داهاتوو دیموکرات، دادپەروەر و بەردەوام بێت، دەبێت لەم خاڵەوە و لەمڕۆوە دەست پێبکات؛ واتە بە فەرمی ناسینی کەرامەت، زمان، مێژوو، مافی سیاسی و ئیرادەی گەلی کوردستان. بەبێ قبووڵکردنی ئەم بنەما ڕوون و ئاشکرایانە، هەر گۆڕانکارییەکی سیاسی لە جوگرافیای ئێران، تەنیا جێگۆڕکێی دەسەڵات دەبێت و کورد کە ئەمڕۆ خۆی کلیلدار و پێشەنگی بەرگرییە، بێ گومان لە داهاتووشدا هەر کوردستان دەبێتە ناونیشان و ڕووگەی ئازادی و کەرامەتی مرۆیی و هەتا بەدیهاتنی ئازادیش بەرگری بەردەوام دەبێت و بەردخودان دەبێتە مانای ژیان.

١ی پووشپەڕی ٢٧٢٦

# «سی و نۆ بەهار»





د. ئاسۆ حەسەن زادە

یەکەم جار کە ویستم ئەو دێرانە بنووسم، یەکەم بەهاری پاش کارەساتەکە بوو. لە قوتابخانەی شۆڕش، دەفتەری بیرەوەریی ڕۆژانەیان پێ ڕەش دەکردینەوە هەتا فێر بین جوان بنووسین. هێندێکم دەنووسی، ڕەشم دەکردەوە. دەستم دەدایەوە، وازم لێ دێنا. ڕازی نەبووم؛ پێم لاواز بوو. زۆر دواتر دیسان هەوڵم دا، کەڵکی نەبوو. بە تێپەڕینی ساڵەکان کارەکە ئەستەمتریش بوو....

وە نەبێ ئێستا چاکتر بنووسم. ئەوەندەی هەیە نووسین هەتوانی دەردی بێدەسەڵاتییە. ئازاری وەبیرهاتنەوە کەمێک سووک دەکا. ژووری یادەوەرییە خۆش و ناخۆشەکان، کۆگای بیر و هەستە پێچەوانەکان، هەڵدەوەژێرێ. مرۆڤ کە دەنووسێ دەخۆی دەنووسێ مانایەک بۆ شتەکان، ڕوانگەیەک بۆ ژیان و مەرگ، تروسکایی وڵامێک لەنێو تەمتومانی پرسیارەکاندا پەیدا بکا و تووڕەییەکانی پێ هێور بکاتەوە. هەر نەبێ لەگەڵ خۆی لێکی دەردەکا!

نازانم لە کوێڕا دەست پێ بکەم. منداڵی شۆڕش بووم. لەنێو شەڕدا گەورە بووم. لە شەڕدا بژی یا لە ئاشتی، منداڵ هەمیشە دوو هەستی بەهێزی لەگەڵن: سەرسامی بە ژیان؛ دڵەڕاوکێی لەدەستدان. پاش ئینقلاب کە لە بەغداڕا گەڕاوینەوە ڕۆژهەڵات، تەمەنم هەر دوو ساڵ بووە. بەڵام لە ساڵی یەکەمەوە بەولاوە، لە مەهاباد و شیوەسەڵ و کاژێ و نەڵۆسە و گاگەش و شیوەجۆوە بگرە کە بەپێی پێشڕەویی جیهادییەکان هەر جارەی ماڵمان لە جێیەک دادەنا، هەتا ئالان و ئاڵیەمەران و دووئاوی دۆڵەتوو کە بۆ لای بابمیان دەبردم، هەموویم لەبیرە: چوونەوە و گەڕانەوە، هەڵات هەڵات، شار و دێ، باڵەخانە و خێوەت، ئاپۆرای خەڵک، تەقوتۆق، دەهۆڵ و زووڕنا، پێکەنین، شیوەن، دەربازبوونی بە ڕۆژ بەنێو شەڕی ڕووبەڕووی جاش و پێشمەرگەدا یان بە شەو بە نهێنی، بۆمباران... دەیان بیرەوەریی پڕمانام لەو سەردەمە هەیە، لەگەڵ خەڵک، لەگەڵ شۆڕشگێڕەکان، لەگەڵ ئەو کتێبە دەرسییە کوردییانەی نیگار و نووسراوەکانی لە خەیاڵدانی منداڵییمدا لۆئلۆئی سێحراوی بوون و ناچار بووم لەگەڵ گەیشتنی پاسدارەکان بۆ نێو دێ بە دەستی خۆم لە پەیندا بیاننێژم!

منداڵ لەو تەمەنەدا لە خەیاڵیدا کایە لەگەڵ پاڵەوانەکان دەکا. ئەمن پاڵەوانەکانم بە چاوی خۆم دەدی. جار هەبوو پاڵەوانەکان دەکەوتن و هەڵنەدەستانەوە. لە ڕۆژهەڵات بەشی ئەوە تەرمی شەهیدم دیتبوو کە تێبگەم لەدەستدان تەنیا ترسێکی وەهمی نیە، ئەگەرێکی بەهێزە. لەگەڵ پاشەکشەی شۆڕش و گیرانەوەی کوردستان سەرنجم دا کە پاڵەوانە کەوتووەکان دەکرێ کەسی نزیک و ناسیاو بن. یەکەم شەهیدەکان کە پەرۆشم بوون ڕەحمان سۆفیزادە و سەرگورد کەریم عەلیار بوون، هەروەها عومەر شیوەسەڵی، خالید پاشبەردی... زۆر جار تەنیا بە دیتنی ڕوخساری بابم دەمزانی فەرماندەیەکی حیزب شەهید بووە!

کاتێک سەرلەنوێ کەوتینەوە ئەم دیوی سنوور، بۆ من و هاوالانی منداڵییم گەورەدێ یەک لە دوو وێستگەی هەرە پڕخاترەی سەفەری دەربەدەریمان بوو. بەڵام دەڤەری ماوەت وشک و ڕژد بوو. لەبیرمە بەیانییەکی هاوین کە لە چادردا دەژیاین، کاتێک لە خەو هەستام دیتم بابم خەریکی فڕێدانی ئەو مارەیە کە هەموو شەوەکە "دەستلەملانی" من خەوتبوو! دووپشکەکانیش هەر وەخت وەڕەز دەبوون بە نەسرینی خوشکمیانەوە دەدا و ئەمنیش ئازاری بێدەسەڵاتیم لەبەرامبەر ئازاری کەسێکی خۆشەویستدا دەچەشت! هەربۆیە کاتێک تۆپبارانی خەستی هاوینی ١٣٦٦ هەڵیداشتینە قەندیل، زۆریشم پێ

ناخۆش نەبوو. قەندیل بەهەشتی سەر ڕووی زەوی بوو. سروشتی دڵگیری ئەو مەڵبەندە لە یازدە ساڵیدا ئەمنی بۆ هەمیشە سەرمەستی وەرزی پاییز کرد کە وەرزی لەدایکبوونی خۆشم بوو.. غافڵ لەوە کە سێحری جوانی، چزووی مردن و ژولیانی ژەهراویترە. بەتایبەتی مەرگ و ژاکانی ئەوەندە ئاسان و ئەوەندە زووی ئەوانەی فکرت بۆ ناچن، لەبەر نزیکییان، لەبەر گەورەییان!

"هێندە گەورەی
بە تووناێلی فراوانی ئەم گەردوونەشەوە ناچی
تۆ زۆر مەزنی
تۆ خۆشەویستی ئەم خەڵکەی*"

لە یەکێک لە ڕۆژە زیوینەکانی ئەو پاییزە کە بۆنی گوێژ و دووکەڵی ئاوری داران تێکەڵی یەکتر ببوون، دوو هاوڕێی گیانی بە گیانی لە ماڵی ئێمە لە ئێندزێی بناری قەندیل وێک کەوتنەوە. پیاوە بێهاوتاکەی کورد، دوکتور قاسملوو، و ئازادترین مەلی دنیا کە شایی دنیای بە خۆی بوو و دنیا شایی پێ بوو، حەسەن شیوەسەڵی. بێگومان ئەو ڕۆژە ترسی لەدەستدانم هێندە بەهێز نەبوو کە بیر لەوە بکەمەوە کە ئەو دوو هاوڕێیە ئیدی بە ساغی یەکتر نابیننەوە و لە ماوەی تەنیا ساڵ و شتێکدا یەکیان بە باڵ شکاوی و سۆما چرژاوی لە سنووری مەرگ دەگەڕێتەوە و ئەوی دیکەش شەهید دەبێ! هەردووکیشیان بەهۆی پیلانی خیانەت لە متمانە و نیەتپاکی. ئێستاش لە زەینی مندا دوو شت هەن کە هەمیشە یەکیان ئەوی دیکەم وەبیر دێنێتەوە: هەڵپچڕینی کتێبە بۆمبڕێژکراوەکە لەلایەن خاڵمەوە لە ١٦ سەرماوەزی ١٣٦٦؛ ستارت لێدانی ئەو ئۆتۆمبیلەی ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕی ساڵی دواتر دوکتور قاسملوو دەبا بۆ ژمارە (٥)ی شەقامی "لینکە بانگسە"ی ڤیەن! سەیرە. لە ئەفسانە یوونانییەکاندا خاڵی لاوازی پاڵەوانەکان هەمیشە جێیەکی جەستەیان بوو، هی "ئاشیل" پاژنەی پێی، هی "سامسۆن" پرچی. کەچی خاڵی لاوازی پاڵەوانەکانی ئەفسانەی کورد دڵپاکییان بوو، ئینساندۆستییان، کتێبدۆستییان!

"هەموو ڕۆژێ قامکەکانت
وەک دە چۆلەکەی سەربڕاو
بەرەو ئاسۆ هەڵدەفڕێنی
ئەوەتانێ بەو دەستانەت
ئەم هەورانە ڕادەماڵی و
دەتەوێ خۆرمان بۆ بێنی*"

سەرەتای کارەساتەکە بۆ ئێمە "ڕەشەشەو"ێکی پاییز بوو کە لەبەر فانۆس دانیشتبووین. کاتی ماڵ خەوتنان لەپڕ لە

دەرگایان دا. دوکتور قاسملوو دوو لە پێشمەرگە پارێزەرەکانی خۆی (کاک کەریم عەلیپوور و وا بزانم کاک حوسێن حاجی) لە بۆڵێی بنکەی دەفتەری سیاسیڕا ناردبوو بۆ لای بابم. بۆم پرسیار بوو کە ئەوانە دەبێ هەڵگری چ هەواڵ و پەیامێکی ئەوەندە گرینگ و بەپەلە بن کە بەو شەودرەنگانە و تەنانەت وا بزانم بەپێیان لەو ڕێگە دوورەوە هاتبوون. لەپشت دەرگای ئەو ژوورەی لێی کۆ بوونەوە، دەنگی نزم و ئاخ هەڵکێشان دەهات. کاتێکیش دایکمیان بانگ کردە ژوور، ماڵمان شێوا. خاڵم پێشتریش چەند جار تەنانەت بە توندی بریندار ببوو. بەڵام کە زانیمان کتێبی لە دەستدا تەقیوەتەوە، جارێ باوەڕمان نەدەکرد کە زیندوو بێ و پێمان وابوو دەیانەوێ هەواڵەکەمان وردە وردە پێ بڵێن. پاشان ئەگەر مابا، دەمانزانی برینداریی ئەوجارەی لە چەشنی جارەکانی پێشوو نیە. ئێمە بنەماڵەی بریندارەکە بووین، بەڵام هەموو حیزب کاتی بیستنی هەواڵەکە هەمان هەستی ببوو. خاتوو خەجیج مەعزووری دەیگێڕایەوە کە کاتێک دوکتور شەڕەفکەندی هەواڵەکەی بە بێسیم پێ گەیشتبوو، هاواری کردبوو: "خەجیج بگەیە، ماڵمان وێران بوو"!

نازانم ئەو شەوە چۆن خەومان لێ کەوت. لەدوای ئەوە، ڕۆژان و شەوانی درێژی چاوەڕوانی و بێئۆقرەیی دەستی پێ کرد. هەتا ئەو ئێوارەیەی کاک ئەحمەد حەداد لە سەفەری بەغدا گەڕایەوە و بە تەواوی لە قووڵایی کارەساتەکە ئاگادار بووین: هەردووک دەستی پەڕیون، چاوێکی بە تەواوی لە دەست داوە و چاوەکەی دیکەشی، جارێ دیار نیە! ئەوجار ماڵ بوو بە شوێنی شینگێڕی و خەیاڵ دیوەخانی خەم و حەسرەتی بێ کۆتایی. بۆخۆم کە تازە لە قوتابخانە گەڕابوومەوە، توانای چوونەوە ماڵم نەبوو و لەو ڕۆژەدا کە ئیدی هەوای زیوین جێی خۆی دابوو بە هەوری ڕەش، بەبەر بارانی بەخوڕدا هەڵکشامە بناری چیاکەی پشت گوند. دەمویست بگەمە جێیەکی دوور و بڵیند هەتا کەس گوێی لە هاوارم نەبێ!ساڵەها دواتر کە چیرۆکی "منداڵانی هەوری"ی محەممەد شەریفیی نیعمەت ئابادم لە کتێبی "باغی هەناران" وەرگێڕا، لەبەر ئەوە بوو کە خۆمم تێدا دیتەوە: ئەو منداڵەی لەبەر بارانەکە بە کوڵ دەگریا و دە قوڕ گەوزیبوو، ئەمن بووم!

زستانمان بە هەوڵی بێهوودە بۆ باوەشێنی ئەو زامە سارێژهەڵنەگرە و هیوا و نزای ئەوە تێپەڕ کرد کە دوکتورەکان لە پاریس موعجیزە بکەن و "برینداری کورد" چاوی بەو چیایانە بکەوێتەوە کە ئەو هەمووە شەڕی داگیرکەری لێ کردبوو. ئەو وەرزە هێندێک هەواڵی ناخۆشی دیکەش هاتنە سەر خەرمانی خەم و نیگەرانییەکان، بەتایبەتی بۆ من شەهید بوونی حەسەن پوورخزری، گیانلەدەستدانی ڕەحیم بەغدادی، و بۆ هەمووان، ئەو قەڵشتەی لە کۆنگرەی هەشتدا لە دیواری تەلاری ماڵە گەورەکە (حیزب) کەوتبوو... بەڵام برینە هەرە نزیکەکە لە هەمووان بەژانتر بوو. ڕۆژێکیان لە قوتابخانە مامۆستایەکمان چەند لاپەڕە لە ڕۆمانی "شاهینی ئاناوارزا"ی یەشار کەماڵی بۆ خوێندینەوە. زۆری لێ تێنەدەگەیشتم. ئەوەندە نەبێ کە دایکی ئینجەمەمەد یا دەزگیرانەکەی بەسەر ئازایەتیی ناوبراو و توانا جەستەییەکانی هەڵدەگوت کە دژمن نەیدەتوانی زەفەر بە هیچ کوێی ببا چونکە گۆیا هەموو گیانی جلی ئاسنینی بۆ کرابوو، تەنیا جێیەکی نەبێ کە

نەیاندەتوانی داپیۆشن و نەیاندەزانی چۆنی بپارێزن: چاوەکانی!

"چاوەکانت چاوی شۆڕشی ئەم گەلەن
چاوی حیزبن
لە تۆفان و گەردەلوولدا
بۆمان دەبنە قیبلەنما
لە هەوراز و هەڵدێراندا
دەستمان دەگرن
لە پێشەوەی ئەم کاروانە سەروەرییەدا
کاروانکوژە دەناسنەوە*"

مانگی جۆزەردان بوو. لای نیوەڕۆیە لاندکرۆزێرێک ئەمنی لە بۆڵێ ڕا هێنایەوە ئێندزێ. لەبیرم نیە بۆچی چووبووم. کە گەیشتمەوە ماڵ، بابم و دوکتور قاسملوو لە حەوشەکە چاوەڕوان بوون. لەگەڵیان چوومەوە ژوور. تاوێک لە هۆڵە بچووکەکەمان بەدەم قسەکردنەوە هاتن و چوون. باسی کتێب و کارەساتی هەڵەبجە کرا. جار جار ئەمنیشیان ڕێ دەدایە نێو قسەکانیان. دادم بانگی کردنەوە. دوکتور قاسملوو گوتی: "گەلاوێژ، ئەوجاریش بە هەڵە نەمانبەیە دەر!" ئەو جار هەڵە نەبوو. لاندکرۆزێری هەڵگری "بریندارێ کورد" و کاکم کە لەگەڵی چوبووە فەڕانسە گەیشتەوە. ئێمە و هێندێک میوانی دیکە کە تازە گەیشتبوون و ژمارەیەکی زۆر دەر و دراوسێ و پێشمەرگە بەدووی یەکدا لێی دەچووینە پێش بۆ ئەوەی وێڕای خۆناساندن بەخێرهاتنی بکەین. سەرنجڕاکێش ئەوە بوو کە ڕووما و هەیبەتی هەروا جوان و لە جارانیش بەسامتر بوو. کاتێک نۆرەی من هات، نەگەیشتمە بەژنی بەرزی و نەمتوانی ماچی بکەم. گریام.

مەودای نێوان شوێنی ئاپۆراکە و ماڵی ئێمە سەت میتر نەدەبوو. دوکتور قاسملوو کە ئەمنی لەو حاڵەدا دی دەستی گرتم و بە دووی خاڵمدا کە هەردوو قۆڵیان گرتبوو بەرەو ماڵێ وەڕێ کەوتین. دەتگوت فیلمە. تۆز و فرمێسک لە هەوادا سەمایان دەکرد. لەو مەودا کورتەدا کە بۆ گەیشتنەوە ماڵ پێوامان، هەستم دەکرد ئەو هەنگاوانە هەنگاون بەسەر ڕێڕەوی مێژووی کورددا. هاوکات تێگەیشتم کە تەنیا شتێک کە وا دەکا لە هەلومەرجی ئاوادا بنیادەم تەحەمولی لەدەستدانەکان و تەنانەت خودی ژیان بکا، هاوچارەنووسی و کایەی بەکۆمەڵە. لەگەڵ هەموو خەم و تاسانی ئەو ڕۆژە، لەو کاتەدا هەستم بە شانازییش دەکرد. هەروەک کە چەند مانگ پێشتر شانازییم کردبوو کە خاڵم یەکەم کەسی زیندووی مێژووی نوێی حیزبی دێموکڕات بوو کە ناوی لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەدا هاتبوو و یەکەم کەسی زیندووی حیزبیش بوو کە وێنەی لە ڕۆژنامەی "کوردستان"دا چاپ ببوو. هۆیەکەشی ئەوە بوو کە ئەو هەر سەرکردەیەکی هەڵکەوتە نەبوو. حیسابی سەرکردەیەکی شەهیدی بۆ کرابوو، شەهیدی زیندوو!

پێم وا نیه له مێژووی كورددا هیچ زیندوویەك نه ئەوەدەم نه دواتر ئەوەندە خەڵك بۆی گریابێ. ئێستاش گریانی ڕەزا شیرازییم لەبیره.. كه گەیشتینەوه ژوور، دوكتور قاسملوو یەكسەر دۆخەكەی به قسەی خۆش ئاسایی كردەوه. بەڵام له ژوورەكەی ئەولا هێشتا دەنگی گریانی ژنەكان دەهات. ڕێبەری كورد هەستا بۆخۆی چوو كۆبوونەوەی پێ كردن و داوای لێ كردن ئەو شیوەنه ڕابگرن. سفره ڕاخرا، نان هات. لێرەش دوكتور قاسملوو له پەنای خۆی دانیشاندم و لەسەر گاڵته و جەفەنگ لەگەڵ خاڵم بەردەوام بوو. "ئەرێ نەتگوت، لەو سەفەره ڕانی بۆقت خوارد؟"

ئەو هاوینه له هەموو كوردستانەوه خەڵك و كەسایەتییەكان دەهاتنه سەردانی "برینداری كورد". هەر جار كه بەسەرهاتەكەی بۆ دەگێڕانەوه بۆ من وەك جاری یەكەم تازه و به ئازار بوو. لەگەڵ هەموو نائاسایی بوونی دۆخی نوێی، دەبوو ژیانی ڕێك بخرێتەوه و هەر كەس به جۆرێك هەوڵی دەدا له ئازارەكانی كەم بكاتەوه. ڕۆڵی من ئەوه بوو كتێبی بۆ بخوێنمەوه. لەبیرمه به بیرەوەرییەكانی چارلی چاپلین كه له نیوقەدیدا نزایەكی ئایینیی زۆر نۆستالژیك هەبوو، دەستمان پێ كرد. تەنانەت دەبوو به زمانگەلێك شتی بۆ بخوێنمەوه كه جارێ بۆخۆم فێریان نەبووم!

هێندێك جاریش ئەو شێعره عەرووزییانەم بۆ دەنووسیەوه كه لەپاش بریندار بوونیەوه له مێشكی خۆیدا لەبارەی چارەنووسی كورد و له پەسنی ئازایەتیی پێشمەرگه دایدەنان. لەبیرمه له دێرێكی ئەو شێعرانەدا ئیشارەی به سەرهەنگێكی ئەرتەشی كۆماری ئیسلامی كردبوو كه به دیلی كەوتبووه دەستی و له ترسان و بۆ ئەوەی نەیكوژێ، كڕنۆشی پاڕانەوەی بۆ بردبوو. بەڵام ئەو له شێعرەكەیدا نەیدەگوت كڕنۆشی بۆ من هێناوه، ڕوو به دایكی نیشتمان دەیگوت كڕنۆشی بۆ تۆ هێناوه! نەیكوشتبوو... زۆربەی كات شێعرەكانی له ڕێگا ڕۆیشتنی ئێوارانی سەر جادەی سەرەكیی نێوان ئێندزێ و لیۆژێ دەهۆنیەوه و ئەمنیش به دەم ڕێگاوه دەمنووسینەوه. له یەكێك لەو ئێوارانەدا چەندەم خەفەت خوارد كاتێك سەری هەڵبڕی و گوتی هەست به ڕووناكایی تیشكی خۆر دەكەم. هێشتا هیوای دیتنەوەی دنیای ڕوونی لەدەست نەدابوو. ئەو ڕۆژانه هەروەها كه سەرنجم دەدایه بەهره و خوێندەواری و زانیاریی بەربڵاو و فرەچەشنی، هێندەی دیكه خەمم دەخوارد.

ساڵ تێوەرسووڕا. دوكتور قاسملوو شەهید بوو و "برینداری كورد" له گۆڕستانی شەهیدان به قوڵپی گریانەوه قسەی لەسەر كرد و گوتی ئەو شتەی ساڵانی ساڵ بوو لێی دەترسام، بەداخەوه وەدی هات. ڕەحیم قازیجیی هۆگریشی كه ئەویش گەوهەرێكی سەر ئەو شاخانه بوو، شەهید بوو و پەخشانی بۆ نووسی. پێشمەرگەی دەستەبژێر له هێزەكانی دەوروبەری بنكەكانی دەفتەری سیاسی كه ئەمن هاودەمی زۆربەیان بووم، پۆل پۆل شەهید بوون.. لەمەولا ڕێگای خەبات ڕووەو هەورازتر بوو و دەبوو خۆمان بۆ پیلان و تاوانی دیكەش حازر بكەین. "برینداری كورد"یش دەبوو "ریكوەیەم" (مەرسیه)ی ئەو پاڵەوانانه بخوێنێ كه یەك لەدوای یەك دەكەوتن و هەڵندەستانەوه...

"چاوم لێیه قامكەكانت

کەوتوونە سەر پەلەپیتکەی
چەکی هەموو پێشمەرگەکان
ئەوەتانێ پەنجەکانت
بوونە قەڵەم بۆ منداڵانی کوردستان*"

فەڕانسەوی کە دەیانەوێ ئیشارە بە ژیانی کەسێک بکەن کە بە گەنجی، گوڵی تەمەنی پەڕپەر بووە، لەبری ژمارەی ساڵەکانی عومری، دەڵێن ئەوەندە بەهارە. لەو کاتەوە کە ئەو کارەساتە ڕووی داوە و بۆ یەکەمجار ویستم لەبارەیەوە بنووسم. تا ئێستا سی و نۆ بەهار تێپەڕیوە. سی و نۆ بەهار لە ڕەشەشەودا. بەڵام پێش ئەو سی و نۆ بەهارە کە لەودا کەمئەندامی، تەنیا دیوی دیتراو و بەشێکی کەم لە ئازارەکانی "بریندار کورد" بووە، سی و نۆ بەهاری دیکەش هەیە کە پەڕاپەڕ بەسەرهاتی مەینەت و زیندان و شکەنجە و هەڵوەداوی و بەرەنگارییە، و چاوەڕوان بووم بنووسرێتەوە.

"چاوم لێتە
هەموو شەوێ
نیوە شەوێ
لەسەر چیاکان
ئاگرێکی سوور هەڵدەکەی
هەر دە پەنجەت
لە خوێنی شەهیدەکان هەڵدەکێشی
داستانی شۆڕشی گەل تۆمار دەکەی*"

کاتێک سەرەنجام بەرگی یەکەمی "ڕەشەشەو و سەربازانی ون"م کەوتە دەست، سەرنجم دا کە نووسەر لەجیاتی ئەوەی وەک زۆر بیرەوەرینووسی دیکە هەر لە سەرەتاوە خۆی بکا بە سەنتەری بابەتەکان و تەنیا بەسەرهاتی ژیانی خۆی بنووسێتەوە، بەرهەمەکەی خۆی پێش هەموو شتێک بۆ باسی ڕابردووی گەلەکەی و تۆمارکردنی پڕ وردەکاریی ڕووداوەکانی قۆناغێکی هەستیار و چارەنووسسازی مێژووی ئەو گەلە تەرخان کردووە، واتە چیرۆکی کوشتاری خەڵکی بێدیفاعی کورد لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەدەست جیهادییەکان لەدوای شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێران. هەمان ئەو شتەی گەلانی دیکەی قوربانیی کۆمەڵکوژی دەیکەنە دەسمایەی ڕەوایەتیدانی نێونەتەوەیی بۆ گەیشتن بە سەروەریی سیاسی.

تەنیا لە کۆتایی کتێبەکەدا نووسەر ڕاستەوخۆ باسی خۆی دەکا. کاتێک کتێبەکەم لێک کردەوە، بە دەست خۆم نەبوو، یەکسەر بازم دایە ئەو شوێنەی بەسەرهاتی کارەساتەکە دەگێڕێتەوە. ڕەنگە ئەمن ڕۆمانم زۆر نەخوێندبنەوە. بەڵام

پووشپەڕی ٢٧٢٦

ئەوەندەی خوێندوومنەوە، ئەو وەسف و گێڕانەوە هەناسەبڕ و سینگڕێکگوشەی لەو لاپەڕانەدا هاتووە لە هیچ ڕۆمانێکمدا نەدیوە، نە لە "بێنەوایان"ی ڤیکتۆر هۆگۆدا کە وەختی خۆی "برینداری کورد" بە خەتە خۆشەکەی لەسەری نووسیبوو یەکەمجار لە زیندانی قەسری قەجەر خوێندوویەتەوە، نە لە "ژێرمینال"ی زۆلادا، نە لە "مەرگی ئیڤان ئیلیچ"ی تۆلستۆیدا، نە لە "مێتامۆرفۆز"ی کافکادا و نە لە "نابینایی"ی ساراماگۆدا. تەنیا ڕۆمانێک کە لەلایەنی گێڕانەوەی ئازاری مرۆڤێکەوە ڕەنگە شان لە شانی ئەو لاپەڕانە بدا "جۆنی چەک هەڵدەگری"ی دالتۆن ترومبۆیە کە بەسەرهاتی سەربازێکی ئەمریکایی لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا دەگێڕێتەوە کە بەهۆی تەقینەوەی بۆمبێک تەواوی ئەندامی جووڵەی لەش و هەموو ئەو توانایانەی مرۆڤ بە دنیای دەرەوەی خۆی دەبەستێتەوە و لە دەوروبەر بێنیازیان دەکا - بە نیعمەتی دیتن و قسەکردنیشەوە- لە دەست دەدا و دەمێنێتەوە خۆی و خەیاڵ و بیرکردنەوە و ئێش و ژانە نەبڕاوەکانی...

هەرچەند کتێبەکەی "برینداری کورد" بەهۆی دۆخی تایبەتیی نووسەرەکەیەوە لەڕووی پوخت کردنەوە و ستروکتورەوە بێکەموکوڕی نیە، بەڵام بەدەر لە قەڵەمە پاراو و ڕەوانەکەی کە وەک ئاوی کانی لەبەری دەڕوا و جیا لە نێوەرۆکە مێژوویییە دەوڵەمەند و بەنرخەکەشی، هەر ڕستەیەکی تەعبیرێکی جوانی ئەدەبی و فەلسەفی و نیشانەی باوەڕی قووڵی نووسەر بە خەبات بۆ ئازادی و بەدژی زۆرداری، پەرۆشیی زۆری بۆ خەڵکی چەوساوە، خۆشەویستیی خاک، خولیای ژیان و تەنانەت ئەوینی وشە و ئیستعارەیە. لەگەڵ ئەوە کە ڕووداوەکانی نێو ئەو کتێبە واقیعیین، بەڵام شێوازی گێڕانەوەیان خوێنەر دەخاتە بیری ستایلی نووسینی "بەشوێن سەردەمی لەدەستچوو"ی پرووست و "دژە بیرەوەری"ی مالرۆ. جاری واشە ڕووداوەکان ئەوەندە بەئازارن و وەها وەستایانە وەک خەو و خەونوچکە داڕێژراونەوە کە بەرگێکی سورڕێئالیستی بەخۆوە دەگرن. لە هەمووشیدا گرێژەنە و گیانمایەی درامایەکی ئینسانی هەست پێ دەکەی، بە ڕەنگ و ڕووی ئەو بوومەلێڵە خوێناوییەی هونەرمەندی گەورەی شۆڕشی ڕۆژهەڵات، کاک سەلاحەدین وەهابپوور (سامرەند) لە تابلۆی کاتی گەیشتنەوەی "برینداری کورد"دا نەخشاندوویەتی.

لەپشت ئەو بوومەلێڵەوە ڕووناکایی پەیامێکیش بۆ نەوەکانی دواتر هەیە، پەیامی هەستانەوە و درێژەدانی ئەو ڕێگایە.. پەیامی لەبیرمان و گواستنەوەی هەقایەتی خەباتی میللەتێک بۆ ڕزگاری؛ ئەفسانەی ئەوپەڕی ئیرادە و خۆڕاگریی مرۆڤێک، سەردارێکی کورد. ...

* وەرگیراو لە شێعری "کە چاو دەبێتە قیبلەنما"ی تێکۆشەر و ڕووناکبیر کاک برایم لاجانی کە پاش کارەساتەکە نووسیبووی و لە ڕادیۆی حیزب خوێندراوەتەوە.

٢ی پووشپەڕی ٢٧٢٦

# دیواری فاشیزم لە نێوان کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردستان و ناوەندا





**د. ئازاد محەممەدیانی**

کۆمەڵگەی مەدەنی شوێنێکە لە نێوان ماڵ و حکوومەتدا؛ هەمان ئەو مەیدانە زیندوویەی تێیدا خەڵک لە تاکگەلی پەرشوبڵاوەوە دەبن بە هاوولاتیی ڕێکخراو. ئەنجومەنەکان، سەندیکاکان، میدیا سەربەخۆکان، گرووپ و ڕێکخراوەکانی ژنان، دامەزراوە کولتوورییەکان، تۆڕە خۆجێییەکان، چالاکانی مافی مرۆڤ، خوێندکاران، مامۆستایان، کرێکاران و بنەماڵە دادخوازەکان، هەموویان پێکهێنەری ئەم گۆڕەپانەن. کۆمەڵگەی مەدەنی واتە توانا و بڕستی کۆمەڵگە بۆ قسەکردن، کۆبوونەوە، داواکاری، پاراستنی خۆی، بەرگریکردن لە بەردەم دەسەڵات، و بونیادنانی متمانە لە نێوان ئەو گرووپانەی ڕەنگە زمان، چین، ئایین یان ناسنامەیەکی جیاوازیان هەبێت.

لە وڵاتێکی فرەڕەنگ و هەمەجۆردا کە نەتەوەی جیاواز و هەمەجۆری تێدا نیشتەجێن، کۆمەڵگەی مەدەنییش لەسۆنگەی بارودۆخی ئەو وڵاتە دەکرێت جیاواز و هەمەجۆر بێت. بەو مانایەی کە سابنەیشن (Sub-nation) یان نەتەوە ژێردەستەکان لە نێوخۆی دەوڵەتێکی گەورەتردا دەژین و هەرکامەیان خاوەنی کۆمەڵگەی مەدەنیی جیاوازن؛ ئەو کۆمەڵگەیانەی لەژێر کاریگەریی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و کولتووریی خۆیاندا، و هەروەها لەژێر کاریگەریی ئەو کارلێک و پەرچەکدارانەدا قەوارە و بەردەوامییان بەدەست هێناوە کە لە درێژەی پرۆسەیەکی مێژووییدا لە دەوری داوا و ئاواتەکانی ئەو نەتەوە و کۆمەڵگەیانەدا بیچمیان گرتووە.

پەیوەندیی نێوان کۆمەڵگەی مەدەنیی نەتەوەی ژێردەستە و کۆمەڵگەی مەدەنیی نەتەوەی باڵادەست، پاشکۆ و پەیوەندییەکی هێڵی و گرێدراو نییە. کۆمەڵگەی مەدەنیی نەتەوەی ژێردەستە تەنیا بەشێکی خۆجێیی لە کۆمەڵگەی مەدەنیی گشتیی وڵات نییە، بەڵکوو دەکرێت مەیدانێکی سەربەخۆ بێت بۆ بەرهەمهێنانی شوناس، یادەوەری، داخوازی، ڕێکخستن و ڕەخنەگرتن لە حکوومەتی ناوەندی. ئەم کۆمەڵگە مەدەنییە لە لایەک دەتوانێت لەگەڵ کۆمەڵگەی مەدەنیی ناوەندا، بە شێوەیەکی بەردەوام یان لە قۆناغە هەستیارە مێژووییەکاندا بچێتە نێو هاوپەیمانییەکی دێموکراتیکەوە و داواکارییەکانی خۆی بۆ هاووڵاتیبوون، دادپەروەری، لامەرکەزی و دێموکراسی بێنێتە بەر باس و هاواریان بکات؛ وەک بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی". لە لایەکی دیکەشەوە، دەکرێت لەگەڵ کۆمەڵگەی مەدەنیی ناوەندا تووشی گرژی بێت، بەتایبەت ئەو کاتانەی هێزە ناوەندگەراکان بە بیانووی هەڕەشە بۆ سەر ئەمنییەتی نیشتمانی حاشا لە داوا نەتەوەیی، مافە زمانی و مافە بنەڕەتییەکانی نەتەوەی ژێردەستە دەکەن؛ وەک ئەوەی دوای دامرکانەوەی بزووتنەوەی ژینا و لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا ڕووی داوە.

سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی توندڕەوی ناوەندگەرا کە ڕەگ و ڕەهەندی بەهێزی فاشیزمی پێوە دیارە، کەلێن و مەودایەکی قووڵی لە نێوان کۆمەڵگەی نەتەوەی باڵادەست و نەتەوەی ژێردەستەدا دروست کردووە. فاشیزم لە لایەکەوە بەرهەمی لاوازیی کۆمەڵگەی مەدەنی و کۆمەڵگەیەکی ڕێکنەخراوە، و لە لایەکی دیکەشەوە هۆکار و پاڵنەری لاوازکردنی زیاتری کۆمەڵگەی مەدەنییشە. لە ڕاستیدا فاشیزم بە پێداگری لەسەر نەتەوەپەرستیی توندڕەو، خەونفرۆشتن و جەختکردنەوە لەسەر گێڕانەوەی شکۆمەندیی مێژووی لەدەستچوو، بەردەوام خەریکی دوژمنسازیی نێوخۆیی و بانگهێشتکردنە بۆ یەکگری و کۆبوونەوە لە دەوری ئاڵایەک و ناسنامەیەکی تایبەت و دیاریکراو کە نوێنگەی خەون و مێژووی هەموو پێکهاتەکانی ئەو وڵاتە نییە. بەڵام ئەم بارودۆخە بووەتە هۆی ئەوەی ئەو خەڵکەی بەهۆی شکستە مێژووییەکان، کێشە ئابوورییەکان و قەیرانە کۆمەڵایەتییەکانەوە بێهیوا بوون، بە تەمای گەیشتن بەم شکۆمەندییە بەڵێندراوە، بکەونە داوی ئەم فاشیزمەوە. ئەمە لە کاتێکدایە کە کۆمەڵگەی ژێردەستە، بۆ چەسپاندنی مافی خۆی بەسەر نەتەوەی باڵادەستدا و تێگەیاندنی ئەم

ڕاستییەی مافەکانی ئەو لە چوارچێوەی قبوڵکردنی فرەیی و ڕێزگرتن لە جیاوازییەکان، و لە چوارچێوەی پەیوەندییە دێموکراتیکەکاندا دێتە دی، ناچارە بەرەنگاری ئەم بیرکردنەوەی تاکناسنامەیی و تاکڕەهەندییە بێتەوە.

ستەمکاری و بەهێزخوازیی (اقتدارگرایی) پەهلەوی لە سەر ئاستی کۆمەڵگەی مەدەنیدا، لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی لۆژیکی ترس لە فرەیی و هەمەجۆری، بەدگومانی بەرامبەر بە ناوچەکانی پەراوێز و پیرۆزکردنی ناوەند، دەوڵەتی بەدەسەڵات و گۆڕینی داوای یەکسانی و بەرابەری بۆ هەڕەشەی ئەمنییەتی، کۆمەڵگەی ناوەند لە ڕۆڵە دێموکراتیکەکەی خۆی دوور دەخاتەوە و دەیکاتە بەرهەڵستکاری کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردستان.

لە دۆخێکی وەهادا کە هەتا ئێستاش درێژەی هەیە، ناوەند لە جیاتی ئەوەی پردێک لە نێوان گرووپە جیاوازەکاندا بونیاد بنێت، دەبێت بە دیوار. لە بری ئەوەی داواکارییەکانی کوردستان و نەتەوەکانی دیکە لە چوارچێوەی دادپەروەری و دێموکراسیدا وێنا بکات؛ دەیخاتە خانەی هەڕەشە بۆ سەر ئەمنییەتی وڵات، جیاییخوازی و خیانەت. بەم شێوەیە، کۆمەڵگەی مەدەنی کە دەبوا ببێتە شوێنی ڕێککەوتن، کۆدەنگی و هاوکاری، دەبێتە مەیدانی ململانێی ڕاوبۆچوون و بەرژەوەندییەکان.

سەرەڕای ئەنجامی کۆتاییی ئەم ململانێیە کە بە ڕوونی نیشانەکانی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی هەردوولادا دەبینرێت، دەرئەنجامە سەرەکییەکەی بریتییە لە کاڵبوونەوەی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتری متمانەی کۆمەڵایەتی و ڕێگریکردن لە شکڵگرتنی یەکگرتوویەکی دێموکراتیک دژی کۆماری ئیسلامی. ئەو دیوارەی فاشیزم لە نێوان کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردستان و کۆمەڵگەی مەدەنیی لاوازکراوی ناوەنددا کێشاویەتی، زیانێکی قورسی بە ناخی کۆمەڵایەتیی ئێرانییەکان گەیاندووە؛ زیانێک کە سڕینەوەی شوێنەوارەکانی مەحاڵە مەگەر بە بەهێزکردنەوەی کۆمەڵگەی مەدەنی و ئاڕاستەکردنی بەرەو ئاراستەی کارلێکی لەسەر یەکتر، ڕێزگرتن لە فرەیی و قبوڵکردنی جیاوازییەکان. ئەم ڕێگەیە ئەگەرچی ئاسان و بێگریوگۆڵ نانوێنی، بەڵام تاکە ڕێگەیە بۆ ڕووخاندن و نەهێشتنی دیواری نێوان کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردستان و ناوەند.

لە ڕاستیدا ئەگەر فاشیزم چارەسەرێکی بۆ دامرکانەوە هەبێت، ئەو چارەسەرە شتێک نییە جگە لە بەهێزبوون و گەورەکردنەوەی کۆمەڵگەی مەدەنی؛ هەمان ئەو شتەی لە ئێران لە ماوەی چەندین دەیەی ڕابردوودا لەژێر گوشاری دوو فاشیزمی ئایینی و پەهلەویدا بووە.

٣ی پووشپەڕی ٢٧٢٦

# لە لێکتێگەیشتنەوە تا ڕێککەوتن، ئەو ڕێگا درێژەی لەپێشە!





ناسر باباخانی

لە جیهانی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا، بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی پڕ لە گرژی و ئاڵۆزیدا، مەودای نێوان «لێکتێگەیشتن» و «ڕێککەوتن» زۆرجار گەلێک درێژ و پڕ پێچ و گەوە. دوای کۆتا خولی شەڕ و پێکدادانەکانی نێوان ئێران و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کە بریتی بوو لە هێرشی موشەکی، بەربەستدروستکردن بۆ هاتوچۆ لە گەرووی هورمز و لێدان لە ژێرخانەکاندا بوو، ئێستا نیشانەکانی ئاگربەست و دانوستانی ناڕاستەوخۆ لەژێر سایەی لێکتێگەیشتندا دەبینرێت. بەڵام ئایا ئەم لێکتێگەیشتنە لەرزۆکانە ڕێککەوتنێکی بەردەوامیان لێ دەکەوێتەوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بە

سەرنجدان بە واقع و ڕاستییە مەیدانییەکان زۆر لێڵ و ناڕوون دیارە.

دۆناڵد ترەمپ چەندین جار پێشانی داوە کە سیاسەتی دەرەوەی نەک لەسەر بنەمای ستراتیژییەکی تۆکمە، بەڵکوو زیاتر لەسەر بنەمای غەریزە، ئەوپەڕی زەخت، و پەیامی کتوپڕ لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕۆ ناوە. ئەو لە هەڕەشەی هێرشکردنە سەر ژێرخانەکانی وزەی ئێران و گەڕاندنەوەیان بۆ سەردەمی بەردین، تا ڕاگەیاندنی سەرکەوتنی پێشوەختە و پاشان درێژکردنەوەی ئاگربەست دواوە؛ تەنانەت سەبارەت بە بەدەستهێنانی ڕێککەوتنێک، ٤٠ جار ئەم بابەتەی ڕاگەیاندووە و هەموو جارێکیش بێ ئاکام بووە.

پێشبینینەکراوییە هەم دەسکەوتە و هەم مەترسی: لە لایەکەوە لایەنی بەرامبەر لە دڵەڕاوکێ و دەستەوەستانی لە بڕیارداندا دەهێڵێتەوە، لە لایەکی تریشەوە توانای لێکدانەوەی ورد لە هەموو ئەکتەرەکان زەوت دەکات. ترەمپ کە لە خولی یەکەمدا «ئەوپەڕی زەخت»ی تاقی کردەوە، ئێستاش بە تێکەڵکردنی دیپلۆماسی و هەڕەشە، و بیرۆکەی "هێز وەک ئامرازی ئاشتی"، بەدوای ڕێککەوتنێکی "باشتر لە بەرجام"دا دەگەڕێت، بەڵام گومان لە سووربوونی ئەو لەسەر ئەم ڕێبازە دەکرێت. لەوەش گرنگتر، ئایا بەڕاستی ترەمپ ئاوا بە دڵاوابییەوە لەگەڵ ئێراندا دەجوولێتەوە تا ئەوان بە خەیاڵی خۆیان جارێ ئەوە بدەن کە براوەی ئەم شەڕەن؟!

بەڵام ئێران، سەرەڕای ئەو زیانە وێرانکەرانەی پێی گەیشتووە، لەسەر مۆدێلە هەمیشەییەکەی خۆی سوورە: پەرەدان بە پیشەسازیی موشەکی بالیستیک، چالاککردنی گرووپە پرۆکسییەکان، بارمتەگیری لە گەشتە دەریاییەکان لە گەرووی هورمز و پێشخستنی چالاکییە ئەتۆمییەکانی.

ناسەقامگیرکردنی ئەمنییەتی هاتوچۆ لە گەرووی هورمز کە نزیکەی ٢٠ لەسەدی نەوتی جیهانی پێدا تێپەڕ دەبێت، نرخی وزەی بەشێوەیەکی خێرا بەرز کردەوە و ئاسایشی جیهانی خستە مەترسییەوە. توێژینەوە ئەتۆمییەکانیش ڕانەگیراون و پیتاندنیش پێدەچێت لە ئاستە بەرزەکاندا هەر بەردەوام بێت. ئەم هەنگاوانە پێمان دەڵێن تاران هێشتا باوەڕی بە "ستراتیژیی مقاوەمەت" هەیە و ئامادە نییە بەئاسانی دەست لە کارتەکانی گوشاری خۆی هەڵگرێت؛ تا ئەو ڕادەیەی کە بوێریی ئێران گەیشتووەتە جێگەیەک باس لە نەزم و سیستمێکی نوێی دوای شەڕ لە ناوچەکەدا دەکات، کە لەسەر بنەمای کارتی گوشاری ژێئۆستراتیژی و ژێئۆکۆنۆمیی گەرووی هورمز ڕۆ نرابێت.

لایەکی دیکەی ئەم سێگۆشەیە ئیسرائیلە. ئیسرائیل، بە پێچەوانەی گوشارەکانی ترەمپ بۆ کەمکردنەوەی ئاڵۆزییەکان،

پێداگیر بوو لەسەر ئەوەی هەڕەشەی حیزبوڵڵا تا ئەو ڕادەیەی دەکرێت کەم بکاتەوە. تەنانەت دوای ئاگربەستە کاتییەکانیش، هێرشە ئاسمانییەکان و عەمەلیاتە سنووردارەکان لە باشووری لوبنان هەر بەردەوام بوون. تەلئەڤیڤ پێی وایە هەر ڕێککەوتنێک بەبێ چەککردنی ڕاستەقینەی حیزبوڵڵا و کشانەوەی بۆ باکووری لیتانی، ئەمنییەت و سەقامگیریی باکووری ئیسرائیل دەستەبەر ناکات. ئەم هەڵوێستە شێلگیرانەیە، دانوستانەکان لە داهاتوودا زۆر ئاڵۆزتر دەکات، چونکە ئێران حیزبوڵڵا بە «هێڵی سوور»ی خۆی دەزانێت. ڕەنگە ڕێک بەم هۆکارە بێت کە "ئەکسیۆس"، ڕێککەوتنەکەی نێوان ئەمریکا و ئێران بە ڕاستییەکی تاڵ بۆ نەتانیاهوو ناو بردووە. بەڵام لەوانەیە ئەنجامەکانی ئەم شەڕە دەرکەوتنی دکتۆرینە نوێیەکان بن کە هەتا ئێستا لەژێر سایەی ئەگەری ڕێککەوتنەکاندا لە پەراوێزدا ماونەتەوە.

## ئەم شەڕ و تێکهەڵچوونانە، دکتۆرینی سیاسی - سەربازیی نوێیان ئاشکرا کرد:

**یەکەم؛ سیاسەتی تێکدانی نەزم و ئاسایشی وزە:** ئێران بە داخستنی ڕێڕەویی گەرووی هورمز نیشانی دا ئامادەیە تێچووە جیهانییەکان بەرز بکاتەوە بۆ ئەوەی گوشار دروست بکات.

**دووەم؛ شەڕی ناهاوسەنگی مۆدێرن:** بەکارهێنانی بەربڵاوی درۆنی هەرزانبایی ئێرانی لە بەرامبەر مووشەکە گرانباییەکانی ئیسرائیل و ئەمریکادا، هاوکێشەکانی تێچوو-قازانجی گۆڕی. ئەم «سەربازییە بە درۆن»ە مۆدێلێکی نوێی بۆ ئەکتەرە لاوازەکان خوڵقاندووە.

لە ڕوانگەی تیۆرییەوە، ئەم شەڕە نموونەیەکە لە «توانای ناتەوای ڕێگریی بەرامبەر». تیۆرییەکانی ڕیالیزم جەخت لەوە دەکەنەوە هێزە ناوچەیییەکان لە نەبوونی هەژمونییەکی یەکدەستدا بەرەو هاوسەنگیی هەڕەشە هەنگاو دەنێن. ئێران بە پشتبەستن بە "میحوەری مقاومت" هەوڵی دروستکردنی «قووڵایی ستراتیژی»ی دەدا، بەڵام لێدان لە ژێرخانەکان و ئابوورییەکەی نیشانی دا ئەم قووڵاییییە ستراتیژییە سست و لەرزۆکە. دکتۆرینی «ئەوپەڕی زەختی ٢»ی ترەمپ، ئاوێتەیەکە لە هێزی ڕەقی واقیعبینانە (سزا و گەمارۆیی توند، هەڕەشەی سەربازی و گوشاری لانیزۆر) و دیپلۆماسیی سەوداکەرانە (ڕێبازی بازرگانانە و دان و ستاندنی ڕاستەوخۆ) کە ئامانجی سەرەکی لێی، گەیشتنە بە ڕێککەوتنێکی زۆر بەهێزتر و باشتر لە برجام. سەبارەت بەوەی ئایا ئەم ئامانجە بەدی دێت یان نا، دەبێ چاوەڕوانی داهاتوو بین؛ بەڵام، گرنگترین پەیامی ئەم شەڕە بۆ داهاتووی ئێران، دۆخی نیوخۆیی ڕێژیمە. بە وێرانبوونی ژێرخانەکان، دارمانی توندی ئابووری (هەڵاوسان، دابەزینی بەهای تمەن، کەمیی وزە)، و قوڵبوونەوەی قەیرانی شەرعییەت دوای کوژرانی ڕوخسارە سیاسی و سەرکوتکەرەکان، کۆماری ئیسلامی زیاتر لە هەرکاتێک لاواز و لەرزۆک بووە. مێژووی ئێران پێمان دەڵێ

**پووشپەڕی ٢٧٢٦**

تێکەڵبوونی هەژاری، هەڵاوسان و لەدەستدانی شەرعییەت، بوار بۆ ڕاپەڕینی جەماوەری خۆش دەکات. ناڕەزایەتییەکانی پێشوو (١٣٩٦ و ١٤٠١) نیشانەگەلێک بوون؛ دوای ئەم شەڕە، بەو تووڕەییە کەڵەکەبوو و پەنگخوارووییەی لە تێچووە بێئەنجامەکانی «مقاومەت» دروست بووە، ئەگەری شەپۆلێکی نوێ لە ناڕەزایەتیی بەربڵاو زۆر بەهێزە. خەڵکی ئێران ماندوون لە سەرکێشییە ناوچەییەکانی کۆماری ئیسلامی و داوای ژیانێکی ئاسایی و خۆشبژێو دەکەن.

ئەو دوو دەقەی لەسەر وردەکارییەکانی لێکتێگەیشتنی ئێران و ئەمریکا بڵاوکراونەتەوە، بەشێوەیەک جیاواز و دژ بەیەکن کە دەبێ بگوترێ ڕێگای لێکتێگەیشتن هەتا ڕێککەوتن بەڕاستی درێژ و هەڵەمووتە. ئەگەر دەگوترێ "شەیتان لە وردەکارییەکاندایە"، وادیارە ئاڵۆزیی ئەم دانوستانانە پڕە لە شەیتان. بەم هۆیەشەوە بەبێ گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە ڕەفتاری ئێراندا (دابەزاندنی پیتاندنی یۆرانیۆم، کەمکردنەوەی مەودای موشەکەکان، کۆنترۆڵکردنی پرۆکسییەکان) و دەستەبەرکردنی گەرەنتی ئەمنییەتی بۆ ئیسرائیل، هەر ڕێککەوتنێک کاتی دەبێت.

ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست سەرلەنوێ خەریکی پێناسەکردنەوەی هاوسەنگیی هێزە و ئێران لە خاڵێکی وەرچەرخانی مێژووییدا وەستاوە: یان کشانەوەی ستراتیژی یانیش ڕووبەڕووبوونەوەی دارمانی نێوخۆیی. داهاتوو نە بە ترەمپ و نە بە نەتانیاهوو، بەڵکوو بە ئیرادەی نەتەوەکانی ئێرانەوە بەندە.

**٤ی پووشپەڕی ٢٧٢٦**



سەرچاوە
Serchawe

# غیابی كوردستان لە مەیدانی جامی جیهانیدا




**برایم لاجانی**

بەدەستپێكردنی جامی جیهانی، جارێكی دیكە گوڕوتین و تەبی فوتباڵ، دونیای داگرتووە. ئاڵاكان دەشەكێنەوە، دەنگی سرووده نیشتمانییەكان دەچێتە تەشقی ئاسمان، بە میلیۆنان ئینسان لە گۆڕەپانەكاندا، لە كلوب و ماڵ و كافێ و قاوەخانە و شەقامەكاندا، تەماشای كێبڕكێكان دەكەن و میللەتەكان خۆیان لە بەدەنی یازدە یاریزاندا ڕێك دەخەن. لەو ساتەوەختانەدا، فوتباڵ ئیدی بەتەنیا هەر وەرزش نییە، مەیدانێكە، شانۆیەكە گەلان لەوێدا خۆیان بە دونیا نیشان دەدەن. ئاخر هەر تیمێكی نیشتمانی، ئاڵا، سروودی نەتەوەیی، مێژوو، زمان و غرووری نەتەوە و نیشتمان دەخاتە سەرشان و دەیباتە گۆڕەپانەكە.

كەچی لەو مەیدانە جیهانییەدا، پرسیارێكی گرنگ لە پێوەندیدا لەگەڵ نەتەوەی كورددا دێتە گۆڕێ؟ كوردستان لە كۆێیە؟ بۆ یەكێك لە گەورەترین نەتەوەكانی دونیا لە گەورەترین مەیدانی خۆنیشاندانی میللەتاندا حزووری نییە؟ بۆ لاوی كورد كاتێك تەماشای جامی جیهانی دەكات، دەبێت تەماشای ئاڵای خەڵكانی دیكە بكات. بۆ ئەو دەبێ فەڕانسە، ئەرژانتین، مەڕاكش، ئاڵمان، پاكستان، سووریە، میسر، توركیە و هتد لە مەیدانەكاندا ببینێ، بەڵام تیمێك نابینێ كە ناوی كوردستان لەسەر سینەی یاریزانەكانی بدرەوشێتەوە.

ئەو غەیبەتە بەتەنیا هەر وەرزشی نییە، بەڵکوو سیاسیشە. جامی جیهانی بەڕواڵەت کێبڕکێی نێوان وڵاتانە، بەڵام لە ڕاستیدا ئاوێنەی باڵانوێنی ئەو سیستەمە جیهانییە هاوچەرخەیە کە لەسەر بنەمایەکی دەوڵەتتەوەر، بنیات نراوە. لێرەدا تەنیا ئەو نەتەوانەی کە لە چوارچێوەی دەوڵەتدا بەڕەسمی ناسراون، ڕێگایان هەیە پێ بنێنە ئەو مەیدانەوە. ئەو نەتەوانەی کە دەوڵەتی خۆیان نییە، تەنانەت ئەگەر مێژوو، زمان، نیشتمان، ئەدەبیات، فەرهەنگ، یادەوەریی بەکۆمەڵ و ئیرادەی سیاسیشیان هەبێت، لێرە وەلا دەنرێن. کوردەکان ڕاست لە هەلومەرجێکی ئاوادان. نەتەوەیەک کە خاوەنی ناسنامەی مێژوویی خۆیەتی، بەڵام بێ دەوڵەتە. نەتەوەیەک کە لە مێژوودا حازرە، بەڵام لە سیستەمی سیاسی جیهاندا غایبە.

لەو گۆشەنیگایەوە کوردستان بەتەنیا هەر جوگرافیایەک نییە، بەڵکوو برینێکی مێژووییە بەسەر جەستەی سیستەمی سیاسیی نێونەتەوەییەوە. نەتەوەی کورد لەنێوان چەند دەوڵەتدا دابەش بووە: ئێران، تورکیە، سووریە و عێراق. هەریەک لەو دەوڵەتانە، بەشکڵ و ڕادەی جۆراوجۆر، تێکۆشاون شوناسی کوردی ئینکار، یا کۆنترۆڵ بکەن، یا لە چوارچێوەی ناسنامەی خۆیاندا بیتوێننەوە. لە دۆخێکی ئاوادا فوتباڵیش لە سیاسەت دانابڕێ. وەختێک یاریزانێکی کورد، بە پیراهەنی تیمی میللی دەوڵەتێکەوە دێتە مەیدان کە لە چوارچێوەی سنوورەکانی خۆیدا زمان، فەرهەنگ و مافە سیاسییەکانی ئەو و گەلەکەی سەرکوت دەکات، وەزعێکی ئاڵۆز و تراژیدی دێتە کایەوە. بەهرە و لێوەشاویی و شارەزایی کورد دەکەوێتە خزمەت ئاڵایەک کە لە زۆرترین حاڵەتەکاندا نوێنەرایەتی ئازادیی وی ناکات.

ئەو دژایەتییە بۆ لاوی کورد ناخۆشە. ئەو ڕەنگە بە دەروشانەوەی یاریزانێکی کورد لە ڕیزەکانی تیمی میللی ئێران، عێراق، تورکیە یا سووریەدا خۆشحاڵ بێت، بەڵام لە هەمان کاتدا دەزانێ کە هەر هەمان یاریزان ڕێگای پێ نادرێ بە ناوی کوردستانەوە بێتە نێو گۆڕەپانی یاری. ئەو دەزانێ کە شادی و خۆشحاڵییەکەی ناتەواوە؛ چونکە شانازییە فەردییەکانی یاریزانە کوردەکان ناگۆڕێت بۆ شانازییە نەتەوەییەکان. لێرەدا فوتباڵ دەبێتە ئاوێنەیەک کە هەم توانا و بەهرەی کورد دەردەخات، هەم بێبەشی و چەوسانەوەی سیاسی کوردستانیش نیشان دەدات.

ئەمڕۆ فوتباڵ کاریگەرترین ئامرازی دروستکردنی شوناس و ناسنامەی نەتەوەیی و نیشتمانییە. دەوڵەتەکان فوتباڵ بۆ دروستکردنی هەستی نیشتمانی، بەهێزکردنی یەکێتیی نەتەوەیی، شاردنەوەی ناکۆکییە نێوخۆییەکان و نمایشی هێزی نەرم بەکار دێنن. خوێندنەوەی سروودی نەتەوەیی پێش دەستپێکردنی یاری، ئاڵای سەرشانی یاریزانەکان، فرمێسکی ئەوانەی تەماشای کێبڕکێکە دەکەن، جەژن و شایی و هەڵپەڕکێی شەقامەکان پاش بردنەوە و ڕیوایەتی میدیایی لە "غووری نەتەوەیی"، هەموویان بەشێک لە ماتۆڕی ماشێنی نەتەوەسازیین. دەوڵەتەکان چاک دەزانن کە فوتباڵ دەتوانێ هەندێک کار

بکات کە سیاسەتی ڕەسمی زۆرجاران لەبەرامبەریدا دەستەوەستانە؛ واتە دروستکردنی هەست و سۆزی نەتەوەیی و هاوپێوەندیی نیشتمانی.

کەواتە نەتەوە بێدەوڵەتەکانیش ناتوانن لە پێوەندیدا لەگەڵ فوتباڵدا بێباک و بێتەفاوەت بن. ئەگەر فوتباڵ گۆڕەپانی خۆنیشاندانی نەتەوەکان بێت، کوردەکان دەپرسن کە چۆن لەمەیدانێکدا کە ئێمە بەڕەسمی ناناسێ، دەکرێ حزووری سەمبۆلیک بۆ خۆمان دروست کەین؟ چۆن دەتوانین لە فوتباڵ بۆ زیندووڕاگرتنی ناسیۆنالیزمی سەرکوتکراوی کورد کەڵک وەرگرین؟ چۆن دەکرێ لاوی کورد لە تەماشاچییەکی پاسیڤی ئاڵای میللەتانی دیکەوە، بکەینە هەڵگرێکی وشیار و ئاگای شوناس و ناسنامەی خۆی؟

**یەکەمین هەنگاو** لەو پێوەندییەدا بریتییە لە تێگەیشتنی سیاسی لە فوتباڵ. لاوی کورد دەبێت بزانێت کە جامی جیهانی بەتەنیا هەر کێبڕکێیەکی وەرزشی نییە، بەڵکوو مەیدانی خۆنیشاندانی دەوڵەتەکانە. هەرکات تیمێک بەئاڵای خۆیەوە پێ دەنێتە مەیدان، لە ڕاستیدا، ئەوە یەکەیەکی سیاسی بەڕەسمی ناسراو، دێتە بەردەم دونیا و خۆی ڕادەنێ. غیابی کوردستان لەو مەیدانەدا شتێکی بە ڕێکەوت نییە؛ ئاکامی نەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆ و پێشێلکرانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کوردە. کەواتە ئەرکی بنەڕەتی ئەوەیە "هەستی غیاب" بگۆڕین بۆ "هۆشیاریی سیاسی."

**ئەرکی دووەم ئەوەیە** کە ڕەمز و سیمبۆڵ و نیشانە بۆ وەرزش و فوتباڵی کوردستانی بەرهەم بێنین. ئەگەر کوردستان و نەتەوەی کورد هێشتا لە ڕیزەکانی فیفادا جێگای خۆی نییە، مانای ئەوە نییە کە نەتەوەی کورد حەقی نییە بیر لە وەرزش و ڕێکخستنی فوتباڵی خۆی بکاتەوە و کاری لەسەر بکات. ڕێکخستنی تیمەکانی فوتباڵ، پێکهێنانی کێبڕکێ لەنێوان تیمی شار و هەرێم و ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستاندا، پشتیوانی کردن لەو کلوب و نادی و یانانەی کە ناسنامەی کوردیان هەیە، دروستکردن و دیزاینکردنی جلوبەرگ، ئاڵا، خوێندنەوەی سروود و گێڕانەوەی ڕیوایەتی تایبەت بە فوتباڵی کوردی، هەموویان دەکرێ بەشێک بن لە پرۆژەی میللەتسازی. ئاخر نەتەوەکان پێش ئەوەی لەلایەن یاسای نێونەتەوەییەوە بەڕەسمی بناسرێن، لە زەین، زمان، فەرهەنگ و یادەوەری و یادگەی خەڵکی خۆیان و ڕۆڵەکانی خۆیاندا دروست دەبن.

**هەنگاوی سێیەم بریتییە** لە کەڵک وەرگرتن لە میدیاکان، ڕاگەیاندنە گشتییەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان. لە دونیای ئەمڕۆدا مەیدانەکانی فوتباڵ تەنیا هەر هۆڵ و گۆڕەپانە گەورەکان نین، بەڵکوو ئینستاگرام، ئێکس، تیکتۆک، یوتیوب، تێلێگرام و میدیا کوردییەکان، بەشێک لە مەیدانەکەن. لاوانی کورد دەتوانن بە دروستکردنی نێوەڕۆک سەبارەت بە فوتباڵیستە کوردەکان، مێژووی فوتباڵ لە شارەکانی کوردستان، جیاوازی دانان لەسەر یاریزانە کوردەکان، بێبەشی ناوچەکانی کوردستان لە ئیمکاناتی وەرزشی، ئارەزووی هەبوونی تیمی میللی کوردستان، مەسەلەکە لە ئاستی هەست و سۆزی


سەرچاوە
Serchawe

فەردییەوە بگوێزنەوە بۆ ئاستی دیسکۆرس و گفتوگۆیەکی میللی و نەتەوەیی. لەو بارەوە هەر وێنەیەک، هەر فیلم و ڤیدیۆیەک، هەر داستان و ڕیوایەتێک دەتوانێ یارمەتی بە هێنانەبەرچاوی نەتەوەی کورد بکات.

**ڕێگای چوارەم بریتییە** لە پێوەندیی فوتباڵ بە زمانی کوردییەوە. زمان کۆڵەکەی ئەسڵیی ناسنامەی نەتەوەییە. ڕاپۆرتی فوتباڵ بەزمانی کوردی، تەفسیر و لێکدانەوەی وەرزشی بە کوردی، ناولێنانی تیمەکان و ڕووداو و کێبڕکێکان بە کوردی، بەرهەمهێنانی ڕیتۆریک و تێرمینۆلۆژیی فوتباڵ و وەرزش بە زمانی کوردی، پەروەردەکردنی ڕاپۆرتەری کورد کە بەکوردی کێبڕکێکان بگوازێتەوە نێو ماڵەکان، هەموویان نرخ و بایەخی سیاسی خۆیان هەیە. کاتێک فوتباڵ بە زمانی کوردی تەفسیر و شیکار دەکرێ، هەر ئەوە نییە کە یارییەک بە کوردی دەگوێزرێتەوە، بەڵکوو مانای وایە جیهانی کوردی ساز دەبێت. نەتەوەیەک کە زمانەکەی لە هونەر، وەرزش، فوتباڵ، ئەدەب و عیرفان و زانست و فەلسەفە و سیاسەت و میدیاکاندا بەکار دێنێ، لەبەرامبەر سەرکوت و ئینکار و حاشادا، بەرگری و دیفاع دەکات.

**ئەرکی پێنجەم بریتییە** لە دووریکردن لە ناسیۆنالیزمی کوێر و بەرچاوتەنگ و ڕقتەوەر. ناسیۆنالیزمی کورد ئەگەر دەیەوێ ئەخلاقی، مۆدێرن و ڕزگاریخواز بمێنێتەوە، نابێت ئالوودەی ڕق و قین و نەفرەت لە نەتەوە و گەلانی دیکە بێت. پرسی کورد ڕق و قین لە فارس و تورک و عەرەب و گەلانی دیکە نییە، مەسەلەی ئێمە بریتییە لە ئینکاری مافە نەتەوەییەکانمان، سەرکوتی سیاسی، پێشێلکرانی حەقی دیاریکردنی چارەنووسی خۆمان بەدەستی خۆمان. فوتباڵ دەتوانێ هەم ئامرازی پەرەپێدانی شوناسی سیاسی بێ و هەم داوێکیش بێت بۆ کەوتنە نێو چاڵی دەمارگرژی و تەعەسوب و کەللەڕەقی. ئەگەر لاوی کورد فوتباڵ بۆ بەکەمگرتن و سوکایەتی بە میللەتانی دیکە بەکار بێنێ، ئەوە هەر ئەو مەنتقە بەکار دێنێت، کە بۆخۆی قوربانی ئەوەیە. بەڵام ئەگەر فوتباڵ بکەین بە کاناڵێک بۆ بەیانی کەرامەت، زمان، شوناس، مێژوو و هێنانەگۆڕی داخوازە سیاسییەکانمان، ئەودەم فوتباڵ دەبێتە ئامرازێک بۆ پەرەپێدانی هۆشیاری و ئاگایی ڕزگاریخوازانە.

**مەسەلەیەکی دیکە** کە پێویستە بەهەندی بگرین بریتییە لە سەرنجدان بە ژنانی کورد لە فوتباڵدا. ناسیۆنالیزمێک کە ژنان لە ژێردەستەییدا ڕابگرێت، ناتوانێت پرۆژەیەکی ڕزگاریخوازانە بێت. کچان و ژنانی کوردستان دەبێ بەشێکی گرنگی مەیدانی فوتباڵ بن؛ نەک هەر وەک تەماشاچی و جەماوەری فوتباڵ، بەڵکوو وەک یاریزان، فوتباڵیست، هەواڵدەر، موفەسیر، ڕۆژنامەنووس، داوەر و ڕێکخەر و هتد. حزووری ژنانی کورد لە فوتباڵدا هەم خەباتە بەدژی پیاوسالاری و هەم خەباتە دژی ستەم و ئینکاری نەتەوەیی. ئاخر نەتەوە بەبێ ژنان و کچانی خۆی قەت بە کەماڵ ناگات. کوردستانێک کە داوای ئازادی دەکات، دەبێت ئازادی لە ماڵ، قوتابخانە، مەیدانەکانی وەرزش و میدیاکانەوە دەست پێبکات.

**خاڵێکی دیکە بریتییە** لە لێکگرێدانی فوتباڵ لەگەڵ عەدالەتی کۆمەڵایەتی. ناوچە کوردستانییەکان لە سووریە، تورکیە، ئێران و عێراق، لە زۆر بواردا، بۆ نموونە لەباری ئابووری، ئیمکانات و دامەزراوەی پەروەردەیی و وەرزشی، بەرەو ڕووی تەبعیز و هەڵاواردنی ئیداری بوونەتەوە. لاوی کورد دەپرسێت بۆ بەهرە و توانای لاوانی کورد نابینرێت؟ بۆ شارەکانی کوردستان ستادیۆمی وەرزشی و فوتباڵیان تێدا نییە؟ بۆ لە ناوچە کوردستانییەکاندا، ئەکادیمیای وەرزشی و ناوەندی ڕاهێنان بۆ پەرەپێدانی بەهرە و تواناکانی لاوانی کورد نابینرێ؟ بۆ سەرمایەگوزاری لە ناوچە کوردستانییەکاندا نییە؟ بۆ زۆربەی لاوانی خاوەن بەهرەی کورد لە دەستی هەژاری و مەینەتبەشی و پەراوێزخرانی دەوڵەتیدا، وەک گوڵ پەڕپەڕ دەبن؟ لێرەدا داخوازییەکانمان بۆ عەدالەتی کۆمەڵایەتی دەبنە داخوازی سیاسی و نەتەوەیی بەدژی ستەم و تەبعیز و ئاپارتاید.
خاڵی هەشتەم بریتییە لە بنیاتنانی یادەوەریی وەرزشی کوردستانی. هەر نەتەوەیەک بۆخۆی قارەمان، ڕیوایەت و خاترە و ئەفسانە و ئەفسانەی خۆی دروست دەکات. کوردەکانیش دەبێت مێژوو و کولتوور و فەرهەنگی وەرزشی تایبەت بەخۆیان دروست کەن. یاریزانە بەناوبانگەکان، تیمە خۆجێییەکان، کێبڕکێ گرنگەکان، فوتباڵیستە دەرەوشاوەکان، ئەو کچانەی ڕەچەشکێن بوون، ئەو لاو و مێرمنداڵانەی لە کوچە و کۆڵان و زەوییە خاکیەکانی گوندەکاندا، خەونی گەورەیان دیوە، هەموو دەبێت بچنە نیو یادەوەریی میللیمانەوە. بەبێ یادەوەریی بەکۆمەڵ نەتەوە لێک بڵاو دەبێت. یادەوەریی وەرزشی دەتوانێت ببێتە بەشێک لە یادەوەریی نەتەوەیی و میللی.

فوتباڵۆ بۆ ئێمەی کورد دەتوانێ ببێتە قوتابخانەیەک بۆ فێربوونی خۆڕێکخستن، دیسپلین و ئینزیبات، هاوکاری و متمانە بەیەکتر. ئاخر هیچ تیمێکی فوتباڵ بەبێ هاوکاری ناتوانێ بمێنێتەوە. هیچ فوتباڵیستێک بەتەنیا نابێتە قارەمان. پاسدان بەیەکتری، بەرگری، هێرشی بەکۆمەڵ، متمانە بە هاوتیمەکەت، وەرگرتنی ڕۆڵی تایبەتی و هەوڵدان بۆ گەیشتن بە ئامانجی هاوبەش؛ ئەوانە هەموویان ئەو نرخ و ئەسڵ و پرنسیپانەن کە نەتەوەیەکی ژێردەست بۆ ڕزگاریی خۆی پێویستی پێیان هەیە. لەو ڕوانگەیەوە فوتباڵ هەر بەتەنیا هەستی نەتەوایەتی هەڵناخرێنێ، بەڵکوو دەتوانێت کولتووری کاری بەکۆمەڵیش پەرە پێبدات.

بەڵام دەبێت واقیعبین بین. فوتباڵ بەتەنیا ناتوانێ میللەتێک ئازاد بکات. هیچ کێبڕکێیەکی وەرزشی جێگای سیاسەت، خۆڕێکخستن، پەروەردە، خەبات و بەربەرەکانی مەدەنی، دیپلۆماسی و هێنانەگۆڕی داخوازییە نەتەوەییەکان ناگرێتەوە. مەترسی ئەوەیە کە فوتباڵ سڕمان بکات؛ واتە لاوی کورد بە تەماشای فوتباڵ هەیەجان بیگرێ، بەڵام شەممی سیاسی و پرسیاری سیاسی بۆ نەیەتە پێش. بۆیە تەماشای فوتباڵ و بەکاربرانی دەبێت ئاگاهانە بێت. فوتباڵ دەبێت پرسیارمان لا دروست کات: بۆ کورد لەو مەیدانەدا نییە؟ چۆن دەتوانین حزووری خۆمان لەو مەیدانەدا بسەپێنین؟

لە کۆمەڵگەی دەوڵەتتەوەری ئەمڕۆدا، ئەو میللەتانەی دەوڵەتیان نییە، ناچارن بۆ ئەوەی ببینرێن، داهێنان لە خۆیان نیشان دەن. ئەگەر کوردستان لە مەیدانی جامی جیهانیدا حزووری نییە، دەتوانێ لە مەیدانەکانی فەرهەنگ، هونەر، میدیا، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ئینتەرنێت، یانەکان، کێبڕکێ وەرزشییەکان، دیاسپۆرا، وەرزشی ژنان و یادەوەریی وەرزشیدا، وجودی خۆی بسەپێنێ. حزوور هەمیشە هەر بەتەنیا لە ڕێگای بەڕەسمی ناسینی دەوڵەتییەوە دەستەبەر نابێت؛ زۆر جار لە زەین و بیری نەوەیەک و چەند نەوەیەدا شکڵ دەگرێ و دوایی دەبێتە داوایەکی سیاسی و مێژوویی.

لاوی کورد دەبێت بزانێ کە تەماشای فوتباڵ ئەو ڕۆژانە دوو مانا دەخوڵقێنێ: یا ئەوەتا بە شێوەیەکی پاسیڤ غەیبەتی خۆمان لە جامی جیهانیدا قبووڵ بکەین، یا ئەو غەیبەتە بکەینە هۆشیاریی نەتەوەیی و سیاسی. ئەگەر جامی جیهانی شانۆی خۆڕانانی نەتەوەکانە، غەیبەتی کوردستان لەو مەیدانەدا بۆخۆی پەیامێکی سیاسییە. ئەو غەیبەتە دەبێ ببینرێت، ببیسترێت و هەڵسەنگێنرێت. دەبێت بە هەموو زمانەکانی دونیا هاوار بکەین کە میللەتێکی گەورەی دەیان ملیۆنی، بە مێژوو و فەرهەنگ و زمان و ئیرادەی سیاسی خۆیەوە، هێشتاش لە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بێبەش کراوە.

فوتباڵ بۆ میللەتی کورد ئاوێنەیەکە کە لەوێدا دەتوانێ هەم برینەکانی خۆی ببینێ و هەم ئەو دەرفەت و شانسانەش کە لە پێشیدان. برینەکان وەک بێدەوڵەتی و بێبەشی لە مافی دیاریکردنی چارەنووس. ئیمکان و دەرفەتیش بریتییە لەوە کە بتوانین حزووری خۆمان لە دونیای فەرهەنگ و کولتووری فوتباڵدا لە ڕێگای داهێنانی جۆراوجۆرەوە دەستەبەر بکەین. ئەگەر لە ئیمکاناتی بەردەست چاک کەڵک وەرگرین، فوتباڵ دەتوانێت مەیدانێک بێت بۆ سازکردنەوە و بەهێزکردنی ناسیۆنالیزمی سەرکوتکراوی کورد. ناسیۆنالیزمێک کە دیفاعی و ئەخلاقییە و بۆ مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەیەک خەبات دەکات و عادڵانە و ئازادیخوازە.

دەگوترێ لە دونیای هاوچەرخدا فوتباڵ جێگای کڵێسای گرتووەتەوە؟ ئایا وایە؟ ڕەنگە بۆ نەتەوە خاوەن دەوڵەتەکان ئەوە ڕاست بێت. بەڵام بۆ کورد وەک نەتەوەیەکی بێدەوڵەت، ستادیۆم و مەیدانی فوتباڵ هەر ئاینێکی مۆدێرن نییە؛ مەیدانی نیشاندانی غەدر و بێعەدالەتییەکی مێژووییە. کاتێک یاری و کێبڕکێکان دەست پێدەکەن، سروودە میللییەکان دەگوترێن و ئاڵاکان دەچنە سەرشانان، کوردەکان نەک هەر کێبڕکێ تەماشا دەکەن، بەڵکوو شوێنی خاڵی خۆشیان لەو مەیدانەدا هەست پێدەکەن. جا ئەگەر ئەو جێگا خاڵییە بگۆڕێ بۆ ئاگایی، بۆ خۆڕێکخستن و داخوازی سیاسی، دەتوانێ لە بێدەنگییەوە ببێتە هاوار، لە غەیبەتەوە ببێتە حزوور، لە تەماشاچیییەوە ببێتە هەوڵ و خەباتێکی بەردەوام بۆ وەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس.

پووشپەڕی ٢٧٢٦

٥ی پووشپەڕی ٢٧٢٦

## دووڕوویی سیاسی!





ئاسۆ مینبەری

گوتاری فەرمیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕێگەی میدیا و ناوەندە ئیدیۆلۆژییەکانییەوە، بەردەوام هەوڵ دەدات چەمکە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان بە پێی بەرژەوەندییە سیاسییەکانی خۆی و لە چوارچێوەی ئیدئۆلۆژییەکەی خۆیدا دابڕێژێتەوە. نموونەیەکی ئاشکرای ئەم چەواشەکارییە لێدوانەکانی ئەم دواییەی کاربەدەستان و بەناو پسپۆڕان و ئاکادێمیسییەنەکانی ڕێژیمە، کە تێیدا ژن وەک "فەرماندەی بەئاوەزی بەرەی ئابووریی بنەماڵە" پێناسە دەکرێت. ئەم تێڕوانینە، کە گوایە

دەیەوێت پێگەی ژن بەرز بنرخێنێ، لە ڕاستیدا هەوڵێکی ڕوون بۆ شاردنەوەی قەیرانە پێکهاتەییەکان، گۆڕینی شوێنی تاوانبار و قوربانی و جێگیرکردنی سیاسەتی پەراوێزخستنی سیستماتیکی ژنان لە کایەی گشتی و بەتایبەت لە بازاڕی کاردایە.

ئەو گوتارەی کە "ئێقتسادی موقاوەمەتی" بە "قەناعەت" و "بەڕێوەبردنی نێوخۆیی"ی ژنان لەناو ماڵدا دەبەستێتەوە، لە بنەڕەتدا دەیەوێت شکست و کێشە ئابوورییەکانی دەسەڵات بخاتە ئەستۆی شێوازی بەکارهێنانی بنەماڵەکان.

لە ڕاستیدا لە کاتێکدا کە باس لە "فەرماندەیی ئابووریی ژنان" لە ماڵەوە دەکرێت، ئامارە فەرمییەکانی خودی ئێران نیشانی دەدەن کە ڕێژەی بەشداریی ئابووریی ژنان لە نزمترین ئاستی جیهانی واتە کەمتر لە ١٥ لەسەددایە.

کۆماری ئیسلامی لە ڕێگەی یاساکانەوە کە جیاکاریی ڕەگەزییان تێدا کراوە و بە سەپاندنی بەربەستی ڕەگەزی لە دامەزراندندا و پەرەدان بە گوتاری "دایکایەتی و هاوسەرێتی" وەک تاقە ئەرکی پیرۆزی ژن، بە شێوەیەکی سیستماتیک نیوەی هێزی کاری کۆمەڵگەی لە هێڵی بەرهەمهێنان و سەربەخۆیی دارایی دوور خستووەتەوە. ژنێک کە لە ڕووی یاسایی و پێکهاتەییەوە مافی چوونە ناو بازاڕ و بەڕێوەبردنی ئابووری لێ زەوت کرابێت، چۆن دەکرێت وەک "فەرماندەی ئابووری" ناوی لێ ببردرێت؟ لە ڕاستیدا ئەم شێوە پێناسەکردنە لەم حاڵەتەدا، تەنیا دابەزاندنی چەمکی بەڕێوەبردن بۆ ئاستی ڕێکخستنی تێچووەکانی ناوماڵ و ڕاهاتن لەگەڵ هەژاریدایە.

هاوکات لەگەڵ نەبوونی دەرفەتی یەکسان لە بازاڕی کاری نەریتی و فەرمیدا، لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا بەشێکی زۆر لە ژنانی ئێران و کوردستان ڕوویان لە بەستەرە دیجیتاڵییەکان و بازرگانیی ئۆنلاین، بەتایبەت لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەک ئینستاگرامەوە کرد تاکوو بتوانن بەم شێوەیە بژێوی ژیانیان دابین بکەن و تا ڕادەیەک هەوڵی دەستەبەرکردنی سەربەخۆیی دارایی بۆ خۆیان بدەن . ئەم شێوازە لە کار کە زۆربەی کات بەبێ پاڵپشتیی دەوڵەت و بە تێکۆشانی تاکەکەسیی ژنان خۆی گرتبووەوە، بووە هیوایەک بۆ بازرگانییە بچووک و ناوخۆییەکان.

بەڵام سیاسەتی پچڕانی بەردەوامی ئینتێرنێت، فیلتەرینگی بەربڵاو و توندکردنەوەی گەمارۆ دیجیتاڵییەکان لەلایەن ڕێژیمەوە، گورزێکی کوشندەی لەم کەرەتە وەشاند. بەم بڕیارانە، کۆماری ئیسلامی تەنیا ئینتێرنێتی سنووردار نەکرد، بەڵکوو دەستی بۆ سەرچاوەی بژێوی هەزاران ژنی سەرپەرستی بنەماڵە و کچانی لاو برد کە دەکرا لە ڕیزی قوربانییانی

سیستمی ئیداریی ڕەگەزپەرستانە جیا بکرێنەوە. لەم سۆنگەیەوە، بەکارهێنانی دەستەواژەی مۆدێرن و گرینگ بۆ پێگەی ئابووریی ژن لە کاتێکدا کە دەسەڵات خۆی گەورەترین بەربەستی سەر ڕێگای گەشەی ئابووریی ئەوانە، ئەوپەڕی دووڕوویی سیاسی نیشان دەدات.

**کاتێک گوتاری فەرمی دەڵێت:** سەربەرزی دەبێ لە قەناعەتدا بێت نەک لە ڕکابەری ماددیدا، ئامانج ئاساییکردنەوەی هەژاری و خۆدزینەوەیە لە بەرپرسیایەتییە. دەسەڵاتێک کە بەهۆی گەندەڵی پێکهاتەیی، سیاسەتی چەوتی نێودەوڵەتی و بەفیڕۆدانی سەروەت و سامانی گشتی، ناتوانێت سەرەتاییترین پێداویستییەکانی هاوڵاتییان دابین بکات، پەنا دەباتە بەر ئیدیۆلۆژیی "سادەژیان" و بەرپرسیایەتییەکە دەخاتە ئەستۆی ژنان.

**ئەم گوتارەی کە ڕێژیم کاری لەسەر دەکات دەیەوێت دوو ئامانج بپێکێت:**

**یەکەم؛** چەواشەکردنی ڕای گشتی لە هۆکارە ڕاستەقینەکانی هەڵاوسان و داڕمانی ئابووری کە گەندەڵی و بەڕێوەبردنی نادروستی دەسەڵاتە.

**دووەم؛** زیندانیکردنەوەی ژن لە چوارچێوەی ماڵدا و لەژێر ناوی پیرۆزی و فەرماندەیی بۆ ئەوەی ڕێگری لە هاتنەدەری ئەوان وەک هێزێکی ڕەخنەگر و گۆڕانخواز لە کایەی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا بکرێت.

سیاسەتی ئابووریی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە ژنان، سیاسەتێکی دووفاقییە کە لەسەر بنەمای بێبەشکردنی ڕاستەقینە لە دەرەوە و ستایشی درۆیینە لە ناوەوە داڕێژراوە. پێناسەکردنی ژن وەک فەرماندەی ئابووریی بنەماڵە، تەنیا کڵاولەسەرنانێک بۆ شەرعیەتدان بە گۆشەگیرکردنی ئەوانە. ڕاستیی کۆمەڵگەی ئێران ئەوەیە کە ژنان نەک فەرماندەی ئابووری نین، بەڵکوو یەکەم قوربانیی سیاسەتە سەرکوتکارە ئابووری و دیجیتاڵییەکانی دەسەڵاتن. ڕزگاریی ئابووریی ژن لەم سیستەمەدا بە هۆشیاری و قەناعەت بە هەژاری نایەتە دی، بەڵکوو پێویستی بە تێکشکاندنی ئەو پێکهاتە یاسایی و سیاسییە هەیە کە کار و ئامادەیی ژن وەک هەڕەشە بۆ سەر مانەوەی خۆی دەبینێت.

**٦ی پووشپەڕی ٢٧٢٦**

# هەڵگەڕانەوە، دوایین قۆناغی ناهومێدی




**عەلی فەتحی**

هەڵگەڕانەوەی لایەنگر و هاندەر و بوون بە ڕکابەر، پرۆسەیەکی فرەڕەهەندە. ئەو دیاردەیە جیا لە وەرزش، لە سیاسەت و بازاڕکردنیشدا بەدی دەکرێ. کردەیەکی پێچەوانەیە، بە واتایەک پشتیوانیکردنی پێشوو جێی خۆی دەدا بە دوژمنایەتی. لێکەوتەش دەبێتە ناهومێدی یان ڕکابەرایەتیی چالاک. ئاڵوگۆڕێکە و بەستراوەتەوە بەوەی کە لە کام بواردا ئاماژەی پێ بکرێ. بۆ وێنە لە وەرزشدا زۆرجار ڕکابەریی تەندروست، دەگۆڕێ بۆ هاندەرایەتیی کوێرکوێرانە. لە جیهانی سیاسەتدا بەردەوام هەڵدەکەوێ ئەو گۆڕانە قووڵتر بێ و جەمسەرگیریی سیاسیی لێ بکەوێتەوە و دواجاریش بچێتە قۆناغی ناهومێدیی تەواو. هەڵدەکەوێ هەندێ کەڕەت خەیانەتیشی بەدوادا بێ. لایەنگر لە حاڵەتێکی ئەوتۆدا دەبێتە دژبەرێکی سەرسەخت، چونکە سەرکردە، سیاسەتمەدار یان حیزب و سازمان و ئەو براندەی پێشتر باوەڕی پێی هەبووە، بە پێچەوانەی ئایدۆلۆژیی ئەو جووڵاوەتەوە یان لە جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی پێشوودا کەمتەرخەم بووە.

هەڵگەڕانەوە یاخود بڵێین گۆڕانی لایەنگری بۆ دژبەرایەتی، دیاردەیەکی باوی کۆمەڵایەتی - سیاسییە و زۆربەمان ئەو جێگۆڕکێیەمان لە زۆر بواردا بینیوە. بە پێی توێژینەوەکان، گرنگترین هۆکاریش بۆ ئەو ئاڵوگۆڕە، وەک پێشتر ئاماژەی پێکراوە، بێهیواییە. واتە، چیتر ئایدیال لەگەڵ واقیع تەبا نابێ و ناگونجێت. کەسی لایەنگر سەرەتا وێنەیەکی تەواو ئایدیالی لە مێشکی خۆیدا خوڵقاندووە و دواتر لەبەر زۆر هۆکار ئەو وێنەیە دەشێوێ. ئەویش سەرەتا لە لایەنگر دەبێتە ڕەخنەگر و دواتر ناڕازی و لە دواساتیشدا دژبەری تەواو. دەبێ ئەوەش بگوترێ کە زۆر کەڕەت، ئەگەر ئەو کەسانە

لەلایەن ڕێبەران یان حیزب و گرووپەکانەوە سەرکۆنە دەکرێن و لە پەراوێز دەخرێن، ئیتر کەسەکەی پێشوو نامێنن و ڕێگەی ڕکابەری و ململانێ دەگرنە بەر. لەوەش خراپتر، چونکە ئەو نارازییانە ئەوجار لەلایەن کەسانی وەفادار بە ئایدیای پێشوو تۆمەتبار بە خائین و ئاژاوەگێڕیش دەکرێن، لە کۆتاییدا ئاکامێکی مەترسیداری لێ دەکەوێتەوە و ڕەنگە کەسەکە گیانیشی لەسەر دانێ.

هەندێ پێشتر لە باسەکەمدا، ئاماژەم بە بێهیوایی کرد وەکوو بنەمای ئاڵوگۆڕی فیکری و دواجار هەڵگەڕانەوە. لێرەدا ئەو پرسیارە دێنمە گۆڕێ، ئەرێ ئەو دیاردەیە، واتە "هیوا" چییە کە بە خەوشداربوونی، مرۆڤ لە دۆخێکەوە دەگۆڕدرێت بۆ حاڵەتێکی تر؟ هیوا یاخود هومێد دیارییەکی بەوەجە و بە ڕێژنەی خۆزگە و خەیاڵ پاراو دەبێت. قەدیمییەکان گوتوویانە کە هیوا دیاریی گوماناویی خوداکانە. لەبارەی هیوا و هومێد زۆر نووسراوە و گەلێک زانا لێی دواون. هیوا وەکوو هەست، لەوەتەی هەیە، نەک هەر مرۆڤەکان، بەڵکوو ئاژەڵ و زیندەوەریش ژیان و گیانی خۆیان فیدای ئەو کردووە. هومێد یان هیوا لە میتۆلۆژیی یۆنانی کۆندا سەرەتا لە گۆزەیەکدا دەدۆزرێتەوە. خوداوەند "دیا" ئەو گۆزەیەی بە یەکەم ژنی مرۆڤایەتی بەخشیوە. ئەو ژنە ناوی پاندۆرا بووە. خوداوەند دیا، داوای لە پاندۆرا کردووە زاری گۆزەکە نەکاتەوە. بەڵام، ژنە یەخسیری دەستی پەیجووری، کاتێک زارکی گۆزە دەکاتەوە، گشت چارەڕەشی و نەهامەتییەکانی نێوی دەرژێتە دەر و مرۆڤایەتی لەخۆیدا نووقم دەکا. پاندۆرا دەترسێ و هەوڵ دەدا زارکی گۆزە دابخاتەوە، بەڵام تازە بێسوود دەبێ. ئەوەی نەدەبا کرابا، ئەو کردبووی. لەو نێوەدا، تەنیا یەک بابەت لەنێو گۆزەدا دەمێنێتەوە، ئەویش هومێد بووە. دەردەکەوێ کە خوداوەند دیا، واتە باوکی خوداوەندەکان، لەنێو ئەو گشتە نەهامەتی و چارەڕەشییەدا، هومێدیشی داناوە. ئەوەی جێی سەرسوڕمانە، ئەوەیە کە تەنیا هومێدە، نەڕژاوەتە دەر و لەنێو خەڵکدا بڵاو نەبووەتەوە. ڕەنگە دەرنەکەوتنی هومێد وێڕای نەهامەتییەکان حیکمەتێکی لەپشت بووبێ. وەکوو خوڵقاندنی مەجالێک بۆ مرۆڤەکان کە بێجووڵە نەوەستن و هەوڵی دەرهێنانی ئەو بە یارمەتیوەرگرتن لە هێزی خۆیان بدەن. هومێد کە هێندە باسی دەکرێت بەڕاست چی بووە؟ نیچە، فەیلەسۆفی ئەڵمانی پێی وایە هومێد خراپترینی خراپەکانە، چونکە ناڕەحەتی و ئازاری مرۆڤ درێژماوەتر دەکا. ئەرەستوو هومێد وەکوو خەونێک لە کاتی وشیارییدا دەبینێ. هومێد ئەگەرچی دەتوانێ کاریگەریی ئەرێنی لەسەر ژیانی مرۆڤدا هەبێ، لە هەمان کاتدا دەتوانێ نەرێنیش بێ، بەتایبەت ئەو کاتەی هێزی بەسەر کار و پلانەکانی ئێمەدا بشکێ. ئەو دەتوانێ بە ئاسانی تووشی بێکردەوەییمان بکا و ترسنۆک و خۆشباوەڕ بارمان بێنێ. بەهۆی ئەوە، دەتوانین زۆر بە سادەیی سەیری تێپەڕبوونی ژیان بکەین، چاوەڕێی کەسێک یان خودایەک بین، بەڵکوو چارەنووسمان بگۆڕێ و خۆمان بە قەناعەت بگەیەنین کە دیاردەیەکی سەیر نییە ئەگەر کز و بێدەسەڵات، هۆگری هۆکاری دەرەکی بین. بۆیە، پەندێکی ئەڵمانی هەیە کە دەڵێ: بەهێزەکان ئیرادەیان هەیە و لاوازەکان هیوا و هومێد.

بـابەتی هومێد و هەڵگەڕانەوە بـۆیە بەلامەوە گرینـگ بـووە و هێنـاومەتە بەربـاس، چـونکە ئەم ڕۆژانە بەهـۆی ئـاڵوگۆڕە خێراکانی ناوچەکەمان، دەرکەوتەکانی ئەو بەشێوەی جۆراوجۆر دەبینین. ڕەنگە زێدەڕۆییم نەکردبێ ئەگەر بڵێم کۆمەڵگەی ئێران بۆ بەیانکردنی چەمکێکی ئەوتۆ، نموونەیەکی زۆر زەقە و ناتەباییەکـان لەوێدا ڕوونتـر دەبینـدرێن. هەمووماـن کەم و زۆر دەزانین کە نزیک بە نیو سەدە دەبێ لەلایەن ڕێبەران و هێزە سیاسییەکان و دامودەزگاکـانی حکوومییەوە، دانیشتووانی ئەو کۆمەڵگەیە لەباری فکری و عەقیدەتییەوە بۆ لایەنگربوونێکی تۆخ یان بە واتایەکی تر بەندەیی و هۆلیگانبوون ئـامادە دەکرێن. هەرچەشنە بڕیار و تێفکرینێک لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتەوە، بووەتە ئایەتی پیرۆز لەنێو لایەنگران یـاخود مریـدەکانەوە. فەرمانڕەوایـانی دەزگـای حـاکم هەر لە سـەرەتاکانی سـەرکەوتنی شۆڕشـی گەلانـی ئێـرانەوە، دژایەتییەکـی ئامانجداریان دژی زۆربەی وڵاتـان و بەتـایبەت ئەمریکا و ئیسرائیل کردە سیاسەتی ڕۆژانەی خۆیـان. بەرەبەرە بـاری فکری و مەکتەبییـان بەو سیاسـەتە دا بـۆ ئەوەی چاکتر لە زەینـی هۆگرانیانـدا وەکـوو ئایـدۆلۆژی جێ بگرێت. چەنـد بەرەبـاب بەو گوتـارە فرچک دران و دژایەتیکردنی ئەو دوو وڵاتە بۆ زۆربەی کاربەدەستان بووە بنەمای سەرکەوتن بە پەیژەکـانی گەیشتن بە دەسەڵاتی پتردا. هەروەها نێوەنێوە وەک فەرهەنگی خۆپێناسەکردن و وەفاداریی تەواو بە نیزام جێی خۆی کردەوە.

ئەگەر ململانێ و نێوانناخۆشیی دەیان ساڵەی ئێران و ئەمریکا لەولا دانێین. ئەگەر کاتژمێری گەورەی سەر گۆڕەپـانی تـاران کە تەمەنـی فەوتـانی ئیسـرائیلی پیشـان دەدات لەبەرچـاو نەگرین. هەر بەوەنـدە قەنـاعەت بێنـین کە شـەوی ٩ی ڕەشـەمەی ١٤٠٤، هێرشی ڕاستەوخۆ لەلایەن ئەمریکا و ئیسرائیل کرایە سەر ئێران، تا دەگاتە دووشـەممە ٢٥ی جۆزەردانی ١٤٠٥، بۆمـان دەردەکەوێ کە هیوا و هومێد چۆن لە نێوەڕۆکدا بەتـاڵ دەبن و بێهیوایی جێگایـان دەگرێتەوە. بێهیوایی وەک دەزانین لەبەر نەبـوونی هومێد و بـاوەڕی بەتەواوەتـی، کە دۆخێک دەتـوانی بە مەیلی ئەو کەسە یـان کەسـانە بگۆڕدرێ، دروست دەبـێ و خەمێکـی کـاتی نییە و هەسـتێکی قـووڵ و درێژخـایەنە. وەختێـک مـرۆڤ تووشـی ئەو دیـاردە نەرێنییە دەبـێ، هەست بە گیرخـواردن لە بـازنەیەکی داخـراودا دەکـا کە هیچ ڕێگـایەکی دەربـازبوونی بـۆ نییە. وەکـوو فکریش کە زەیـن داگیـر دەکـا، ڕێگایەک بۆ هەڵهاتن لە دۆخەکە ناهێڵێتەوە. لە زۆربەی ئەو کاتـانەدا ماندوویەتیی فکری و شەکەتیی جەستەیی و ئـازاری ڕۆحـی پـاڵنەری بەهێـز دەبـن بـۆ بێبـاکی و خوڵقانـدنی هەستی بێبـاکی و ئیهمـال و وازهێنـان لە ئـامـانجی سـەرەکی. ئەو مرۆڤەی تووشی پەتای بێهیوایی دەبێ، هەستێکی نەرێنیی سەرتاسەری مێشک و جەستەی دادەگرێت و هیـوا و بـاوەڕی بەو بابەتگەلەی پێشوو کە لای ئەو پیرۆز بوونە، نامێنێ. ئەو کۆمەڵە مرۆڤە دوواسات، هەستی لەخۆبێزارییان دەگاتە قۆناغێک کە هیچ هێڵێک سنووری نابێ و کوشتن و تیرۆر دیاردەیەکی زۆر ئاسایی دەبێ.

ئێمە لەسەرەوە وەکوو نموونە بـاسی شەڕ و ململانێی نێوان ئێـران - ئەمریکـا و ئیسرائیلمان کرد. لە چەنـد هەفتەی دوایـی بەرلەوەی تەواوبوونی شەڕ، کۆمەڵێکی فرە لە خەڵک کە لایەنگری سەرسەخت یان خولیگانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بـوون،

بە شەو و بە ڕۆژ لەسەر شەقامەکان دروشمی لایەنگریی لە شەڕ و هێزەکانی حکوومەتییان دەدا. هاوتەریب لەگەڵ ئەو ململانێیە، دانوستانی نەیاران پێکەوە، دۆخەکەی گەیاندە قۆناغی ئاگربەس و ڕێککەوتن. سەرەتا، هەرکە هەواڵی پێکهاتن و واژۆی ڕێککەوتن بڵاوبووەوە، لایەنگریی ئەو جەماوەرەی سەر شەقام گۆڕدرا بۆ هەڵگەڕانەوەیەکی مەترسیدار و هومێدی پێشوو جێی خۆی دا بە بێهیوایی و ناهومێدی. ئەگەر تا دوو سێ ڕۆژ بەرلە دەرکەوتنی ڕاستییەکان، جەماوەر دروشمگەلێکی بە نێوەڕۆکی پشتیوانی لە دەسەڵاتدارانی خاوەن ڕۆڵ لە ڕەوتی ئاڵوگۆڕەکاندا بەردەوام دەگوتەوە. هەر ئەو جەماوەرە وەختێک دیتیان نێوەڕۆکی ڕێککەوتنەکە بەدڵی ئەوان نییە، هێدی‌هێدی دژایەتییان دەست پێکرد. سەرەتا دروشمی نەرم هاتنە گۆڕێ وەک ئەوەی کە هاواریان دەکرد: "لەگەڵ دوژمنی بەدکار ئاشتی ناکەین". زۆری نەخایاند، کە ئەو حەشیمەتە زیاتر لە بڕیارەکانی دانیشتنەکان ئاگادار بوونەوە، هاواریان لێ هەستا: "قالیباف، عەراقچی، ئەی خوێنی ڕێبەرم چی؟". پاشان، هەر دوو ڕۆژ بەرلە ڕێککەوتنی کۆتایی، جەماوەری ناڕازیی سەر شەقام، ئەوجار تووڕەییەکی وەها دایگرتن کە سنوورەکانی هەڵگەڕانەوەیان تەواو تێپەڕاند و دروشمەکان لە قالبی ئاگادارکردنەوە هاتنە دەر و بوون بە هەڕەشە و کار گەییشتە ئەو جێگایەی کە هێزەکانی ئاسایشی شارەکان ناچار بە پەلاماردانی ناڕازییان بن. چونکە ئەوانە بە ڕق و کینەوە دەیانگوت: "مەرگ بۆ سازشکاری بێشەرەف" و "مەرگ بۆ عەراقچی سیخوڕ". بە واتایەک، توانیمان لە ماوەیەکی زەمەنیی کورتدا، ڕەوتی گۆڕانی ئایدیاڵ و هەڵوێست کە پشتی بە هیوا و هومێدەوە قایم بوو، ببینین چۆن پاڵی وە ترس دا.

لەوەش زەقتر، پشتیوانیی پێشوو چۆن خێرا بگۆڕدری بۆ دژایەتی. هیواش جێگۆڕکێ بکا لەگەڵ ناهومێدی. واتە هەڵگەڕانەوەیەکی ترسناک و هاندەر بۆ دوژمنایەتی. ئاکام، هێز و حکوومەت و مرۆڤگەلی سیاسی، هەرکات پڕۆسەیەکی سیاسی - کۆمەڵایەتییان دەست پێکرد، ناکرێ هەر تەنیا بەشی هومێد و سەرکەوتنی پڕۆسەکە بەرچاو بگرن، بەڵکوو پێویستە پشتی سکەکەش ببینن، چونکە ڕەنگە ناهومێدی و هەڵگەڕانەوەشی لێ بکەوێتەوە. ئەوەتا لە کۆی شەڕ و پێکدادانی چەند مانگی دوایی نێوان ئێران و ئەمریکا و ئیسرائیل، دیتمان ئاڵوگۆڕەکان بە کام ئاقاردا تێپەڕیوون و چۆن ئاکامێکیان لێکەوتەوە. قەناعەتم وەهایە هیچ هەڵگەڕانەوەیەک بەقەدەر هەڵگەڕانەوەی سیاسی مەترسیدار نییە و لە مێژوودا بە سەدان نموونە هەن و بوونەتە هۆی ڕژانی خوێنێکی زۆر.

٧ی پووشپەڕی ٢٧٢٦

# ڕۆڵی کوردیی گۆرانی لە ئایینی یاریدا



**سارۆ خوسرەوی**

خاڵێکی دیکە لە پەیوەندی لەگەڵ گرینگیی یارسان بە دونیای کوردبوونەوە ئەوەیە کە پێڕەوانی ئایینی یاری بۆ پەیڤی دەقە ئاینییەکانی خۆیان لە زمانی کوردیی گۆرانی کەلکیان وەرگرتووە. لە هەر سەردەمێکی مێژوویدا، کۆی کەلامەکان بە زمانی کوردی نووسراون و کراون بە دەفتەر. کەلامەکانی دەورەی پردیوەر و پێش پردیوەر بە کەلامی سەرنجام یان دیوانەگەورە بەناوبانگن. ئەم کەلامانە گرینگرین کەلامەکانی ئایینی یارین. پایە و ڕێساکانی ئایینی یاری لە دەفتەری سەرنجامدا بە گۆرانی کۆن تۆمار کراون.

**لەبارەی گۆرانی کە زمانی فەرمیی ئایینی یارییە، لە کەلامێکی دەورەی سەید فەرزیدا هاتووە کە دەڵێ:**

لەوز عەرەبیمان گێڵانە دەوران
کەردمان کەلام وە لەوز گۆران

کوردیی گۆرانی کە بە دەستپێشخەری ئایینی یاری و یارسانییەکان برەوی پەیدا کردووە، دواجار بووتە زمانێکی خۆشەویست

**پووشپەڕی ٢٧٢٦**

لای بەشێک لە شاعیرانی دیاری کوردستان،

بەجۆرێک کە شاعری گەورە، خانای قوبادی شانازی بەم زمانەوە دەکات و دەڵێت:

ڕاستە مەواچان فارسی شەکەرەن
کوردی، جە فارسی بەڵ شیرینتەرەن
بە لەفز کوردی، کوردستان تەمام
پێش بوان مەحزور باقی والسلام

## دژبەرانی بیروباوەڕی یارسانییەکان لە کوردستان

زۆر گرینگە بزانین یارسان بەدرێژایی مێژوو، کێشەی لەگەڵ چ جۆرە کوردێک هەبووە و لێی بەری بووەوە.

سەرهەڵدانی ئایینی یاری لە پردیوەر بە دژایەتی توندی مەلا و پیاوە ئاینییەکانی ناوچەکە بەرەوڕوو بووەتەوە. ئەوان ئایینی یارییان بە هەڕەشەیەک بۆ سەر ئایینی خۆیان زانیوە. بەتایبەتی لە سەردەمی پردیوەر، یارسانییەکان بەردەوام لەژێر فشاردا بوون بۆ ئەوەی ناچار بکرێن ئایینی خۆیان بگۆڕن و ئایینی ئیسلام قەبووڵ بکەن. یارسانییەکان بەهۆی فراوانبوونی هەژموونی ئیسلامییەکان، بۆ پاراستنی خۆیان و مانەوەی ئایینەکەیان کۆچیان کردووە بۆ ناوچە سەخت و شاخاوییەکانی هەورامان.

لە پاش سەرهەڵدانی سەفەوییەکان و گۆڕینی ئایین بۆ کەرەستەی سیاسی و دەسەڵاتخوازی، بواری دژایەتیی بیروباوەڕی ئیسلامی کە لەگەڵ بنەما فیکرییەکانی ئایینی یاری ناتەبا بووە، لە پردیوەری هەورامان پتر پەرەی سەندووە. هەر لەو سەردەمەدا بەشێکی بەرچاو لە کوردانی جاف، لەک، کەڵهوڕ و هەورامی کە پێشتر یارسانی بوون، لەژێر فشار، ئایینی خۆیان لە یارییەوە گۆڕیوە بۆ ئیسلام و دابەش بوون بەسەر دوو ئایینی سوننە و شیعەدا. لەو قۆناغە ئەستەم و چارەنووسسازەدا، یارسانییەکان لە نێو دڵی چیا سەرکەشەکانی هەورامان بە پێڕەوی لە سیاسەتی کڕمات (سر مگو)، توانیان خۆیان و ئایینەکەیان لە فەوتان ڕزگار بکەن.

جێگای باسە، سەردەمی پردیوەر لە مێژووی یارساندا، ئەستەمترین و پڕمەترسیترین سەردەمە، لەبەر ئەوەی لەو قۆناغەدا حەقیقەتی ئایینی یاری و جەوهەری مرۆڤخودایی لە سوڵتان سەهاک ئاشکرا بووە. ئەو سەردەمە هاوکات بووە لەگەڵ

دەسەڵاتی توندی ئایینی و سیاسیی فەرمانڕەوا و مەلا ئیسلامییەكان لە ناوچەكە. ئیسلامییەكان، باوەڕی یارسانیان بە كوفر لەقەڵەم داوە. بەتایبەت دژی باوەڕی مرۆڤخودایی یان دەركەوتی جەوهەری خودا لە مرۆڤدا بوون. كەواتە لەسەردەمی پردیوەر، یارسانییەكان لەنێوان بەرداشی موسڵمانی سوننە و شیعەدا بەرخۆدانیان كردووە بۆ مانەوە و زیندووڕاگرتنی ئایینی كوردان.

جێگای ئاماژەیە، لە دەورانی پردیوەر، زۆر لەو كوردانەی كە دواجار ڕێبازی یارسانیان هەڵبژاردووە، لەلایەن مەلای توندڕەوی كوردەوە هەڕەشەی كوشتنیان لێ كراوە.

## ڕۆڵی گۆرانەكان لە دیرۆكی كوردان

لە ڕاستیدا گۆران وەک چەمكێكی كۆمەڵایەتی و فەرهەنگی لە مێژووی یارساندا پێناسە كراوە و لە ڕووی زمان و پێكهاتەی كۆمەڵایەتییەوە بەشێكە لە نەتەوەی كورد. كاتی خۆی بەشێک لە كوردانی موسەڵمان لە پردیوەری هەورامان دژایەتی گۆرانەكانیان دەكرد كە میراتگری ئایینی كوردان بوون.

گۆرانەكان بەشێكی گەورە و خاوەن ڕۆڵ بوون لە نەتەوەی كورد. ئەم پێكهاتەیە لەدوای لەناوچوونی دەسەڵاتی ساسانییەكان توانیویان زوانی گۆرانی بپارێزن و وەک زمانی فەرمی ئایینەكەیان كەلكی لێ وەرگرن. ڕۆژگارێک زۆربەی كوردەكان خۆیان بە پەیڕەوكاری گۆران زانیوە و فەرمانی گۆرانەكانیان جێبەجێ كردووە.

بۆ نموونە: ئێڵ بەگی جاف دەڵێ:

من بە قەوڵ گۆران دەكەم
هەمووی بۆ سۆران دەكەم

هەروەها بۆ ئەوەی بزانین كورد و گۆران لەیەک جودا نین، سەرنجتان بۆ كەلامێكی عابدین جاف رادەكێشم، كاتێک تێكەڵ بە ئەڵقەی جەمی سوڵتان سەهاک و یارانی دەبێت،

بەم جۆرە خۆی دەناسێنێت و دەڵێ:

بە من ئەیژن تۆ گۆرانی
کوردی و بۆ ئەم ڕەمە شوانی
چونکە هاتیە سەری ڕێمان
ئەوانتر وە کاروان جێ مان
ڕێگەی گۆران هەر بگر لە بەر
تا سەرکەوێ هەتاکو سەر
چونکە گۆران ڕێی ڕووژنە
ئەم ڕێ بۆ گشت پیا و ژنە

عابدین جاف، لەم کەلامەکەدا جەخت لەسەر گۆرانبوون و کوردبوونی خۆی لەیەک کاتدا دەکاتەوە و لەیەکیان جیا ناکاتەوە. پاشان دەڵێت، ڕێگای گۆران بگرە بەر، دیارە لێرە گۆران وەکوو ڕێبازێک پیشان دەدات، ئەو ڕێبازەش شتێک نییە جگە لە یارسان و ئایینی یاری. ئەمە ئەو ڕاستییەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە لە دەورانی پردیوەر پێڕوانی ئایینی یاری بە گۆران ناوبانگیان ڕۆیشتووە و زمانەکەشیان شێوازی گۆرانی بووە کە ئەو کاتە ڕۆڵی زمانی فەرمی لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا گێڕاوە.

عابدین جاف لە کەلامێکی دیکەیدا، ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە وشەی گۆران زۆرتر بۆ ئەو بەشە لە کوردان بەکار چووە کە پیرەوی ئایینی یاری بوون،

بۆیە ڕوو لە سوڵتان دەکات و دەڵێ:

من ئەو کوردم، تۆ ئەو گۆران
مەیکە وە دەعوای ساتووران

عابدین کاتێ دەچێت بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ سوڵتان، چاوی بە کەسێک بەناوی شەریفە دەکەوێت کە لەوێ پاسەوانە و پێی دەڵێت، من کوردم، دەرگام بەڕوودا بکەوە، هاتووم سوڵتان سەهاک ببینم. شەریفە دەچێت و بە سوڵتان دەڵێت، کوردێک لە خوێنی خۆت هاتووە و دەیەوێ بتبینێت.

کاتێک عابدین چاوی بە سوڵتان دەکەوێت، پێی دەڵێت:

کوردی کۆتاهی....
ئازیز ئەز نیم لەم کوردی کۆتاهی
ئەز لەو کوردەی تۆم مێرد دەستگاهی
ئا منم ئەو کوردە ئا تۆ ئەو شاهی

واتە ئازیز، من لەو کوردە بچووک و ئاست نزمانە نیم، بەڵکوو لەو کورانەم کە سەر بە نیزام و دەزگای یارییم. من ئەو کوردەم کە تۆ واتە (سوڵتان) بە گەورە و شای خۆم دەزانم.

سوڵتان سەهاک بەگەرمی و خۆشەویستییەوە دەچێتە پێشوازی عابدین جاف و دەفەرموێت:

شەریفە ئەو کوردە بە من میوانە و مەڕوینە
من ئەو کوردەم خۆش دەوێ ناوی عابدینە
ئەزیەت مەدە بەو، خۆشەویستی سوڵتانە
قاپی بۆ بکەوە بۆ بەر جەمی بێنە

ئەو کوردانەی کامانەن کە لەم سەردەمەدا دژایەتی یارسان دەکەن؟

ئەو کوردانە کە ئوممەتی ئیسلام لەسەرەوەی شوناسی کوردبوونەوە دەبینن و فەرهەنگ، زمانی کوردی و بۆنە فەرهەنگی و نەتەوەییەکانیان بۆ گرینگ نییە، لەگەڵ بیری کوردبوونی یارسان لەدژایەتی دان.

ئەم جۆرە لە کوردی ئیسلامی لە دەورانی پەردیوەر گەلێک جار ئازاری سوڵتان سەهاک و یارانی داون و ئێستاش نموونەیان لە کوردستان هەیە.

کەواتە یارسان چ وەک باوەڕی ئایینی و چ وەک کۆمەڵگەیەکی خاوەن مێژوو لە کوردستان، دژایەتی لەگەڵ کوردایەتی و نەتەوەی خۆی نەکردووە، بەڵام مافی ئەوەی هەیە لەگەڵ ئەو کوردە ئیسلامییانەی کە بوونی یارسان و ئێزیدی ڕەد دەکەنەوە و وەک مەلا توندئاژووەکانی دەورانی سوڵتان سەهاک، هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکەن، خۆیان یەکلایی بکەنەوە.

## پاشخانی ئایینی لە کوردستان

پێش هاتنی ئیسلام بۆ کوردستان، کوردەکان خاوەنی چەندین ئایین و بیروباوەڕی جیاواز بوون کە زۆربەیان ڕەگیان لە فەرهەنگ و مێژووی دێرینی ناوچەکەدا هەبووە.

### ئایینە سەرەکییەکان ئەمانەی خوارەوە بوون:

### زەردەشتی

ئەم ئایینە یەکێک بوو لە باوترین ئایینەکان لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی ساسانیدا. زۆربەی مێژوونووسان ئاماژە بەوە دەکەن کە بەشێکی زۆری کوردەکان پەیڕەوی ئەم ئایینەیان دەکرد. هەتا ئێستاش چەندین پەرستگای ئاگری دێرین لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان وەک شوێنەوار ماونەتەوە.

### یارسان و ئێزیدی

ئەم ئایینانە کە هەندێکجار بە "یەزدانیزم" یان ئایینی ڕەسەنی کوردی ناودەبرێن، پێش ئیسلام هەبوون. هەرچەندە لە سەدەکانی دواتردا هەندێک گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە، بەڵام بنەماکانیان دەگەڕێتەوە بۆ بیروباوەڕە دێرینەکانی میترا و سروشتپەرستی کە پێش ئایینی زەردەشتیش باو بوون.

زۆربەی کوردان، لە سەدەی حەوتەمی زایینیدا ڕوویان لە ئایینی ئیسلام کرد. لەو سەردەمەوە تا ئێستا دوو جۆر موسڵمان لە کوردستان هەن. یەکەمیان ئەوانەن کە ئیماندارن، باوەڕیان بە ئایینی ئیسلام هێناوە و وەک تێکڕای کۆمەڵە ناعەرەبەکان، بە (مەوالی) ناسراون. دووهەمیان جۆرە گرووپێکی توندئاژووی ئیسلامین کە ئێستا لە کوردستان بە سەلەفی و ئیسلامی سیاسی بەناوبانگن. زۆربەی کوردانی نیشتمانپەروەر و بەتایبەت دوو کۆمەڵگەی یارسان و ئێزیدی هەتا ئێستا کێشەیان لەگەڵ ئەو گرووپە ئیسلامییانەدا هەیە.

کاتی خۆی تەکیە و خانەقاکانی کوردستان کە ناوەندی تەسەوف و شوێنی کەسانی ئایینیی نیشتمانپەروەر بوون، ڕۆڵێ گرینگ و گەورەیان هەبووە لە پەروەردی ڕۆحی و پاراستنی زمان و فەرهەنگی کوردی، بەڵام لەدوای سەرهەڵدانی

سەلەفییەت لە کوردستان، گرووپە ئیسلامییەکان هەوڵ بۆ بە نەریتکردنی جۆرێک لە ئیسلامی سیاسی دەدەن کە دژ بە فەرهەنگ و شوناسی نەتەویی کوردانە.

بزووتنەوەی ئیسلامی لە هەر دەورانێک خاوەن دەسەڵاتی سیاسی و خەلافەتی ئیسلامی بووە، دژایەتی هەموو جۆرە بیری ئایینی و فەرهەنگی جیاوازی کردووە. خەلافەتی ئیسلامی لە دەستپێکی بڵاوبوونەوەی لە کوردستان، هەوڵی سڕینەوەی ئەو ئایینانەی داوە کە ڕیشەیان لە ئایینەکانی زاگرۆسدا هەبوو. ئێستاش هەندێک لە ڕەوتە ئیسلامییەکان لە کوردستان بە هەمان عەقڵیەتی کۆن، دژایەتی یارسان، ئێزیدی و فەرهەنگ و داوبەریتی هەزاران ساڵەی کوردان دەکەن.

## کەمتەرخەمی توێژەران و مێژوونووسانی کورد لە مەڕ ناساندنی یارسان وەک بەشێکی گرینگ لە سیستەمی هزریی کوردان

بە پێی سەرچاوە مێژووییەکان و لێکۆڵینەوەکان، مێژووی پەیدابوونی گەلی کورد وەک نەتەوە، مێژوویەکی کۆن و ڕیشەدارە و دەگەڕێتەوە بۆ هەزاران ساڵ پێش زایین. کوردەکان نەتەوەیەکی ڕەسەنی ناوچەی کوردستان و چیاکانی زاگرۆس و تۆرۆسن. کوردەکان نەوەی گەلانی کۆنی نیشتەجێی زاگرۆس و میزۆپۆتامیان، وەک (گوتییەکان، لۆلۆبییەکان، میتانیەکان، کاردۆخەکان و مادەکان).

بە پێی سەرچاوە مێژوویی و ئەنترۆپۆلۆژییەکان، یارسانییەکان هەڵگری فەرهەنگی ڕەسەنی کوردین و بەشێکی دانەبڕاون لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی نەتەوەی کورد، بەڵام زۆربەی مێژوونووسانی کورد کاتێک لە ڕووی کۆمەڵایەتی، سیاسی و فکرییەوە، باسیان لە چەمکی کوردبوون کردووە، کەمتر ئاوڕیان لە بزووتنەوە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکانی زاگرۆس، (ئێزیدی، یارسان/ گۆڕان) داوەتەوە کە پارێزەری ڕاستەقینە فەرهەنگ و شارستانییەتی کوردان بوون.

فەرهەنگی بیرکردنەوەی توێژەرانی سیاسی و مێژوویی کورد، زۆرتر گرێدراوی دۆخێکی دیاریکراو بووە لە مێژووی ئیمارەتە کوردییەکان و بزووتنەوە سیاسییەکان سەد ساڵی ڕابردوو. بەشێکی بەرچاو لە گێڕانەوەکان لە چوارچێوەی ئوممەتی ئیسلامی و بە ڕوانگەی ئایینی، شوناسی کوردبوونیان پێناسە کردووە.

لە زۆربەی پەرتۆکە مێژووییەکانی کوردستاندا، ناوی یاری و یارسان بەرچاو ناکەوێت، هەربۆیە کەسێکی یارسانی لەم سەردەمەدا ناتوانێت خۆی لە نێو سەرچاوە مێژووییەکانی کوردستاندا بدۆزێتەوە. یان ئەگەر لە شوێنێک باسێک لە یارسان کراوە، زۆرتر بە (عەلیوڵڵاهی و ئەهلی حەق) و بە شاخەیەک لە ئیسلام و شیعەی ڕێبازی دوازدە ئیمامی پێناسەیان

کردووە.

یارسان ڕاستییەکە لە سیستەمی، کۆمەڵایەتی، باوەڕ و بیرکردنەوەی مرۆڤی کورد و لە ڕووی بیرکردنەوە و بۆچوونەوە، لە دەرەوەی ئوممەتی ئیسلامی و میرنشینی کوردی، خۆی لەسەر بنەمای فەرهەنگ و شارستانییەتی زاگرۆس و کوردستانی کەونناردا پێناسە کردووە و کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەبووە لە بووژانەوە و پاراستنی بەها فەرهەنگی و مەعنەوییەکانی نەتەوەی کورد.

نووسەران و توێژەرانی کورد، بەدڵنیاییەوە ناتوانن باس لە سیستەمی هزری کورد لە مێژوودا بکەن، ئەگەر نەتوان یارسان وەک بەشێکی گرینگ لە میراتی فکری و فەرهەنگی و دیرۆکیی کوردان تاوتوێ بکەن و لەو سۆنگەیەوە کوردبوونی خۆیان پێناسە بکەن.

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، یاری و یارسان دەربازی قۆناغێکی گرینگ لە خۆناسین و خۆناساندن بووە و بەشێکی زۆر لە کوردپەروەران لە کوردستان، یارسان بە بەشێک لە میراتی فەرهەنگی، ماددی و مەعنەوی خۆیان دەزانن. ئەگەر وا بێت، گۆڕانکارییەکی باش لە تێڕوانینی مرۆڤی کورد بۆ یارسان دروست بووە و ئەم گۆڕانکارییە دەتوانێت ببێتە هۆی وەرچەرخانێکی گرینگ لە مەسەلەی خۆناسینی کوردان.

## ئەنجام:

یارسان بەهۆی فەلسەفەی (دووناودوون)، کە بەواتای یەکگرتوویی ڕۆحەکانە، لە دوون و قۆناغە جیاوازەکاندا، خۆی لە چوارچێوەی هیچ نەتەوە و نژادێکی تایبەتدا پێناسە ناکات. واتە لە مەسەلەی دووناودووندا ڕەگەز و نەتەوەی تایبەت جێی مشتومڕ نین، بەڵکوو کۆی بوونەوەرەکان لەبەرچاو دەگیرێن، بەڵام لە دونیای ڕاستی و لە ڕەوتی مێژووی مرۆڤایەتی و بارودۆخی کۆمەڵایەتیدا، یارسان هزری کوردبوونە.

کەلامەکانی ئایینی یاری، گەواهی بۆ بنەچە و ڕەچەڵەکی یارسان دەدەن، وەک یەکێک لە کۆمەڵگە گرینگەکانی زاگرۆسی دوێنێ و کوردستانی ئەوڕۆ. هەر تێڕوانینێک کە نکۆڵی لە کوردبوونی کۆمەڵگەی یارسان بکات، ئەوە لەژێر پەردەی ئایدۆلۆژیای سیاسیدا، هەوڵی سەپاندنی دابڕانێکی هۆشیارانە دەدات و دەیەوێ یارسان لە شوناسی ڕاستەقینەی خۆی دوور بخاتەوە. پێناسەکردنی یارسان لە دەرەوەی نەتەوەی کورد، وەک ئەوە وایە ناونیشانی کۆمەڵگەیەک بدەی، بەڵام لە

**پووشپەڕی ٢٧٢٦**

**نەخشەی دونیادا نەبێت.**

**سەرچاوە:**

**سرانجام، طيب طاهرى، سليمانيه، انستيتوى فرهنگى كورد ٢٠٠٧**
**دفتر نوروز سورانى، بەكوشش سيد فريدن و دانشور، نشر پانيذ، چاپ اول ١٣٨٢، تهران**
**تاريخ و فلسفەى سرنجام، طيب طاهرى، خانەى موكريان، چاپ سوم، ٢٠١٣، اربيل**

**٨ی پووشپەری ٢٧٢٦**

# پارادۆکسی میدیایی و دیپلۆماسی: لە مانشێتی "تۆڵە"ی هەمشەهرییەوە تا مێزی دانوستانی دۆحە



همشهری

خونخواهی امام شهید و شهدا در صدر مطالبات مردم است

انتقام قطعی است

رهبر انقلاب: باید گریبان جنایتکاران جنگی گرفته شود

حی علی الاصول

گفت‌وگوی تلویزیونی همشهری با کن اوکیف نظامی آمریکایی که پاسیونش را سوزاند

جنایت میناب به روایت تفنگدار آمریکایی



**شەماڵ تەرغیبی**

لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەی "هەمشەهری" بڵاوکراوە لە ڕێکەوتی ٩ی پووشپەڕ، لەخۆگری وێنەیەکی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە کە تێیدا جێگەی نیشانەی چەکێکی نیشانەشکێن بە تەوێڵی ناوبراوەوەیە و بە مانشێتی سووری گەورە نووسراوە "انتقام قطعی است" (تۆڵەسەندنەوە حەتمییە)؛ ئەمە نموونەیەکی کلاسیکی لە "دیپلۆماسیی متمانەبەخۆبوون و ڕیکلامی ئایدیۆلۆژی"یە.

لە کاتێکدا کە لێدوانە فەرمییەکانی نێو وێنەکە، وەک گوتەی بەرپرسانی کومیسیۆنی ئاسایشی نیشتمانی یان پەرلەمان، باس لە دۆسیەی یاسایی و تۆڵەی خوێنی فەرماندەکان دەکەن، هاوکات لە پشت پەردەی سیاسەتی ڕاستەقینەوە، کاناڵە دیپلۆماسییەکان لە قەتەر و عێراق خەریکی لێک نزیککردنەوەی تێڕوانینەکانی تاران و واشینگتۆنن. ئەم هاودژییانە چین و ئاسۆی ڕێککەوتنی کۆتایی نێوان هەردوولا چی دەبێت؟

ئەم جۆرە مانشێتانە پێش ئەوەی پەیامێکی دەرەکی بن بۆ واشینگتۆن، لە ڕاستیدا بەکارهێنانی نێوخۆییان هەیە. بەدیوێکی تریدا دەسەڵات لە تاران پێویستی بە ڕاگرتنی هاوسەنگیی دەروونی و بەرزکردنەوەی وورەی لایەنگرانی خۆی هەیە، بەتایبەت لە کاتێکدا کە گوشارە ئابوورییە مەکرۆییەکان لێواری داڕووخانی پێکهاتەییان گرتووەتە بەر. نیشاندانی ترەمپ لە هێڵی سووری نیشانەشکێندا، هەوڵێکە بۆ سەپاندنی "هاوسەنگیی ترس"؛ بەڵام لە زانستی سیاسیدا، زمانی ڕادیکاڵی میدیایی زۆرجار وەک قەڵغانێک بەکاردێت بۆ شاردنەوەی ئەو نەرمییە تاکتیکییەی کە لە پشت دەرگا داخراوەکاندا پێشکەش دەکرێت.

کاتی بڵاوبوونەوەی ئەم جۆرە هەڕەشانە هاوکات لەگەڵ دەنگۆی دانوستانەکانی دۆحە لە نێوان تیمی ئەمریکی (ویتکۆف و کوشنەر) و نوێنەرانی ئێران، پارادۆکسێکی سەرنجڕاکێش دروست دەکات. لە مێژووی دیپلۆماسیدا باوە کە لایەنەکان پێش چوونە سەر مێزی دانوستان، کارتەکانی گوشاری خۆیان توندتر دەکەن. ئێران دەیەوێت بە واشینگتۆن بڵێت کە نەبوونی ڕێککەوتنێکی گشتگیر و بەردەوامیی سزاکان، دەبێتە هۆی چالاکبوونەوەی سیناریۆ ڕادیکاڵەکان.

لێرەوە، بازبازێنی نرخی دراو و ئاڵۆزیی بازاڕی تاران کە ڕاستەوخۆ لەژێر کاریگەری پێشبینییە نەرێنییەکاندایە، تاران ناچار دەکات کە ئەم هێڵە شەڕکەرە تەنیا لە چوارچێوەی "شەڕی دەروونی"دا بهێڵێتەوە و ڕێگە نەدات بێتە نێو قۆناغی جێبەجێبوونی عەینی، چونکە تێچووی هەر شەڕێکی ڕاستەوخۆ بۆ ژێرخانی پەککەوتووی ئێران کوشندە دەبێت.

کەواتە ئایا لایەنەکان دەگەنە ئاگربەس؟ وەڵامەکە بەڵێیە، بەڵام ئاگربەسێکی "تاکتیکی، ناوچەیی و کاتی". ئیدارەی ئەمریکا بۆ پاراستنی هێڵەکانی گواستنەوەی دەریایی و کەمکردنەوەی تێچووی سەربازی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، پێویستی بە جۆرێک لە گەرەنتی هەیە لەلایەن ئێرانەوە بۆ کۆنترۆڵکردنی گرووپە وەکالەتییەکانی لە یەمەن و عێراق و سووریەدا.

لە بەرامبەریشدا، مۆدێلی "ئازادکردنی داراییە بلۆککراوەکان لە ڕێگەی بانکەکانی دۆحەوە" وەک ئۆکسیژێنێکی کاتی بۆ سیستمی بانکیی ئێران کار دەکات؛ بۆیە، ئەگەری سەرکەوتنی ئاگربەس لە مەودای کورتخایاندا هەیە، چونکە هەردوولا

لەم قۆناغەدا پێویستیان بە "کڕینی کات" هەیە؛ ئەمریکا بۆ ڕێکخستنەوەی ستراتیژی جیهانی خۆی، و ئێران بۆ ڕێگریکردن لە تەقینەوەی نێوخۆیی بەهۆی داڕووخانی ئابوورییەوە.

بەڵام دواجار؛ ئایا ئەمریکا و ئێران ڕێک دەکەون یان نا؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە چارەنووسسازە، دەبێت جیاوازی دابنێین لە نێوان "ڕێککەوتنی تاکتیکی" و "ڕێککەوتنی ستراتیژی یان کۆتایی:"
لەسەر ئاستی تاکتیکی وەڵام بەڵێیە؛ هەردوولا لەسەر مۆدێلێکی نوێ لە "کۆنترۆڵکردنی قەیران" ڕێک دەکەون. ئەم ڕێککەوتنە نە لادانی تەواوی سزاکان دەگرێتەوە و نە دەستبەرداربوونی تەواوی ئێران لە پڕۆگرامە ئەتۆمییەکەی، بەڵکوو جۆرێکە لە "نە شەڕ و نە ئاشتی" کە تێیدا تاران هەناردەی نەوتی خۆی بە سستی دەپارێزێت و واشینگتۆنیش چاو لە هەندێک پێشێلکاری دەپۆشێت لە بەرامبەر پاراستنی ئاسایشی ئیسرائیل و بنکەکانی ئەمریکادا.

بەڵام لەسەر ئاستی ستراتیژی و کۆتایی وەڵامەکە "نا"یە؛ ڕێککەوتنی ڕیشەیی و کۆتایی لە نێوان کۆماری ئیسلامی و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا دەتوانین بڵێین مەحاڵە. ئەگەرچی لە دنیای سیاسەتدا بە ڕەهایی بیرکردنەوە و شرۆڤەکردن و بڕیاردان دروست نییە، بەڵام بۆیە وەها بە دڵنیاییەوە دەڵێین نا، چونکە دژایەتیی نێوان ئەم دوو لایەنە لە ڕاستیدا "دژایەتییەکی پێکهاتەیی"یە.
شەرعییەتی بوون و مانەوەی کۆماری ئیسلامی لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژیای دژایەتیی ئەمریکا و ئیسرائیل دامەزراوە؛ گۆڕینی ئەم ڕەفتارە و ئاشتبوونەوەی کۆتایی لەگەڵ واشینگتۆندا، بە واتای خۆکوشتنی هێما و ناسنامەی ڕژێمەکە دێت. لە لایەکی تریشەوە، ئەمریکا ناتوانێت چەمکی "هێژمۆنی هەرێمایەتیی ئێران" قبووڵ بکات بەبێ ئەوەی هاوپەیمانە نەریتییەکانی (ئیسرائیل و وڵاتانی کەنداو) بە تەواوی لەدەست بدات.

## دەرئەنجام؛

بەرگی ڕۆژنامەی هەمشەهری و مێزی دانوستانی دۆحە، دوو ڕووی یەک دراون لە ململانێی هاوچەرخی ناوچەکەدا. زمانی زبر و وێنەی نیشانەشکێن ئامرازی بەهێزکردنی پێگەن لەسەر مێزی دیپلۆماسی. لە کۆتاییدا، پاشەڕۆژی ئەم پەیوەندییە نە دەگاتە شەڕێکی گشتگیریماڵوێرانکەر و نە دەبێتە هۆی ئاشتییەکی گەرم و ڕێککەوتنی کۆتایی؛ بەڵکوو ئابووری و سیاسەتی ناوچەکە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن لە ناو بازنەی "بەڕێوەبردنی گرژییەکان" و ڕێککەوتنە کاتییەکاندا بە هەڵپەسێردراوی دەمێنێتەوە.

٩ی پووشپەڕی ٢٧٢٦

# جێگای بەتاڵی خەڵک و مافەکانیان لە دانوستانەکانی نێوان ئەمریکا و ئێراندا






تاهیر قاسمی

هێرشێک کە لە ڕۆژی ٢٨ی فێورییەی ٢٠٢٦دا لەلایەن ئەمریکا و ئیسرائیلەوە بۆ سەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە تاران دەستی پێ کرد، بە ڕواڵەت، بەجێهێنانی ئەو بەڵێنە بوو کە دۆناڵد ترامپ، سەرۆککۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە خۆپێشاندەرانی شەوانی ١٨ و ١٩ی بەفرانباری تاران و شارە گەورەکانی دیکەی ئێران و کوردستانی دابوو. ئەو خۆپێشاندانە بەرینانەی ڕۆژی ٧ی بەفرانبار دژ بە گرانی و هەڵبەزدابەزی ئابووری، لە بازاڕی تارانەوە دەستیان پێ کرد و بە شێوەی هێمنانە زۆربەی کەلانشارەکانی ئێران بەتایبەت شاری تارانی گرتەوە، لەلایەن سەرۆککۆماری ئەمریکاوە

بەڵێنیی ناردنی هاوکارییان پێ درا. بە پاشەڕۆیی لە ئەویش، ڕەزا پەهلەوی داوای لە لایەنگرەکانی کرد کە مادام هاوکاری بەڕێوەیە، خۆپیشاندانی هێمنانە بۆ توندوتیژی دژ بە دەسەڵات بگوێزنەوە و دامودەزگا حکوومەتییەکان داگیر بکەن. لە ئەنجامی ئەو سیاسەتە هەڵە و هەڵپەرەستانەیەدا، هێزە چەکدارەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە درێژایی شەوانی ١٨ و ١٩ی بەفرانبار، بە دڕندانەترین شێوە بەرەوڕووی خۆپیشاندەرانی دەستبەتاڵ بوونەوە و هەر بە وتەی سەرکۆماری ئەمریکا و دەسکەلایی کوڕی شا، گیانی زیاتر لە چل هەزار کەس لە خۆپیشاندەرانی بێ چەک و بەرگرییان ئەستاند. ئەوە سەرەڕای بریندداربوون و دەستبەسەرکران و ماڵسووتانی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ئازادیخوازی بە زاڵەهاتووی ئەو وڵاتە بوو.

بەڵێنییەک کە دۆناڵد ترامپ بەو خەڵکە بریندارەی دابوو، سەرەنجام مانگ و نیوێک دوای ئەو جنایەت و کارەساتە گەورەیە، بە دەسپێکردنی هێرشێکی چڕی ئاسمانی لەلایەن ئەمریکا و ئیسرائیلەوە بۆ سەر ناوەندە سیاسی و سەربازییەکانی ئێران دەستی پێ کرد. بەوەش جەنگێک لە نێوان دوو لایەندا هەڵگیرسا کە ماوەی ٣٩ ڕۆژی خایاند. لەو ماوەیەدا ڕێبەری کۆماری ئیسلامی و ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسانی سەربازی و ئەمنیەتیی ڕێژیم کوژران. ئێرانیش بە هاویشتنی هاژەک و درۆن بۆ سەر وڵاتانی دەوروبەر و بنکە سەربازییەکانی ئەمریکا، دەستی کردەوە و سەرەنجام دۆناڵد ترامپ ئاگربەستی ڕاگەیاند. لەو کاتەوە دوو لایەن لەپاڵ گرژی و پێکدادانە جار بە جارەکاندا، دەستیان بە وتووێژ و دانوستان کردووە تا ئەوەی بە شەڕ نەیانتوانی دەستەبەری بکەن، بە وتووێژ چارەسەری بکەن. ئێستا دانوستانەکان گەیشتوونەتە قۆناغی واژۆکردنی لێکتێگەیشتنێک بە مەبەستی خۆ ڕزگار کردنیان لەو قەیرانە ئابوورییەی کە بەو شەڕە بۆ یەکتریان خوڵقاندووە و بڕیارە بە زوویی بۆ ماوەی شەست ڕۆژ واژۆ بکرێ. لەو ماوەیەشدا کێشەی سەرەکیی دوو وڵات کە بۆ ئەمریکا لە کێشەی ئەتۆمیزە بوونی ئێراندا کورت کراوەتەوە و بۆ ئێرانیش لە لابرانی گەمارۆ ئابوورییەکان واوەتر نییە، چارەسەر بکرێن. ئەوەی لەم نێوەشدا سەرنجڕاکێش و بە تەواوی جێی نیگەرانییە، ئەو هۆکارە ڕواڵەتییەیە کە هێرشی ڕۆژی ٢٨ی فێبریەی بۆ وەڕێ خرا و جێگای بەتاڵی ئەو خەڵکە مافخواز و دادخوازە لە دەوری مێزی دانوستانەکانە کە ئازیزانیان لە شەوانی ١٨ و ١٩ی بەفرانباردا بە ئومێدی گەیشتنی هاوکاریی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کۆمەڵکوژ کران.

لە هەر ڕێککەوتنێکی گرینگی نێودەوڵەتیدا، پرسیارێکی سەرەکی ئەوەیە کە ئایا بەرژەوەندی و خواستەکانی خەڵکیش لەبەرچاو دەگیرێن یان تەنیا بەرژەوەندییە سیاسی و ئاسایشییەکان بۆ لایەنەکان گرینگن؟ ئەوەی لە زاری بەرپرسانی دوو لایەنەوە دەبیسترێ و زۆرێک لە چاودێرانیش پێیان وایە، ئەگەر ڕێککەوتنی نوێی نێوان ئەمریکا و ئێران واژۆ بکرێ، بابەتی سەرەکی بۆ واشینگتۆن بریتییە لە کێشەی ئەتۆمی، ئاسایشی ناوچەیی و ئارامیی بازاڕی نەوت. هەرچەند دوناڵد ترامپ بۆ خۆدزینەوە لە بەڵێنیی گەیاندنی هاوکاری بە خۆپیشاندەرانی مافخواز، چەندان جار کوردی بە نەناردنی چەکی

**پووشپەڕی ٢٧٢٦**

ئەمریکایی بۆ خۆپێشاندەرانی تۆمەتبار کردووە بەڵام لەو ماوەیەدا بە دەگمەنیش باسی خواستەکانی ئەو خەڵکەی لە زاری دەرنەهاتووە. تەنانەت هیچ کاردانەوەیەکی بەرامبەر بە ئیعدامی ئەو دەیان هاوڵاتییەش نەبووە کە لەو خۆپێشاندانانەدا گیران و لەو ماوەیەدا لەلایەن دەزگای دادوەریی ئەو وڵاتەوە ئێعدام کران. وەک چۆن لە ئەنجامی هێرش و بۆردومانەکانیشدا کەمترین زیان لەو دەزگا سەرکوتکەرە و بەرپرسانی نەدرا. چاوەڕوانیش ناکرێ کە دێموکراسی و مافەکانی خەڵکی ئێران بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ جێگە و پێگەیەکیان لەسەر مێزی دانوستان و دوا جار لەو ڕێککەوتنەدا هەبێ. لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا، خەڵکی ئێران بەردەوام داوای ئازادی، دێموکراسی و کۆتاییهێنان بە سەرکوتکاری کردووە بەڵام لەم وتووێژانەشدا وەک زۆربەی وتووێژ و دانوستانە نێودەوڵەتییەکانی تر، نوێنەرایەتییەکی ڕاستەوخۆی خەڵک و بزووتنەوە ئازادیخوازەکان بوونی نەبووە. زۆرێک لە دەنگە نێوخۆییەکانی ئێرانیش هەست بەوە دەکەن کە چارەنووسی نزیکەی نەوەت ملیۆن هاوڵاتی، بەبێ ئەوەی خۆیان بەشدار بن و نوێنەرایەتییەکیان تێیایاندا هەبێ، لە پشت دەرگا داخراوەکانی دانوستاندندا دیاری دەکرێ .ئەمەش دیاردەیەکی نوێ نییە و مێژوو نیشانی داوە کە لە ڕوانگەی ئەمریکاوە، زۆرجار دڵنیابوون لە بەرژەوەندییە ستراتیژییەکان پێش هەموو شتێک دێ. ئەگەر ڕێککەوتنەکە ببێتە هۆی کەمبوونەوەی ئاڵۆزییە ناوچەییەکان و سنووردارکردنی بەرنامەی ئەتۆمی ئێران، ئەوا دۆناڵد ترامپ خۆی بە براوە و واشینگتۆن خۆی بە سەرکەوتوو دەزانێ تەنانەت ئەگەر گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ لە دۆخی مافی مرۆڤ و ئازادییە سیاسییەکاندا ڕوو نەدا. لە هەمان کاتدا، کاریگەریی ڕێککەوتنەکە بۆ داهاتووی بزووتنەوە ئازادیخوازەکان دوو ئاراستەی جیاوازی دەبێ؛ لایەک، ئەگەر ڕێککەوتنەکە ببێتە هۆی ئازادبوونی سەرچاوە داراییەکان و بەهێزتر بوونی دەسەڵات، ڕەنگە ئامرازەکانی سەرکوتکردنیش بەهێزتر بن و فشار لەسەر ئۆپۆزسیۆن زیاد بکرێ. لایەکی تریش، ئەگەر خەڵک هەست بەو ڕاستییە بکەن کە هیچ هێزێکی دەرەکی دادیان نادا و چارەسەری کێشەکانیان ناکا، ڕەنگە زیاتر پشت بە هێزی خۆیان و ڕێکخستنە مەدەنییەکانی خۆیان ببەستن. زۆرێک لە دەنگەکانی نێو ئێران ئاماژە بەوە دەکەن کە گۆڕانکاریی ڕاستەقینە دەبێ لە نێوخۆی ئێرانەوە بێتە ئاراوە نەک لە ئەنجامی ڕێککەوتنی دەوڵەتە گەورەکان. بۆیە داهاتووی سیاسی و دیموکراتیکی ئێران لە هەموو شت زیاتر پێوەندیی بە توانای خەڵکی ئێران و بزووتنەوە ئازادیخوازەکانی خۆیەوە هەیە، نەک بەو ڕێککەوتنانەی لە نێوان دەوڵەتاندا واژۆ دەکرێن.

**١٠ی پووشپەڕی ٢٧٢٦**

پووشپەڕی ٢٧٢٦

## خەبات بەردەوامە!





**ڕەزا دانشجوو**

لەم ڕۆژانەدا و لەگەڵ بڵاوبوونەوەی تاقمێک هەواڵ سەبارەت بە ئەگەری ڕێککەوتنی ئەمریکا و کۆماری ئیسلامی، هەندێک کەس بە شێوەیەک خەریکی بڵاوکردنەوەی کەشی نائومێدی و بێهیوایی لەنێو بزووتنەوەی جەماوەریی گەلانی ئێران بەگشتی و بە تایبەت بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی گەلی کورد لە دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامین؛ وەک ئەوەی شەڕی ئەمریکا و ئیسرائیل لە دژی ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهـ تاکە ئاڵتێرناتیڤ و ڕێگەچارەی ڕزگارکردنی ئێران لە دیکتاتۆرییەت بووبێت و ئێستا و لە ئەگەری ڕێککەوتنی نێوانیان هەموو شتێک کۆتایی دێت!

بەبێ گوێدان بەوەی کە ئەگەری ڕێککەوتنێکی درێژخایەنی نێوان کۆماری ئیسلامی و ئەمریکا بە لەبەرچاوگرتنی سروشتی دەسەڵاتدارانی تاران تا چ ڕادەیەک دەتوانێت واقیعی بێت، بەدڵنیاییەوە ئەم جۆرە بیرکردنەوە و لێکدانەوانە هەڵقوڵاوی مێشکی هەندێک کەسی تازەپێگەیشتووی بەناو چالاکی سیاسییە کە گەورەترین چالاکیی سیاسیی ژیانیان بڵاوکردنەوەی چەند پۆستێکی دژی ڕێژیم لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە و کۆی ژمارەی ساڵانی چالاکییە بەناو سیاسییەکانیان تەنانەت ناگاتە چەند ساڵ!

ڕەنگە ڕەوتی بەناو سەڵتەنەتخواز کە لەم ساڵانی دواییدا و بێ هیچ بنەمایەکی ڕوونی فکری و پاشخانی کۆمەڵایەتی وەک هەرێس و ئاڵاخ لە هەموو شوێنێک شین بوون و سەریان وەدەرناوە، لەژێر کاریگەریی ئەم شێوازە بیرکردنەوەدا بێت؛ بەڵام ئەم شێوازە بیرکردنەوە ژەهراوی و بێ ڕەگ و ڕیشەیە لەکوێ و بزووتنەوەی ڕەسەن و خاوەن مێژوو و بنکە و پاشخانی فراوانی جەماوەریی کوردستان لەکوێ!

چاوخشاندنێک بە خەسڵەتە ناوازەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان، ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ئەم بزووتنەوەیە چەندە سەربەست و سەربەخۆ و نەبەستراوە بە ڕووداوە جۆراوجۆرەکان بووە و لەوەش گرنگتر خاوەنی چ توانایەکی ناوازەیە لە خۆڕێکخستنەوە و سەرهەڵدانەوە لە دوای زۆر ئاستەنگ و بارودۆخی نەخوازراو. لە ڕاستیدا دەرکەوتن و هاتنە کایەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان بەرهەمی ساڵانێک لە ستەم و هەڵاواردن و نکۆڵیکردن لە سەرەوەری و مافە ڕەواکانی گەلی کورد بووە، نەک ویست و داخوازی و فەرمانێکی دەرەکی! بە واتایەکی تر سازبوون و دەستبەکاربوونی زۆربەی ڕێکخراوە و حیزبەکانی کوردستان و ڕۆژهەڵات بەتایبەت لە وەڵامی داواکاری و ئیرادەی میلیۆنان کورد بووە، نەک ویست و بڕیاری حکوومەتێکی بیانی یان تەنانەت بیرێکی سیاسیی دیاریکراو و بزووتنەوەیەکی فکریی کۆمەڵایەتیی هاوردە!

ڕەنگە ڕەوتی ڕووداوەکان و گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە سەرهەڵدانی بزووتنەوەیەکی سیاسیی کوردیدا کاریگەر بووبێت، بەڵام مۆدێلی ئەم بزووتنەوەیە سیاسییە بە تێپەڕبوونی کات فۆرمێکی تەواو ڕەسەن، یان بە واتایەکی دیکەی کوردیی وەرگرتووە. لە ڕاستیدا هێزی باڵادەست و فاکتەری بنەڕەتی و دیاریکەر ئیرادەی گەلی کورد بووە کە هزری سیاسیی هاوردەی لە قاڵب و ویست و داخوازییەکانی خۆی ڕێکخستووە! لە ڕاستیدا جەوهەر و قاڵب و فۆرمەکە کوردی بووە و ڕەنگە تەنیا ماددە و مەتریالەکە هاوردە بووبێت!

خاڵێکی گرنگی تر ئەوەیە کە بەدرێژایی ئەو هەموو ساڵانە لە خەبات و بەرخۆدانی گەلی کورد، حکوومەتەکانی ناوچەکە و زلهێزەکانی جیهان ڕوانگەیەکی تەواو کاتی و جیاوازیان سەبارەت بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد هەبووە و

چاوخشاندنێکی کورت بە ڕەوتی پێشهاتەکان ئەوەمان بۆ دەردەخات کە زۆرینەیان چ لە گۆڕەپانی ناوچەیی و چ لە گۆڕەپانی جیهانیدا، لە زۆربەی کاتەکاندا ڕۆڵی لەمپەر و بەربەست و ڕێگریان هەبووە هەتا پشتیوان و هاوکار و یارمەتیدەر. لە ڕاستیدا کەم نین ئەم حکوومەتانەی هەوڵیان داوە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردیان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان و بەرژەوەندییەکانی خۆیان بەکار بێنن و لەو سۆنگەیەوە زۆر جار خەڵکی کوردستان بەگشتی و حیزبەکانی کوردستان بەتایبەت بوونەتە قوربانیی مامەڵە و سەودا و ڕێککەوتنە شاراوە و نهێنییەکانی نێوان دەسەڵاتە داگیرکەر و کۆنەپەرستەکانی ناوچەکە و زلهێزەکانی جیهان.

چاوخشاندنێکی کورت بەسەر ڕابردوودا ئەوەمان بۆ دەردەخات کە هەمیشە لە کاتە گرنگ و هەستیارەکاندا و لە کاتێکدا بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد زۆر لە ئازادی و گەیشتن بە ئامانجەکانی نزیک بۆتەوە، چۆن زلهێزە جیهانی و داگیرکەرانی کوردستان بوونەتە ڕێگر و ئاستەنگیان بۆ دروست کردووە. مێژوو ئەوەمان بۆ دەردەخات کە چۆن جوغرافیای دیلکراوی کوردستان لەسەر بنەمای تێگەیشتنێکی ترسناک و بڕیارێکی نابەجێ و ناحەق پارچەپارچە کراوە و چۆن گەمەی دەسەڵات لە ناوچەکە و جیهاندا، هەر جارێک کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگایەک بۆ ئازادی و سەربەخۆیی خۆی دابێت، بەرانبەری وەستاون. هەر لە پشتتێکردنی سۆڤیەت لە کۆماری کوردستانەوە هەتا گوشارە ناوچەیی و جیهانییەکانی دوای ڕیفراندۆم لە باشووری کوردستان، تا تەنیا چەند مانگێک لەمەوبەر و هاوپەیمانیی ڕوونی ئەمریکا و تورکیە و عەرەبەکانی ناوچەکە لەگەڵ ڕێژیمی ئەحمەد ئەلشەرع دژی خۆبەڕێوەبەریی ڕۆژاوای کوردستان.

کەواتە، زۆر گرنگە لێرەدا ئاماژە بە دوو خاڵ بکرێت؛ یەکەم: بەپێچەوانەی هێندێک قسەی بێبنەما و هەڵبەستەی دوژمنانی کورد، بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کورد لەسەر بنەمای ویست و داخوازیی خەڵکی کوردستان دامەزراوە، نەک هیچ دەسەڵاتێکی ناوچەیی و جیهانی. دووەم: ئەگەر پشتیوانییەکیش بووبێت، زۆر سنووردار و کاتی بووە و لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ئەم پشتیوانییە لە کۆتاییدا گۆڕاوە بۆ پشتتێکردن و زیانی بە بزووتنەوەکە گەیاندووە.

دوا پرس و لە ڕاستیدا گرنگترین تایبەتمەندیی لانیکەم سەد ساڵی ڕابردووی مێژووی خەباتی گەلی کوردستان لە دژی دەسەڵاتە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکە، بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە دژی دوو حکوومەتی خۆسەپێنی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامی ئەوەیە کە سەرەڕای سەرکوت و تاوانکاریی بێبەزەییانە دژی خەڵکی ڕزگاریخوازی کورد، دواجار بزووتنەوەیەکی زۆر گەورەتر و دینامیکتر لە دڵی ئەم سەرکوت و هەڵاواردنە لەدایک بووە.

سەرکوتی خوێناوی کۆماری کوردستان و لەسێدارەدانی پێشەوای نەمر و هاوڕێیانی نەک هەر کۆتایی بە ناسیۆنالیزمی کوردی

نەهێنا، بەڵکوو بوو بە خاڵی وەرچەرخان و پێناسەکردنەوەی دووبارەی ناسیۆنالیزمی کورد و دەستپێکی سەردەمێکی نوێ لە خەباتی سیاسیی کورد. لە ڕاستیدا ئەو نەمامەی کە پێشەوای شەهید هەشتا ساڵ لەمەوبەر چاندبووی، بە خوێنی هەزاران شەهید ئاو دراوە و ئێستا بووەتە دارێکی پان و بەرین و پڕ لق و پۆ کە ڕەگ و ڕیشەی بە پانتایی ئەم جوگرافیا بەندکراوەدا بڵاوبووەتەوە و ئیتر تەوەر و بیوری هیچ داگیرکەرێک ناتوانێت زەفەری پێبەرێت. تەنانەت تیرۆرکردنی تاقمێک لە سەرکردە ناسراوەکانی کورد لە قۆناغە مێژووییەکانی دواتریشدا هەرگیز نەبووە هۆی پەککەوتنی ئەم ڕێبازە شکۆدارە. بە پێچەوانەوە، بزووتنەوەی ئەمڕۆی ئازادیخوازانی کورد زۆر ڕادیکاڵتر و هۆشیارتر لە ساڵانی ڕابردوو خەریکە ئاستەنگەکان تێدەپەڕێنێت. ڕەنگە فۆرمی خەبات گۆڕابێت، بەڵام باوەڕمەندی بە شەرعییەتی ئەم خەباتە پیرۆزە و هەوڵدان بۆ گەیشتن بە ئامانجی گەلی کوردستان لە هەموو کاتێک بەهێزتر لە گەشەداندایە.

ئەم توانایە ناوازەیە بۆ خۆڕێکخستنەوە و سەرهەڵدانەوە و لەدایکبوونەوە لە دڵی قەیرانەکاندا، ڕەگ و ڕیشەی لە ڕەوایی و ڕاستی و دروستیی خەباتی گەلی کوردستاندا داکوتاوە و تێپەڕبوونی کات نەک هەر نەبووەتە هۆی لەبیرچوونەوە و لەیادکردنی، بەڵکوو ڕۆحی تازە کردووەتەوە و ڕەنگ و بریقەیەکی تازەتری پێ بەخشیوە.

ڕاستی ئەوەیە کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە هەموو ڕووداوە ناوچەیی و جیهانییەکان جیایە و فۆرمات و ڕەنگ و فۆرمی تایبەتی خۆی هەبووە و هەمیشەش بەردەوام بووە. ئەمە بەو مانایە نییە کە بارودۆخی ناوچەیی و جیهانی کاریگەریی لەسەری نەبووە یان نابێت. بەدڵنیاییەوە لە هەندێک کاتدا ڕەوتی ڕووداوەکان یارمەتیدەر و هاوکار و ڕێگەخۆشکەر بووە و بێگومان لە هەندێک کاتدا ڕۆڵی لەمپەر و بەربەستی گێڕاوە و خەباتی سەخت و دژوار کردووە. بەڵام بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ڕەگ و ڕیشەی لە داخوازییە ڕەواکانی خەڵکی کوردستاندایە و هیچ بەربەست و لەمپەرێک نەیتوانیوە و ناتوانێت ئەم شەپۆلە بەتین و تووڕەیە ڕابگرێت! هەروەک باس کرا، ڕەنگە ئەم ڕووبارە خرۆشانە بەهۆی تاقمێک ڕووداوی نەخوازراو و هەلومەرجی تایبەت ناچار بووبێت ڕێگایەکی جیاواز هەڵبژێرێت، بەڵام تا ئەو کاتەی سەرچاوەکەی خەڵکی کوردستان بێت، هەمیشە لە گەڕان و خرۆشاندایە.

لە کۆتاییدا دەبێت بگوترێت شیکردنەوە و لێکدانەوەی بەردەوامی ڕووداوە ناوچەیی و جیهانییەکان نەک کارێکی باشە، بەڵکوو پێویست و جەوهەرییە، بەڵام بەستنەوەی خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کورد بەو ڕووداوانەوە و لە ڕاستیدا بوون بە دیلی بڕیارە سیاسییەکانی حکوومەتە ناوچەیی و زلهێزەکان، هەڵەیەکی کوشندەیە. ئێمە تۆف و زریانی بێئەژماران تێپەڕاندووە، بەرگەی سەختیی بێئەژماران گرتووە؛ زریانگەلێک وەها سەخت کە هەر کامیان دەیتوانی کۆتایی بە چیرۆکی بزووتنەوەیەکی ئازادیخواز بهێنێت. شەڕ یان ئاشتیی نێوان کۆماری ئیسلامی و ئەمریکا نابێت و ناتوانێت ببێتە هۆی هیچ

پووشپەڕی ٢٧٢٦

**یەککەوتنێک لە ڕێبازی بزووتنەوەی ڕەسەن و ڕەوای گەلی کورد بۆ مافەکانی.**

**خەبات بەردەوامە تا گەیشتن بە ئامانجەکانی گەلی کورد، تا ئەو کاتەی دێموکراسییەکی گشتگیری ڕاستەقینە بەدەست دێت. سەرچاوەی ئەم ڕووبارە خرۆشانە، دڵ و ڕۆحی میلیۆنان کوردی ئازادیخوازە. ئەم ڕووبارە دەیان لافاو و وشکەساڵیی بەخۆوە بینیوە! سەدان بەربەست و بەنداوی تێپەڕاندووە! بەڵام هێشتا بەخوڕ و خرۆشانە و بە گڕوتینێکی ناوازە ڕێگە دەبڕێت بەرەو هەتاو، بەرەو ڕووناکی و بەرەو ئازادی. خەبات بەردەوامە!**

١٢ی پووشپەڕی ٢٧٢٦

# پارەکە زۆر باشتر بوو




**دارسمە**

ئەم زمانەی ئێمە شتێکی سەیر و سەمەرەیە؛ پڕە لە تەڵەی بچووک و گەورە. بۆ سەلماندنی ئەمەش، تەنیا سەیری ڕستەی سەردێڕی ئەم بابەتە بکەن. کاتێک خوێنەر چاوی بەم سەردێڕە کورت و ماناشێوێنە دەکەوێت، بێگومان سەری سووڕ دەمێنێت و لەبەر خۆیەوە وەک من، دەڵێت: "تۆ بڵێی کام نووسەری ناشارەزا و تازەکار ئەم سەردێڕەی نووسیبێت؟"

لە سەردەمی تەکنۆلۆژیا و پێشکەوتن و خێرابوونی سەیروسەمەرەی هەموو شتێکدا، چۆن نووسەرێک ئەو مافەی بە خۆی داوە سەردێڕێکی وا مەتەڵئاسا بنووسێت و کاتی زێڕینی خوێنەری پێ بگرێت؟ لەم سەردەمەدا ئەگەر بزانن خوێنەران چەندە سەرقاڵن و کاتیان چەندە تەنگە، هەرگیز ڕێگە نادەن هیچ کەسێک ڕستەیەکی وا سەیر و سەمەرە و بێمانا بنووسێت.

بۆ بەرچاوڕوونیی زیاتر سەبارەت بە سەرقاڵبوونی خوێنەرانی ئەمڕۆ، باش بزانن خوێنەرانی بەڕێز ئەوەندە کاتیان کەمە، نەک هەر ستوونە پاشکۆکانی ڕۆژنامە ناخوێننەوە، بگرە ئەگەر ڕۆژنامەیەک لە نێوەڕاستەوە بکەیت بە دوو بەشەوە، خوێنەری سەرقاڵ تەنانەت ناتوانێت نیوەی یەکەمیشی بخوێنێتەوە! ئەمەش ڕاستییەکە دەبێت هەموو لایەک بیزانن و

پێویست بە شیکردنەوەش ناکات کە نیوەی یەکەمی ڕۆژنامە، لە نیوەی دووەمی زۆر گرنگترە. چونکە هەر لەو نیوەی یەکەمەدایە وتار و شیکاریی سەرکردە و سەرۆک و ڕێبەرانی سیاسی و، مامۆستایانی زانکۆ و چاودێرانی چاوکراوەی سیاسەتزان بڵاو دەکرێنەوە. بەڵام کوا کات؟ خوێنەری ئێمە ئەوەندە سەرقاڵە هەر مەپرسە! هەر لەبەر ئەم سەرقاڵییەشە کاتی نییە بە گشتی ڕۆژنامە کاغەزییەکان لەسەر وێب و مێبیش بخوێنێتەوە.

خوێنەری مۆدێرن و سەرقاڵ، هەر لەو کاتەوەی بەیانیان چاوی دەکاتەوە و بەرچایی دەخوات، مۆبایلەکەی بە دەستەوە دەگرێت و دەیکاتە پەنجەرەیەک بۆ ڕوانین لە هەموو بابەتەکانی دنیا. ئەم پەنجەرە جادووییە تا نیوەشەو و کاتی نووستنیش لێی نابێتەوە؛ تەنانەت لەنێو نوێندیشدا و لە تەنیشت هاوسەرە چاوەڕوانە هەناسە ساردەکەی، هەتا خەو بەلایدا دەێنێت، هەر بەو پەنجەرەیەدا بە نێو دنیای بەرین و بێسنووردا دەڕوانێت. لە ڕاستیدا نابێت بە هیچ شێوەیەک گلەیی لەو خوێنەرە سەرقاڵانە بکەین. چونکە ئەگەر ئێمەش لە ڕێگەی شاشەی مۆبایلەکانمانەوە ئاودیوی دنیای سۆشیاڵ میدیا ببین، لە سەرقاڵان سەرقاڵتر دەبین.

لەم سۆشیاڵ میدیا پێشکەوتووەدا، کە پڕە لە دەقی کورتی ئامۆژگارییانەی مامۆستایان، ڤیدیۆی کوڕانی سنگپانی چاوشین و ماسولکەدار، دیمەنی دڵڕفێنی مێرگ و مێرغوزار و کوێستانی بەفراوی، کورتەفیلمی پێکەنیناوی، کیژانی باڵابەرزی زوڵفشۆڕ، وانەی مامۆستایانی زمان، ڕێنمایی پسپۆڕانی تەقەڵ و دروومان و بیلامانێ و دوولەڕووی ئێوە سەدان بابەتی دیکەش کە وەک مێرووی تێکەوەدراو بەردەوام لە هاتووچۆدان... ئیتر کوا مرۆڤی سەرقاڵ کاتی ئەوەی هەیە خۆی بە وشەی "پارەکە" لە نێو ڕستەی سەردێڕی ئەم بابەتەدا ماندوو بکات و بپرسێت مەبەستی نووسەر چییە؟

ئەمەش ڕێک کێشەی ئەم جۆرە نووسەرە نالێهاتووانەیە. کاکی نووسەر لێرەدا وشەی "پارەکە"ی بۆ خەڵەتاندن و بەلاڕێدابردنی خوێنەر داناوە. لەم ڕستەیەدا، خوێنەری هێژا بە ئاسانی تێناگات؛ نازانێت ئایا مەبەست لە وشەی "پارەکە" واتە "ساڵی پار" (ساڵی ڕابردوو)؟ یان مەبەست لە پارە، واتە "پووڵ و دراو"ە؟

خۆ ئەگەر تاوێک ئەم مۆبایلانەمان بەلاوە بنێین و کەمێک ئەو مێشکەی خۆمان ڕێکبگوشین. مەبەستم ئەو مێشکەیە هێندەمان تەمبەڵ کردووە تەنانەت ناتوانێت ژمارە تەلەفۆنی دوو هاوڕێی نزیکیشمان لەبەربکات، ئەوکات دەکرێت باشتر لەم ڕستە سادەیە تێبگەین و هەردوو ماناکەی شی بکەینەوە.

ئەم ڕستەیە، هەتا بڵێی سادەیە. با لە مانای یەکەمەوە دەست پێبکەین: ئەگەر مەبەست لە ڕستەکە ئەوە بێت "پووڵ و

پووشپەڕی ٢٧٢٦

پارەکە باشتر بوو"، ئەوە کێ هەیە نەزانێت پارە چەندە باشە؟ با ئێمە نەزانین، بەڵام بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی زۆر باش دەزانن پارە چەندە باشە و لەم ڕۆژگارەدا چەندەش پێویستە! بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەم سەبارەت بە تێگەیشتوویی و پارەناسیی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی، وەرن با پێکەوە کەمێک لە دانوستانەکانی نێوان ئێران و ئەمریکا بۆ پەسەندکردنی لێکتێگەیشتن ورد بینەوە.

ئەم ئێران و ئەمریکایە، لەم شەڕەی دواییدا و لەم دانوستانانەی دوور و نزیکدا، هەردوویان هاوار دەکەن لە یەکتر تێناگەن، کەچی هەر لەبەر ئەم تێنەگەیشتنەشە خەریکی ڕێکخستن و واژووکردنی لێکتێگەیشتنن وەبزانم واژووشیان کرد! زۆر بە کورتی، ئێران بە ڕواڵەت لە ئەمریکا تێناگات و وا نیشان دەدات بە پێویستی دەزانێت ئیمپریالیزم دەستبەرداری زایۆنیستەکان ببێت و خۆی ڕادەستی کۆماری ئیسلامی بکات. بەڵام لە پشت پەردەوە، بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی زۆر باش لەوە تێدەگەن تەنیا و تەنیا پێویستیان بە "پارە"یە. ئەوان دەزانن لە نێو ئەم گەمارۆ ئابوورییە پان و بەرینەدا، ئەگەر پارەیان بە دەستەوە نەبێت، ناتوانن یارمەتیی چەکدارانی سەر بە "بەرەی موقاوەمە" لە ناوچەکەدا بدەن. بۆیە بۆ ئەوان، بێگومان "پارەکە زۆر باشتر بوو."

بەڵام با بچینە سەر مانای دووەم... ئەگەر سەردێڕی "پارەکە زۆر باشتر بوو" بەو مانایە بێت "ساڵی پار لەمساڵ باشتر بوو"، ئەوا دەبێت بڵێم ئەمە درۆیەک و هەڵەیەکی زۆر گەورەیە! دەزانن بۆچی؟ لەبەر ئەوەی بە درێژایی تەمەنی ئەم دەسەڵاتە، "ساڵی پار" تەنیا و تەنیا لە ئەمساڵ باشتر بووە، ئەگەرنا بە بەراورد بەو هەموو ساڵانەی بەر لە خۆی، نەک هەر باشتر نەبووە، بگرە کارەسات بووە! لەم وڵاتەدا، ڕۆژگار وامان لێدەکات بڵێین "هەر ئەم ساڵ خۆزگەم بە پار"، بێ ئەوەی بزانین ساڵی پار خۆی، میراتگری چەندین ساڵی پڕ لە نەهامەتییە.

١٢ی پووشپەڕی ٢٧٢٦

# خەڵک؛ ونبووانی بازنەی جەنگ و ئاشتی






**ئەلبورز ڕوویین‌تەن**

**"نە جەنگ ڕوودەدات، نە ئاشتی دێت و نە گفتوگۆ دەکرێت".**

ئەم ڕستە ناسراوەی ڕێبەری کوژراوی کۆماری ئیسلامی، سروشتی ستراتیژیی کۆماری ئیسلامیی لە هەڵسوکەوت لەگەڵ سیاسەتەکانی دۆناڵد ترامپ، سەرۆکی جیاواز و ناوازەی ئەمریکا، دەردەخست. کۆماری ئیسلامی هەمیشە هەوڵی داوە لە نائارامی و ئاڵۆزیی ناوچەکە وەک ئامرازێک بۆ بەدەستهێنانی ئیمتیاز لە دانوستاندنەکاندا سوود وەربگرێت. دوای ئەوەی



سەرچاوە
Serchawe

ئیسرائیل بە زنجیرەیەک لە هێرش و هەنگاوە جیاوازەکان ڕێگری لە گەیشتنی کۆماری ئیسلامی بە چەکی ئەتۆمی کرد، پرۆگرامی ئەتۆمی زیاتر لە هەر کاتێک بووە ئامرازێک بۆ درێژەدان و مشتومڕ لە گفتوگۆکاندا؛ تا ئەو ڕادەیەی ڕێژەی دەوڵەمەندکردنی ئۆرانیۆم بوو بە یەکێک لە گرنگترین بابەتەکانی ناکۆکی و گفتوگۆ لە نێوان ئێران و ڕۆژاوادا.

دوای واژۆکردنی بەرجام، زۆر کەس وایان دەزانی ئێران دەبێتە وڵاتێکی مەنتیقی لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا. لە ئاکامی ڕێککەوتننامەی بەرجامدا، ملیارد ملیارد دۆلار لە سامانی بلۆکەکراوی ئێران ئازاد کرا و بە فڕۆکەی تایبەت نێردرا بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی. بەڵام ڕێژیم نەک هەر لە سیاسەتەکانی پێشووی دوور نەکەوتەوە، بەڵکوو بە بەکارهێنانی ئەو سەرچاوە داراییانە لەسەر هەمان ڕێگەی پێشووی بەردەوام بوو. تەنانەت بە شانازییەوە ڕایدەگەیاند کە شەش سوپای لە ناوچەکەدا دروست کردووە.

ئەم سیاسەتە، ستراتیژییە یان یارییە سیاسییە ـ هەر ناوێکی لێ بنرێت ـ بەردەوام بوو هەتا کاتێک کۆماری ئیسلامی لەگەڵ دۆناڵد ترامپ، سیاسییەک بە پاشخانی بازرگانی، ڕووبەڕوو بوو؛ کەسێک کە دوای هێرشی حەوتی ئۆکتۆبەر، بڕیاری دابوو تۆڵەی ئەو هێرشانە لە بڕیاردەرانی سەرەکیی ئەو هێرشانە، واتە کۆماری ئیسلامی، بستێنێتەوە. ئەنجامی ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە جەنگێکی دوازدە ڕۆژە و پاشان جەنگێکی چل ڕۆژە بوو.

لەگەڵ هەموو ئەو خەسارانەی بەر کۆماری ئیسلامی، ئێران و خەڵک گەیشت، و تەنانەت دوای کوژرانی خاوەنی هەمان وتەی «نە شەڕ، نە ئاشتی و نە گفتوگۆ»، شاندێکی کۆماری ئیسلامی لە کۆتاییدا بۆ گفتوگۆی ڕاستەوخۆ لەگەڵ جێگری سەرۆک کۆماری ئەمریکا بە ڕێوڕەسمی تایبەتەوە بۆ پاکستان چوو. ئەمە پرسیارێک بوو کە لە مێشکی زۆرێک لە خەڵکدا دروست بوو: ئەگەر لە کۆتاییدا ئامادەیی بۆ گفتوگۆ لەگەڵ «شەیتانی گەورە» هەبوو، بۆچی شەڕ ڕووی دا؟ ئەگەر لە سەرەتاوە دەرگای گفتوگۆ کراوە بوو، بۆچی ئەم هەموو تێچوو و زیانە بە وڵات و خەڵک سەپێنرا؟ هەروەها ئەگەر ئەمریکا ئەم ڕێژیمەی بەرپرسیار بە سەرکوتکردنی نارەزایەتییەکان و تاوانەکانی دیکە دەزانی، چۆن دووبارە گەڕایەوە سەر مێزی گفتوگۆ؟ ئەمانە ئەو پرسیارە ڕوون و ڕەوایانەن کە هیچ کاتێک وەڵام نادرێنەوە.

ئەمڕۆ سەردێری زۆرێک لە هەواڵەکان باس لە لێکتێگەیشتن، بەرەو ڕێککەوتن، وردەکارییەکانی ڕێککەوتن... و ئەگەری واژۆکردنی ڕێککەوتن و چۆنیەتیی واژۆکردنی دەکات. بەڵام پرسیاری بنەڕەتی ئەوەیە خەڵک لە کوێی ئەم ڕێککەوتنەدان؟ لە هاوکێشەی شەڕ و ئاشتیدا، شوێنی خەڵک کوێیە؟ ئەمەش یەکێکی دیکەیە لەو پرسیارانەی هێشتا بێ وەڵام ماونەتەوە.

پووشپەڕی ٢٧٢٦

لە هەموو ئەم ڕووداوانەدا، قوربانیی سەرەکی خەڵک بوون؛ بەڵام کاتێک هاوکێشە سیاسییەکان دادەڕێژرێن، ئەوان لە هاوکێشەکەدا نامێنن. لە کاتی جەنگدا، ژیان و ئاسایشی خەڵک لە مەترسیدایە و لە کاتی ئاشتیداش دەستی حکوومەت بۆ سەرکوتکردن، دەستبەسەرکردن و لەسێدارەدانی زیاتر فراوانتر دەبێت. ئەزموونی ڕابردوو نیشانی داوە کە پارە و سامانی بەدەستهاتوو لە ڕێککەوتنەکاندا، زیاتر لەوەی بۆ خۆشگوزەرانیی خەڵک تەرخان بکرێت، دەبێتە ئامرازێک بۆ سەرکوتی نێوخۆیی، پەرەپێدانی توانای سەربازی و فراوانکردنی ڕەنت و گەندەڵی لە دەسەڵاتدا.

تا ئەو کاتەی کۆماری ئیسلامی لەسەر دەسەڵات بێت، چ جەنگ هەبێت و چ ئاشتی، چ گفتوگۆ بکرێت و چ نەکرێت، چ ئاگربەست هەبێت و چ نەبێت، ئەوانەی زیاترین زیانیان پێ دەگات خەڵکن. ئەمە ڕاستییەکە کە نابێت پشتگوێ بخرێت. لەبەر ئەوە پێویستە لە ڕۆژەڤی ڕاگەیاندن و جەنگی میدیایی ڕۆژانە دەرباز ببین و سەرنجمان بۆ ئەوە بگوازینەوە، کە تەنیا ڕێگەی ڕزگاریی خەڵک، ئەویش ڕووخاندنی ڕێژیمە. خەڵکێک کە بە چاوەڕوانیی ئەنجامی شەڕ و ئاشتی و ڕێککەوتن دانیشتوون، لە چاوەڕوانییەکی بێهیوادان؛ چونکە لەم ڕوانگەیەوە، تا ئەو کاتەی ئەم سیستەمە لەسەر پێ بێت، چ جەنگ هەبێت و چ ئاشتی، ونبووانی هەمیشەیی و زیانمەندانی سەرەکیی ئەم هاوکێشەیە هەر خەڵک دەبن.

١٣ی پووشپەڕی ٢٧٢٦

---



سەرچاوە
Serchawe

## پەیامی سپاس و پێزانینی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕوو لە خەڵکی خەباتکاری کوردستان، ئازادیخوازان، حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و ئێران



داوابەدوای شەهیدبوونی شەش کەس لە پێشمەرگە قارەمانەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە لە کاتی ڕاپەڕاندنی ئەرکێکی سیاسی و تەشکیلاتی، کەوتنە ناو بۆسەی هێزەکانی سپای تێرۆریستیی پاسدارانی کۆماری ئیسلامی و گیانی خۆیان لە پێناو ئامانجی ئازادی و سەربەرزیی نەتەوەی کورد بەخت کرد، پەیامگەلێکی زۆر و بێئەژمار لەلایەن خەڵکی خەباتکاری کوردستان، ئازادیخوازانی ئێران، حیزبەکان، ڕێکخراوەکان، لایەنە سیاسییەکان، کەسایەتییە نەتەوەیی و مەدەنییەکان و دامەزراوە جیاجیاکانەوە بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نێردرا.

ئەم دەربڕینی هاوخەمییە بەربڵاوە، جارێکی دیکە نیشانی دایەوە کە تاوان و سەرکوتی کۆماری ئیسلامی، نەک هەر ئیرادەی خەباتکارانی ڕێگای ئازادی تێک ناشکێنێت، بەڵکوو هاوپێوەندی و هاودڵیی نێوان سەرجەم کۆمەڵانی خەڵکی نەتەوەی کورد، ئازادیخوازانی نەتەوە بندەستەکان و دێموکراسیخوازانی ئێران بەبڕشتتر و پتەوتر دەکات.

ڕێبەری، پێشمەرگەکان، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە ئەرکی سەرشانی خۆیانی دەزانن کە دڵسۆزانە سوپاس و پێزانینی خۆیان ئاراستەی هەموو ئەو حیزب، ڕێکخراو، لایەن، کەسایەتییە سیاسی و

پووشپەڕی ٢٧٢٦

کۆمەڵایەتییەکان، چالاکانی مەدەنی، میدیاکان و سەرجەم ئەو مرۆڤە ئازادانەی بکەن کە بە ناردنی پەیامی سەرەخۆشی، بەیاننامە و ڕاگەیاندنی هاوپێوەندی، لە خەمی لەدەستدانی ئەم ڕۆڵە فیداکارانەی نەتەوەی کورددا لە پاڵمان وەستان و لەگەڵ بنەماڵەی شەهیدان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و نەتەوەی کورد هاوخەمییان دەربڕی. ئەم هاوپێوەندییە بەنرخە، سەرمایەیەکی گرانبەها بۆ بەهێزکردنی خەباتی هاوبەش دژی ستەمکاری، سەرکوت و پێشێلکردنی مافی نەتەوەکان و ئازادیخوازانە.

بێگومان، خوێنی پاکی شەهیدانی ڕێگای ئازادی، چرای ڕێگای خەباتی نەتەوەی کورد دەبێت. ئەو ڕێگایەی کە ئەوان بە باوەڕ، فیداکاری و لەخۆبردووییەوە هەڵیانبژارد، بە ئیرادەی پتەوی پێشمەرگەکان، ئەندامانی حیزب و پشتیوانیی بزووتنەوە و خەڵکی کوردستان و هەموو ئازادیخوازانی ڕاستەقینە بەردەوام دەبێت و سیاسەتی تیرۆر، سەرکوت و بەنیزامیکردنی کوردستان، هەرگیز ناتوانێت ئیرادەی نەتەوەی کورد بۆ دەستەبەرکردنی ئازادی، دێموکراسی و مافە نەتەوەییەکان تێکبشکێنێت.

یاد و ناوی شەهیدانی ڕێگای ئازادی هەرمان

سەرکەوێت خەباتی نەتەوەی کورد و سەرجەم نەتەوە بندەستەکان

بڕووخێ ڕێژیمی تیرۆریستیی کۆماری ئیسلامیی ئێران

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
ناوەندی پەیوەندییەکان

١٢ی پووشپەڕی ١٤٠٥ی هەتاوی

٣ی ژوئیەی ٢٠٢٦ی زایینی

١٤ی پووشپەڕی ٢٧٢٦



سەرچاوە
Serchawe

# تفەنگ، قەڵەم و کەرامەت؛ لە قزقەپانەوە بۆ بەرەی خەباتی ڕۆژانەی هەر کوردێک





**شەماڵ تەرغیبی**

شەوی چوارشەممە، ١٠ی پووشپەڕی ١٤٠٥، جارێکی تر خاکی پیرانشار و گوندی قزقەپان شایەتی حەماسەیەکی خوێناوی شەش ڕۆڵەی چاونەترس، شەش پێشمەرگەی گیانبەخش و ئەندامی کاروانی سوورخەڵاتانی حیزبی دێموکرات بوو؛ کارۆ هۆرموزیاری، فەردین چەنگیزی، محەممەد خاکی، عەبدوڵڵا محەممەدپوور، توانا عوسمانی و محەممەدئەمین بایەزیدی، شەش سەرچلی کاروانی خەباتی گەلەکەمان لە پێناو ئەرکێکی پیرۆزی سیاسی و نیشتمانیدا بوون کە بۆ پارێزگاری لە

کەرامەتی نەتەوەکەیان سینگیان نایە بەر گوللەی داگیرکەران و شەهید بوون. ئەم ڕووداوە تاڵە، هەرچەندە برینێکی قووڵە لە جەستەی نیشتماندا، بەڵام هاوکات زەنگێکی بەئاگاهێنانەوەی گەورەیە بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە دڵیان بۆ ئازادی و کەرامەتی ئەم خاکە لێدەدات.

شەهیدبوونی ئەم پۆلە پێشمەرگەیە پێمان دەڵێت کە شەڕی مان و نەمان بەردەوامە و داگیرکەر لە هیچ تاوانێک سڵ ناکاتەوە، بەڵام لێرەدا، پرسیاری گرنگی ئەمڕۆ ئەوە نییە کە ئایا هێزی پێشمەرگە دەتوانێ لە ڕووی نیزامییەوە بەسەر دەوڵەتی ئێراندا سەرکەوێت یان نا؟! ئەم جۆرە پرسیارانە کێشەکە بۆ ئاستێکی تەسکی نیزامی دادەبەزێنن و واتای مێژوویی خەباتێکی نەتەوەیی و گشتگیر بچووک دەکەنەوە. پرسیاری بنەڕەتی و ڕاستەقینە ئەوەیە کە ئایا نەتەوەیەک کە ئازادی و سەربەستی دەوێ، دەتوانێ لە درێژخایەندا سەرمایەی مرۆیی، ڕێکخراوە سیاسییەکانی، یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی، مەشروعیەتی خۆی و هیوای بە ئایندە بەرهەم بهێنێتەوە و بیپارێزێت یان نا؟ مێژووی شۆڕشەکانی جیهان بە ڕوونی نیشانی داوە کە زۆرێک لە بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکان نەک بەهۆی شکستی نیزامی لە مەیداندا، بەڵکوو بەهۆی لاوازبوونی بنەمای کۆمەڵایەتی، فیکری و سیاسییان لە نێوخۆدا شکستیان خواردووە.

باوەڕمەندبوون بەم ئەسڵە وەک پرەنسیپێکی نەگۆڕی خەبات، ئەو پرسیارە جەوهەرییەش بەرەوڕووی تاک بە تاکمان دەکاتەوە کە ئەرکی ئێمە، وەک نەوەی زیندووی ئەم نیشتمانە لە بەرامبەر ئەم خوێنە گەشانەدا چییە؟

ڕاستی وایە، هەموو کوردێکی بە کەرامەت، خاوەن هەڵوێست، دژەداگیرکەر و نیشتمانپەروەر، پێویستە هەموو ڕۆژێ و هەموو بەیانییەک کە چاو هەڵدێنێت و سەیری ئاسۆی ئەم نیشتمانە دەکات، پرسیارێکی چارەنووسساز لە خۆی بکات: "من ئەمڕۆ دەتوانم چ خزمەتێک بە گەل، نیشتمان و کۆمەڵگاکەم بکەم؟ چی لە دەست من دێت و چ هەنگاوێکم پێ هەڵدەگیرێت؟"

خەبات لە پێناو ڕزگاریدا تەنیا لە سەنگەرەکانی شاخ و لە لولەی تفەنگی پێشمەرگەدا کورت نابێتەوە. مەیدانی بەگژداچوونەوەی داگیرکەر هێندە بەربڵاوە کە هیچ مرۆڤێکی کورد ناتوانێت خۆی لێ بێبەری بکات. وەک چۆن ڕێبەری هەرگیزنەمرمان د. سادقی شەرەفکەندی وتی: بۆ خەبات چ زۆرە؟ ڕێگا! کەواتە هەر کام لە ئێمەش دەتوانین و دەبێ لەم ڕاستایەدا هەنگاو هەڵگرین؛ یەکێک دەتوانێت بە تفەنگ و چەکەکەی لە شاخ کەمینی داگیرکەر تێکبشکێنێت، یەکێکی تر دەتوانێت بە قەڵەم و نووسینەکانی لە نێو جەرگەی شاردا تاریکی و چەواشەکارییەکانی ڕێژیم ڕامالێت. نووسەرێک بە وتارێکی شیکاری، شاعیرێک بە دێڕە شیعرێکی حەماسی کە کۆڵەکەکانی دەسەڵاتی زاڵم دەلەرزێنێت و خەمخۆرێک بە بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی سیاسی، هەموویان ئەندامی یەک بەرەی مەزنن بۆ پاراستنی ئەو سەرمایە کۆمەڵایەتی و سیاسییە.

**پووشپەڕی ٢٧٢٦**

هیچ کەس لەم خەباتەدا بێبەش نییە و هیچ کەسیش پاساوێکی نییە بۆ بێدەنگی و بێهەڵوێستی. کەرامەتی نەتەوەیی ڕێگە نادات کە چاوەڕێی ئەویدی بین تا بێت و نیشتمانمان بۆ ڕزگار بکات. دایک و باوکێک کە لە نێو ماڵەکەیدا منداڵەکانی بە زمانی دایک و بە عەشق و ناسنامەی کوردایەتی پەروەردە دەکات، خەریکی ئەنجامدانی گەورەترین شۆڕشی فەرهەنگییە دژ بە سڕینەوەی نەتەوەیی. سەرمایەدارێک یان هاووڵاتییەکی ئاسایی کە بە یارمەتییە ماددی و ناماددییەکانی، پشتگیری لە بنەماڵەی زیندانیانی سیاسی، کادرانی شۆڕش و لێقەوماوان دەکات، خەریکی قایمکردنی ڕیزەکانی ناوخۆیە. تەنانەت بە هەست و سۆز، بە هاوسۆزی لەگەڵ دایکی شەهیدان، و بە سەدان و هەزاران شێوازی تر دەکرێت بەشداربین لەم کاروانەدا.


ئازادی، کەرامەت و ڕزگاریی ڕاستەقینە لە هیچ کوێوە نایەت ئەگەر سەرەتا لە ڕزگارکردنی هزر، زەین و هەستی مرۆڤی کوردەوە دەست پێ نەکات. کاتێک مێشک و دەروونی خۆمان لە ترس، لە فیکری داگیرکەر و لە پاساوی سستبوون پاک دەکەینەوە، ئەو کاتە دەبینە هێزێکی شکستنەخواردوو کە هیچ سیستمێکی نیزامی و سەربازی ناتوانێ بیرووخێنێت. شەش پێشمەرگە قارەمانەکەی قزقەپان، بە خوێنی خۆیان سەلماندیان کە زەین و هزریان بە تەواوی ئازاد بووە؛ چونکە مرۆڤی ترسنۆک و کۆیلە ناتوانێت ئاوا قارەمانانە لە کەمیندا شەڕ بکات و گیانی پێشکەش بە خاکەکەی بکات.


ئەمڕۆ، ناوەندی تەشکیلاتی نهێنیی حیزبی دێموکرات بە شانازییەوە ڕادەگەیەنێت کە ئەم خوێنە گەشانە هەوێنی سەرکەوتنی دواجارن؛ بەڵام بۆ ئەوەی ئەم خوێنە بەناحەق ڕژاوە بەفیڕۆ نەچێت، پێویستە هەر یەک لە ئێمە ببینە پێشمەرگەی مەیدانی خۆی و هیوای ئایندە لە ناخی کۆمەڵگاکەماندا زیندوو ڕاگرین. وەک چۆن ڕێبەری بلیمەتی گەلەکەمان د. قاسملوو فەرمووی: باشترین پاداشت بۆ شەهیدان درێژەدانی ڕێگایانە؛ کەواتە با لەم بەیانییەوە، پاش بیستنی هەواڵی کۆچی سووری ڕۆڵەکانی پیرانشار، پەیمان نوێ بکەینەوە: هەموو ڕۆژێک بە کارێک، بە پەیامێک، بە پەروەردەیەک یان بە پاڵپشتییەک، خەرمانەی خەباتی نەتەوەیی دەوڵەمەندتر بکەین و بە خۆمان بڵێین و بڵێینەوە کە شۆڕش لە ناخی خۆمان و لە بڕیاری ڕۆژانەی خۆمانەوە دەست پێ دەکات.

**نەمری بۆ شەهیدانی قزقەپانی پیرانشار و سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ئازادیی کوردستان.**

**١٤ی پووشپەڕی ٢٧٢٦**

## هەگبەی شاخ و شۆڕش (شەهید کەریم قازی)



**برایم چووکەڵی**

**لووتکە دەنووسن بۆ بەیان، مەشقی ئەویناری دەکەن**
**تاریکە ڕێگای هەڵفڕین، باڵی ئەوانیش پڕ لە چاو**

سالانێکی زۆرە نەتەوەی کورد بێوچان بۆ سەربەستیی خۆی خەبات دەکات، لەو پێناوەشدا مێژوویەکی پڕ لە سەروەری و پڕ

له شانازیی هەیه. نەتەوەیەک که به درێژایی مێژوو له لایەن ڕێژیمەکانی حاکم بەسەر کوردستاندا سەرکوت کراوە و ڕێگەی پێ نەدراوە دەنگی حەقخوازانەی هەڵبڕێت و له مەترسیی تواندنەوە و تێداچوون و لەژێر فشار و ئەشکەنجەدا بووە. سەرەڕای هەموو ئەو برک و ژان و ستەمکارییانەی ڕووبەڕووی بووەوە، گەلی بەپەرۆش و ئازادیخوازی کوردستان کۆڵی نەداوە و ئاڵای خەبات و خۆڕاگریی بەرز ڕاگرتووە.

درێژەپێدان و نەپسانەوەی خەباتی ڕەوای خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕەنگدانەوەی ئەو هەموو زوڵم و زۆر و زەبروزەنگەیه که لەمێژە بەسەر گەلەکەماندا سەپاوە. له ماوەی هەشت دەیەی پێش ئێستاوە قورسایی و ڕێبەریی ئەو بزووتنەوەیه له ئەستۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانە، که بۆ وەدیهێنانی ئامانجە بەرز و پیرۆزەکانی گەلی کورد خەبات دەکات. لەو ماوەیەدا به سەدان و هەزاران ڕۆڵەی فیداکار گیانی خۆیان پێشکەش بەو گەله بەشخوراوە کردووە که کەریم قازی یەکێک لەوانە.

کەریم قازی له سەردەمێکدا تیشکی ئازادی خەریک بوو پڕشنگی دەهاویشته کوردستان، له یەکێک له بنەماڵە جووتیارەکانی کوردستان له ئاوایی کۆنەقەڵای سەر به شارستانی شنۆ، له داوێنی بنەماڵەی زەحمەتکێشدا لەدایک بوو. بەرەبەرە که گەورە بوو ڕەوانەی قوتابخانە کرا و توانی هەتا پێنجی سەرەتایی بخوێنێ. کەریم له نەبوونیدا گەورە بوو. ژیانی هەر له سەردەمی منداڵییەوە ئاوێتەی کوێرەوەری و بێبەشی و بەشخوراوی بوو.

ئەو ژیانه پڕ له چەرمەسەرییەی کەریم تا دەستپێکردنی خۆپێشاندانەکانی دژی ڕێژیمی پاشایەتی و هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی بەوجۆرە تێپەڕی. ئەو ئیدی دەیزانی نەداری بەری چ دارێکە و زوڵم و ستەم و زۆرداری مانای چییە! بۆیە دەستپێکردنی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستان، بۆ کەریم هەل و دەرفەتێکی باش بوو لەپێناوی سڕینەوەی بەشمەینەتی و دەستەبەرکردنی ژیانێکی بەختەوەردا و له سەنگەری دێموکراتدا خەبات بکات. هەر بۆیە ساڵی ١٣٥٨ی هەتاویدا چەکی پێشمەرگایەتیی لەشان کرد و له هێزی سمکۆی ئەوکاتدا دەستی به تێکۆشان کرد.

پاش ئەوەی خومەینی له ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨دا له دژی نەتەوەی کورد له ڕۆژهەڵاتی کوردستان فتوای جیهادی ڕاگەیاند، کەریم قازی یەکێک لەو کوڕە بەتواناییانە بوو شێلگیرانە و شۆڕشگێڕانە بۆ داکۆکیکردن له گەلەکەی و بۆ بەرپەرچدانەوەی پیلانە ڕەنگاوڕەنگەکانی دوژمنانی کوردستان چووە نێو سەنگەری شەڕەفەوە. ناوبراو به هەموو هێز و توانایەوە بەرانبەر به لەشکری پەلاماردەری کۆماری ئیسلامی وەستایەوە.

پووشپەڕی ٢٧٢٦

کەریم قازی لە شەڕەکاندا نیشانی دا مرۆڤێکی خاوەن بیروباوەڕە و بە لەخۆبووردوویی و فیداکارییەوە دەریخست کە شێلگیرانە و لێبڕاوانە لە گەلەکەی و ئامانجە ڕەواکانی بەرگری دەکات و پێشمەرگەیەکی کارامە و لێوەشاوەیە. لە ئەنجامی لێهاتوویی و گیان لەسەردەستییەوە وەک فەرماندەی پەلێک لە پێشمەرگەکانی لکی شەهید فەرزەندەی باقری دیاری کرا و پاش ماوەیەک وەک سەردەستە و پاشان وەک فەرماندەی لک، هەر لەو لکەدا دیاری کرا و تا کاتی شەهیدبوونی ئەو بەرپرسیاریەتییەی بەوپەڕی ئازایەتی و ڕووسوورییەوە بە ئەنجام گەیاند. شەڕە حەماسییەکانی پیرناسر، شەڕی ورمێ، شەڕی گەلاز، شەڕی بالاگیز و کۆنەقەلا، شاهیدی بۆ لەخۆبردوویی و ئازایەتی و نەترسیی ئەم شێرەکوڕەی دێموکرات دەدەن. قارەمانێتیی کەریمی بەئیمان و بیروباوەڕ، وێردی سەر زمانی خەڵکی ناوچەی شنۆی دڵسۆز و دەوروبەری بوو، ئێستاش یادی قارەمانێتی و دەستوبرد و هێرشی ئازایانەی لە نێو دڵی خەڵکی قارەمانی ئەو ناوچەیەدا ماوەتەوە.

کەریم قازی زۆر تایبەتمەندیی بەرزی لە خۆی نیشان دەدا. ئەو لەباری سیاسییەوە کادرێکی بەهەڵوێست و دووربین بوو، لەباری نیزامیشەوە فەرماندە و پێشمەرگە و پارتیزانێکی بەئەزموونی ڕاستەقینە بوو. لەباری کۆمەڵایەتییەوە خاوەن پێگەیەکی بەربڵاوی کۆمەڵایەتی بوو، لە ئاست کێشە و گیروگرفتەکانی حیزب و کۆمەڵگە و بنەماڵەدا بەتوانا و سەرکەوتوو بوو و زۆر بەتەواوی بەسەر تەنگوچەڵەمەکاندا زاڵ دەبوو. کەریم قازی بێجگە لە فەرماندەیی ئەو شەڕانەی باس کران، لە دەیان هێرش و پەلاماردا گورزی کاریگەری لە سپای هێرشبەر وەشاند و دەیان عەمەلیاتی سەرکەوتووانەی بۆ گەلەکەی و هێزی شەهید سمکۆ تۆمار کرد. کەریم وەک فەرماندەیەکی کارامە، خاوەن ئەزموون و بەتوانا ئەرکی پێئەسپێردراوی جێبەجێ دەکرد. لە ماوەیەکی کورتدا لێهاتوویی و دڵسۆزیی خۆی نیشان دا و دەریخست کە ڕۆڵەیەکی ئازا، فیداکار و بەجەرگە و باوەڕی بە کوردایەتی قایم و قوڵ و پتەوە.

بەداخەوە مەرگ مەودای بە کوڕی قارەمانی گەلەکەمان نەدا تا زیاتر خزمەت بە نەتەوەکەی بکات؛ ڕۆژی ١٨ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٦٠، دوژمن بە هێزێکی زۆرەوە هێرشی بۆ سەر پێشمەرگەکانی لکی فەرزەندە دەست پێکرد، ئەوە دوایین فیداکاریی کەریم قازی بوو کە بەرپەرچی دوژمنی دایەوە و لەگەڵ هاوڕێیانیدا زەبرێکی کاریگەریان لە هێزی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی وەشاند، مخابن لە گەرماوگەرمی شەڕدا گوللەی هێزی دوژمن سینگی پڕ لە تاسەی کەریم قازیی پێکا و خوێنی لەگەڵ خوێنی ٣ هاوسەنگەری دیکەیدا تێکەڵ بوو و گیانیان پێشکەش بە بارەگای ئازادی و ڕزگارکردنی گەلە بەشخوراوەکەیان کرد.

١٥ی پووشپەڕی ٢٧٢٦

# "کۆیلەی کۆیلەدار"



**دیاکۆ ڕۆژهەڵاتی**

بە درێژایی مێژوو مرۆڤ بۆخۆی و بە دەستی خۆی سەدان کۆت و بەندی بۆخۆی ساز کردووە. هەر بە یارمەتیی هێز و هزری خۆی هەزاران تەڵە و تەپکە و داوی بۆخۆی ناوەتەوە و زۆر سەختە کە بتوانێت هەروا بە سانایی لێیان دەرباز بێت. مرۆڤ ڕوژانە سەدان کەڕەت لە نێچیرڤانەوە دەبێتە نێچیر و لە نێچیرەوە دەبێتەوە نێچیروان. هەر ئەوەش وای کردووە مرۆڤ لە کەسایەتیی خۆی دوورکەوێتەوە و زۆرجار هەر لەلایەن ئەو تەپکەداوانەوە کە بەدەستی خۆی ئافراندوونی وەک کەرەستەیەک کەلکی لێ وەربگیردرێت. گەلێک جاران هەر ئەوکەسانەی ماوەیەکی زۆر کەڵکی کەرەستەیی لەکەسانی دیکە وەردەگرن لەناکاو بۆخۆیان دەبنە کەرەستەی دەستی کەسانی دیکە و کەسایەتییان لە مرۆڤێکی هەژموونیدارەوە دەگۆڕێت بۆ کەسێکی تەپەسەر و ژێردەست.

ئەوەی زیاتر ئەم قوڕە بۆ مرۆڤ دەگرێتەوە و لە زەلکاوی خۆسازی دەچەقێنێت چوونە بازنەی بیرۆکە چەقبەستووەکانە. ئەو بیرۆکانەی خۆیان وەک دەسەڵاتی ڕەها بە لایەنگرانیان دەناسێنن و وادەی پارووی نەرم و چەور بە شوێنکەوتوانی خۆیان دەدەن و بەو ناوەوە خۆیان بەسەردا دەسەپێنن و بەکردەوە دەیانکەنە کۆیلە و کەرەستەی بەردەستی خۆیان.

بانگەشەکەرانی ئەو بیرۆکەیانە، چ ئەوانەی بە ناوی ڕێبازی ئاسمانی و چ ئەوانەی بە ناوی ڕێبازی زەوینییەوە قاو دەدەن ڕێبازەکەیان وەک ڕێگایەکی بێ کەموکووڕی و تەواو بە خەڵک دەناسێنن و بەرە بەرە شوێنکەوتووەکانیان دەکەنە کۆیلەی باوەڕەکە و ئیتر وەک مێویان لێ دەکەن و دەیانکەنە مرۆڤگەلی گوێڕایەڵ و هەرچییەک پێیان خۆش بێت پێیان دەکەن. ئەو کەسانە لە خۆشیی ئەو وادانەی پێیان دەدرێت وشەی "نا"یان لەبیر دەچێتەوە و خوو بە بەڵێ و بەسەرچاوەوە دەگرن. ئەوان ئەوەندە بەگوێی شوێنکەوتووەکانیاندا دەخوێنن و بیرەکەیان لە بەرچاو شیرین دەکەن و وادەی پڕ لە زریقەوبریقەیان پێ دەدەن کەسەکە لە کەسیی دەخەن و دەیکەنە ئامراز و کەرەستەیەکی بێگیان و توانای دژکردەوە و سەربزێویی لێ دەستێننەوە.

ئەو مرۆڤانەی بە دەستی خۆیان دەچنە نێو ئەو داو و بۆسەگەلە و بە ئاسانی ملی خۆیان بە پەتەکەوە دەکەن و شانازی بەو کۆیلەتییەوە دەکەن و لەنێو خەڵکیشدا فەخری پێوە دەفرۆشن. دیارە کەسی زیت و داودۆزیش لەنێو ئەو کۆیلانەدا هەڵدەکەوێ، هەربۆیە هەندێک کەس لەم کۆیلانە بە هۆی ئازایی، یان دەهۆبازییەوە بەرە بەرە دەچنە سەرێ و پلەی بەرز وەردەگرن و دەبنە دەسەڵاتدار. ئیتر ئەوانە لە سەرێوە چاو لە هاوڕێبازەکانیان دەکەن و خۆیان بە دەسەڵاتی ڕەها دەزانن و هەر بەهۆی پڕووپاگەندە و گەمژاندنی هاوبیرە سادەکانیان بەرگی پیرۆز بەبەر بەخۆیاندا دەکەن. بەرگێک کە ئیتر کەس ناتوانێت لەبەریان داماڵێت. تەنانەت دەست بردن بۆ ئەو بەرگانەش دەبێتە تابۆو کەس ناوێرێت توخوونیان کەوێت. ئەگەر کەسانێکی وشیاریش بە ساختەکاری و دەهۆکانیان بزانن، ناچارن بەردێکی لەسەردانێن و خۆی لێ ببوێرن. چونکە لە لایەن ئەو دەسەڵاتدارانەوە بە لادەر و دۆڕاو دەناسێندرێن و بە سەختی هەر لەلایەن کۆیلەکانی بەردەستی ئەو ڕێبازەوە بە زۆر و بێ بەزییانە سزا دەدرێن.

زۆرجار یەکێک لەو دەسەڵاتدارانە لە لایەن لایەنگرەکانیانەوە دەسەڵاتی بانسروشتییان پێ دەدرێت و کار دەگاتە جێگایەک ئاوی دەست و شوێن پێ و ئەو کەرەستانەی ئەو دەستیان لێ دەدات وەک شتێکی پیرۆز لێیان دەڕواندرێت و شوێنکەوتووەکانیان وەک پیرۆزی دەیقەبڵێنن و بە تەبەڕوک دەستاودەستیان پێ دەکەن.

هەشن ئەو کەسانەی وەردە وردە لە بیروباوەڕەکە گەورەتر دەبنەوە و ئیتر ئەوە ئەوانن بە مەیلی خۆیان ڕێ بۆ باوەڕداران دەکێشن و شوێنیان بۆ دیاری دەکەن و پلەیان پێ دەبەخشن. بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە ئەوانە هەرچەندە مەزن دەکرێنەوە و خۆیان لێ دەگۆڕدێت، لە کۆتاییدا خۆشیان دەبن بە تەڵەی ئایدۆلۆژییەکەوە و دەبنە کەرەستەی دەستی فێڵبازانێکی تری ئەو ڕێبازە. لەو جۆرە بیرۆکانەدا کەس هەتاسەر، سەر نامێنێتەوە و دوامەنزڵی هەموویان هەر وەک لە کەرەستەیەکەوە دەست پێدەکات، دەبنەوە بە کەرەستە و تەواو.

ئەوەی جێی سەرنجە زۆر جار ئەو شوێنانەی ئەو بیرۆکانەیان تێدا باڵادەستە تەمتومانی بیرکردنەوە دایاندەگرێت و ڕێبوارانی ئەو ڕێبازانە قەتیس دەمێننەوە. تەنانەت لە لایەن ڕێبەرانیانەوە بیرکردنەوەشیان لێ قەدەغە دەکرێت. ئەوانە ئیتر دەگەنە شوێنێک کە کانگای بیرکردنەوەیان ویشک هەڵدێ و تەڕایی تێدا نامێنێت.

نموونەی ئەو ئایدۆلۆژی و سەرکردانە لە هەموو بوارەکاندا زۆر و بەرچاون. کەسانێک هەن خۆیان لە کۆیلەوە گەیشتوونەتە پلەی کۆیلەدار و هەمدیس هاتوونەتەوە پلەی کۆیلە و وەک کەرەستەی بەردەستی کەسانی دیکە و کەلکیان لێ وەرگیراوە.
دنیای کۆمونیستی و ئیسلامی سیاسی بەرچاوترینی ئەوانەن کە بە ناوی ئازادی و ڕەهاییەوە خەریکی کۆیلەدارێتین. ڕێبازەکەی ئەوان پڕە لە وادەی شیرین و بریقەدار، کە هەموویان تۆو و توانایی مرۆڤ خەڵەتاندنیان تێدایە. هەر ئەوانیش زۆر کەسایەتیان تێدایە کە سەرەڕای ئەوەی گەیشتوونەتە پلەی بەرزی کۆیلەدارێتی و لە کۆتاییدا خۆشیان بوونەتە کەرەستە و دوای مردنیان و لە کاتی ناشتنیاندا بۆ ئەو ڕێبازە کەلکی پڕووپاگەندەییان لێوەرگیراوە. بەناوبانگترینی ئەوانە بریتین لە:

لینین (١٨٧٠ - ١٩٢٤ز)، ئیستالین (١٨٧٨ - ١٩٥٣ز)، مائۆ (١٨٩٣ - ١٩٧٦ز)، خومەینی (١٢٨١ - ١٣٦٨ی هەتاوی)، قاسم سولەیمانی (١٣٣٥ - ١٣٩٨)، کیم جوونگ ئیل (فێوریە ١٩٤٢ - ٢٠١١ ز)...و لە کۆتاییشدا خامنەیی. ئەو کەسانە بەڵگەی ڕوونن کە چۆن لە کۆیلە و کەرەستەوە بوونەتە دەسەڵاتدار. لە کۆتاییشدا چۆن لە دەسەڵاتدارەوە بوونەتەوە کەرەستەی پڕووپاگەندا. زۆربەی ئەوانە لە سەرتاوە ئەندامێکی ساکارێکی ڕێکخراوەیەک، یان ڕێبازێک بوون. دوایە هەڵکشاون و هەتا لووتکەی دەسەڵات چوون و پاشان بوونەتەوە کەرەستەی پڕووپاگەندا. ئەوانە ئەوەندەی لە دەسەڵاتدا ژیان هەموو شوێنکەتووانی بیروباوەڕەکەیان وەک کۆیلە و کەرەستە چاولێ کرد. کوشتیانن و بەکوشتیان دان. بە میلوێنان کەسیشیان بەتاوانی ئەوەی لەگەڵ بیروباوەڕەکەیان دژ بوون کوشت و لە زیندانەکاندا لەسێدارە دا و گوللەباران کرد. تەنانەت کەسانێک لە هاوبیرەکانی خۆیان کە لە بەئامانجگەیشتنی ڕێبازەکەشیاندا شوێندانەر بوون کوشت و سڕییانەوە. ئەوانەی کە لە شوێنکەتوویەک و کۆیلەیەکەوە بە دەسەڵات گەیشتن، هەرچەندە بەڕواڵەت بانگەشەیان بۆ ژیانی پڕ لە چێژ و ئاسوودەیی دەکرد ژیانێکی خۆشیان بۆ شوێنکەتووانی خۆیان و بیروباوەڕەکەیان تەیار نەکرد، بەڵکوو لە زەلکاوی نەهامەتیشیاندا نوقمیان کردن.

هەموو ئەوکەسانەی لە سەرەوە باسیانکرا سەرەڕای دەینساڵ دەسەڵاتداری و کوشت و کوشتار و زوڵمکردن لە گەل و نەتەوە و هاوبیرەکانیان لە کۆتاییدا بوونەوە کەرەستەی بیروباوەڕەکەیان و لەکاتی ناشتیاندا خەڵکێکی زۆریان لێ کۆ کراوە و لە لایەن پاشماوەکانی ئەو ڕێبازانەوە وەک کەرەستە کەلکیان لێ وەرگیرایەوە. نموونەی هەرە نیزیکی ئەو دیکتاتۆڕانە عەلی

پووشپەڕی ٢٧٢٦

خامنەییە. ئەو خوێنخۆرە کە دوای دەیان ساڵ دەسەڵاتداریی و بەکوشتدانی دەیان هەزار کەس لە وڵاتەکانی، ئێران، عێراق، سووریە، لوبنان، یەمەن و فەلستین بۆ بەئامانج گەیشتنی ڕێبازەکەی لە کۆتاییدا لە ڕۆژی نۆی ڕەشەمەی ١٤٠٤ی هەتاوی بە دەستی دوژمنەکانی - ئیسرائیل و ئەمریکا - لە ماڵەکەی خۆی لە تاران کوژرا و لە کۆتاییشدا دیتمان کە وەک کەرەستەی بیر و باوەڕەکەی کەلکی لێ وەگیردرا. شوێنکەوتووانی پێشووی و دەسەڵاتدارانی ئێستا بۆ وروژاندنی هەستی لایەنگرانی خۆیان و بۆ نیشاندانی هێژموونییەکەیان، بە میلیۆن کەسیان لە دوو وڵاتی ئێران و ئێراق هێنایە سەر شەقامەکان و بە خەرجکردنی میلیێنان دۆلار لە گیرفانی خەڵکی برسی و بێکاری ئێران، شانۆیەکیان ڕێکخست و ئێسک و پروسکەکەیان -ئەگەر بووشبێ- دوای نزیکەی چوار مانگ ناشت. ئەم دیکتاتۆرە کە بۆخۆی بۆ بیروباوەڕەکەی گیان و ماڵ و ژیانی کەسی بەلاوە گرینگ نەبوو، هەموو شتێک و هەموو کەسێکی وەک کەرەستەی بەردەستی خۆی چاولێ دەکرد و دەیکردە قوربانیی ئایدۆلۆژیاکەی، لەکۆتاییدا خۆشی وەک لێنین و ئیستالین و خومەینی و مائۆ و کیم جوونگ ئیل و قاسم سولەیمانی بووە کەرەستەی بەردەستی پاشماوەکانی ئەو ڕێبازە و لە شانۆیەکی ڕێکخراودا خرایە ژێر گڵەوە.

١٥ی پووشپەڕی ٢٧٢٦



سەرچاوە
Serchawe

# حەسەن شەرەفی: ترسی دژبەرانی مافە نەتەوەییەکان نەک لە پارچەبوونی خاک، بەڵکوو لە دابەشبوونی هێز و دەسەڵاتە




دیمانە: فاتیمە عوسمانی

**ئاماژە:**

**سەرچاوەی بنەمای وەهمی پارچەپارچەکردن و نکۆڵیکردن لە فرەیی نەتەوەیی لە ئێران چییە؟ چ کەسان و ڕەوتگەلێک بواریان بۆ هەڵاواردن، ناسەقامگیری و بەدینەهاتنی مافە بنەڕەتییەکانی نەتەوەکانی نێو ئێرانیان خولقاندووە؟ ئاخۆ بەبێ دەستەبەرکردنی مافی نەتەوەکانی ئێران و دانان بە مێژووی خەباتی ئەوان، دێموکراسییەکی ڕاستەقینە دەستەبەر دەبێت؟ بەرنامەی "کانون"ی کوردکاناڵ لە دیمانەیەکدا لەگەڵ کاک حەسەن شەرەفی، ئەندامی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هۆکاری تۆمەتبارکردنی نەتەوە مافخواز و خەباتکارەکانی نێو ئێرانی بە جیاوازیخوازیی تاوتوێ کردووە و "کوردستان"یش دەقی ئەم گفتوگۆیەی سەرلەنوێ بڵاو کردووەتەوە.**

**فاتیمە عوسمانی: بەڕێز کاک حەسەن، ئەو بابەتەی دەمهەوێت لەم گفتوگۆیەدا لەگەڵتانی بخەمە بەر باس، "وەهمی جیاوازیخوازی و نکۆڵیکردن لە فرەیی نەتەوەیی لە ئێراندا"یە. بەڕاستی ئەم قەبارەیە لە ترس و دڵەڕاوکێی دەستکرد لە هەمبەر قبووڵکردنی واقعی سیاسیی ئێران و فرەنەتەوەییبوونی ئێران لە کوێوە سەرچاوە دەگرێت؟**

**حەسەن شەرەفی:** مەسەلەی جیاکردنەوە و دابەشبوونی خاکی ئێران لە بارودۆخی ئێستادا، لە وەهمێک بەولاوەتر نییە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر پێداچوونەوە و خوێندنەوە بۆ ڕەوتی مێژوویی گۆڕانکارییە سنوورییەکانی ئێران بکەین، دەبینین کە لە سەردەمە دوورەکان و تەنانەت لە مێژووی هاوچەرخیشدا، هەمیشە بەشگەلێک لە خاکی ئەم وڵاتە جیا بووەتەوە. لێرەدا خاڵی گرنگ و پڕبایەخ ئەوەیە هیچ کام لەم جیابوونەوانە، هەرگیز خواست یان هەوڵی بەکردەوەی بەشێک لە خەڵکی ئەو جوغرافیا سیاسییە نەبووە؛ بەڵکوو ئەو بەشە بەربڵاو و بەرچاوانەی لە جەستەی ئێران جیا بوونەتەوە، هەر هەموویان بەرهەمی نەزانی و بێکیفایەتی یان هەوڵی دەسەڵاتبەدەستانی وڵات بۆ پاراستنی پێگە و دەسەڵاتی خۆیان خۆیان بووە. ڕەنگدانەوەی ئەم ڕاستییە مێژووییە دەکرێ لە سێ جوگرافیای سەرەکیدا بناسرێتەوە:

لە بەشی ڕۆژاوادا، بەشێک لە خاکی ئێران یان لە کاتی شەڕ لەگەڵ عوسمانییەکاندا لە دەست چوو، یان لەلایەن فەرمانڕەوایانی ئەو سەردەمەوە پێیان بەخشرا. لە بەشی باکووریشدا، بەهۆی شکستە سەربازییەکان، لێکدانەوەی هەڵە، سیاسەتی چەوت و تێنەگەیشتنی دروست لە هاوسەنگیی هێز، زەوی و زارێکی بەربڵاو بە ڕووسیای قەیسەری (یەکیەتیی سۆڤیەتی دواتر) بەخشرا. هەر لە باکووری وڵاتدا، دۆخی دەریای قەزوین (خەزەر) نموونەیەکی زەق و بەرچاوی ئەم تێڕوانینەیە؛ پانتاییەکی ئاوی کە لە ڕابردوودا بەپێی پەیماننامەکان بە شێوەیەکی هاوبەش و یەکسان لە نێوان ئێران و سۆڤیەتدا دابەش ببوو، بەڵام دوای ڕووخانی یەکیەتیی سۆڤییەت و دەرکەوتنی کۆمارە سەربەخۆ نوێیەکان، لە ئەنجامی بێدەربەستی و لاوازیی دیپلۆماسیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا پشکی ئێران بۆ کەمتر لە ١٥٪ دابەزی و بەشە هەرە زۆرەکەی لە نێوان وڵاتانی دیکەدا دابەش کرا. ئەم بابەتە و دەستبەرداربوونە لە هەمبەر سنوورەکاندا، لە باشووری وڵاتیشدا بە ڕوونی ڕاستە. وەک چۆن لە سەردەمی محەمەدڕەزا شادا، بەحرەین کە وەک پارێزگای چواردەیەمی ئێران ناوی لێ دەبرا، لە ژێر گوشارە نێودەوڵەتییەکاندا و بەهۆی بێتوانایی و بێمایەیی و بێلیاقەتیی حکوومەتی پەهلەوی زۆر بە سادەیی لە خاکی وڵات جیا بۆوە؛ و دەسەڵاتی ئەو کاتەش نەک هەر لە دژی ئەم جیاکردنەوەیە ڕانەوەستا، بەڵکوو لە تاران بۆ لەدەستچوونی ئەم بەشەی وڵات، ئاهەنگ و شادی گێڕدرا و نوقڵ و شیرینی دابەش کرا.

جێگای سەرنج و تێڕامانە ئەوانەی خۆیان کارنامەیەکی پڕ لە جیاکردنەوە و پارچەپارچەکردنیان هەیە، ئەمڕۆ کەسانی دیکە بە جیاوازیخوازی تۆمەتبار دەکەن. بە ڕوانینێکی واقیعبینانە بۆ بارودۆخی ئێستا، بەرنامەی حیزبەکان و نێوەرۆکی ڕاپەڕینە جەماوەرییە بەردەوامەکان، بە ڕوونی دەبینین کە هیچ دەنگ و خواستێکی ڕاستەوخۆ کە بنەمای لەسەر جیاکردنەوەی وڵات بێت نابیسترێت. بۆیە، هێنانەگۆڕێی مەترسیی پارچەپارچەبوونی ئێران لە قۆناغی ئێستادا، تەنیا وەهمێکە و هیچی تر؛ وەهمێکی دەستکرد کە هەندێک کەس کردوویانەتە ئامرازێک بۆ پێشخستنی ئامانجە سیاسییەکانی تریان.

**فاتیمە عوسمانی:** لە بەستێنی مێژووی ئێراندا، بەڵگە و نموونەی بەرجەستە هەن بتوانن ئەم عەقڵییەت و وەهمە پاساو بدەن کە نەتەوەکان خوازیاری جیابوونەوەن لە ئێراندا؟

**حەسەن شەرەفی:** من ڕێک لە سەرەتای قسەکانمدا ئاماژەم بەم خاڵە کرد؛ چ لە سەردەمە دوورەکان و چ لە ساڵانی نزیکتردا؛ تەنانەت بە تایبەتی لە سەردەمی محەمەدڕەزا شادا؛ هیچ کات هەوڵ و هەنگاوێکی بەکردەوە لەلایەن خەڵکەوە نەنراوە کە بتوانێت ئەم وەهمە پاساو بدات. من ئاماژەم بە هەموو ئەم حاڵەتانە کردووە. بۆیە، هیچ بەڵگە، دۆکیۆمێنت یان نیشانەیەکی بەرجەستە لە ئارادا نییە ئەم وەهمە بە ڕەوا پیشان بدات و وەک واقیعێک یان مەترسییەکی ڕاستەقینەی وێنا بکات.

**فاتیمە عوسمانی:** بەڵام ئاخۆ نەتەوە جیاوازەکان لە ئێران بەهۆی نەگونجانی بارودۆخ و بوارە عەینییەکانەوە نەیانتوانیوە ڕێگای جیابوونەوە بگرنە بەر، یان ئەوەتا لەسەر بنەمای خواستێکی گشتی و بە شێوەیەکی خۆبەخشانە پێیان باش بووە لەنێو پێکهاتەی ئێراندا بمێننەوە؟

**حەسەن شەرەفی:** ئەمڕۆ نەتەوە جیاوازەکانی ئێران لەوانە کورد، تورک، عەرەب، بەلووچ، تورکمان؛ هەموویان خاوەنی بەرنامەیەکی سیاسیی دیاریکراون و لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکانیاندا هەوڵ دەدەن. داواکارییەکانی ئەم نەتەوانە، ئامانجگەلێکی دێموکراتیک، ئازادیخوازانە و لە پێناو دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەییەکانیاندایە؛ خواستگەلێکی وەک پێداگری لەسەر پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی، زمانەوانی و کولتووری، و هەروەها مافی خوێندن بە زمانی دایک و سەرجەم ئەو مافانەی نەتەوەیەک دەتوانێ لە چوارچێوەی وڵاتێکدا لێیان بەهرەمەند بێت. لە ئێستادا، ئەم داواکارییانە لە نێو سنوورەکانی ئێراندا و بە شێوازێک دەخرێنە ڕوو کە هیچ شوێنێک بۆ وەهم، هەڕەشە یان ترس لە پارچەبوونی وڵات ناهێڵنەوە. بەڵام ئەگەر بارودۆخەکە بەم شێوەیە بەردەوام بێت، واتە ناسنامەی ئەم نەتەوانە نکۆڵیی لێ بکرێت، پاشبنەما و مێژوویان پشتگوێ بخرێت، بە فەرمی دان بە بوونیان دانەنرێت و بخرێتە مەترسییەوە، و هیچ میکانیزمێکی دێموکراتیکیش بۆ گەیشتن بە خواستە یاساییەکانیان لە ئارادا نەبێت؛ ئەو کاتە ئیتر بابەتەکە لە نیگەرانییەکی سادە تێدەپەڕێت. لە دۆخێکی وەهادا، بەرپرسیارێتیی دەرئەنجامەکانی داهاتوو و مەترسییە ئەگەرییەکانی بەردەم، ڕاستەوخۆ دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسانەی بڕیاریان بۆ ئەم هەڵاواردن، نائەمنی و بەدینەهاتنی ئەو مافە بنەڕەتییانەی نەتەوەکان خولقاندووە و ئەوانن کە دەبێ وەڵامدەرەوە بن.

**فاتیمە عوسمانی:** جەنابت ئاماژەت بە خەباتی نەتەوەکان لە چوارچێوەی ئێراندا کرد. ئەمڕۆ هەموویان لە چوارچێوەی حیزبەکانیاندا کە خاوەن بەرنامەی ڕوونن و بەبێ هیچ گومانێکی جیاوازیخوازی بەدواداچوون بۆ ماف و داواکانیان دەکەن.

**لەگەڵ ئەم وەسفەدا، بە فەرمی ناسینی مافی ئەم نەتەوانە، چ دژایەتییەکی لەگەڵ دێموکراسی و پێشکەوتنی ئێراندا هەیە؟**

**حەسەن شەرەفی:** بڕوانە، ئەم دوو چەمکە نەک هەر هیچ دژایەتییەکیان لەگەڵ یەکتردا نییە، بەڵکوو ڕێک بەشێکی دانەبڕاون لە پێکهاتەی دێموکراسی. هیچ دێموکراسییەک بەبێ دابینکردنی مافی نەتەوەکان، نابێتە دێموکراسییەکی ڕاستەقینە و ڕەسەن؛ لە لایەکی تریشەوە، هاتنەدی و جێگیربوونی ئەم مافانەش لە سیستمە ملهوڕ و سەرەڕۆکاندا، ئەگەر نەڵێین مەحاڵە، بێگومان ناسەقامگیر و لەرزۆکە. بۆیە ئەو خاڵەی ئاماژەت پێدا تەواو ڕاستە. ئەمڕۆ بەرنامەی سیاسیی زۆربەی حیزبە کاریگەر و ڕەوتسازەکان لە فەزای خەباتی ئێراندا، لە چوارچێوەی ئەم وڵاتەدا پێناسە کراوە. بە بڕوای من، سەرڕای ئەو دژایەتییانەی لەم بوارەدا هەن، فیدراڵیزم تەنیا مۆدێلێکە کە دەتوانێ هاوکات پاراستنی چوارچێوەی ئێران و دابینکردنی مافی نەتەوەکانیش دەستەبەر بکات. لە ئەنجامدا، پاشبنەما و بەرنامەی سیاسیی ئەم حیزبانە، شتێک جگە لە دێموکراسی و ناوکی سەرەکیی ئەو، واتە دابینکردنی مافە نەتەوەییەکان نەبووە و نییە.

**فاتیمە عوسمانی: تەواوی ئۆپۆزسیۆن باس لە دێموکراسی لە ئایندەی ئێراندا دەکەن؛ بەڵام ئایا بەبێ دەستەبەرکردنی مافی نەتەوەکانی ئێران و ڕەچاوکردنی مێژووی خەباتی ئەوان، هاتنەدیی دێموکراسییەکی ڕاستەقینە شیاوە؟**

**حەسەن شەرەفی:** دێموکراسی بەبێ دەستەبەرکردنی مافی نەتەوەکان، یان لە بنەڕەتدا هەر نییە یان ناتەواوە. لەگەڵ ئەوەشدا، هەر کاتێک ئەم داواکارییە ڕەوا و دێموکراتیکانە دەردەبڕدرێن و ئەم نەتەوانە تەنانەت باس لە پرەنسیپی دێموکراسی دەکەن، لەلایەن ئەو دەستە لە خەڵکی ئێرانەوە کە باوەڕیان بە ئێرانێکی یەکناسنامەیی و یەکزمانی هەیە، بە جیاوازیخوازی تۆمەتبار دەکرێن. هۆکاری ئەم جۆرە ڕوانین و نواندنە تەواو ڕوونە؛ ئەوان دەزانن لە پێکهاتەیەکی دیموکراتیکی ڕاستەقینەدا، پشتگوێخستنی مافی نەتەوەکان مەحاڵە و ناتوانرێت لە وەڵامدانەوەی ئەم داواکارییانە خۆ بدزنەوە. لەبەر ئەوە، خستنەڕووی ئەم خواستنە نەک هەر لە دژایەتی لەگەڵ دێموکراسیدا نییە، بەڵکوو بە پێکهێنەری سەرەکی و بنەمای هەر سیستمێکی دێموکراتیک دادەنرێت.

**فاتیمە عوسمانی: واتە کاتێک باس لە ئێرانی دیموکراتیکی داهاتوو دەکرێت، ئەم دڵەڕاوکێ و ترسە لە کوێوە سەرچاوە دەگرێت کە دەبێ نەتەوەکانی ئێران ماف و داواکارییە یاساییەکانی خۆیانیان هەبێت؟**

**حەسەن شەرەفی:** دەبێ جارێکی تر جەخت بکەمەوە کە ترسی ئەو حیزب و ڕەوت و لایەنانەی خۆیان بە خاوەنماڵ دەزانن و وا بیر دەکەنەوە کە ئێران تەنیا سەر بەوانە؛ نەک هەموو نەتەوەکانی ئێران؛ ترسیان لە پارچەبوونی خاک نییە؛ چونکە

لە درێژایی مێژوودا، چەندین جار بەشگەلێک لە خاکی ئێران جیا بووەتەوە و ئەوان هیچ کاردانەوەیەکیان لە خۆیان نیشان نەداوە.

**فاتیمە عوسمانی:** ئەو جیابوونەوانەی نەتەوەکان هیچ ڕۆڵێکیان تێدا نەگێڕاوە!

**حەسەن شەرەفی:** واقیعەکە ئەوەیە هیچ بەڵگە و دێکیۆمێنتێکی مێژوویی لە ئارادا نییە کە نیشاندەری بوونی ترسێکی ڕاستەقینە بێت لە پارچەبوونی خاک لە لای ئەوانەوە؛ و تەنانەت ئەگەر دڵگرانییەکی وەهاش بخرێتە ڕوو، نیگەرانیی سەرەکیی ئەوان لە خاک و جوگرافیا نییە. شایەتحاڵە مێژووییەکانیش ئەمە پشتڕاست دەکەنەوە؛ وەک چۆن لە سەردەمی پەهلەویدا و لە کاتی جیابوونەوەی بەحرەین لە ئێران، هیچ کام لە حیزبە سیاسییەکان یان کەسایەتییە دیارەکانی ئەو سەردەمە نارەزایەتییان لە هەمبەر ئەم مەسەلەیە دەرنەبڕی و تەنانەت بەیاننامەیەکیان دەرنەکرد. بە پێچەوانەوە، دەزگای پاشایەتی خۆی خەریکی شادمانی و پاساودانی ئەم جیابوونەوەیە بوو. بۆیە، دەبێ لە جێیەکی دیکە بۆ ڕیشەی ئەم ترس و دڵەڕاوکێیە بگەڕێین: ترسی ئەوان نەک لە پارچەبوونی خاک، بەڵکوو لە "پارچەبوونی دەسەڵات" و "دابەشکردنی هێزی" دایە. ئەوان حاکمییەت بە موڵکی تایبەت و مافی قۆرغکراوی خۆیان دەزانن، لە کاتێکدا نەتەوە جیاوازەکانی ئێران داوای بەشداریی سیاسی، شەریکبوون لە پێکهاتەی دەسەڵات و دابەشکردنی دادپەروەرانەی هێز دەکەن. لەم پێناسەکردنەوەیەدا، باس لە هەڵوەشاندن و لێکترازانی جوگرافیایی نییە، بەڵکوو باس لە سڕینەوەی قۆرغکاری لە دەسەڵاتی پاوانکراودایە؛ واتە هەمان داواکاریی ڕەوا و گشتیی نەتەوەکان بۆ ئامادەیی چالاکانە لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتدا. نەتەوەکان داوا دەکەن بەڕێوەبردنی ناوچەی نەتەوەیی خۆیان لە ڕوانگەی مێژوویی، جوگرافیایی، کولتووری و زمانەوانییەوە بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە دەستدا بێت، بەڵام لە هەمان کاتدا، بەڕێوەبردنێکی ناوەندیش لە گشت وڵاتدا بەرقەرار بێت.

لەگەڵ ئەوەشدا، قبووڵکردنی ئەم جۆرە داواکارییانە بۆ ڕەوتە قۆرغخواز و خۆسەنتەرەکان، تەنانەت لەم سنوورەشدا بە خەیاڵ دانایەت. ئەم ڕەوتانە لە بنەڕەتدا لە تێگەیشتنی واقیعی فرەلایەنە و مۆزاییکیی کۆمەڵگەی ئێران بێتوانان و واقیعەکە تەنیا لە چوارچێوەی تێڕوانینە قۆرغکارییەکانی خۆیاندا لێک دەدەنەوە. لە کۆتاییدا، تا ئەوکاتەی تێگەیشتن لەسەر ئەم واقیعە عەینییانە نەیەنە ئاراوە و تێڕوانینێکی ئەرێنی بۆ دابینکردن و هاتنەدیی مافە یاساییەکانی نەتەوەکان دروست نەبێت، ناتوانرێت ئاسۆیەکی بەردەوام لە ئارامی، سەقامگیری و خۆشگوزەرانی بۆ ئایندەی ئێران وێنا بکرێت.

**فاتیمە عوسمانی:** ئایا لە غیابی بەشداریی بەکۆمەڵ لە پێکهاتەی وڵاتداری و بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتدا، دیسانەوە دەکرێ دێموکراسی ئەو هیوا و مانا ڕاستەقینەیە بەدەستەوە بدات؟



سەرچاوە
Serchawe

پووشپەڕی ٢٧٢٦


**حەسەن شەرەفی**: بێگومان دێموکراسی سیستمێکە هاوکات مافە گشتییەکانی کۆمەڵگە و مافە تاکەکەسییەکانی کەسەکان دەستەبەر دەکات. لە چوارچێوەیەکی وەهادا، ئەگەر بەشێکی گەورەی کۆمەڵگە، واتە نەتەوە جیاوازەکانی ئێران لە ناسنامەی خۆیان بێبەش بکرێن و داواکارییە ڕەواکانیان پشتگوێ بخرێت یان سووکایەتیی پێ بکرێت، هەرگیز گەشەپێدان و پێشکەوتن نایەتە دی. ئەم تێڕوانینە هەمیشە دەبێتە هۆی سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی ململانێی نێوان دەسەڵات و خەڵکی مافخواز؛ ململانێیەک کە ئەگەر وەڵامێکی لێبوردوانە و گونجاو وەرنەگرێت، سروشتییە کە دەبێتە هۆی کاردانەوەگەلێک کە سەقامگیری، ئارامی و خۆشگوزەرانیی وڵات تێکدەدەن.

**فاتیمە عوسمانی**: وەک پرسیاری کۆتایی و کۆبەندی باسەکەمان، پێتان وایە قبووڵکردنی فرەیی نەتەوەیی و دانپێدانان بە مافی نەتەوەکان لە ئێراندا، یارمەتیی بنیادنانی ئایندەی ئەم کۆمەڵگایە دەدات یان پشتگوێخستنی؟

**حەسەن شەرەفی**: بە لێکۆڵینەوە لە دۆخی وڵاتە جیاوازەکانی جیهان، چ کۆمەڵگە فرەنەتەوەکان و چ ئەو وڵاتانەی خاوەنی فرەیی نەتەوەیین لە نێو سنوورە جوگرافیاییە هاوبەشەکاندا، بۆمان دەردەکەوێت کە دەستەبەرکردن و دابینکردنی مافی نەتەوەکان، پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ هاتنەدیی دێموکراسیدا هەیە. ئەو سیستمانەی دێموکراسییان لە سەرجەم ڕەهەندەکانیدا بە فەرمی ناسیوە و لە کردەوەدا بە پرەنسیپەکانی وەفادار ماونەتەوە، لە بێستەری هەر جۆرە شەڕ، نائارامی و تۆمەتبەخشینێک تێپەڕیون. دەستکەوتی ئەم بەردەوامییە، پابەندبوون بە ئاشتی، گەشەپێدان و پێشکەوتنی بەردەوام، و ڕاکێشانی چەتری ئارامی بووە بەسەر سەرانسەری وڵاتدا.

١٥ی پووشپەڕی ٢٧٢٦

# شیوەسەڵیی کورد و فاوستی ئاڵمانی





**د. هاشم ئەحمەدزادە**

ئەم کورتە نووسینە بەراوردی ناوەڕۆکییانەی ڕەشەشەوی(١) حەسەنی شیوەسەڵییە لەگەڵ فاوستی ئاڵمانی. ڕەنگە لە یەکەم ڕوانیندا ئەم دوو مژارە بۆ بەراوردکردن دەست نەدەن. ئاخر فاوست ناوی کەسایەتییەکی ئوستورەیی/ئەفسانەییە و دواتر سەرەڕای ڕیشە ئاڵمانییەکەی، سنوورە نەتەوەییەکانی دەرباز کردووە و بە قەڵەمی کەڵە نووسەر و شاعیرانی جیهانی، بووەتە بابەتێکی گشتگیری مرۆیی و جیهانی. ڕەشەشەویش بیرەوەریی تازەبڵاوبووەوەی خەباتکارێکی کوردە کە هێشتا

سنوورەکانی زمانی کوردیی دەربـاز نەکـردووە. ڕەشەشەو کتێبێکە و فاوست کەسایەتییەک. بۆ هـاوتەرازکردنی ئەم بەراوردە دەکرێت نووسەری ڕەشەشەو و فاوست لەهەمبەر یەکتر دابنێین و بەراوردیـان بکەیـن. بۆ ئەم کـارە لە جیـاتی ڕەشەشەو دەکرێت ڕێک پاشناوی نووسەری ڕەشەشەو، شیوەسەڵی، و فاوست وەک دوو سووژە بخەیـنە بەر بـاس. بۆ ئەم کـارە ئـاوڕێکی خێرا لە فاوستی ئەفسانەیی و مێژوویـی و ئەدەبی دەدەمەوە و دواتـر بەخێراییش ئـاماژەیەک بە شیوەسەڵیی کورد دەکەم. بنەمای بەراوردەکە ڕێک ئەم خاڵەیە: فاوست لەم دنیـایە هەمـوو خواست و حەزێکی وەدی دەهینرێت، بەڵام شیوەسەڵی لەم دنیایە تەنانەت بینایی و دەستەکانیشی لێ دەستێندرێن و پلانیان ئەوەیە لە هەموو خۆشییەکانی ژیان بێبەشی بکەن.

فاوسـت ئەو کەسـایەتییە مێژوویـی و ئەفسـانەیی و ئوسـتورەییەیە کە سـەرەتا لە کۆتـاییەکـانی سـەدەی شـازدەهەمەوە بە قەڵەمی شاعیری گەورەی ئینگلیسی، کریستۆفەر مارڵۆ (١٥٩٣ - ١٥٦٤) لە جیهانی زارەکییەوە گواسترایەوە سەر کـاغەز و بە ناوی دکتۆر فاستوس ناوبـانگی دەرکرد(٢) دواتر وۆلفگانگ گۆتە (١٨٣٢ - ١٧٤٩) بە قەڵەمە سیحراوییەکەی خۆی ڕۆحێکی تـازەی وەبەر هێنا و کردییە هەوێنی گێڕانەوەیەکی سنووربەزێنی هەمـوو مرۆڤـایەتی. تومـاس مـان (١٩٥٥ - ١٨٧٥) و کلاس مان (١٩٤٩ - ١٩٠٦) هەمدیسان فاوستیان بەڕۆژ کـردووەتەوە و بە شێوازی جیـاواز ژیانـدوویانەتەوە و ئاراستەی خـوێنەرانی سەردەمی خۆیـانیان کردووە.(٣) هەڵـبەت هەر لە سەدەی حەڤدەهەمەوە، پێداگریی لەسـەر لایەنە جیاوازەکـانی کەسایەتیی فاوسـت کـراوە و، هەر کـام لە بەرهەمە هـونەری و ئەدەبییەکـان بە شـێوازێکی تـایبەت فاوسـتیان خەمڵانـدووە. ئەگەر بەرهەمەکـانی تومـاس مـانی بـاوک و کـلاس مـانی کـوڕ بە شێوازی گێـڕانەوەی ڕۆمـان بەم ئەرکە هەسـتاون و بەرهەمەکەی کریستۆفەر مارڵۆیش وەک تـراژێدیا پێناسە کراوە، ئەوە ئـافرێنـدراوە دووبەرگییەکەی گۆتە سنووری ژانرەکـانی بەزانـدووە و حەماسە و ئوستورە و تراژێـدیا و درامـا و شیعر، بەتێکڕایـی تێکهەڵکێشی ئەم شـاکارە بـوونە. فاوستی گۆتە هەمـوو ژانـرە ئەدەبییەکانی لە خۆیدا کۆ کردووەتەوە و گێڕانەوەیەکی ئـاڵمانی/ئەورووپیی کۆنی ژیانـدووەتەوە و کـردوویە بە دیـاردەیەکی مرۆیی و جیهانی بۆ هەموو وەرزەکان و هەموو سەردەمەکان و ڕەنگە بکرێ بگوترێت هەموو زەمەن و زمانەکان.

با ئاوڕێک لە نێوەڕۆکی فاوست بدەینەوە و بزانین چۆن دەکرێت شیوەسەڵیی کورد بنێـردرێتە گۆڕەپـانی بەراوردکـاریی لەگەڵ ئەو مرۆڤە ئەفسانەییە زەمەنبەزێنە. فاوست زانـایەکی سـەردەمی خۆیەتی و شەو و ڕۆژی لەسـەر یەک دانـاوە تـا لە ڕەمز و ڕازی بوون و ژیان بکۆڵێتەوە. لەو چوار نووسەرەی کە لە سەرەوە ئاماژەم پێداون و هەریەکەو بە شێوەیەک شوێنپێی فاوستی حەماسی هەڵدەگرن، چارەنووسی فاوست یـاخود دکتـۆر فاستوس بە چەنـد شیوە دەگێـڕدرێتەوە. ئەگەر لە بەرهەمی مـارڵۆ و گۆتەدا خودی فاوست لە چەقی گێرانەوەکەدایە، ئەوە لە ڕۆمانەکـانی تومـاس مـانی بـاوک و کلاس مـانی کوڕدا کـارتێکەریی ئەفسانەیی فاوستە کە دەبێتە ئیلهامبەخشی کاراکتەرە سەرەکییەکانی ئەو دوو ڕۆمانە. بە واتـایەکی دیکە شوێنپێی زەمەن و گوتـاری باوی سەردەم لە کاری هەر چوار نووسەرە ئافرێنەرەکەدا ڕەنگ دەداتەوە.

لە داهێنانەکەی مارڵۆدا دکتۆر فاستۆس لەبری وەدیهاتنی هەموو ئاوات و حەزەکانی بۆ ماوەی ٢٤ ساڵ، پەیمانێک لەگەڵ مێفیستفۆفێلس (شەیتان) دەبەستێت و ڕۆحی خۆی پێ دەفرۆشێت. کاتێک مۆڵەتە بیست و چوار ساڵییەکە تەواو دەبێت و دەمی ڕۆحکێشان دەگاتێ، دەمەقاڵەی دکتۆر فاستۆسی پەژیوان و شەیتانی سەرکەوتوو لەوپەڕی جوانیی ئەدەبیدا دەردەکەوێت. لە فاوستەکەی گۆتەدا هەمدیسان پەیمانێک لەنێوان فاوست و مێفیستۆفێلسدا بەستراوە. بەڵام ئەمجارەیان نێوەڕۆکی پەیمانەکە مۆرکی مرۆڤی سەردەمی مۆدێرنی پێوەیە. فاوستی زانا خەونی زاڵبوونی بەسەر زانستەکاندا هەیە و دەڵێت کە ئەو چرکەیەکیش لە هەوڵدان بۆ گەیشتن بە لووتکەکانی زانست ناوەستێت. بە واتایەکی دیکە ئەگەر فاوست لە هەوڵدان و تێکۆشان بوەستێت ئەوە گرێوەکە دەدۆڕێنێت. هەر چۆنێک بێت، ئاکامی پەیمانەکە دواجار دەبێتە سەرکەوتنی فاوست. ئاخر، ئەو لە تێکۆشان ناوەستێت و لە دەرفەتەکان کەڵک وەردەگرێت بۆ بەخۆداچوونەوە و ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی خۆی. بە گوێرەی پەیمانەکە مێفیستۆفێلس بەڵێن بە فاوست دەدات کە هەتا لە ژیاندایە لەم دنیایە لە خزمەتی دابێت و حەز و ئاواتەکانی بەتەواوی وەدی بێنێت و یارمەتیدەری بێت لە ئەزموونکردنی هەموو ئەو شتە ناوازانەی دەکرێت مرۆڤ بیریان لێ بکاتەوە. ئەو یارمەتیی فاوست دەدات بەسەر کۆسپەکانی سەر ڕێگەی ژیانیدا سەرکەوێت و لە سەروەت و خۆشگوزەرانیدا هیچ لەمپەرێکی لەسەر ڕێگەی نەهێڵێت. بەڵام لە ڕەوتی پێوەندییەکەیاندا فاوست ئەو کەسە نییە تەنێ بە خۆشییە ڕواڵەتییەکان دابمرکێت. ئەو دەبێتە ئەڤینداری مارگریت و بە دڵ عاشقی دەبێت و سەرەڕای دەسیسەکانی مێفیستۆفێلس بۆ هاندانی دژ بە خۆشەویستیی مارگریت، فاوست هەرگیز مارگریت لەبیر ناکات و تەنانەت شەوی پێش کوژرانی مارگریت دەچێتە لای و هەوڵ دەدات ئەڤینی خۆی پێ بسەلمێنێت و گەر بۆی بلوێت ڕزگاریشی بکات. ئەو کارەساتانەی بەسەر مارگریت هاتوون، وەک کوژرانی ڤالێنتینی برای، کوشتنی منداڵەکەی نێو زگی خۆی و دواجار حوکمدرانی خودی مارگریت بە هەڵواسین بە گوناهی کوشتنی منداڵەکەی نێو زگی خۆی، لایەنە تراژێدییەکانی گێڕانەوەکە بەهێزتر دەکەن و ڕەوتی گەشەی کەسایەتیی فاوست زیاتر دەخەملێنن. مارگریتیش هەرگیز فاوست لەبیر ناکات و لە دژوارترین چرکەکانی ژیانیدا ئاواتی بینینەوەی فاوستی لە دڵدایە. تەنانەت لە چرکەساتی مردنیشیدا، فاوست هان دەدات فریوی دەسیسەکانی مێفیستۆفێلس نەخوات و هەموو پێوەندییەکانی لەگەڵ ئەو مەوجودە بێزراوە بپچڕێنێت.

بەڵێنیی فاوستیش بە شەیتان ئەوەیە کە ئەگەر بێتوو ئەو بەتەواوی ڕازی بێت و لە هەوڵدان بکەوێت و بەشوێن شتی بەرزترەوە نەبێت و پێی وابێت بەوپەڕی ویستەکانی خۆی لەسەر عەرد گەیشتووە، ئەوە لە ڕاستیدا گەمەکەی بە شەیتان دۆڕاندووە و ئیتر تەسلیم دەبێت و ڕۆحەکەی دەبێت بە هی شەیتان. ئەمە لە کاتێکدایە لە دکتۆر فاستوسی کریستۆفەر مارڵۆدا بە تەواوبوونی ٢٤ ساڵەکە فاستوس بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕۆحەکەی دەبێتە هی شەیتان. لێرەدا جیاوازیی گوتاری باوی سەردەم لە بەرهەمەکانی مارلۆ و گۆتەدا خۆی نیشان دەدات. لە کۆتاییەکانی بەشی دووهەمی فاوستی گۆتەدا داخوازی و خەونەکانی فاوست لە ئاستی تاکەکەسیەوە دەگوێزرێنەوە بۆ ئاستی گشتی و جەماوەری. ئیتر فاوست خەون بە گەلی ئازاد

و بەرهەمهێنانی بەربڵاو و دەستەبەرکردنی شوێنی نیشتەجێبوون لە زەریاکانەوە دەبینێت. ئەم ئاواتانەش شتێک نین جگە لە نیشانەگەلی نەوەستانی ئەو لە هەوڵدان بۆ ویستی بەرزتر و پێگەی سەرووتر. لە ڕاستیدا فاوست هەرگیز لە تێکۆشان و گەڕان و بەرزەفڕی ناکەوێت و هەرگیز بەوەی هەیەتی ڕازی نابێت و هەر ئەوەش وا دەکات لە ساتەوەختی مەرگیدا فریشتەکان بێن و ڕۆحەکەی بەرەو ئاسمان ببەن و شکست بە شەیتان بهێنن.

شیوەسەڵیی کورد لەگەڵ تێکۆشان و نەسرەوتنی فاوستی گۆتەدا خزمایەتی هەیە. بەڵام شێوەسەڵیی کورد هەرگیز لەگەڵ شەیتان پەیمانی نەبەستووە کە لەبری وەدیهاتنی ئاواتەکانیدا ڕۆحی خۆی ڕادەستی ئەو بکات. ئەو هەرگیز بیری لەوە نەکردووەتەوە لەبری هەوڵ و تێکۆشانەکەی بە پاداشتی ماددی پاربوو بکرێت. بەپێچەوانەوە، ئەو هەر لە هەرەتیی لاوییەوە ڕووبەڕووی شەیتانی دەسەڵات و دەسەلاتی شەیتان وەستاوەتەوە و خەونی ڕزگاری و سەروەریی گەلەکەی بینیوە. ئەو نەک لەگەڵ شەیتان، بەڵکو لەگەڵ گەلەکەی پەیمانی بەستووە. ئەو نەک بۆ وەدیهێنانی حەز و ویستە تاکەکەسییەکانی خۆی، بەڵکوو بۆ ئازادیی و بژێوی مرۆڤانەی گەلەکەی، پەیمانی بەستووە. ئەو بەڵێنیی داوە لەو ڕێگە سەخت و دژوارەدا سەر بنێتەوە و گەلەکەی ڕزگار بکات. بەڵام کە شەیتانی دەسەڵات ئاگاداری خەون و بڕیاری بەباوەڕی شیوەسەڵی دەبێت، قۆڵی لێ هەڵ دەماڵێت کە نەهێڵێت بە ئاواتەکانی بگات. بۆ ئەم مەبەستەش داوی مەرگی بۆ دەنێتەوە و نەخشەی لەنێوبردنی بۆ دەکێشێتەوە.

ئێستا کاتی گەیشتنی ڕۆژە ڕەشەکەی وەدیهاتنی پیلانی شەیتانە کە شیوەسەڵیی کوردان بخاتە نێو داوی مەرگی خۆیەوە. ئەگەر خەڵکانێکی دیکەن کە بەسەرهاتی فاوست دەگێڕنەوە، ئەوە شیوەسەڵییەکەی کورد بۆ خۆی، لەو پەڕی جوانیدا دیمەنی مەرگەساتی خۆی دەگێڕێتەوە. میوانە ئاشناکانی ئەو ڕۆژەی، چ دێوەزمەگەلێکن. ئەوان لە متمانە و باوەڕی شیوەسەڵی کەڵکی خراپیان وەرگرتووە و بوونەتە چاوساغی شەیتان بۆ هێنانی دانچەرموو. شیوەسەڵی ویستوویە دانچەرموو بخوێنێتەوە و هاریی و نارەسەنایەتیی مرۆڤگەلێک ئەزموون بکات کە دانچەرموو لە دڕندایەتیدا هەرگیز تۆزیان ناشکێنێت. دانچەرموو لەبەر پەنجەرەکەیە. کابرایەک لەولاتر دانیشتووە و چاوەڕوانە شیوەسەڵی کارێکی بۆ ڕاست بێنێت و گرفتێکی بۆ چارەسەر بکات. باشە ئەو دانچەرموویە بۆ هێندە قورسە؟ بۆ هێندە قەبەیە؟ بۆ دەبێ شیوەسەڵیی بۆخۆی پاکەتەکە بکاتەوە؟ خۆ جارەکانی دیکە ئەزموون پێی گوتبوو هەر پاکەتێکی بۆ دێت، دەبێ هێنەرەکەی هەڵی بپچڕێت. بەڵام شیوەسەڵی ئەمجارەیان کەمتەرخەمی دەکات. سیلەیەکی چاوی لە کابرای گۆشەی هۆدەکەیە کە دەستی لە گیرفانی دایە و چاوی بڕیوەتە شیوەسەڵییەوە. ئەو دەستانەی دواجار بەرەو پاکەتەکە دەچن و هەست بە قورساییەکەی دەکەن و ئەو چاوانەی دواجار سەیری پیاوەکەی گۆشەی هۆدەکە دەکەن و ئەو تەقینەوە ترسناکەی دەبێتە قیامەت و مەحشەری شیوەسەڵی و ئەم بیگبانگەی ئیتر دنیا دەکاتە دوو سەردەم: سەردەمی پێش تەقینەوەکە و سەردەمی دوای تەقینەوەکە. سەردەمی

ڕووناکی و سەردەمی تاریکی.

ئێستا کە دانچەرموو لە دەستەکانی شیوەسەڵیدا تەقیوەتەوە و تاریکی باڵی بەسەر بووندا کێشاوە و ڕەنگە کەس لە دەوروبەریدا نەمابێت و دوژمن گەمارۆی دابێت، شیوەسەڵی دەیەوێت بە دەمانچەکەی سەر کەلەکەی چەپی، دوافیشەک لە مێشکی خۆی بدات و بە زیندوویی نەکەوێتە دەستی دوژمنەوە. بەڵام هەیهات، کوانێ دەمانچەکە؟! یا بە دەستەکەی دیکەی ئەم ئەرکە ڕاپەڕێنێت، بەڵام هەیهات کوا دەمانچەکە؟! کە بینایی نەمابێت، لەو تاریکەسەلاتەدا هەستەکان ڕێنوێنتن. ئەو دەستانەی هەمیشە درێژ دەکران و جیهانیان پێ لەمس دەکران، ئێستا ئیتر نەماون. ئەو چاوانەی لەگەڵ ڕۆژ ڕەکابەرییان دەکرد، ئێستا ئیتر نەماون. ئەو گەرووەی زەمانێک پەیڤی دەپرژاند ئێستا گیراوە و پێش بە هەناسەشی دەگرێت. ئەو کەسە نزیکانەی بە سەرسامییەوە لێیان دەڕوانی و شەیدای قەدوباڵای بوون و چاویان لە دەمی ئەو بوو گوڵ ببارێنێت و ئەوان بۆنی پێوە بکەن، ئێستا کوان، لە کوێن؟ ئەو ناتوانێت هاوار بکات، یان ڕەنگە کەس نەمابێت گوێی لە دەنگی بێت؟ وای لەو ڕەشەڕۆژە و لەو چارەنووسە کە دەستت هاوڕێیت نەکات دوافیشەکی دەمانچەکەت ئاراستەی مێشکت بکەیت! شیوەسەڵی، بەڵێنیی بەخۆی دابوو هەرگیز بەزیندوویی نەکەوێتە بەردەستی دوژمنەکەی. بەڵام ئێستا چۆن ئەو بەڵێنییە وەدی بێنێت؟ کاتێ ئەندامانی لەش چیتر لەژێر فەرمانی مێشکدا نین، چۆن ئەم ئەرکە ڕادەپەڕێندرێت؟ ئەی هاوار، کەسێک لە هانای بێت و نیشانی بدات چارە چییە. دەبێ ڕابێیت! تاوێکی دیکە هاوڕێیانت، گەر مابن، دێن و لەسەر دارمەیتێک دەتگوێزنەوە بۆ هەناوی ئەو خاکەی لێیەوە هاتووی و ئێستا گیانت لەپێناویدا بەخت کردووە. ئەودەم بۆ هەمیشە ئارام دەگری و کۆتایی بەو ئێشە ئەبەدییەت دێت کە ئازاری داوی و لەو کۆتا چرکەکانی ژیانتدا ئۆقرەی لێبڕیوی.

تۆ ئەو فاوستەی کە هیچ مێفیستۆفێلسێک بەڵێنیی پاداشتی سەر عەردی پێ نەدابووی. تۆ بە زامەوە ژیای، زیندانیت کێشا، مەلەت کرد، تەقەت کرد، سێرەت لە دوژمنانی گەل گرت و سزات دان. تۆ بە شەوان و ڕۆژان خاکی وەلاتەکەت گەڕای و چاوت بڕییە دیمەنەکانی. تۆ بە تەنیا لەهەمبەر هێزێکی پۆشتەی دوژمندا وەستایت و حەماسەت خوڵقاند. تۆ قۆز و ڕاوەستاو و سەربەرزانە هەنگاوت نایەوە و ئاخافتی. تۆ خەونت بینی گەلەکەت بە بەختیاری ببینی. ئێستا دوژمن زەفەری پێ بردووی و لە ڕێی ناسیاوەکانتەوە بینایی و قۆڵەکانتی لێ ئەستاندووی. بەڵام خۆ ئەمە لای تۆ زۆر نامۆ نەبوو. تۆ ئەمەت پێشبینی کردبوو. ئەمە لە پەیمانی نەنووسراوی تۆ و گەلەکەتدا هاتبوو. تۆ گیانت بۆ ئەم گەمەیە دانابوو. ئیتر بەزوویی کۆتایی بە هەموو شتێک دێت و تۆ دەچییە خەوی ئەبەدییەوە. هیچ نەبێت لەو ئازارە کوشەندەیە ڕزگاریت دەبێت. یانی تەواو؟ هەموو شتێک کۆتایی هات؟ لەو بێکۆتا ڕەشەڕۆژەدا هەزاران فکر و خەیاڵ بە داڵانە تەسک و بێکۆتاییەکانی زەینی شیوەسەڵیدا دێن و دەڕۆن، دەخوشن و ئاوا دەبن، دەتروسکێن و دەکوژێنەوە. ئای لەو زەینە ئاڵۆز و سەوداسەر و پڕ لە جەنجاڵە! یانی هەموو شت کۆتایی هات؟ یانی پەیمانی شیوەسەڵی و گەڵ کۆتایی هات؟ شیوەسەڵی، بینایی دانا،

دەستەکانی دانا، ئەدی لایەنی دیکەی پەیمانەکە هیچ ناکات؟

ئەو کاتەی دکتۆر فاستوسی مارلۆ خەریکی نووزانەوە و پاڕانەوەیە لە دەرباری شەیتاندا و باوەڕ ناکات هەموو خۆشییەکان ئاوا زوو کۆتاییان هاتبێت، شیوەسەڵیی کورد بەردەوامە لەسەر بەربەرەکانیی شەیتانی کورد و ئازارەکان پێش بە خەونەکانی ناگرن. ئەو کاتەی فاوستی گۆتە لە دوا چرکەساتی ژیانیدا لەگەڵ مێفیستۆفێلس مشتومڕێتی و ئەو ئانوساتە گەیشتووە کە ڕۆحی ببێتە ملکەچی شەیتان، فریشتەکان دێن و هەڵی دەکێشن بۆ ئاسمانی بەربەرینی ئەبەدییەت. ئەدی شیوەسەڵیی کورد چی بەسەر دێت؟ ئەدی فریشتە فریادڕەسەکانی شیوەسەڵیی کورد چی دەکەن و چۆن دەهانایەوە دێن؟ ئەدی گەڵ چۆن پاداشتی ئەو دەداتەوە؟ ڕەوتەکە چەند پێچەوانەیە! فاوست هەموو ئاوات و خواستەکانی لەم دنیایە وەدی هاتوون و ئێستا دەبێ شەیتان تۆڵەی لێ بکاتەوە. شیوەسەڵی لەم دنیایە بە ناجوامێرانەترین شێواز سزا دراوە و ئێستا کە لە بینایی و دەستەکانی بێبەش کراوە، چ ڕوو دەدات؟ ئێستا کێ برینەکانی سارێژ دەکات و کێ بەڵێنیی بەردەوامیی یارانی بۆ وەدیهاتنی ئامانجەکانی پێ ڕادەگەیەنێت؟ هاوڕێیانی دەیگەنێ. گەل فرمێسکی بۆ هەڵ دەوەرێنێت. هەواڵی تەقینەوەی دانچەرمەوو بە هەموو گۆشە و کەناری وەڵاتدا بڵاو دەبێتەوە. قاقای سەرمەستانەی شەیتان تا بەرزایی ئاسمانان هەڵ دەکشێت. ڕووباری سریشکی گریانی گەڵ خوشەی دێت. شیوەسەڵی دواجار لە وڵاتی هوگۆ و باڵزاک و زۆلا و بوتۆری وەگێڕدا دەرمان دەکرێت. ئەو بەسەر شەیتانی دەسەڵاتدا سەر دەکەوێت. کوا نابینایی و بێباڵیی فیزیکی، دەتوانن پێش بە فڕینی مەزنەمرۆڤەکەی کورد بگرن؟

فریشتەکانیش وەخۆ دەکەون. نوێنەرێکی خۆیان دەنێرن تا بۆ هەمیشە یارمەتیدەری بێت بۆ زاڵبوونی بەسەر دژوارییەکانی لە تاقەتبەدەری ژیاندا. فریشتە کلسووم دەبێتە دەست و چاوی شیوەسەڵیی کورد و باغی ژیانی بە چوار شیوەسەڵیی دیکە ئاوەدانتر دەکاتەوە. گەل شیوەسەڵیی دەکاتە میوانی دڵ و هزری خۆی. گوێ لە گێڕانەوەکەی دەگرێت. 'من'ی بەرزەفڕ و سەرکێشی شیوەسەڵی مل نادات. ئەوان خەیاڵیان خاوە پێیان وابێت توانیویانە شیوەسەڵیی کورد بەچۆک دابێنن. ئەو ڕێگەی تاراوگە دەگرێتە بەر. لە باکووریترین وڵاتی ئەم جیهانەدا دەگیرسێتەوە و لە کۆنترین زانکۆی ئەم جەمسەری باکوورەدا مل لەبەر خوێندن دەنێت. ئینگلیسی دەخوێنێت. دیسانەوە پەیمان لەگەڵ گەلەکەی نوێ دەکاتەوە. ئەو خەیاڵی تەسلیمبوونی نییە. ژیان و بەرخۆدان درێژەیان هەیە. ئەمیان ئەوە و ئەویان ئەمە. ئەو دەبێتە مارکێزی کوردان و دەژیت کە بگێڕێتەوە. با دەستیشی نەبێت و نابینایش بێت. دڵە گەورەکەی و گەرووە ژێدارەکەی دەبنە ئامێری بڵاوکردنەوەی هیوا و گواستنەوەی حەماسەی بەڵێنی و ژیانەکەی.

بەڵام لایەنێکی پەیمانەکە هێشتا قەرزداری شیوەسەڵییە. ئەگەر هۆگرانی فاوست سەدان ساڵە هەر پاداشتی دەدەنەوە و بە

سەمفۆنیا و فیلم و شانۆ و دراما و تراژێدیا و ڕۆمان و شیعر دەیـژێننەوە، گەلـی شیوەسـەڵییش دەبـێ بیـر لەوە بكـاتەوە لە گۆڕەپـانی باژێڕەكـانی كوردسـتاندا پەیكەری بـۆ سـاز بكـات كە بـڕوانێتە بەرزاییەكـانی ئـاویەری سنە و ئاربابـای بـانە و داشامەجیدی مەهاباد و دمدمی ورمێ و شاهۆی كرماشـان و تەرەغەی بۆكـان و كوێسـتانی قەنـدیلی سەردەشت و كێلێـی شنۆ و قەرەداغی سندووس. دەبێ ژیانی شیوەسەڵی ببێتە بابەتی سەدان گێڕانەوەی نـوێ، دەبـێ سـەدان فیلم تەرخـانی گێـڕانەوە و نیشـاندانی بەسـەرهاتی شیوەسـەڵی بكـرێن. ئیتـر شیوەسـەڵی، بەمجـۆرە دەبێـتە سیمای جـوانی و هەرمـانیی دەنگ و هێمـای بەرخۆدانی خۆنەویستانە و سیمبۆلی ژیـانی ژانداری كوردانە.

***

١- شیوەسەڵی، حەسەن، ڕەشەشەو و سەربازانی ون، ستۆكهۆڵم: ئەرزان، ٢٠٢٥.
٢- دكتۆر فاستوسی كریستۆفەر مارڵۆ لە كۆتا دەیەی سەدەی شازدەهەمدا نووسراوە و سـاڵی ١٦٠٤، یـازدە سـاڵ دوای مردنـی مارڵۆ بۆ یەكەم جار چاپ و بڵاو دەكرێتەوە.
٣- بۆ زانیارییەكانی لە بارەی فاوستەوە، كەڵكەم لەو سەرچاوانەی خوارەوە وەرگرتووە:

- Marlowe, Christopher, The Tragical History of Doctor Faustus: A Critical Edition of the 1604 Version, Edited by Michael Keefer, Peterborough: Broadview Press, 2007.
- Sharpe Lesley (ed.) The Cambridge Companion to Goethe, Cambridge: Cambridge University Press, 2006.
- Butler, Elizabeth M. The Fortunes of Faust. London: Sidgwick & Jackson, 1952.
- Goethe, Johann Wolfgang von. Faust: A Dramatic Poem, Translated into English verse by Sir Theodore Martin, 8th ed. Edinburgh and London: William Blackwood and Sons, 1886.

١٥ی پووشپەڕی ٢٧٢٦



سەرچاوە Serchawe

## دەستبەسەرداگرتنی دارایی و موڵک و ماڵی نەیارانی سیاسی؛ بۆچی و بە چ ئامانجێک؟






**کاوە ئاهەنگەری**

دەستبەسەرداگرتنی دارایی و موڵک و ماڵی زیندانیانی سیاسی و چالاکانی نەیاری دەسەڵات، لە کاتی دامەزرانی ڕێژیمی سیاسیی کۆماری ئیسلامییەوە لە لایەن خومەینییەوە پەیڕەو کراوە. خومەینی بە دەرکردنی حوکمی تایبەت بۆ دادوەرانی دادگا نادادپەروەرەکانی ڕێژیمەکەی، دەستی ئەوانی لە گرتن، لەسێدارەدان و دەستبەسەرداگرتنی موڵک و ماڵی نەیارانی حکوومەتەکەی واڵا کردبوو؛ بەتایبەت ئەوانەی لە دەرەوەی ئێران نیشتەجێن.

هەر لە سەرەتای دامەزرانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە دەسەڵات بە پشتبەستن بە تۆمەتگەلێکی وەک «هەوڵدان دژی ئەمنییەتی وڵات»، «هاوکاری لەگەڵ وڵاتە نەیارەکان»، «سیخوڕی» یان «پاوانکردنی ماڵی ناشەرعی» داگیرکارییەکانی پاساو داوەتەوە؛ بەڵام ڕەخنەگران و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ هۆکاری دیکەش دەخەنە ڕوو. لەوەش گرنگتر، ئەم جۆرە تۆمەتانە لە هەمبەر دەستبەسەرداگرتنی موڵک و ماڵی چالاکانی سیاسی و خەڵکی جیابیر و دژبەری سیاسیدا ڕاست نین؛ بەڵگەش نەک هەڵکشان بەڵکوو تەقینەوەی دزی, گەندەڵی و بەتاڵانبردنی سەروەت و سامانی خەڵکی ئێرانە لە لایەن مۆرە و باندە مافیاییەکانی نێوخۆی کۆماری ئیسلامییەوە، لەپاڵ هاتوچۆی ئازادانە و بەرزبوونەوەی پلە و پێگەی نیزامی و سیاسی و ئیداریی هەموو گەندەڵکارەکان لە سیستمی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا.

## ئێستا با بزانین گرنگترین هۆکارەکانی پشت ئەم ڕەفتارە قێزەونەی دەسەڵات لەمەڕ "دەستبەسەرداگرتنی موڵک و ماڵی" نەیارانی سیاسی چین:

١- **یەکەمین هۆکاری** دەستبەسەرداگرتنی موڵک و ماڵی چالاکان و جیابیرانی سیاسی و نەیارانی ڕێژیم، دەکرێ "سەپاندنی تێچووی قورستری چالاکیی سیاسی و بەرهەڵستکاری لەسەر نەیارانی سیاسی" بێت. حکوومەتەکان تەنیا بە زیندانیکردن یان سزادانی کەسەکە واز ناهێنن؛ بەڵکوو لە ڕێگەی دەستبەسەرداگرتنی سامانەکەیەوە، هەوڵ دەدەن تێچووی چالاکیی سیاسی بۆ کەسەکە و دەوروبەرییەکانی زۆر قورس بکەن. لە دۆخێکی لەو چەشنەدا ڕەنگە کەسانی دیکەش لە ترسی لەدەستدانی داراییەکانیان لە چالاکیی سیاسی دوور بکەونەوە. بەتایبەت لە ئێستادا و لە کاتێکدا بژێوی و دۆخی ئابووریی خەڵک لەوپەڕی خراپیدایە و زۆربەی خەڵک بۆ بەڕێکردنی ژیان و دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانی ڕۆژانەیان داماون، زیادکردنی باری دارایی لەسەر شانی خەڵک یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی دەستبەسەرداگرتنی موڵک و ماڵی نەیارانی سیاسییە.

٢- **دووەم هۆکار** «خولقاندنی هۆکاری ڕێگریکەر و کەشێکی پڕ لە ترس»، بەتایبەت بۆ ئەو کەسانەیە بەرپرسیارێتیی دابینکردنی بژێویی خێزانەکەیان لەسەر شانە. بەرپرسانی دەزگای دادی ڕێژیم لە هەندێک حاڵەتدا بە ڕاشکاوی ڕایانگەیاندووە دەستبەسەرداگرتنی داراییەکان لایەنێکی «ڕێگریکەر»ی هەیە؛ واتە ئامانجەکە ئەوەیە ئەوانی دی بزانن دژایەتیکردنی حکوومەت، جیا لە سزای سێدارە و بەندیخانە، دەرهاویشتەی داراییشی لێ دەکەوێتەوە. ئێستا باوکێک یان دایکێک بهێننە پێش چاوی خۆتان کە ئەرکی دابینکردنی بژێویی خێزانێکی لەسەر شانە، ئاخۆ ترسی دەستبەسەرداگرتنی موڵک و ماڵەکەی، ناتوانێ ببێتە کۆسپێک لە بەردەم ڕێڕەوی چالاکی و خەباتی ئەو دایک و باوکە لە دژی ڕێژێمدا؟

٣- **سێیەمین هۆکار** «خستنەژێر گوشاری بنەماڵە و ڕایەڵەی کۆمەڵایەتیی نەیاران»ە. زۆر جار دەستبەسەرداگرتنی دارایی

تەنیا کاریگەری لەسەر کەسی زیندانی خۆی دانانێت، بەڵکوو بنەماڵە، هاوژین، منداڵان یان هاوبەشە ئابوورییەکانیشی لێی زەرەرمەند دەبن. بە دەربڕینێکی دیکە، ئەم جۆرە سزادانە نەک هەر سزادانی ڕاستەوخۆی کەسی زیندانی و بنەماڵەکەی، بەڵکوو جۆرێک لە «سزای بەکۆمەڵ»ە و ڕێژیم لەم ڕێگەیەوە سەرجەم ئەو کەسانە سزا دەدات کە بە جۆرێک لە جۆرەکان لە ڕووی بژێوی، دارایی یان سۆزدارییەوە گرێدراوی کەسە زیندانییەکەن.

٤- **چوارەم هۆکار** «لاوازکردنی توانای دارایی ئۆپۆزسیۆن یان نەیارانی حکوومەت»ە. هەر ڕەوتێکی سیاسی بۆ چالاکیی میدیایی، یاسایی یان ڕێکخراوەیی پێویستی بە سەرچاوەی دارایی هەیە. بۆیە دەستبەسەرداگرتنی موڵک و ماڵ ئامرازێکە بۆ سنووردارکردنی توانای ئابووریی نەیاران و کەمکردنەوەی توانای ڕێکخستنیان. ئەگەر کەسە زیندانییەکە خاوەنی کۆمپانیا، کارخانە یان کارگەیەک بێت کە سەرچاوەی دابینکردنی سەرمایە بۆ چالاکییە سیاسییەکانی بێت، بێگومان دەستبەسەرداگرتنی ئەو داراییانە دەکرێ تۆڕی بەهێزکردن و تواناسازیی کەسی نەیاری ڕێژیم لاواز بکات یان بە یەکجاری پەکی بخات.

٥- **پێنجەم هۆکار** بۆ لایەنی سیاسی - دەروونیی ئەم کارە، واتە "نیشاندانی هێز و کۆنترۆڵکردن بە کردەوە لەبەردەم چاوی گشتی"دا دەگەڕێتەوە. لەو قۆناغانەی حکوومەت ڕووبەڕووی قەیرانی ئەمنی, شەڕ یان ناڕەزایەتیی نێوخۆیی دەبێتەوە، ڕێکاری توندوتیژانەی پتر دەگرێتە بەر، بۆ ئەوەی پەیامێکی ڕوون لەسەر توانا و دەسەڵاتی خۆی لە کۆنترۆڵکردنی دۆخەکەدا بە دژبەرانی بدات.

لە ڕوانگەی مافی مرۆڤەوە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان پێیان وایە دەستبەسەرداگرتنی موڵک و ماڵ دەبێ بە بڕیاری یاسا و تەنیا دوای دادگاییکردنێکی ئاشکرا، دادپەروەرانە، و ڕەخساندنی دەرفەتی تەواوی بەرگریکردن بۆ تۆمەتبارەکە جێبەجێ بکرێت؛ بە پێچەوانە وەک ئامرازێک بۆ سەرکوتی سیاسی دەبیندرێت. بەڵام حکوومەتی ئێران ئەم ڕێکارانە بە بەشێک لە بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشە ئەمنییەتییەکان لەقەڵەم دەدات. لە لایەکی دیکەشەوە، بەشێکی بەرچاو لە دەستبەسەرداگرتنی موڵک و ماڵی نەیارانی ڕێژیم لە کاتێکدا کراوە کە خاوەنەکەی یان دژبەرە سیاسییەکەی لە ئێراندا نەژیاوە یان ناژیت.

بە پوختی حکوومەت بەگشتی پاساوی ئەمنییەتیی بۆ ئەو داگیرکارییانەی هەیە، بەڵام ڕەخنەگران لەو بڕوایەدان ئامانجگەلێکی وەک ڕێگریکردن، خولقاندنی ترس، خستنەژێر گوشاری نەیاران و سنووردارکردنی توانای دارایی ئۆپۆزسیۆن لە پشت ئەم سیاسەتەن.

١٦ی پووشپەڕی ٢٧٢٦

# تێکۆشانی پێشمەرگانە، لووتکەی هەرە بەرزی کار و خەباتی سیاسییە لە کوردستاندا





**برایم لاجانی**

یاد و بیرەوەریی شەهیدان لە کولتووری سیاسیی کوردستان و حیزبی دێموکراتدا، تەنیا بۆنەیەکی خەمناک و ڕێوڕەسمی سەرخۆشی نییە، بەڵکوو دەرفەتێکە بۆ نیشاندانی وشیاریی سیاسی، هەستکردن بە بەرپرسیارێتیی و پەیمانتنوێکردنەوە لەگەڵ ئەو ئامانجانەی کە تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی، ژیانی خۆیان بۆ تەرخان کردووە.

شەهیدبوونی شەش پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕێکەوتی ١٠ی پووشپەڕدا، لە ئاوایی قیسقەپانی نزیک پیرانشار (کارۆ هورمزیار، فەردین چەنگیزی، محەمەد خاکی، عەبدوڵڵا محەمەدپوور، توانا عوسمانی و محەمەد ئەمین بایەزیدی)، جارێکی دیکە ئەو ڕاستییەی سەلماندەوە کە تێکۆشانی پێشمەرگانە لە پێناوی مافە ڕەواکانی نەتەوەدا تا چەندە سەخت و پڕ قوربانییە.

ئەو شەهیدانە و سەرجەم ئەو تێکۆشەرانەی دیکەش کە لەم دواییانەدا لە کرماشان، مەهاباد، زیندانەکان و کەمپەکانی باشووری کوردستان گیانیان بەخت کردووە، بێگانە نەبوون و لە دەرەوە نەهاتبوون. ئەوان بەشێک نەبوون لە هیچ پرۆژەیەکی دەرەکی و ژئۆپۆلیتیکی، بەڵکوو ڕۆڵەی ڕەسەنی ئەو خەڵکە بوون کە دەیان ساڵە لەژێر سێبەری بێعەدالەتی، هەڵاواردن، سەرکوت و سیاسەتی ئەمنییەتیدا دەژین.

سەرجەم ئەم ڕووداوە تاڵانە دەردەخەن کە کۆماری ئیسلامیی ئێران، لەبری پەنابردن بۆ گفتوگۆ و چارەسەری بنەڕەتیی کێشەکان، هێشتا سیاسەتی سەرکوت و زەبروزەنگ و ئینکار وەک تاقە بەرنامەی خۆی بەرانبەر بە پرسی کورد بەکاردهێنێت. دەزگا ئەمنییەتییەکان هەوڵ دەدەن بە ڕیوایەتی هەڵبەستراو ڕاستییەکان چەواشە بکەن، بەڵام جەوهەری ڕاستییەکە شتێکی دیکەیە.

مەئمووریيەتی ئەو پێشمەرگانە بریتی نەبووە لە دەستوەشاندن و پەلاماری سەربازی بۆ سەر هێزەکانی کۆماری ئیسلامی. وەک چۆن ڕێبەریی حیزبی دێموکرات (بەڕێزان مستەفا هیجری و حەسەن شەرەفی) بە ڕوونی ئاماژەیان پێداوە، ئەرکی ئەم پۆلە پێشمەرگەیە کاری سیاسی، تەشکیلاتی، تەبلیغی و نوێکردنەوەی پێوەندیی مێژوویی نێوان حیزب و خەڵک بووە لە شار و گوندەکاندا.

ئەوان لە ناو خەڵک بوون بۆ ئەوەی حزووری سیاسیی حیزب نیشان بدەن و بەرگری لە مافی ڕەوای نەتەوەکەیان بکەن. ئەو پێشمەرگانە ڕۆڵەی هەمان ئەو ناوچانی بوون (شیناوێ، کەڵەکین، دەڵاوان، کۆنەلاجان، قەمتەرێ، قیسقەپان، قەڵاتەڕەش، بەلەبان، لاجان، بەربنە و نەڵێن و بەری مێرگان). خەڵکیش نەک وەک هێزێکی بێگانە، بەڵکوو وەک ڕۆڵەی خۆیان پێشوازییان لێکردوون و دڵسۆزانە دەردەدڵ و پێشنیارەکانیان لەگەڵدا باسکردوون.

لێرەدا وتەیەکی دروستی دوکتۆر قاسملوو دێتەوە یاد کە دەڵێت: «لە جێگەیەک کە ئازادییە دێموکراتییەکان قەدەغەن، تێکۆشانی سیاسی تەنیا لە شکڵی خەباتگێڕانەی پێشمەرگانەدا مومکینە و لە وەزعی ئێستای کوردستاندا، لووتکەی هەرە

بەرزی خەباتی سیاسی، تێکۆشانی پێشمەرگانەیە». پێشمەرگە لە فەرهەنگی حیزبی دێموکراتدا تەنیا چەکدارێک نییە، بەڵکوو ڕەمزی دیسپلین، بەرپرسیارێتی، فیداکاری و ئاڵاهەڵگری خەباتی نەتەوەیە.

حزووری پێشمەرگە لە ناو خەڵکدا سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیەکە کە بزووتنەوەی کوردستان فاکتەرێکی سەربەخۆ و ڕیشەدارە؛ ئاکامی شەڕی وڵاتان یان کێشە ژئۆپۆلیتیکییەکان نییە. ئەم بزووتنەوەیە لە دڵی زیاتر لە سەد ساڵ ئینکار و هەڵاواردنەوە سەری هەڵداوە و داوای دێموکراتیزەکردنی ئێران و دابینکردنی مافە نەتەوەیی و کولتوورییەکانی کوردستان دەکات لە چوارچێوەی ئێرانێکی ئازاددا.

پوختەیی و باڵغبوونی سیاسیی بزووتنەوەی کورد لەم دواییانەدا بە ڕوونی دەرکەوت؛ کاتێک لە کاتی "شەڕی دوازدە ڕۆژە و چل ڕۆژە"ی ناوچەکەدا، بەپێچەوانەی هەندێک هێزی ناوەندگەرا کە ئاڵای وڵاتانی بێگانەیان (وەک ئیسرائیل و ئەمریکا) بەرز دەکردەوە، کورد هیچ کارێکی لەو شێوەیەی نەکرد. حیزبی دێموکرات هەمیشە بڕوای وابووە کە پرسی کورد پرسێکی ناوخۆیی و سیاسییە و دەبێت لە ناوخۆی ئێراندا چارەسەر بکرێت.

ئەمە سوننەتێکی مێژووییە؛ تەنانەت لە کۆتاییەکانی شەڕی ئێران و عێراقیشدا، کاتێک سوپای عێراق هێرشی کردە سەر ناوچە سنوورییەکانی وڵات، بۆ نموونە پیرانشار و سوپای ئێران پاشەکشەی کرد، ڕێبەریی حیزبی دێموکرات فەرمانی دا کە پێشمەرگە بە هیچ شێوەیەک بەشداری لەو پەلامارانەدا ناکات. ئەم هەڵوێستە نیشتمانییە وای لە فەرماندەی ئەوکاتی لەشکری ٦٤ی ورمێ کرد کە لە دیدار لەگەڵ بەرپرسی شۆڕای شاری پیرانشاردا، ددان بە ڕەسەنایەتی و نیشتمانیبوونی حیزبی دێموکرات و هێزی پێشمەرگەدا بنێت.

نەتەوەی کورد لە کاتی قەیرانەکانیشدا ئەخلاقی بەرزی ئینسانیی خۆی سەلماندووە. بینیمان چۆن لە کاتی بۆردومانەکاندا، لە شەڕی چل ڕۆژەی ئەم دواییانەدا، کاتێک سەربازانی کۆماری ئیسلامی پایەگاکانیان بەجێدەهێشت و پەنایان بۆ گوندەکان دەبرد، ژنان و پیر و لاوی کورد - سەرەڕای برینی سارێژنەبووی سەرکوتەکان - نانیان پێدان و پارەیان بۆ کۆکردنەوە تا بگەڕێنەوە لای خێزانەکانیان. ئەمە نیشان دەدات کە خەباتی کورد لە ڕق و تۆڵەوە سەرچاوەی نەگرتووە.

کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئامادەن لەگەڵ دوژمنە ئایدیۆلۆژییەکانی خۆیان لە دەرەوە (بە قەولی خۆیان "شەیتانی گەورە") دانوستان بکەن، بەڵام لە گفتوگۆ لەگەڵ خەڵکی ئێران و کوردستان دەترسن و بە کەمین و چەکی قورس وەڵامی

ڕۆڵەکانی نەتەوە دەدەنەوە.

ئەگەرچی بەرپرسانی وەک پزیشکیان لە سەردانەکانیاندا بۆ کوردستان بەڵێنی نەهێشتنی هەڵاواردن و لابردنی تێڕوانینی ئەمنییەتی دەدەن، بەڵام واقیعەکە شتێکی دیکەیە. خەڵکی کوردستان دەپرسن: ئەگەر بڕیارە کوردستان لەژێر زەرەبینی ئەمنییەتیدا بێتە دەرەوە، بۆچی هێشتا سوپای پاسداران ڕێگاکان کۆنترۆڵ دەکات و ڕۆڵەکانی نەتەوە بەردەوام ڕووبەڕووی گرتن، سێدارە و تۆقاندن دەبنەوە؟

هیچ سەقامگیرییەک بەبێ ڕەزامەندیی خەڵک دروست نابێت. قەیرانی ڕاستەقینەی ڕێژیم تەنیا سزای ئابووری یان مەلەفی ئەتۆمی نییە، بەڵکوو قەیرانی نەبوونی مەشرووعییەت و بێمتمانەیی خەڵکە. ڕێگای چارەسەر ڕوونە: کۆتایی هێنان بە میلیتاریزم، بەڕەسمی ناسینی مافە دێموکراتییەکان و دەستپێکردنی دیالۆگ لەگەڵ نوێنەرانی نەتەوەکانی ئێران. پێدانی ئەم مافانە "ئیمتیاز" نییە، بەڵکوو مافێکی سروشتییە.

شەهیدانی قیسقەپان و سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ئازادی، تەنیا قوربانیی دەستی سەرکوت نین؛ ئەوان هەڵگری پەیامی ئازادیخوازی، ئاشتیخوازی و دیفاع لە کەرامەتی ئینسانین. لە سەردەمێکدا کە ڕێژیم دەیەوێت سیاسەت بێنەوەرۆک بکات، ئەوان سەلماندیان کە سیاسەت ئەگەر لە خزمەتی خەڵکدا بێت، شەریفترین فۆرمی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتییە.

خەمی لەدەستدانی ئەم ڕۆڵانە، خەمی هەموو نەتەوەیەکە. ئەوان ئێستا لە حافیزەی مێژوویی نەتەوەی کورددا جێگەی خۆیان کردووەتەوە. ئەرک و بەرپرسیارێتیی قورسی سەرشانی ئازادیخوازان ئەوەیە کە ئەم خەمە گەورەیە بکەنە ئاگاییەکی سیاسیی قووڵ، هاوپێوەندیی نەتەوەیی و کاری بەردەوامی خەباتگێڕانە بۆ جێگیرکردنی دێموکراسی لە ئێران و مسۆگەرکردنی ئازادی بۆ کوردستان.

١٧ی پووشپەڕی ٢٧٢٦

پووشپەڕی ٢٧٢٦

# قاسملوو؛ لە کەسایەتییەوە بۆ قوتابخانە





**شەماڵ تەرغیبی**

٢٢ی پووشپەڕی ئەمساڵ، سی و حەوت ساڵ بەسەر تێرۆری ڕێبەری ناوداری کورد و سکرتێری ئەوکاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دوکتور عەبدولڕحمانی قاسملوو و هاوڕێیانی لە شاری ڤیەندا تێدەپەڕێ. د. قاسملوو لە پاش خۆی کۆمەڵێک میراتی بەنرخی سیاسیی بۆ حیزب و نەتەوەکەی بەجێ هیشت، کە ساڵیادی شەهیدبوونیدا ئاوڕێک لە بەشێکیان دەدەینەوە.

گرێدانی دێموکراسی و پرسی نەتەوەیی یەکێک لە داهێنانە مەزنەکانی دوکتور قاسملووە. ئەو پێی وابوو نە دێموکراسی بەتەنیا و بەبێ چارەسەرکردنی ڕاستەقینەی پرسی نەتەوەیی واتایەکی ڕاستەقینەی هەیە، و نە پرسی نەتەوەیی بەبێ دێموکراسی چارەسەر دەکرێت. "دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستانی ئێران"، دوکتورین و بیروباوەڕی قاسملووی ڕێبەر بوو.

دوکتور قاسملوو لە ساڵی ١٩٨٠ی زایینیدا، ڕوو لە هێز و ڕێکخراوە چەپە ڕادیکاڵەکان کە بانگەشەی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریایان دەکرد، ڕایگەیاند: "خراپترین دێموکراسیم لە باشترین دیکتاتۆری پێ باشترە". دوکتور قاسملوو دێموکراسیی بۆ خۆی کردبووە ڕێڕەوی خەبات و بەرخودان لەپێناو ئازادیدا.

**مادام میتران، هاوسەری دانیال میتران، سەرکۆماری پێشووی وڵاتی فەڕانسە گوتبووی:** "دوکتور قاسملوو بە بەڵگەوە پێی سەلماندم کە دێموکراسی دەتوانێ خاڵی هاوبەشی ئێمەی فەڕەنسی و کوردەکان بێت". هەر وەک ماندێلا و خەبات دژی ئاپارتاید لە ئەفریقای باشوور تەواوکەری یەکترن، لە کوردستانیش دێموکراسی و دوکتور قاسملوو دووانەیەکی لێکدانەبڕاون کە جیاکردنەوەیان لە یەکتر ئیمکانی نییە.

دێموکراتیزەکردنی پەیوەندییەکانی حیزبی دێموکرات بە لێزانی و لێوەشاوەیی دوکتور قاسملوو گەیشتنە ئەنجام؛ ئەو تاکە ڕێبەری نەتەوەی کورد بوو کە لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە لە کۆنگرە و پلینۆمە حیزبییەکاندا دەبووە کەسی یەکەمی حیزب. ئەمە لە هیچ ڕێکخراو و حیزبێکی دیکەی کوردستانی لە چوار پارچەدا نەبینراوە و هەر ئەم پرەنسیپەش بووەتە ئەسڵێکی نەگۆڕ لە نێو حیزبەکەی قاسملوودا.

دوکتور قاسملوو باوەڕی بە ڕێبەریی تاکەکەسی نەبوو؛ ئەو بەرزەمرۆڤە بانگەشەی بۆ ڕێبەریی بەکۆمەڵ دەکرد و لە ساڵی ١٩٨٠ی زایینیدا لە میتینگێکدا لە شاری مەهاباد، ڕەخنەی لە دروشمی "بژی قاسملوو" گرت کە لەلایەن خەڵکی بەشداری میتینگەکەوە دەگوترایەوە. ئەو بەئاشکرا ڕایگەیاند: "دروشمی بژی قاسملوو دروشمی ئێمە نییە، بەڵکوو بژی ئازادی، بژی کوردستان و بژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دروشمی ئێمەیە."

هەر کاتێک کە حیزبی دێموکرات لە ئەنجامی ناتێگەیشتوویی یان لێکدانەوەی نادروستی ئەندامێکی خۆی لە چەمکی دێموکراسی تووشی زیان دەبوو، دوکتور قاسملوو دەیگوت: "هەتا ئەو کاتەی فێری دێموکراسی دەبین، دەبێ نرخەکەشی بدەین، چونکە ئێمە لە ئێستادا تەمرینی دێموکراسی دەکەین."

وەزیری کاری دەوڵەتی فەڕانسە لە پەڕاوی بیرەوەرییەکانیدا نووسیبووی: "تیرۆری دوکتور قاسملوو خەنجەرێک بوو کە لەسەر دڵی دیموکراسیی تازەپێگرتووی لە حاڵی گەشەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا درا."

پێداگریی دوکتور قاسملوو لەسەر خودموختاریی بۆ کوردستانی ئێران، بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە؛ یەکەم ئەوەی کە: دوکتور قاسملوو لەو باوەڕەدا بوو کە بواری مێژوویی و سیاسیی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران لەگەڵ هەڵکەوتە و پێگەی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان (عێراق، تورکیە و سووریە) جیاوازیی هەیە و لە پێگەی کەسایەتییەکی لێزانی سیاسیدا، واقیعبینیی سنوورە سیاسییەکانی کوردستانی قبووڵ کردبوو. دووەمیش ئەوە بوو کە، جۆری ستەمی نەتەوەیی کە لە وڵاتی ئێران بەرۆکی کوردی گرتبوو، لەگەڵ ئەو ستەمە نەتەوەییەی کە بەرەوڕووی گەلانی دیکەی ئێران دەبووەوە جیاوازیی هەیە، کەواتە بەپێی لۆژیک ناکرێ بە یەک شێوە چارەسەر بکرێن.

دوکتور قاسملوو نەیدەشاردەوە کە باوەڕی بە پێکهاتنی دەوڵەتی کوردی و دیاریکردنی مافی چارەی خۆنووسین هەیە و لە ساڵی ١٩٨٠ی زایینیدا لە دیدارێکدا لەگەڵ هانی ئەلحەسەن، نوێنەری فەلەستینییەکان، ڕایگەیاندبوو: "ئێمە لە ئێستادا داوای خودموختاری دەکەین، بەڵام ئەگەر خەباتەکە قووڵتر و درێژتر بێتەوە، کوردەکان بیر لە ئالتێرناتیڤێکی دیکە دەکەنەوە."

لەگەڵ ئەوەی کە دوکتور قاسملوو بەردەوام ڕەخنەی لە سۆسیالیزمی مەوجود دەگرت، بەڵام هەمیشە سیستمێکی سۆسیالیستی، لە سیستمێکی کاپیتالیستی پێ باشتر بوو. دروشمی سۆسیالیزم ئەو دروشمە نەبوو کە دوکتور قاسملوو ڕازی بکات، ئەوەش لە ڕوانگە و بیری عەداڵەتخوازانەی دوکتور قاسملووەوە بە نیسبەت سۆسیالیزمەوە سەرچاوەی دەگرت. ئەو لە پێگەی کەسایەتییەکی بیردۆزی سۆسیالیستییەوە، هەم لەگەڵ سۆسیالیستە نەریتی و کلاسیکەکان کە بە بیانووی خەبات دژی ئیمپریالیزمەوە نکۆڵییان لە ستەمی نەتەوەیی لە ئێران دەکرد، و هەم کۆمۆنیستە توندڕەوەکان کە بەهۆی خەباتی چینایەتییەوە دژایەتییان لەگەڵ مافی نەتەوەکانی ئێران دەکرد، جیاوازییەکی یەکجار زۆری هەبوو؛ دوکتور قاسملوو ڕەخنەی لەو جۆرە ئایدیا و بۆچوونانە گرت.

بەم شێوەیە بزووتنەوەی میللی - دێموکراتیکی کورد لە کوردستانی ئێران، خۆی لە دەست دوو تێڕوانینی هەڵە و نادروست ڕزگار کرد و ئامانجی دواڕۆژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، واتە سۆسیالیزمی دێموکراتیک کە تێزی بەناوبانگی ئەو ڕێبەرە مەزنەی مێژووی خەباتی نەتەوایەتیی کوردە، دیاری کرد. دوکتور قاسملوو هەتا کاتی تیرۆرکرانی، وەکوو


سەرچاوە
Serchawe

یەکێک لە ڕێبەرانی سۆسیالیستیی جیهان لە لیستی ڕەشی ڕێکخراوی (سیا)ی ئەمریکادا بوو، هەر بەم هۆیەوە ئیزنی چوون بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای نەبوو.

دوکتور قاسملوو وەکوو دیپلۆماتێکی لێزان و بەئەزموون و شارەزا لە هەوراز و نشێوە دیپلۆماتیکەکان، بایەخێکی یەکجار گەورەی بۆ ناساندنی پرسی کورد بە کۆڕ و کۆمەڵی نێودەوڵەتی دەدا؛ ئەو پێی وابوو کە یەکێتیی سیاسیی کوردەکان بۆ لابردنی ستەمی نەتەوەیی مەرجی سەرەکییە، بەڵام پشتیوانیی وڵاتانی زلهێز مەرجێکی پێویستە و ڕاکێشانی سەرنج و پشتیوانیی وڵاتانیش تەنیا لە ڕێگەی چالاکیی دیپلۆماسییەوە بە ئەنجام دەگات و دەستەبەر دەبێت. ئەو بە هەوڵی ماندووونەناسانەی خۆی توانی هەتا ڕادەیەکی یەکجار زۆر پشتیوانیی دەوڵەتی فەڕانسە بەدەست بهێنێت؛ حیزبەکەی دوکتور قاسملوو یەکەمین حیزبی سیاسیی کورد بوو کە لەلایەن دەوڵەتێکی زلهێزەوە (فەڕانسە) بە فەرمی بناسرێت. دوکتور قاسملوو توانیبووی لە ئاستێکی بەرزدا جێگە و پێگەی تایبەتی لە نێو کۆڕ و کۆبوونەوە سیاسییەکانی وڵاتی فەڕانسەدا بۆ نەتەوەی کورد بەدەست بێنێت. بە بەردەوامی لەلایەن حیزبە خاوەن پێگە و جەماوەرییەکانەوە (حیزبی کۆمۆنیست و حیزبی سۆسیالیست) بۆ بەشداری لە ڕێوڕەسم و کۆنگرەکاندا بانگهێشت دەکرایەوە.

هزری دوکتور قاسملوو وای کرد کە ئەو حیزبەی خۆی ڕێبەرایەتیی دەکرد، هاوتای حیزبی کاری ئیسرائیل، دووەمین حیزبی سیاسی بێت کە لە ئینتەرناسیۆنال سۆسیالیستدا بە ئەندام وەربگیرێت. بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین کە دوکتور قاسملوو بناغەدارێژەری دیپلۆماسیی کوردە. لەخۆڕا نییە د. کۆشنێر (کە دواتر بووە وەزیری دەرەوەی فەڕانسە) گوتبووی: "دوکتور قاسملوو فێری کردم کە بۆ چارەسەریی پرسی کورد، نابێ تەنیا پشت بە مافەکانی مرۆڤ ببەستین، بەڵکوو دەبێ کەڵک لە دەفرایەتیی سیاسی و دیپلۆماسیش وەرگرین."

خەباتی چەکدارانە یەکێکی دیکە لەو بابەتانەیە کە گرێدراوی ناوی دوکتور قاسملووە؛ دوکتور قاسملوو بۆ ماوەی ١٠ ساڵ (١٣٥٨ هەتا ١٣٦٨) فەرماندەی گشتیی هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو، کە ژمارەی ئەو هێزە زیاتر لە ١٢ هەزار پێشمەرگەی شۆڕشگێڕ بوو. خەباتی چەکداری لە ڕوانگەی دوکتور قاسملووەوە باشترین وەڵامدانەوە بوو بە هێرشی سەربازیی ڕێژیمی مەزهەبیی ئێران بۆ سەر خاکی کوردستان و بەرگری لە ئازادیی نەتەوەی کورد. بە پێچەوانەی بۆچوونی ڕێکخراوە چریکەکان کە خەباتی چەکدارییان هەم بە ستراتیژی دەزانی و هەم ئازادیشیان لە لوولەی چەکەکانیانەوە دەبینی، دوکتور قاسملوو وەکوو تاکتیکێکی کاتی کەڵکی لە خەباتی چەکدارانە بۆ هەموارکردنی ڕێگەی سیاسی و ئاشتیخوازانە وەرگرت.



سەرچاوە
Serchawe

سەرەڕای هەموو ئەو دڕندەیییانەی پاسدارەکان و گوشارە سەربازییەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە کوردستان، خەباتی چەکدارانەی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران بە سەرکردایەتیی دوکتور قاسملوو، لە چوارچێوەی خەباتێکی ئازادیخوازانە نەترازا و هەموو کات خۆی لە کردەوەی تیرۆریستی بە دوور گرت. لە کاتێکدا کەسانێکی تریش هەبوو کە بانگەشەی ڕێبەریی هەر چوار بەشی کوردستانیان دەکرد و لە ئەنجامدا بە هەڵسوکەوتی ناتێگەیشتووانەیان، بەشێک لە نەتەوەی کوردیان خستە نێو لیستی ڕەشی تیرۆریستییەوە کە پاشهاتی زیانباری بۆ نەتەوەی کورد بە دوای خۆیدا هێنا.

**یاسر عەرەفات، ڕێبەری فەلەستینییەکان لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ کریس کۆچێرا، هەواڵنێری فەڕەنسی، گوتبووی:**
"قاسملوو، ڕێبەری کوردەکان، هەم خەباتی چەکدارانەی کرد و لەگەڵ ئەوەشدا دێموکراتبوونی خۆی پاراست."

یەکێکی دیکە لەو چەمکە بەنرخانەی کە دوکتور قاسملوو بۆ ڕێبوارانی دێموکراسی بەجێ هێشت، هەمان سەربەخۆیی حیزبی دێموکرات لە بڕیاردانی سیاسیدا بوو. دوکتور قاسملوو ماوەی نزیک بە ٢٠ ساڵ (١٣٤٩ هەتا ١٣٦٨) سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات بوو؛ بەر لەوەی کە بەرپرسیاریەتی لە حیزبدا وەئەستۆ بگرێت، حیزبی دێموکرات پێکهاتەیەکی تێکڕووخاوی هەبوو و ڕێکخستنەکەی بەسەر حیزب و ڕەوتە سیاسییەکانی دیکەدا دابەش ببوو و کەوتبووە ژێر کاریگەریی لایەنە سیاسییەکانی تر؛ بەڵام دوکتور قاسملوو بە لێزانیی خۆی، سەربەخۆیی بۆ حیزب گەڕاندەوە و بووە گەورەترین و بەهێزترین حیزبی کورد و یەکێک لە کاریگەرترین و دیارترین حیزبەکان لە ئاستی ئێراندا. کەواتە هەستانەوە و گەشەکردنی حیزبی دێموکرات، ئەنجامی لێزانی و بناغەداڕێژیی نەمر دوکتور قاسملووە.

واقیعبینیی سیاسی، یەکێک لە تایبەتمەندییە بەرزەکانی دوکتور قاسملوو بوو؛ "لە سیاسەتکردندا نابێ بە تەواوەتی خۆشبین و ناشبێ بە تەواوەتی ڕەشبین بین، بەڵکوو دەبێ واقیعبین بین". ئەمە لە وتە بەنرخەکانی ئەو بەرزەمرۆڤەیە. ئەو سیاسەتمەدارێکی پراگماتیست بوو کە دیاردە و ڕووداوەکانی بە ڕەش یان سپی نەدەبینی. متمانەبەخۆبوونی دوکتور قاسملوو لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا بێهاوتا بوو؛ ماڵپەڕی ویکیلیکس (ماڵپەڕی تایبەت بە لەقاوودان) نووسیویەتی: "قاسملوو تاقانە ڕێبەری ئۆپۆزیسیۆن بوو کە هەر کاتێک پێی خۆش بووایە دەیتوانی چاوی بە سەدام حوسێن بکەوێت، بەڵام لە وێنەگرتن لەگەڵ سەدام حوسێن خۆی دەبوارد."

دوکتور قاسملوو سیاسەتباز نەبوو، بەڵکوو سیاسەتمەدارێک بوو کە لە چوارچێوەی پرەنسیپدا سیاسەتی دەکرد و بۆ خۆیشی دەڵێ: "ئێمە یەکەم حیزب بووین کە ئەخلاقمان هێنایە ناو سیاسەتەوە"، کە ڕەنگە نهێنیی زیندوومانەوەی ڕوانگەکانی هەر لەم خاڵەدا خۆی شاردبێتەوە؛ بە کورتی ئەو سیاسەتی بە هونەری مومکین دەزانی.

## قوتابخانەی قاسملوو؛ وەرچەرخانی مێژوویی لە سێبەری ناسیۆنالیزمی مۆدێرندا

ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر لە مێژووی هاوچەرخی کورددا هەیە کە دەڵێت: دوکتور قاسملوو تەنیا نوێنەری هزریی هاونەسڵ و هاوسەردەمەکانی خۆی نەبوو، بەڵکوو ئەو دەیان ساڵ لە زەمەنی فیزیکیی خۆی لە پێشتر بوو. ئەم پێشەنگایەتییە فیکرییە بە جۆرێک بوو کە تەنانەت زۆربەی هاونەسڵەکانی خۆیشی لە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکاندا، نەیانتوانی لە قووڵایی ئەندێشە پێشکەوتنخواز و فرەڕەهەندەکانی تێبگەن. بیری مۆدێرن و فرەچەشنی قاسملوو، لێهاتوویی ئەو لە تێکەڵکردنی خەباتی نەتەوەیی لەگەڵ بنەما گەردوونییەکانی مافی مرۆڤ، ئەوی لە تەواوی ڕێبەرە کوردەکانی دیکەی سەردەمی خۆی جیا کردبووەوە. لە کۆمەڵگەی کوردیدا، چ لە ڕابردووی مێژووییدا و چ لە هاوکێشەکانی ئێستادا، ناکرێ و ناتوانرێ مۆدێلی ڕێبەرایەتیی ئەو لەگەڵ هیچ سەرکردەیەکی دیکە بەراورد بکرێت.

ئەم جیاوازییە تەنیا لە چوارچێوەی نێوخۆیی و ناوچەییدا قەتیس نەبوو، بەڵکوو دوکتور قاسملوو لە ئاستی نێونەتەوەییشدا، لە ڕوانگەی دیپلۆماسی، فەلسەفەی سیاسی و تێڕوانینی مرۆییەوە، لە ڕیزی ڕێبەرە گەورەکانی جیهاندا پۆلێن دەکرا؛ هاوشانی سەرکردە مێژووییەکانی وەک ویلی برانت لە ئەڵمانیا و نێڵسۆن ماندێلا لە ئەفریقای باشوور. ئەو پرسی کوردی لە قاڵبی کێشەیەکی لۆکاڵی و ناوچەیی هێنایە دەرەوە و کردیە بابەتێکی زیندوو لەسەر مێزی ناوەندە بڕیاربەدەستەکانی ئەورووپادا.

ئێستا کە زیاتر لە سێ دەیە بەسەر تیرۆری جەستەیی دوکتور قاسملوودا تێدەپەڕێت، واقیعێکی نوێ لە گۆڕەپانی فیکریی کوردستاندا سەری هەڵداوە. نەسڵێکی نوێ و پێگەیشتوو هاتووەتە مەیدان کە بەهۆی کرانەوەی فیکری و گەشەی سیاسییەوە، زۆر باشتر، قووڵتر و ئاسانتر لە هزر و ئەندێشەی مۆدێرنی قاسملوو تێدەگات و دەتوانێ دیدگای خۆی لەگەڵ بنەماکانی ئەو ئەندێشەیە هاوتەریب بکات. ئەم نەسڵە نوێیە، دوکتور قاسملوو وەک پرۆژەیەکی مێژوویی تەواونەکراو دەبینن؛ ئەوان ئەو وەک هێمایەکی هەرە درەوشاوە بۆ گوتاری نوێی پرسی نەتەوەیی دێننە بەر باس و بە شانازییەوە بە "باوکی ناسیۆنالیزمی مۆدێرنی کورد" لە قەڵەمی دەدەن. لە ڕوانگەی ئەم نەوەیەوە، قاسملوو تەنیا سەرکردەیەکی سەربازی یان ڕێبەری حیزبێکی سیاسیی کوردستانی نەبوو، بەڵکوو سیمای دێموکراتێکی ڕاستەقینە، ڕۆشنبیرێکی دەوڵەتمەدار و خەباتکارێکی نەتەوەخوازی سەردەمیانە بوو.

لەسەر ئەم بنەمایە، نەسڵی نوێ تێڕوانین و داڕشتنی خۆی بۆ داهاتووی ناسیۆنالیزمی کوردی، لەسەر پێکهاتەی هزری و

پووشپەڕی ٢٧٢٦

دوکتور قاسملوو فۆرمولیزە و مۆدێرنیزە دەکات. بە بۆچوونی کچ و کوڕانی ئەم نەوەیە، کوردایەتی بەبێ پایەکانی دێموکراسی، ئازادیی تاک و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، چەمکێکی پۆپۆلیستییە و هیچ ئیعتبار و بەهایەکی نییە. ئەوان گەڕانەوە بۆ دواوە و زیندووکردنەوەی مۆدێلە نەریتی و عەشیرەیییەکانی سیاسەت قبووڵ ناکەن. هاوشێوەی دوکتور قاسملوو، بانگەشەی شێلگیری، پشوودرێژی، فێربوونی بەردەوام و خۆڕاگریی عەقڵانی لە کایەی سیاسەت و خەباتدا دەکەن.

ئەم کرانەوە و هاوتەرییبییەی نەسڵی نوێ لەگەڵ دوکتور قاسملوودا، تەنیا لە چوارچێوەی باسێکی تیۆری و ئەکادیمیدا نەماوەتەوە، بەڵکوو بە شێوازێکی کرداری ڕژاوەتە ناو کایەی گشتی و سەر شەقامەکانی کوردستان. لە خۆپێشاندان و ڕاپەڕینە مەدەنییەکانی ئەم چەند ساڵەی دواییدا، یەکێک لە هەرە دیارترین هێما و فاکتە سەرنجڕاکێشەکان، زیندووبوونەوەی خێرا و بەربڵاوی دروشمی هاوبەشی لاوان بوو کە بە یەکدەنگ دەیانوتەوە: "قاسملوو، قاسملوو، ڕێگات درێژەی هەیە"...

ئەم هاوارە چەندپاتەیەی گەنجان لە سێبەری توندترین کەشی ئەمنیدا، پەیامێکی سیاسیی قووڵی تێدایە؛ ئەوە دەسەلمێنێت کە نەک هەر کۆتایی بەو گوتارە نەهاتووە، بەڵکوو کچ و کوڕانی نەوەی نوێ بەم دروشمە ناسنامەی سیاسیی خۆیان پێناسە دەکەنەوە. ئەوان بە بۆڵدکردنی ئەم ڕستەیە لەسەر شەقام، بە دەسەڵات و بە جیهانیش دەڵێن کە مانیفێستی دێموکراسی و ناسیۆنالیزمی مۆدێرنی قاسملوو، لای ئەوان پرۆژەیەکی زیندووی ئایندەیە، نەک یادەوەرییەکی خەمناکی ڕابردوو.

بۆیە دەتوانین بڵێین قوتابخانەی قاسملوو نوێنەرایەتیی جۆرێک لە ناسیۆنالیزمی مۆدێرن دەکات کە دەکرێ ناوی بنێین "ناسیۆنالیزمی دووربین و ستراتیژی". تایبەتمەندییە سێ قۆڵییە کێشەساز و بەرجەستەکانی ئەم قوتابخانەیەش بریتین لە: سێکۆلاریزم (جیاکردنەوەی ئایین لە دەسەڵات)، مۆدێرنیزم (هاوسەنگبوون لەگەڵ جیهانی نوێ) و دێموکراسی (باوڕمەندبوون بە سندووقی دەنگدان و مافی هاووڵاتیبوون.(

ئەمڕۆکە ئەم سێ پایەیە، بە پێچەوانەی ناسیۆنالیزمی کلاسیکی خێڵەکی و دروشمبازی، بڕبڕەی پشتی گفتوگۆکانن لە سیمینارەکان، کۆبوونەوە سیاسییە قووڵەکان، کۆڕە ڕۆشنبیرییەکان و بە تایبەت لە ناوەندە ئەکادیمی و زانکۆکاندا. ئەمەش ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ وەرچەرخان، هۆشیاریی فیکری و گۆڕانکارییەکی مەزن و بەنرخ لە هۆشیاریی نەتەوەیی گەلی کورددا کە ڕیشەکەی دەچێتەوە سەر ئەو تۆوەی قاسملوو ساڵانێک لەمەوبەر چاندبووی.

١٨ی پووشپەڕی ٢٧٢٦

# لە پەتی سێدارەوە هەتا مووشەک؛ قڕکردنی کورد سیاسەتی نەگۆڕی کۆماری ئیسلامی





**میرخان شەمسی بورهان**

کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاری لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا (١٩٧٩)، تاقە یەک زمانی بۆ گفتوگۆ و دانوستان لەگەڵ نەتەوەی کورددا هەبووە: زمانی سێدارە و قڕکردن. ئەوەی میدیا بەرژەوەندیخوازەکان ناوی دەنێن «پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ»، لە ڕاستیدا سیاسەتێکی بنەما بۆ دارێژراوی دەوڵەتییە؛ تیرۆری دەوڵەتیی ڕێکخراوێکە کە ئامانجەکەی کپکردنی هەر دەنگێکی ئازادیخوازە لە کوردستاندا. هەر پەتی سێدارەیەک کە لە بەندیخانەکانی ورمێ، سنە،

مەهاباد و ناوچەکانی دیکەی کوردستاندا هەڵدەواسرێت، نەک سزادانی «تاوانبارێک»، بەڵکوو پەیامێکە بۆ نەتەوەیەک: یا ملکەچ بە و سەر نەوی بکە، یا بمرە!

لە ساڵی ١٣٥٧ەوە هەتا ئێستا، لەسێدارەدانی بەندکراوانی سیاسیی کورد بووەتە کۆڵەکەی سەرەکیی دەسەڵاتی تۆقێنەر. ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی ساڵانێکە ئەوە بە بەڵگە دەسەلمێنێت کە ئێران پلەی زۆرترین سێدارەدانی لە جیهاندا هەیە و کوردەکان بە شێوەیەکی نایەکسان و بەرچاو، قوربانییانی ئەم ڕەوتی کوشتن و قڕکردنەن. تۆمەتە بێبنەماکانی وەک «محاربه» (دژایەتیی خودا) و «بغی» (یاخیبوون)، تەنیا پەردەیەکی بەناو یاسایین بۆ بڕیارێکی سیاسی: سڕینەوەی فیزیکیی نەیارەکان. دانپێدانان لەژێر ئەشکەنجەدا، دادگاییکردنی چەند خولەکیی لەپشت دەرگا داخراوەکانەوە، و بێبەشکردن لە پارێزەری سەربەخۆ: ئەمە «دادگا» نییە؛ شانۆگەریی کوشتنێکی پێشوەختە بڕیاردراوە. ئەو لەسێدارەدانەی لە دڵی ڕەوتێکی ئاوهاوە دێتە دەرەوە، بە پێوەرە یاساییەکانی جیهان، نەک دادپەروەری، بەڵکوو کوشتنی حکوومەتییە.

تیرۆرەکانی ڕێژیم هەرگیز لە سنوورەکانی ئێراندا نەوەستاون. بەپێی ئامارەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، زیاتر لە ٤٠٠ کەس لە ئەندامان، پێشمەرگە و کادرەکانی ئەم حیزبە لە شاڵاوی تیرۆری دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامیدا گیانیان لێ ئەستێندراوە. ئەم شاڵاوە، گەورەترین ناوەکانی کردە ئامانج: دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزب، لە ساڵی ١٣٦٨دا لە ڤییەن -ڕێک لەسەر مێزی دانوستانێک کە بڕیار بوو «ئاشتی»ی لێ بەدی بێت- بە دەستڕێژەگوللە تیرۆر کرا. سێ ساڵ دواتر، جێگرەوەکەی، دکتۆر سادق شەرەفکەندی، لە ساڵی ١٣٧١دا لە ڕێستورانتی میکۆنۆسی بەرلین لەگەڵ سێ لە هاوڕێکانی کۆمەڵکوژ کران. لێرەدا بوو کە ڕاستی لەبەرچاوی جیهاندا ئاشکرا بوو. دادگای میکۆنۆس لە بەرلین، لە بڕیارە مێژووییەکەیدا سەلماندی کە فەرمانی ئەم تیرۆرە لە بەرزترین دەسەڵاتی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە -لەوانەش ڕێبەری کۆماری ئیسلامی، عەلی خامنەیی، و سەرۆککۆماری ئەو کاتە، ئەکبەر هاشمی ڕەفسەنجانی- دراوە. ئەمە بانگەشەی حیزبێکی نەیار نییە؛ بڕیاری دادگایەکی سەربەخۆی ئەورووپاییە. تیرۆریزمی دەوڵەتی، لێرەدا نەک دروشمێک، بەڵکوو ڕاستییەکی سەلمێنراوە لەبەردەم دادپەروەریی نێودەوڵەتیدا.

ئەمڕۆ هەمان ئەو دەستانە، تفەنگەکەیان بە مووشەک گۆڕیوە. بەپێی ڕاپۆرت و ئامارەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە نێوەڕاستی ڕەشەمەی ساڵی ڕابردووەوە هەتا ئێستا -چوار مانگی ڕابردوو- ڕێژیم و هێزە بەکرێگیراوەکانی (بریکارەکانی) نزیکەی ١٥٠ جار بارەگا و ئۆردوگاکانی پەنابەرانی سیاسیی حیزبی دێموکراتیان لە هەرێمی کوردستانی عێراق، بە مووشەکی بالیستیک و فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی بۆمبڕێژکراو بۆردومان کردووە؛ هێرشگەلێک کە بەئەنقەست قوتابخانە، نەخۆشخانە و بنکەکانی ئاو و کارەبا، واتە تەفروتووناکردنی ئەو ژێرخانە سڤیلانەی بە هۆی یاساکانی

جەنگەوە پارێزراون، دەکەنە ئامانج. ئەمە چیتر «گرژیی سنووری» نییە؛ ئەمە تاوانی جەنگ و سەرکوتکاریی فرەنەتەوەییە: کۆمەڵکوژکردنی پەنابەری سیاسییە لەسەر خاکی وڵاتێکی دیکە و پێشێلکردنی ئاشکرای سەروەریی نیشتمانیی عێراق و هەرێمی کوردستانیشە.

بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران تەنیا قوربانیی ئەم تیرۆرە نییە؛ بەڵکوو جێگرەوەی ئەوە. لە هەمبەر ڕێژیمێکدا کە بێجگە لە زمانی مردن هیچ زمانێکی دیکە نازانێت، ئەم حیزبە -وەک هێزێکی سۆسیال دێموکرات و هاوپەیمانی ڕێکخراوی ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیالیست- پێشنیاری بەدیلێکی دێموکراتیک، فیدراڵ و فرەخوازی نەک تەنیا بۆ کوردستان، بەڵکوو بۆ تەواوی ئێران دەکات. دامەزراندنی «هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران» لە سەرەتای ڕەشەمەی ١٤٠٤ی هەتاویدا، هەنگاوێکە لەم پێناوەدا: یەکێتییەک بۆ تێپەڕین لە ستەمکارییەوە بەرەو دێموکراسی.

موستەفا هیجری، ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە گوتارەکەیدا لە کۆبوونەوەی "هاوپەیمانیی پێشکەوتنخواز (Progressive Alliance)" لە بارسێلۆنا لە بانەمەڕی ئەمساڵدا، ئەم پەیامەی گەیاندە جیهان: نەتەوەیەک کڕنۆشی بۆ کەس نەبردووە و دەستی بەزەیی پان نەکردووەتەوە. ئەوەی ئێمە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی دەخوازین خێر نییە؛ بەڵکوو سێ داواکاریی ڕوونە: دانپێدانانی سیاسی بەم بەدیلە، لێپرسینەوە لە ڕێژیم لە هەمبەر هێرشە فرەسنوورییەکانیدا، و هاوپەیمانیی هزری و سیاسی لەنێوان هێزە دێموکراتەکاندا. هەروەها بێدەنگی لە ئاست تیرۆری دەوڵەتیدا، هاوبەشیکردنە تێیدا.

مێژوو شایەتە کە ئەم ڕێژیمە بە هەر «ڕێککەوتن» و «قۆناغی گواستنەوەیەک» تەنیا کات دەکڕێت بۆ ئەوەی مەکینەی قڕکردنەکەی پۆشتە و پەرداخ کاتەوە. بەڵام نەتەوەیەک کە قاسملوو و شەرەفکەندیی لە پێناو ئازادیدا بەخشیوە، کۆڵ نادات. ڕێگای ئێمە ڕوونە: نە تەسلیمبوون و نە لەبیرکردن و بیرچوونەوە؛ بەڵکوو دێموکراسی، یەکسانی و ئازادی.

١٨ی پووشپەڕی ٢٧٢٦

# هەمیشە قاسملوو، قاسملوو لە هەموو مەتەریزێکدا





عەلی بداغی

٣٧ ساڵ لە تیرۆری د. عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری پێشووتری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران تێدەپەڕێ و ئەگەرچی هێشتا خەباتی سیاسی و نەتەوەیی قوتابییان و هاوسەنگەرانی د. قاسملوو بە دوا مەنزڵی خۆی نەگەیشتووە، بەڵام بە دڵقایمییەوە دەتوانین بڵێین کەم ڕێبەری نەتەوەیی هێندەی قاسملوو لە یاد و بیرەوەریی گەلەکەیاندا بە زیندوویی ماوە. ناوی د. قاسملوو نەک هەر ئەوەی لای نەتەوەکەی بە نەمری ماوەتەوە، بەڵکوو ئەو ناوە و کارنامەی کار و تێکۆشانی ئەو ڕێبەرە ناسێنەری سەرەکیی مێژووی خەبات و خوێنی کورد لەلای بیانییەکانیشە.

د. قاسملوو سەرەڕای ئەوەیکە ڕێبەرێکی هەڵکەوتەی خەباتی هاوچەرخی کورد لە چوارچێوەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانە و میللی-دێموکراتیکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بوو، لەهەمان کاتدا تیۆریسییەنێکی شارەزای گۆڕەپانی سیاسییش بوو کە تەئسیر و کاریگەریی ئەندێشەکانی زۆر زوو سنووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانی تێپەڕاند و نەتەنیا هەر لە پارچەکانی دیکەی کوردستاندا بەڵکوو لە ئاستێکی بەرینی نێونەتەوەییدا درەوشایەوە. بەجۆرێک کە تا ئێستا وەک "مۆدێرنیتەی ڕێبەرانی کورد" و وەک "پێغەمبەری ئاشتی" پێناسە کراوە.

خولیای سیاسی و خەباتی د. قاسملوو تەنیا ڕزگاریی نیشتمان نەبوو، بەڵکوو لە مەودایەکی هەراوتردا خەونی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و دێموکراتیک و پێشکەوتنخوازانەی بۆ مرۆڤی کورد و نیشتمانی کوردستان دەدی و بەم پێیەش دیسکۆرسی خەباتی سیاسی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی حیزبی دێموکرات و ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لەسەر بنەمایەکی میللی دێموکراتیکانە داڕشت. هەروەک باسیش کرا بەشێکی زۆری نزیکایەتی و دۆستایەتیی ئەو کەسایەتییە سیاسی و مرۆڤدۆستانەی کە ئێستا بەپیری پرسی کوردەوە دێن و لە کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکاندا بەرگری لە مافی کوردان دەکەن، دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵ و تێکۆشانی بێ وچانی دیپلۆماسیی د. قاسملوو و ئەو کاریگەرییە بەرفراوانە سیاسییەی کە لە مەیدانی سیاسەتی جیهانیدا داینا و وەک میراتێکی بایەخدار لەدوای خۆی بۆ حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی نەتەوەی کورد بەگشتی بەجێی هێشت.

گرینگیی ڕێباز و ئەندێشەکانی د. قاسملوو تەنیا لە چوارچێوەی سەردەمی خۆیدا بەرتەسک نابێتەوە و هەرچی زیاتر بەسەر کاتی شەهیدبوونیدا تێدەپەڕێ، حەقانییەت و گرینگییەکەی زیاتر دەردەکەوێ و خۆ دەنوێنێ.

کاریگەریی دوکتور قاسملوو لەسەر بردنەپێشێی دۆزی کورد نەک هەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بگرە لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش - بەتایبەت باشوور - ڕوخسارێکی تایبەتیی بە ناوی قاسملوو و مانایەکی تایبەتتری بە کاراکتەری سیاسیی ئەو داوە. قاسملوو کوردستانی لەتوپەتکراو و سنوورە کێشراوەکانی نێو نیشتمانەکەی خۆی دەدی، دوژمنانی نەتەوەکەشی باش ناسیبوو؛ دەیدی کە ڕێژیمەکانی زاڵ بەسەر کوردستان لە هەر کام لە بەشەکانی نیشتمانەکەی چاری کوردەکانی خۆیان ناوێ و چاویان لە کوردی بەشەکانی دیکەیە بۆ گەیشتن بە مەرامەکانیان؛ بۆیەش فێری کردین کە دەکرێ ناکۆکیی دوژمنانی نەتەوەکەت لە بەرژەوەندیی دۆز و سەرەوەریی پرسی سیاسیتدا بقۆزیتەوە، بەڵام ناکرێ و نابێ لەسەر حسێبی پرس و بەرژەوەندیی کورد لە بەشێکی کوردستان چاوت لە دەسکەوتێک بێ بۆ خۆت!

هەروەک لە بەیاننامەی حیزب بەبۆنەی ساڵیادی تێرۆری د. قاسملوودا هاتووە؛ یەکێک لە تایبەتمەندییە بەرزەکانی د.

قاسملوو، بایەخدانی بە شێوە جۆراوجۆرەکانی خەبات بوو. ئەو لەگەڵ ئەوەی ئاشتیخواز بوو و لە هیچ هەوڵێک بۆ چارەسەری پرسی کوردستان بە ڕێگای هێمنانە خۆی نەبوارد، بەڵام بەرگریی چەکدارانە لە نەتەوەکەی لە بەرامبەر شەڕفرۆشی و هێرشی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، بۆ هێزی پێشمەرگەی بە ڕەوا دەزانی. لەکاتێکدا بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەی خاوەن هەزاران پێشمەرگەی ڕێبەرایەتیی دەکرد، لە گرنگیی شێوەکانی دیکەی خەبات لەنێوخۆی ئێران غافڵ نەبوو. هەر بەو ڕادەیەی بایەخی بە خەباتی شێلگیرانەی دژ بە ڕێژیمی ئێران لە نێوخۆی کوردستان دەدا، تێکۆشانی دیپلۆماسی بە مەبەستی ڕاکێشانی پشتیوانی بۆ ئەو خەباتەی لە دەرەوەی وڵات بەرەوپێش دەبرد. قاسملوو خەباتی تەنیا لە پێشمەرگایەتی و چەکهەڵگرتن بەدژی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا نەدەدیت. گرنگیی مانگرتن و نارەزایەتیدەربڕینی کرێکاران لە ڕێوشوێنی چەوسێنەرانەی دامودەزگا حکوومەتییەکان و خاوەنکارەکان، دژایەتیی لاوان لەگەڵ ئەو فۆڕمە لە ژیان کە ڕێژیم دەیهەوێ بەسەریاندا بسەپێنێ؛ خۆڕاگریی هونەرمەندان و نووسەران لە بەرامبەر کولتووری کۆنەپەرستانە و ڕێوشوێنە داسەپاوەکانی حکوومەتی و هەوڵدانیان بۆ پەرەپێدانی هونەر و ئەدەبیاتی پێشکەوتنخوازانە، هیچیان لە بەرچاوی وردبینی ئەو ڕێبەرە ون نەبوون.

قاسملووی مەزن دەیزانی کورد خۆی پەرەمپەرەم و پەرتەوازەن، ڕێگای خەبات و چارەسەری پرسەکەشی پڕ «کەند و لەند و گەوە»، بۆیە لەم ڕێگە ئەستەم و دژوارەدا بەدووی دۆست و پارتنەرەوە بوو لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی هاوبەش. بۆ ئەوەش هەگبەکەی پڕ بوو لە مەعنەوییاتی مرۆیی.

**کاڕۆل پورنهوبەر، ڕۆژنامەنووس و توێژەر** کە هەر ئەمدواییانە نوسخەی نوێی کتێبەکەی لەسەر د. قاسملوو چاپ بۆوە، لە کتێبەکەیدا تیشک دەخاتەسەر ڕێبازی پراگماتیکی د. قاسملوو لە دیپلۆماسیەتی خۆیدا و ئاماژە بە تواناکەی دەکات بۆ کارلێکی کاریگەر لەگەڵ زلهێزەکانی ڕۆژئاوا و ناوچەییدا. ئەو جەخت لەسەر پابەندبوونی د.قاسملوو بە دانوستانی ئاشتیانە دەکات کە سەرەڕای ئەو کەشوهەوای دوژمنکارانەی ڕژێمی ئێران دروستی کردبوو، ڕەچاوی کرد. کاڕۆڵ ئاماژە بەوە دەکات کە پەروەردەی ڕۆژئاوایی و ئایدیاڵە دیموکراسییەکانی د.قاسملوو وایلێکرد کە سەرکردەیەکی ناوازە و کاریگەر بێت کە بتوانێت خواستەکانی کورد لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا دەرببڕێت.

شەهید د. قاسملوو هێز و توانای دیپلۆماسی بۆ داکۆکیکردن لە مافی گەلانی چەوساوە بەکار دەهێنا. ژێرارد شالیان، نووسەر و شارەزا لە بواری ژیۆپۆلێتیک بەتایبەتی لە بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکاندا سەبارەت بەم بابەتە دەڵێت: "قاسملوو ڕۆشنبیرێکی درەوشاوەو سیاسەتمەدارێکی لێهاتوو بوو، توانای ئەو لە داڕشتنی دیپلۆماسی و چالاکبوون وایلێکرد لە خەباتی کورد بۆ ئۆتۆنۆمی کەسایەتییەکی ناوازە بێت". پێشینەی ئەکادیمی و پەیوەندی ستراتیژی لەگەڵ ئەکتەرە نێودەوڵەتییەکان

و پابەندبوونی بێوچان بە دانوستانی ئاشتیانە، ئاماژە بە ڕۆڵی گرنگی دیپلۆماسییەتی کاک دوکتور دەکەن.

قاسملووی گەورە هەر دوور نەیدەڕوانی، بەڵکوو ڕوون دەیڕوانی و سیلەی دەگرت. خەباتە ڕەواکەی ئەو کاتە بە سەرکەوتوو دەزانی کە گەیشتبێتە کەنارەکانی ئاشتی و ئارامی. ئەو باوەڕی قووڵی هەم بە مافەکانی نەتەوەکەی و هەم بە پێکەوەژیانی خەڵک و ژیارەکان دی لە تەنیشت یەکتر هەبوو؛ باجی ئەم باوەڕەش هەم بۆ خۆی و هەم بۆ حیزب و نەتەوەکەی گەلێ قورس بوو، و گیانی لەسەر دانا.

دوگماتیزم و چەقبەستن لە بیرکردنەوە و باوەڕەکانی قاسملوودا جێیان نەبوو، ئەو سیاسەتی نەک لەسەر بنەمای تیوریی نەگۆڕ، بەڵکوو لەسەر بنەمای زانست و داتا و لێکدانەوە دەکرد کە هەموویان بگۆڕن. ئەو لە توێی تیۆرییەکاندا بەدوای چارەسەری پرسی نەتەوەکەی نەدەچوو، بەڵکوو قوڵی لێ هەڵدەکرد و لە مەیدانی کردەوەدا بنیاتی دەنا؛ بۆیەش حیزبەکەی لە سەردەمی بەڕێوەبەریی ئەودا ببووە گەورەترین هێزی کوردی و، هەروەها خاوەن و داهێنەری بنچینەییترین پرەنسیپ و دەسکەوتە نەتەوەییەکان. لەم سۆنگەیەوە ڕەخنەی ئەو لە ڕابردووی دۆزی نەتەوەکەشی هەر لە پێناو بنیاتنانی داهاتوویەکی گەش بوو.

میراتی د. قاسملوو هەر ئەم بەها و بایەخانە نین کە هێنایە نێو حیزبەکەی و ئێستاش جێی شانازی و فەخرپێکردنن، میراتی قاسملوو وانەکانیەتی بۆ بەردەوامیی خەبات و لە سەنگەردا مانەوە هەتا دواتروپکی سەرکەوتن. ئەو بوو فێری کردین کە دێموکراسی چەند بۆ دابینبوونی مافەکانمان گرینگە، سەربەخۆیی سیاسی و بڕیاردانمان بۆ مانەوەمان بە سەربەرزی چەندە زەرووره و، واقعبینیمان لە سیاسەتدا چەندە پێویست. دەرسی ئەوەی داداین شێلگیر و بوێر بین و لە بڕینی هەڵەمووتەکانی بەرەو ئامانجدا دەستی هیوا بەرنەدەین و ئیمانمان بە سەرکەوتن پتەو بێ. دەرفەت بخوڵقێنین و هەلە ڕەخساوەکان لەکیس خۆمان نەدەین. دەستی خۆمان نەبەستین و چاولەدەستی خەڵکیش نەبین.

زامی لەدەستدانی قاسملووی ڕێبەرمان بەژانە و لەکیسچوونی، ئەویش بە دەستی غەدر و تاوان برینێکی ئاوەڵایە، قەتماغە نابەستێ و لە پووشپەڕی هەموو ساڵێکدا جاڕی ئەم ناعەدالەتی و بێدادییە دەدا کە دەرحەق بە تێرۆرەکەی ڤییەن کراوە. بۆیە ئەم پەروەندەیە لە ویژدانی مرۆڤایەتی و لە ڕوانگەی ئێمەوە لە دەسەڵاتی دادی ئوتریشیشیدا هەروا کراوە و ئاوەڵایە.

بێگومان قاسملوو مێژوویەکە دەیخوێنینەوە، وانەیەکە فێری دەبینەوە، سەرمەشقێکە هەموو کاتێ لەبەر چاومانە و، ڕێباز و

پووشپەڕی ٢٧٢٦

ئامانجێکە کە لە ئاسۆی ڕوانین و لە قووڵایی فەلسەفەی ڕامانەکانیدا پێی دەگەین. لە ئێستاشدا کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ژانی شۆڕشێکی نوێ گرتوویەتی، ئەوا دیسان ناو و یاد و وانەکانی قاسملوون باڵیان بەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان کێشاوە و ئەوە قاسملوویە وەک ڕێبەر و وەک ڕزگاریدەر -بەهۆی بەها و بایەخە شۆڕشگێڕی و میراتە فکری و مەعریفەییەکەوە- خویا بووە.

١٩ی پووشپەڕی ٢٧٢٦

# پرسی نەتەوەبوونی کورد






**د. عەبدولڕەحمان قاسملوو**

**ئایا دەتوانین بڵێین کورد نەتەوەیە؟ ئایا دەکرێ کورد بە کەمایەتیی نەتەوایەتی دابندرێت؟ با لە نیزیکەوە لەم دوو پرسیار ورد ببینەوە.**

زۆر جار لە )نەتەوە( مانایەکی ڕاست و دروست لێک نەدراوەتەوە، بەڵام زانستی نوێ سنوورێکی ڕاست بۆ نێوەڕۆکی ئەم

مانایە دەداتە دەست. نەتەوە خەڵکێکە کە لە ڕەوتی مێژوودا پەیدا بووە و سەقامگیر بووە. کۆمەڵە خەڵکێک تەنیا پاش قۆناغێکی دیاریکراوی پێگەیشتن دەبێتە نەتەوە. ڕاستییەکەشی ئەوەیە بناخەی نەتەوەکانی سەردەمی ئێمە بە گەشەکردنی سەرمایەوە بەندە و ئەو نەتەوانە لەگەڵ گەشەکردنی سەرمایەداریدا سەقامگیر دەبن. دیارە ڕیشەی پێگەیشتنی ئەو نەتەوانە بۆ سەر شێوەکانی پێشووی کۆمەڵ لە قۆناغی کویلەتی و قۆناخی دەرەبەگایەتیدا دەگەڕێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ئەوەی کۆمەڵە خەڵکێک بە نەتەوە دابنرێ، هێندێک شەرتی دیکە پێویستن کە لە هەموویان گرنگتر زمانی هاوبەش و خاکی هاوبەش و ژیانی ئابووریی هاوبەش و خوو و ڕەوشتی هاوبەشە کە لە ژیانی فەرهەنگیی نەتەوەدا خۆی دەنوێنێ.

**باسی ئەوەمان کرد کە کورد کۆمەڵەخەڵکێکی خاوەن مێژوویە و لە سەدەی حەوتەمی پێش زایینەوە بەو ناوە ناسراوە، ئێستا بزانین ئەو سروشتە تایبەتییانە چین کە کورد دەکەنە نەتەوەیەکی سەربەخۆ"؟**

وەک لە پێشەوە گوتمان زمانی کوردی زمانی هاوبەشی هەموو کوردەکانە و بوونی جیاوازییەکی کەم لە نێوان شێوەکانیدا هێچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێ، چونکە شێوەی جۆراوجۆر تەنانەت لە وڵاتە هەرە پێشکەوتووەکانیشدا ماوە. دیارە ئەوە کە تا ئێستا زمانێکی ئەدەبیی یەکگرتوو بۆ کورد پێک نەهاتوە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە. بەڵام ئەمە هۆی ئەوە نییە کە گۆیا زمانی کوردی هێشتا ئەوەندە پێش نەکەوتوە و لەبەر ئەوەش نییە کە گۆیا وەک هێندێک دەڵێن شێوەیەکی زمانی فارسییە. چونکە هێچ ڕۆژهەڵاتناسێکی بەناوبانگ لەوە دا گۆمانی نیە کە زمانی کوردی بەڕادەی پێویست پێش کەوتوە. یەکەم کتێبی ڕێزمانی کوردی ساڵی ١٦٨٧دەرچووە. کەوابوو. نەبوونی زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو پێش هەموو شتێک دەگەڕێتەوە سەر ئەوە کە نووسینێکی یەکگرتوومان نەبووە. هەروەک لەوە پێش گوتمان کوردی بە پیتی عەرەبی و لاتینی و ڕووسی دەنووسرێ و هۆیەکەشی ئەوەیە کە نەتەوەی کورد لە نێوان چەند وڵاتدا دابەش کراوە و لە زۆربەی ئەو وڵاتانە دا خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی قەدەغە بووە. کەوابوو، لە باری مێژووییەوە لانی کەمی وەخت و دەرەتان پێویستە بۆ ئەوەی نووسینێکی یەکگرتوو و زمانێکی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی پێک بێ. بەم جۆرە نەتیجە وەردەگرین کە نەتەوەی کورد زمانی هاوبەشی هەیە کە یەکێکە لەو سروشتانەی هەموو نەتەوەیەک لێک جیا دەکەنەوە.

هیچ کەس گومانی لەوەدا نیە کە کورد خاکی هاوبەشی هەیە، چونکە لە ڕۆژگارێکی یەکجار کۆنەوە کوردستان بە خاکی کورد ناسراوە کە هەزاران ساڵە لە کەژ و کێو و پێدەشتەکانیدا دەژی. لەتلەتبوونی کوردستان بە هۆی سنووره سیاسییەکانیش لە نێو چەند وڵاتاندا هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێ.

لەباری ژیانی ئابووریی هاوبەشەوە وەک ئەوەی لە وڵاتێکی وەک فەرانسە یا ئیتالیا هەیە، نابینرێ. لەو بارەوە تەنانەت لە نێوان کورد و تورکیشدا جیاوازی هەیە، چونکە تورکەکان لەوبارەوە لە کورد زیاتر پێشکەوتوون، هۆی ئەوەش کزیی

گەشەکردنی سەرمایەدارییە لە کوردستاندا و هۆیەکی تریش ئەوەیە کە کوردستان لەتلەت کراوە و بەکردەوە هێندێک بەش لە بەشەکانی دیکە جیا بوونەوە، هەروەک لە نێوخۆی هەرکام لەو وڵاتانەشدا کوردستان دابەش کراوە، دیارە هەموو ئەوانە دەبنە کۆسپی پێکهاتنی ژیانێکی ئابووریی هاوبەش، بۆ نموونە کوردستانی ئێران کراوەتە سێ بەش: بەشی شیمال کە بەڕەسمی بە (ئوستانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا) ناو دەبرێ، بەشی نێوەڕاست کە بەڕەسمی پێی دەڵێن (ئوستانی کوردستان) و بەشی جنووبی کە بەڕەسمی بە (ئۆستانی کرماشان) دەناسرێ. ئەودەم تەنانەت تاقە ڕێگایەکی باشیش نیە کە بەشەکانی کوردستان بەیەکەوە گرێ بدا و زستانان لە نێوان سەقز و سنەدا هاتوچۆ نامێنێ، کە ئەمەش مانای ئەوەیە بەشی جنووبیی کوردستانی ئێران بەتەواوی لە بەشی شیمالی دادەبڕێ.

سەرەڕای هەمووی ئەوانەش، پێشکەوتنی پێوەندییەکانی سەرمایەداری و ئەو جیاوازییەی لە نێوان گوندنێشنەکاندا پەیدا بووە و پێگەیشتنی شارەکان و بەربڵاوبوونی بازرگانی و هاتوچۆ هەموویان دەبنە هۆی سەقامگیربوونی نەتەوەی کورد.

ئەمە وا دەگەیەنی کە ئەگەر ناتوانین بڵێین ژیانی ئابووریی یەکگرتووی تەواو لە کوردستان دا هەیە. ناشتوانین بڵێین ژیانی ئابووریی هاوبەش نیە. ئێمە لەمەوبەر گوتمان کە بەپێچەوانەی ئەو سنوورە دەسکردانە، کوردەکان پێوەندییەکی ئابووریی بەربڵاویان پێکەوە هەیە، وەک کوردی ئێران و عێراق، بێجگە لەوانەش یەکیەتیی ژیانی ئابووری شتێکی نیسبیە و نەتەوکانی دەوروبەری کوردیش (وەک فارس، تورک و عەرەب و ئازەربایجانی) هەر وەک کوردن. ئەوانیش لە هێندێک جێگا یەکیەتیی ئابوورییان بە هێزە و لە هێندێکی تر لاوازە. یەکیەتیی ئابووریی نەتەوەکانی قەفقازیش ناتەواو بوو، و هی نەتەوەکانی ئاسیای نێوەڕاست لە ڕووسی هەر شوێنەواری نەبوو، کەچی ئەوە نەبوو بە کۆسپ بۆ ئەوەی لە دوارۆژدا ببن بە نەتەوەی سۆسیالیستیی سەربەخۆ.

خوو و ڕەوشتی هاوبەشی کوردەکان بەگشتی شتێکی شتێکی سەلمێندراوە، هەموو ڕۆژهەڵاتناسەکان و ئەو کەسانەی خۆیان بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر کورد تەرخان کردوە، لەوەدا یەکدەنگن کە کورد لە هەموو نەتەوەکانی دەوروپشتی خۆی جیایە و کوردەکان فەرهەنگی خۆیان پاراستوە و لەنێو هیچ کۆمەڵێکی ڕەگەزی و زمانیی دیکەدا نەتواونەوە. خەباتی بەردرێژی کورد لە پێناوی پاراستنی بوونی نەتەوایەتیی خۆیدا هەمیشە بۆتە هۆی جێگیربوونی خوو و ڕەوشتی هاوبەش و فەرهەنگی نەتەوایەتیی کورد. پێویستە بگوترێ کە پاش شەڕی دووهەمی جیهانی بە تایبەتی لەسەردەمی کۆماری دێموکراتی کوردستان دا هەستی نەتەوایەتی لە نێو کورد دا زۆر بەهێز بووە.

بووژانەوەی هەستی نەتەوایەتیی کورد هەروا درێژەی هەبووە و لە پاش شۆڕشی ژووئیەی ساڵی ١٩٥٨ی عێراق زیاتر بەهێز

بووە. ئێستا لە کوردستانی عێراق چەند ڕۆژنامەیەک بە زمانی کوردی دەردەچن. لە ئێران و عێراق چەند ئیزگەی ڕادیۆ بە کوردی کراونەتەوە کە هەر چەند ئیزگەکانی ئێران بەرنامە بە قازانجی گەلی کورد بڵاو ناکەنەوە بەڵام ئێستاش تاڕادەیەک یارمەتیی گەشەکردنی زمانی کوردی و فەرهەنگی کوردی واتە ئەدەب و مۆسیقا دەکەن. ئەوەش گرنگە کە بگوترێ سەقامگیربوونی ئەو نەتەوانە کە لەباری ئابوورییەوە، دواکەوتوون پێوەندییەکی زۆری بە خەباتی دژی ئیمپریالیستییەوە هەیە و نەتەوەی کوردیش لە کارەساتی خەباتی دژی ئیمپریالیستی و زۆرداریی نەتەوایەتیدا کە لەلایەن حکوومەتە مەرکەزییەکانی تورکیا و ئێرانەوە تووشی بووە، ڕیشە دادەکوتی.

هاوبەشیی ئایینیش یەکێک لەو هۆیانە بووە کە پێگەیشتنی نەتەوەی کوردی وەدوا خستوە. چونکە ئیسلام وەک ئایینی هاوبەشی گەلانی موسوڵمان کراوەتە پەردەیەک بۆ داپۆشینی زوڵموزۆریی نەتەوایەتیی خەلیفەکانی بەغدا و پاشان سوڵتانەکانی عوسمانی کە ئەوانیش نەخشی خەلیفەیان یاری کردوە.

بۆ نموونە لە کاتی شەڕی یەکەمی جیهانیدا کوردەکان دەرفەتێکی باشیان بۆ ڕێ کەوت کە لەپێناوی مافی نەتەوایەتی و مافی چارەنووسدا خەبات بکەن. بەڵام بە ناوی غەزاوە فریویان دان و زوڵم و زۆری نەتەوایەتیی تورکەکانیان بۆ ماوەیەک لە بیر بردنەوە.

ئەوە ڕاستە کە ئایین یەکێک لە دیاردەکانی نەتەوە نیە، بەڵام دەتوانین تەئسیری ئایین لەسەر سەقامگیربوونی نەتەوایەتیی کورد لەو نموونەیەی خوارەوەدا تەماشا بکەین! لەگەڵ ئەوەی ناوچەی کرماشان لە باری ئابووری و کۆمەڵاتییەوە زیاتر پێش کەوتوە، جووڵانەوەی نەتەوایەتی لە مەهاباد بەهێزترە، چونکە کوردەکانی مەهاباد سوننین و کوردی کرماشان وەک فارسەکان شیعەن. جیاوازیی مەزهەب لە مەهاباد دەبێتە هۆی ئەوە کە زوڵم زۆری نەتەوایەتی لە مەهاباد ئاشکراتر خۆی بنوێنێ و ئەوەش هەستی بەرهەڵستیی کوردەکان زیاد دەکا و لە ئەنجام دا دەبێتە هۆی بەهێزبوونی هەستی نەتەوایەتی.

**دیارە دابەشبوونی کوردستان لە نێوان چەند وڵاتیش دا کۆسپێکی دیکەی ڕێگای سەقامگیربوونی نەتەوایەتیی کوردە و پێویستە ئەو هۆیەش بەکەم نەگرێن کە تا ئێستاش ڕۆڵی خۆی لەو بارەیەوە یاری دەکا.**

هۆیەکی نالەباری تریش پێوەندیی عەشیرەتگەری و دەربەگایەتییە کە تا ئێستاش لە گۆڕێدا ماوە، بەڵام ئەو پێوەندییانە بەرەبەرە لە ئەنجامی گەشەکردنی بازاری نێوخۆیی و پەیدابوونی پێوەندییەکانی سەرمایەداری لە لادێی کوردستاندا بێ

بایەخ دەبن. لەوەڕا نەتیجە وەردەگرین کە جێگیربوونی نەتەوایەتیی کورد لە هەلومەرجی ئێستادا مومکین نیە، بەڵام ئەوە بەهێچ جۆر بەو مانایە نیە کە بتوانین حاشا لە بوونی نەتەوەی کورد بکەین کە ڕۆژ بە ڕۆژ گەشە دەکا و سەقامگیر دەبێ. کە وابوو، هێچ شەرتێکی پێویستی نەتەوەبوون نییە لە نەتەوەی کورددا نەبێ، بۆیە دەتوانین هەروەک باسی نەتەوەکانی تر دەکەین باسی نەتەوەی کوردیش بکەین، چونکە سێ هۆی گرنگ و بنەڕەتیی بوونی نەتەوە کە بریتیین لە: زمانی هاوبەش، خاکی هاوبەش و خوو و ڕەوشتی هاوبەش بە تەواوی لە کورددا هەن و ژیانی ئابووریی هاوبەشیش زۆر وەخت بە شەرتێکی گرنگی نەتەوە دانانرێ، کە واتە دەتوانین کوردیش وەک یەکێک لە نەتەوەکانی تری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دابنێین کە ئێستا بە قوناخی پێگەیشتنی نەتەوایەتی دا تێدەپەڕێ.

سەرچاوە: "کوردستان و کورد"

٢٠ی پووشپەڕی ٢٧٢٦

# پڕۆژەی سیاسیی قاسملوو؛ تاکە ڕێگای چارەسەری قەیرانەکانی ئێران





**ئیبراهیم لاجانی**

هاوینی ئەمساڵ، سی و حەوت ساڵ بەسەر تیرۆرکرانی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، تێکۆشەری ڕێگای دێموکراسی و ماف و ئازادییەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا، لەلایەن دیپلۆمات-تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، تێدەپەڕێ. بەو حاڵەش میراتی سیاسی و خەباتگێڕانەی دوکتور قاسملوو، لە ئیلهامبەخشین بە تێکۆشەرانی کورد و داکۆکیکارانی دێموکراسی لە سەرانسەری ئێراندا، هەروا کاریگەر ماوەتەوە.

ڕۆڵی گرنگی دوکتور قاسملوو لە خەباتی گەلی کورددا، بەهیچ جۆر حاشای لێ ناکرێ. ناوبراو وەک ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، نەخشێکی سەرەکی لە داکۆکیکردن لە مافەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێراندا بینی. بەڵام تێکۆشانی ئەو تەنیا هەر لە پێناو ئۆتۆنۆمی بۆ خەڵکی کوردستاندا نەبوو؛ ئامانجی سەرەکی ناوبراو بریتی بوو لە دامەزراندنی سیستەمێکی دێموکراتیک لە ئێراندا، سیستەمێک کە لەوێدا نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی دیکەی پێکهێنەری حەشیمەتی ئەو وڵاتە، مافەکانیان دەستەبەرکرابن و دەرفەتی ئەوەشیان پێ بدرێت لە دامەزراوە دەوڵەتی و نیشتمانییە سەرتاسەرییەکاندا، نوێنەرایەتییەکی عادڵانەیان هەبێت.

لە فەلسەفەی سیاسیی دوکتور قاسملوودا، باوەڕبوون بە ئۆتۆنۆمی و دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەری، ئامرازێکە بۆ بەهێزکردنی کۆمەڵگە جۆراوجۆر و فرەگەلییەکان و دڵنیابوون لە دابینبوونی مافە نەتەوەییەکانی نەتەوە بندەستەکان. قاسملوو لەوە تێگەیشتبوو کە دێموکراسی ڕاستەقینە تەنیا کاتێک دەتوانێت گەشە بکات، کە دەسەڵات بەسەر ناوچە جیاوازەکاندا دابەش بکرێ و ڕێگە بە حوکمڕانی ناوچەیی و هەرێمی بدرێت؛ بەجۆرێک کە پێداویستی و خواستەکانی دانیشتووانی ناوچە جۆراوجۆرەکانی وڵات وەبەرچاو بگیرێن.

دوکتور قاسملوو داکۆکیکارێکی سەرسەختی مافی گەلانی چەوساوە بوو، نەک تەنیا هەر کورد، بەڵکوو داکۆکی لە مافەکانی هەموو نەتەوە و گەلە پەراوێزخراوەکانی نێو چوارچێوەی وڵاتی ئێران دەکرد. ئەو خەونی بە دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکەوە دەبینی، کە لەوێدا هەموو نەتەوە و ئایین و کولتووره جیاوازەکان، بتوانن بە هاوئاهەنگی و دوور لە جیاکاری و هەڵاواردن، لە پێکەوەژیانێکی پڕ لە ئاشتی و تۆلەرانسدا، بەسەر بەرن.

دوکتور قاسملوو جگە لە هەوڵەکانی لە پێناو مافەکانی گەلی کورد لە نێوخۆی ئێراندا، ڕۆڵێکی سەرەکیشی لە پێشخستنی دۆزی کورد لەسەر شانۆی نێودەوڵەتیدا هەبوو. ئەو بەردەوام بۆ هۆشیارکردنەوەی بیروڕای گشتیی دونیا، سەبارەت بە دۆخی نالەباری کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، کار و خەباتی دەکرد. لە هەموو دەرفەتێک بۆ ڕاکێشانی پشتیوانیی سیاسی بۆ خەباتی گەلی کورد و مافی دیاریکردنی چارەی خۆنووسین بۆ نەتەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا، کەڵکی وەردەگرت.

دووربینی سیاسی و پێداگریی دوکتور قاسملوو لەسەر دێموکراسی، کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر سیاسەتی ئێرانیش هەبوو. وەک سیاسەتمەدارێکی سێکۆلار و دێموکرات، بە توندی دژایەتیی ڕێژیمی ئیسلامیی ئایەتوڵڵاکانی دەکرد. ئەو ڕێژیمی ئاخوندی بە مەترسیی بۆ سەر ئازادی, پلۆرالیزمی سیاسی و فەرهەنگی و مافەکانی مرۆڤ دادەنا. بۆیە ناوبراو بەردەوام بۆ



سەرچاوە
Serchawe

یەکخستنی هێزە نیشتمانی و دێموکراتییەکانی ئێران، بە هەموو پێشینە و ڕوانگە سیاسییە جیاوازەکانیانەوە، بۆ ڕاوەستان لە دژی نیزامی سەرکوتگەری کۆماری ئیسلامی تێدەکۆشا و جەختی لەسەر ئامانجی هاوبەش، واتە دامەزراندنی حکومەتێکی دێموکراتیک و سێکۆلار دەکردەوە.

ئەمڕۆ لە کاتێکدا کە یاد لە دوکتور قاسملووی نەمر دەکەینەوە، زۆر گرنگە لەسەر بەرەوپێشبردنی بیرۆکە و ئامانج و سوننەتی خەباتگێڕانەی ناوبراو پێداگری بکەینەوە. ئاخر لە ئێراندا، کە خەبات بۆ دێموکراسی هەروا بەردەوامە، پرۆژەی سیاسیی قاسملوو بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی فرەکولتوور، لەسەر بنەمای دێموکراسی، سێکۆلاریزم، لێبوردەیی و مافی مرۆڤ، هەر وەک جاران پرسی ڕۆژە. ئەو گیروگرفتانەی ئێستا ئێران لەگەڵیان دەستەویەخەیە، تەنیا و تەنیا لە ڕێگای دابینبوونی دێموکراسی و دێسانترالیزاسیۆن چارەسەر دەبن.

بۆیە ئەرکی سەرشانمانە، چ کوردەکان و چ هاووڵاتیانی دیکەی ئێران، وەک یەک چالاکانە بۆ بەرزڕاگرتنی ئایدیاڵ و ئامانج و پرەنسیپە سیاسییەکانی دوکتور قاسملوو کار بکەین. ئەمەش دەتوانرێت لە ڕێگای بردنەپێشی خەبات، پەروەردە و بەشداریکردنی چالاکانە لە تێکۆشانی سیاسیدا جێبەجێ بکرێ. پێویستە بۆ دروستکردنی هاوپەیمانی لەگەڵ کەسایەتی و ڕێکخراوە میللی و دێموکراتیکەکان، لە پێناو پێشخستنی دۆزی دێموکراسی و مافی نەتەوە و گەلە بندەستەکان لە ئێراندا، تێبکۆشین.

جگە لەوەش دەبێت بەردەوام بین لەسەر بردنەپێشی ڕوانگە و بۆچوونەکانی دوکتور قاسملوو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا. بە هۆشیارکردنەوەی بیروڕای گشتیی دونیا سەبارەت بە بەرحەقبوونی خەباتی گەلی کورد و سەبارەت بە پێویستیی دامەزراندنی سیستەمێکی دێموکراتیک لە ئێراندا، دەتوانین ئەمڕۆش پشتیوانیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ ئەو پرۆژەیە ڕاکێشین کە دوکتور قاسملوو کاری لەسەر دەکرد؛ پرۆژەیەک کە ڕێگاچارەی هەموو ئەو گیروگرفتانەیە کە ئەمڕۆ وڵاتەکەمان بەدەستیانەوە گیرۆدەیە.

لە کوردستان پێویستە میراتی سیاسیی دوکتور قاسملوو بپارێزین، دەوڵەمەندتری بکەین و تێکۆشین لەگەڵ فاکتەر و ئاڵوگۆڕە تازەکان هاوئاهەنگی بکەین. ڕۆڵی قاسملوو وەک سەرکردەیەکی خەباتگێڕ و شێلگیربوونی ناوبراو لەسەر بردنەپێشی دۆزی کورد، وەک سەرچاوەی ئیلهام بۆ نەوەکانی داهاتوو چاوی لێ دەکرێت. لە ڕێگەی یادکردنەوەی بەردەوام، لەڕێگەی دەستپێشخەریی پەروەردەیی و بڵاوکردنەوەی کولتوور و فەرهەنگی سیاسیی قاسملوو، دەتوانین دڵنیا بین لەوەی کە یادی ناوبراو هەمیشە لە دڵماندا زیندووە و ئایدیاڵەکانی لە ڕێنماییکردنی خەباتی ئێمە بەرەو دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی

عادڵانەتر، ڕێنیشاندەرمانن.

لە ٣٧مین ساڵی شەهیدبوونی دوکتور قاسملوودا، جارێکی دیکەش جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە تەنیا بە درێژەدان بە خەبات بۆ ئەو پرەنسیپپانەی کە ئەو ژیان و گیانی خۆی بۆ بردنەپێشیان تەرخان کرد - دێموکراسی، سێکۆلاریزم، لێبوردەیی و مافی نەتەوە و گەلانی چەوساوەی ئێران، دەتوانین وەفاداری و ئەمەگناسیی خۆمان بەرانبەر خەبات و تێکۆشانی ئەو و هەموو شەهیدانی ڕێگای ئازادی و دێموکراسی نیشان بدەین. تەنیا ئەو کاتە دەتوانین بەڕاستی ئاوات و ئارەزووەکانی قاسملووی نەمر بەدی بهێنین کە سیستەمێکی دێموکراتیک لە ئێراندا دامەزرابێ، بەجۆرێک کە هەموو هاووڵاتییان بە کەرامەت و ڕێزەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت و گەلانی ژێر ستەمی ئێران بە مافە ڕەواکانی خۆیان گەیشتبن.

**بەرز و بەڕێز بێت یاد و ناوی شەهیدان دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، عەبدوڵڵا قادری ئازەر و دوکتور فازڵ ڕەسووڵ!**

**٢١ی پووشپەڕی ٢٧٢٦**

# پەیامی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی ٣٧ ساڵەی تیرۆری د. قاسملوو و هاوڕێیانی لە ڤییەن



**خەڵکی مافخواز خەباتکاری کوردستان!**
**حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ئێران و کوردستان!**
**کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان!**

٣٧ ساڵ بەر لە ئێستا و لە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨ی هەتاوی (١٣ی جوولای ١٩٨٩ی زایینی) دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هاوڕێ لەگەڵ کاک عەبدوڵڵا قادریئازەر، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، لە ڤییەنی پێتەختی وڵاتی ئۆتریش، لەسەر مێزی دانوستان بە دەستی بەناو دیپلۆمات بەڵام تیرۆریستەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران شەهید کران.

تیرۆری دەوڵەتیی د. قاسملوو بە دەستی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، یەکێک لەو ڕووداوانەیە لە یادەوەریی خەڵکی کوردستاندا ماوەتەوە و دەشمێنێتەوە. پەنابردنی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ تیرۆری دوکتور قاسملوو، سەلمێنەری ئەو ڕاستییە بوو کە ڕێژیم توانای بەربەرەکانی لەگەڵ ڕێبازی سیاسیی حیزبی دێموکرات و جووڵانەوەی میللی دێموکراتیکی کوردستانی نەبوو. بەڵام دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بە هەڵەدا چوون، چونکە تیرۆری دوکتور قاسملوو نەک نەبوو بە


سەرچاوە
Serchawe

هۆی لەنێوبردنی ڕێبازی فکری و سیاسیی دوکتور قاسملوو، بەڵکوو دەبینین خەباتی نەتەوەیی و مافخوازانەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک بزووتنەوەیەکی جەماوەری و خاوەن ڕەوایەتییەکی مێژوویی قووڵ و سەردەمیانە، لە ڕێڕەوەی خۆی بەردەوامە و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لە پەرەسەندندایە.

دوکتور قاسملوو، تەنیا ڕێبەرێکی حیزبی نەبوو، بەڵکوو زانا و بلیمەتێکی لێهاتوو بوو کە بە پشتبەستن بە پاشخانە ئەکادیمی و سیاسی، چ بە تیۆری و چ بە کردەوە، بزووتنەوەی کوردی لە فۆرمی نەریتی دەرباز کرد و بە دیپلۆماسییەکی ژیرانە و بە گوتارێکی کوردستانی و مۆدێرن، وێنەیەکی سەردەمیانەی لە پرسی ڕەوای نەتەوەکەی بە دنیای دەرەوە پێشان دا و خەباتی مافخوازانەی نەتەوەکەی بردە سەر سەکۆی دیپلۆماسیی وڵاتان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان. هەموو هەوڵی د. قاسملوو ئەوە بوو پرسی نەتەوەیی کورد لە چوارچێوەی پرەنسیپە ئاشتیخواز و دێموکراتیکەکاندا چارەسەر بکات.

دوکتور قاسملوو بە وردبینی و دیپلۆماسییەکی بەهێزەوە توانی چەمکگەلی وەک مافی نەتەوەیی، کوردایەتی و خەبات و بەرگریی چەکداری هاوسەنگ بکات و ڕێوشوێن و ڕەهەندەکانی خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات ئاوێتەی پرەنسیپە سەرەکییەکانی وەک نەتەوەییبوون، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، ئازادیی سیاسی و دێموکراسیخوازی بکات.

لە کاتێکدا دەسەڵاتدارانی ئێرانی هەموو جیاوازییەکی فیکرییان بە تێرۆر و سەرکوت وەڵام دەدایەوە، دوکتور قاسملوو پێشنیاری مۆدێلێکی سیاسیی دەکرد کە تیایدا پرسی نەتەوەیی گرێدراوی پاراستنی کەرامەتی مرۆیی و دێموکراسییەکی قووڵ بێت. ئەمڕۆ پاش نیزیک چوار دەیە ئەو هزرەی قاسملوو کە "دێموکراسی" بە بنەمای چارەسەری دەزانێت، بووەتە قەڵغانی بەرگریی کۆمەڵگەی کوردستان بەرانبەر بە هەر جۆرە بیرێکی توندڕەوانە و پاوانخوازانە. ئەمە ئەوکاتەیە کە میراتی قاسملوو لە چوارچێوەی ڕێکخراوەیەک دەردەچێت و دەبێتە ئاسۆی ڕوانین و ڕێنوێنی نەتەوەیەک بۆ دژایەتیی دەسەڵاتی ستەمکار و گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی ئازاد و بەختەوەر.

ساتوسەودای وڵاتانی ئوروپایی بە تایبەتی وڵاتی ئوتریش لەگەڵ ئێران و چاوپۆشی یاسایی و سیاسیی لە تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی، بە تایبەتی تێرۆری دوکتور قاسملوو، لە ساڵانی دواتردا دەرفەت و بواری ئەوەی بە کۆماری ئیسلامی دا بەرەبەرە لەو وڵاتانە پەرە بە "دیپلۆماسیی تێرۆر" بدات و پەلوپۆ بۆ پێتەختی زۆر لە وڵاتانی ئوورووپایی بهاوێ. ئێستا دوای ٣٧ساڵ کاتێک بە وردی لە پەیوەندیی نێوان ئەو کردەوە تێرۆریستییانە و دۆخی هەنووکەیی ناوچەکە و هێرشەکانی ڕێژیم بۆ سەر حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و، وڵاتانی عەرەبیی ناوچەکە وهەرێمی کوردستانی -عیراق دەڕوانین، دەبینین لە ئێستادا ئەو ڕێژیمەی د. قاسملوو وەک ڕێبەری حیزبێکی نەتەوەیی ودێموکراسیخواز دژی وەستایەوە،

بۆتە گەورەترین هەڕەشە بۆ سەر ئەمنییەت و سەقامگیریی جیهان و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست.

٣٧ ساڵ دوای تێرۆری ڤییەن و بەردەوامیی کۆماری ئیسلامی لە هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی و تێرۆر و شەڕفرۆشتن بەوڵاتانی دەوروبەر و ناسەقامگیرکردنی ناوچەکە لە ئاکامدا ئێرانیان تووشی شەڕێکی مالوێرانکەر کردووە کە لە ئێستادا بەردەوامبوونی ئەم سیاسەتە و لێکەوتەکانی دۆخی شەڕ، کۆمەڵگەی ئێرانی لە بواری کۆمەڵایەتی وئابووری وسیاسییەوە خستووەتە لێواری دارمانێکی تەواو کە مەشروعییەتی ئەو ڕێژیمەی لە گشتییەتی خۆیدا بردووەتە ژێر پرسیار.

لە ئێستادا ڕێژیم بۆ داپۆشین و قەرەبووکردنەوەی شکست و پاشەکشە دەرەکییەکانی خۆی، نێوخۆی ئێرانی کردووەتە گۆڕەپانی سەرکوت و کوشتن و تۆقاندن و لەو نێوەشدا کوردستانی ئێران وەک جوگرافیایەکی سەرەکیی سەرکوتی سیستماتیک زیاتر کەوتووەتە بەر گوشاری هێزە ئەمنییەتیەکانی ڕێژیم. لە بەرانبەر ئەم دۆخە پڕ لە قەیرانەی پێکهاتەی دەسەڵات و کۆمەڵگەی ئێراندا کە ڕێژیم لەوپەڕی دڕندەیی و لە هەمان کاتدا لەوپەڕی لاوازیی خۆیدایە، بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد پێویستی بە تێگەیشتنێکی قووڵ لە هێزی نێوخۆ و عاملییەتی خۆی هەیە. ئەرکی هێزە سیاسییەکان و تاک و کۆی کۆمەڵگەی کوردستانە ڕیزەکانی هاوخەباتی و خۆڕاگریی خۆیان پتەوتر بکەن. تێپەڕاندنی ئاڵنگارییەکانی ئەم سەردەمە نوێیە و بەرپەرچدانەوەی هەڕەشە و هێرشەکانی ڕێژیم بۆ سەر کوردستان، زەروورەتی ئەم هاوخەباتییە زیاتر دەردەخات.
ئێستا کە ئیرادەیەکی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵات لە ئارادایە، بەدڵنیاییەوە لە ئاسۆی سەرکەوتن نزیکترین. حیزبی دێموکرات هەمووکات لەسەر ئەو باوەڕە بووە کە سەرکەوتن بەسەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە گرەوی یەکریزی و خەباتی بەرفراوان لەگەڵ نەتەوە بندەستەکان و هێزە ئازادیخوازەکانی ئێراندایە.

ئەمڕۆ، هێزی جەماوەریی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک سەرمایەیەکی بەرفراوان و بەرینی کۆمەڵایەتی و سیاسی، تەنیا هەر هێزی دژایەتی و بەرگری لە بەرانبەر دەسەڵاتی ناوەندیدا نییە، بەڵکوو هێزێکە بۆ بنیاتنانەوە. ئەم سەرمایە لەبنەنەهاتووە کە هێزی گۆڕانکارییە، بەرهەمی دەیان ساڵ خەباتی پێشمەرگانە و سیاسی و مەدەنییانەی کۆمەڵگەی کوردستانە کە بە خوێنی شەهیدان و خەبات و تێکۆشانی کوردستانیان بەرهەم هاتووە.

### خەڵکی خەباتکاری کوردستان!

٣٧ ساڵ لەو پێش ئەگەر حاکمییەتی کۆماری ئیسلامی پێی وابوو هزری قاسملوو لەگەڵ جەستەیدا دەسڕێتەوە، مێژوو سەلماندی ئەوان بە هەڵەدا چوون چونکە نەوەکانی دوای د. قاسملوو چوار دەیە بە تێگەیشتنەوە ئەویان وەک ڕێبەر و

ڕێبازی فیکریی خۆیان هەڵبژاردووە. بۆیە بەرزڕاگرتنی یادی شەهیدکرانی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و هاوڕێیانی، وێستگەیەکی گرنگە بۆ نوێکردنەوەی پەیمان لەگەڵ ئەو ڕێبازەی کە قاسملوو، ڕێبەر و دارێژەری بووە. لەم ڕووەوە گەڕانەوە بۆ ئەو سەرمایە فکرییەی دکتور قاسملوو، واتە سەرلەنوێ خوێندنەوەی ئەو ئامانجە بەرزانە کە لە پێناویدا شەهید بووە و پێویستیی بەخۆ ماندوو کردن و فیداکاری و تێکۆشانی بەردەوامە.

لە ٣٧ ساڵەی تێرۆری ڤییەندا سەری ڕێز دادەنوێنین لە بەرانبەر گیانی پاکی شەهید دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی و هەموو ئەو شەهیدانەی لە ڕێگای ئازادیی کوردستاندا، گیانی پاکی خۆیان بەخت کردووە، بە تایبەت تازەترین شەهیدانی سوورخەڵاتی ئەم دواییانەی کوردستان و پەیمانی وەفا و درێژەدان بە خەباتی پڕشکۆی نەتەوەکەمان لەگەڵ ڕۆحی پاکی ڕێبەرانی شەهیدمان نوێ دەکەینەوە.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**دەستەی کارگێڕی**

٢١ی پووشپەڕی ١٤٠٥ (١٢ - ٧ - ٢٠٢٦)

٢١ی پووشپەڕی ٢٧٢٦

# تاکی کورد؛ لە قەیرانی ماناوە بۆ قەیرانی گێڕانەوە





**کەیوان فاتحی**

لە سەردەمێکدا دەژین کە پشێوییەکی قووڵ و قەیرانێکی فرەڕەهەند بوارە جیاجیاکانی ژیانی مرۆیی و بەو پێیەش کۆمەڵگەی کوردستانی تەنیوەتەوە. ڕەنگە دیارترین تایبەتمەندییەکانی ئەم سەردەمە بریتی بن لە: لێشاوی زانیاری و خێراییەکی لەڕادەبەدەر بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا، لێکترازان و لەباوکەوتنی بەشێکی بەرچاو لە بەها نەریتییەکان، بوونە مۆد و باڵادەستبوونی ڕواڵەتبینی و ڕووکەشگەرایی، دروستبوونی پەیوەندیی دیجیتاڵی هاوشان لەگەڵ دابڕانێکی

قووڵی دەروونیدا، و لە سەرووی هەمووشیانەوە، شۆڕبوونەوەی قورسایی تەواوی بەرپرسیارێتییەکانی ژیان بۆ سەر شانی خودی تاک. ئەم تایبەتمەندییانە بەشی زۆری ژیانی مرۆڤایەتیی گرتووەتەوە و بووەتە هۆی گۆڕانکاری لە کۆی ژیان و زۆرینەی کۆمەڵگەکانی سەر گۆی زەوی.

تاکی کورد لە ناوجەرگەی ئەم پشێوییەدا و لەم سەردەمە تایبەت و قۆناغە نوێیەدا، لە جیاتی ئەوەی هەوڵی بەرهەمهێنانی مانا، پێگەیاندنی خۆی و بەرزکردنەوەی پێوەرەکانی کار و ژیان بدات، تووشی سەرلێشێواوییەکی فرەچەشن و هەمەڕەهەند بووەتەوە، کە تا ڕادەیەکی زۆر لە واقیع دابڕاوە. ئەمە کە لە پلەی یەکەمدا بە واتای خۆڕێکنەخستن و مانەوە لە پەراوێزی گۆڕانکارییەکان دایە، وای کردووە دوو قەیرانی لێکگرێدراو وەک گەورەترین تەنگەژەی فەلسەفی، دەروونی و کۆمەڵایەتی سەرهەڵبدەن کە پەیکەری گشتیی کۆمەڵگەی کوردستانیان پەکخستووە،

## کە بریتین لە: قەیرانی بەرهەمهێنانی مانا و قەیرانی گێڕانەوە.

## گێڕانەوە (ڕەوایەت) چییە و چۆن کار دەکات؟

مرۆڤ لە بنەڕەتدا بوونەوەرێکی چیرۆکبێژە؛ مرۆڤەکان تەنیا لە ڕێگەی گێڕانەوە و ڕەوایەتەکانەوە دەتوانن لە جیهانی دەوروبەر تێبگەن و ژیانی خۆیان ڕێکبخەن یان ڕێکیبخەنەوە. لەم بەستێنەدا، ڕەوایەت وەک نەخشەڕێگایەکی فیکری کاردەکات؛ مانا بە خۆشی، ئازار، تێکۆشان و نەهامەتییەکانی مرۆڤ دەبەخشێت و هەستی ناسنامە، خاوەنداریەتی و پەیوەستبوونی پێدەبەخشێت. کاتێک ئەم گێڕانەوانە تێکدەشکێن، قەیرانی مانا دێتە ئاراوە. بە زمانێکی سادە، ئەم قەیرانە کاتێک بەرۆکی تاک و کۆمەڵگە دەگرێت کە سەرجەم ئەو پێکهاتە، چیرۆک و مەزنەگێڕانەوانە کە پێشتر ئاراستە و ئامانجیان بە ژیانی مرۆڤەکان دەبەخشی، کارایی خۆیان لە دەست دەدەن و هەوڵی چێکردنی ڕەوایەتێکی نوێش نادرێت، تاک لە بەرامبەر بۆشاییەکی گەورە و بێئامانجییەکی ڕەهادا بە تەنیا دەمێنێتەوە. ئەمە ئەو دۆخەیە کە لەم سەردەمە پڕ لە گۆڕانکارییەدا باڵی بەسەر کۆمەڵگەی کوردستاندا کێشاوە.

## تاکی کورد لە تێپەڕبوون بەرەو مانای نوێ و دابڕان لە واقیع

قەیرانی مانا و گێڕانەوە لای تاکی کورد، دۆخێکی یەکجار تایبەتە. لە ڕابردوودا، گێڕانەوەی گەورەی مرۆڤی کورد لەسەر بنەمای "مانەوە و بەرگری" دارێژرابوو، کە مانایەکی بەردەستی بە ژیان و تەنانەت ڕەنجەکانیشی دەبەخشی. بەڵام لەم سەردەمەدا، بەهۆی پێکدادانی نەریت لەگەڵ واقیعی دژواری نوێ و جیهانگیریدا، ئەو گێڕانەوە کۆنانە کاراییان لە دەست

داوە و ناتوانن وەڵامدەری پێداویستییەکانی تاک بن. ئەمەش وای کردووە تاکی کورد لە نێوان "شەکەتیی مێژوویی" و نەبوونی ئاسۆیەکی هاوبەشدا بکەوێتە ناو قەیرانی تێپەڕینەوە؛ قەیرانی تێپەڕین لە گێڕانەوەیەکی حەماسییەوە بەرەو دروستکردنی مانایەکی سەربەخۆ و تاکەکەسی.

بەڵام ئەم تێپەڕینە لە کاتێکدایە کە وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا، تاکی کۆمەڵگە لە واقیعی جیهان و دەوروبەری دابڕاوە، بۆیە لە جیاتی بەرهەمهێنانی گێڕانەوەیەکی نوێ کە مانابەخشی جیهان بێت، پەنا بۆ میکانیزمگەلێکی ناکارامەی دیکە دەبات. ئەمەش ئاساییە؛ کاتێک مرۆڤ نەتوانێت پەیوەندییەکی ڕاستەقینە لەگەڵ واقیعی خۆی و دەوروبەری دروست بکات، بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی پەنا دەباتە بەر پاساوهێنانەوە و هەڵهاتن لە وەئەستۆگرتنی بەرپرسیاریتی. لێرەوە، تەمبەڵی وەک پەتا تەشەنە دەکات و بوار بۆ گەندەڵییەکی گشتگیر دەڕەخسێنێت؛ گەندەڵییەک کە تا قووڵایی مێشکی تاکەکانیش شۆڕ دەبێتەوە و هەر جۆرە هەوڵێکی جدی و تایبەتیش بەمەبەستی چاکسازی یان گۆڕانکاریی بنەڕەتی لەبار دەبات. ئەمەش سەرچاوەی نامۆبوونە.

بۆ تێگەیشتن لە ڕەگ و ڕیشەی ئەم نامۆبوونە و هۆکاری ونبوونی تاکی کورد لە ناو جیهانی ڕاستەقینە و واقیعی جیهاندا، دەبێ پەنجە بخەینە سەر سەرەکیترین هۆکارەکان. لە پلەی یەکەمدا ئێمە وەک تاکی کۆمەڵگەی کوردستان لە پرۆسەی بەرهەمهێنان، بڵاوکردنەوە و بەکارهێنانی بیر و هزردا، زۆر هەمەکی و گشتین. فێرنەکراوین و خۆمان پەروەردە نەکردووە کە کار و لێکۆڵینەوە لەسەر وردەکارییەکان بکەین. توانای ئەوەمان نییە چیرۆکە ڕاستەقینە و سادەکانی ناو ژیانی ڕۆژانەی خۆمان و دەوروبەرمان ببینین و بیانگێڕینەوە. ئەم لاوازییە بەستێنخوڵقێنە بۆ دوورکەوتنەوە و دابڕان لە واقیع و وەڵامدانەوەی گونجاو بە گۆڕانکارییەکان. هەر بۆیە بەناچارەکی پەنا دەبەینە بەر دروشمی گەورە و زۆرجاریش بێناوەڕۆک؛ واتە لە جیاتی ئەوەی هەوڵی تێگەیشتن لە چۆنێتیی ڕێکخستنی شتەکان بدرێت و بە واتایەک مانا بەرهەم بێت، زۆرجار پەنا دەبرێتە بەر سێ میکانیزمی بەرگریکارانە کە مرۆڤی سەرلێشێواو بۆ شاردنەوەی نائاگایی و نەزانیی خۆی بەکاریان دەهێنێت،

### ئەوانەش بریتین لە:

### زەقکردنەوەی بەڵگەنەویستەکان:

واتە دووبارەکردنەوەی پەیتاپەیتا قسەی باو و ئاشکرا و ڕوون و ئەو ڕاستیانەی گومانیان لەسەر نییە، ئەویش بەهۆی بێتوانایی لە شیکردنەوەی قووڵی ڕووداوەکانی جیهانی دەوروبەر و تەنانەت گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگەی خۆمان. بۆ نموونە،

لەجیاتی ئەوەی بەقوولی بچینە ناو هۆکارەکانی کێشەکانمان، بەردەوام ڕستەی گشتی وەک "سیستمەکە خراپە" یان "گەندەڵی هەیە" دووبارە دەکەینەوە؛ کورتکردنەوەی کێشەکان لەم قسە باوانەدا، ڕێگرە لەوەی بپرسین "کێشەی سیستمەکە بە وردی لە کوێدایە و پشکی ئێمە لە سەرهەڵدانی ئەو کێشەیە چییە و هەروەها چۆن دەتوانین لە چارەسەرکردنیدا ڕۆڵ بگێڕین". ئەم کەموکوڕییە، واتە پەنابردن بۆ دووبارەکردنەوەی بابەتە ڕوون و بەڵگەنەویستەکان و گوێنەدان بە فەکت و ژمارە، تەنانەت لە بەشێکی زۆر لەو بابەتانەدا کە خوێندکاران و مامۆستایانی کورد لە چوارچێوەی شیکاری و لێکۆڵینەوەی ئاکادیمیک بڵاوی دەکەنەوە، بەرچاوە.

**ئایدیاڵی نادیار یان دوورمەودا** :واتە باسکردنی خەون و ئایدیاڵێک وەک مزگێنیدانی کۆمەڵگەیەکی بێخەوش، ئەویش لە کاتێکدا هیچ نەخشەڕێگایەکمان بۆ بنیاتنانی نییە و نازانین کەی و چۆن دێتە دی. ئەگەر ورد بینەوە دەبینین چۆن لە ناو گفتوگۆکانماندا، بەبەردەوامی داوای کۆمەڵگەیەکی بێخەوش یان داهاتوویەکی گەشتر دەکەین، بەبێ ئەوەی بەکردە هەنگاوێکی بچووک لەو ئاراستەیەدا، تەنانەت لە ئاستی چاککردنی ئوسلووبی پەروەردەکردنی منداڵێک لە دەوروبەری خۆمان، یان بگرە گۆڕینی ڕەفتارێکی چەوتی خۆمان لە ژیانی ڕۆژانەماندا هەڵبگرین. هۆکاری ئەم جۆرە باسکردنە لە نەناسراو و نەزانراو، وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا، پەردەپۆشکردنی نائاگایی و نەزانیی خۆمانە.

## پەنابردن بۆ زاراوە و چەمکە دەرهەستەکان:

واتە قسەکردن بە زمانێکی ئاڵۆز و چەمکگەلێکی ئینتیزاعی کە پەیوەندییەکی ئەوتۆیان بە دۆخی ژیانی ڕۆژانە و واقیع و دۆخی هەنووکەیی کۆمەڵگەوە نییە، تەنیا بۆ ئەوەی تاک یان کەسی بەکارهێنەری ئەو زاراوە و چەمکانە وای بنوێنێت کە خاوەن مەعریفەیە، یاخود بە شێوەیەکی زانستی و پسپۆڕانە قسە دەکات. بێگومان ئەمە بە واتای ڕەتکردنەوەی زاراوە و چەمکە ئینتیزاعی و زەینییەکان نییە، بەتایبەت لە بواری ئاکادیمیک و زانستە مرۆییەکاندا، چونکە بیردۆز و زانست لەسەر ئەم چەمکانە دامەزراوە. مەبەست لە بەکارهێنانی زاراوەگەلی دەرهەست و چەمکی قورس و پێچەڵپێچ لە شوێنێکدایە کە نە جێگایەتی و نە سوودبەخشە و نە مانایەک چێ دەکەن و نە کێشەیەکی ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگە چارەسەر دەکەن. چاوخشاندنێک بە ناوەڕۆکی سۆشیاڵ میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان یان زۆرێک لەو باسانەی لە کۆبوونەوە و دانیشتنەکاندا دێنە بەرباس، دەری دەخات کە ئەگەر نا هەمووی، لانیکەم بەشێکی زۆریان تەنیا بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی تێگەیشتنمانە لە کێشە هەرە سادەکانی نێوان خۆمان و واقیعەکەمان. پەنابردن بۆ ئەم میکانیزمەش دیسان دابڕانە لە واقیع و دۆشداماوییە بەرامبەر گۆڕانکارییەکانی سەردەمی پشێوی.

کۆی ئەمانە واتە پشتگوێخستنی واقیع و پەنابردن بۆ میکانیزمەکانی بەرگری، ڕەنگدانەوەی ئەو سەرلێشێواوییەن کە وەک

لە پێشتردا باس کرا، بەهۆی خێرایی گۆڕانکارییەکان، سۆشیاڵ میدیا، شکستی پڕۆژە سیاسی و فەرهەنگییەکانەوە و هاوکات بێتوانایی لە چێکردنی مانایەکی نوێ بۆ ژیانی سەردەم بەسەر تاکی کورددا هاتووە. ئەمەش تاک و کۆمەڵگەیەکی بەرهەمهێناوە کە پڕە لە دەنگی بەرز و خاڵی لە ناوەڕۆک، کە تێیدا قسە و ئاخافتنی بێبنەما هەم جێگای گوتارێکی پڕناوەڕۆک و مانادار و کارامە بۆ ژیانی کۆمەڵگەی گرتووەتەوە و هەم وەهەمیش جێگای بەها ڕاستەقینەکان. لەم ژینگە ژەهراوییەدا، هەر تاکێکی وشیاریش کە بیەوێت هەوڵ بۆ چەسپاندنی پێوەرەکانی کار بدات، بەرەوڕووی بەربەستی بێژمار دەبێتەوە. ئەم دۆخە خنکێنەرە، تاکی وشیار و ئاگا ناچار دەکات بەمەبەستی پاراستنی باری دەروونی خۆی و بەرزکردنەوەی تواناکانی بکشێتەوە؛ کشانەوەیەک نەک بەواتای تووشبوون بە خەمۆکی و نە پشتگوێخستنی کۆمەڵگە و کێشە و گرفتەکانی، بەڵکوو بەواتای هەڵبژاردنی "تەنیایی ستراتیژی" کە دەتوانێت بەرهەمهێنەری مانا بێت لە سەردەمی پشێوییەکاندا.

### تەنیایی ستراتیژی:

### قەڵغانی پاراستنی عەقڵ و ئالیەتی گەشەپێدانی خود

لەم دۆخە وێرانکەر و پڕ لە ژاوەژاوەدا، تەنیایی ستراتیژی وەک تاکە پەناگە بۆ تاکی وشیار دەردەکەوێت. بێگومان ئەم تەنیاییە، دابڕانێکی نەخۆشئاسا یان هەستێکی نەرێنی بەرامبەر بە مرۆڤایەتی بە گشتی و کۆمەڵگەی خودی تاک بەتایبەتی نییە، بەڵکوو بڕیارێکی ئاگایانە و هەڵبژاردنێکی ئامانجدارە؛ بە دەربڕینێکی ڕوونتر، کشانەوەیەکی وشیارانەیە لەو کۆڕ و کۆبوونەوە بێمانایانەی تەنیا وزەی مرۆڤ بەفیڕۆ دەدەن. تاکی وشیار بەم کشانەوەیە دەیەوێت کات، بیرکردنەوە و باری دەروونی خۆی، لەو زەلکاوە بەدوور بگرێت. بۆیە خۆبەندکردن و مانەوە لە چواردیواری نییە، بەڵکوو بەخۆداچوونەوە و تاقیگەیەکی کەسییە کە تێیدا تاک دەتوانێت دوور لە تەمبەڵی، کار لەسەر خۆی بکات و دوور لە دووپاتکردنەوەی بەڵگەنەویستەکان، کار بۆ داهێنان بکات. ئەم تەنیاییە تایبەتە، لەسەر دوو کۆڵەکەی سەرەکی بنیات دەنرێت کە ڕێڕەوی ژیانی هەر مرۆڤێکی وشیار پێک دەهێنن: یەکەم، خۆبوون (Authenticity) و دووەم، فێربوونی بەردەوام.(Continuous Learning)

**خۆبوونی تاکی هۆشیار** :کە تەنیایی ستراتیژی هەڵبژاردووە، بەو واتایە دێت کە ناکەوێتە شوێن شەپۆل و ئامادە نییە تەنیا بۆ پەسنی ئەوانی تر، خۆی هاوڕەنگی کۆمەڵگە بکات. ئەم خۆبوونە خۆی گەورەترین شێوەی یاخیبوونە. ڕێزگرتنە لە سنوورە کەسییەکان، ڕەتکردنەوەی قسەی بێبنەما و پێداگری لەسەر پاراستنی ناسنامە و بەها ڕاستەقینەکان.

### فێربوونی بەردەوام:

تاکە پەرژینی کاریگەرە بەرامبەر بەو تەمبەڵییە فیکرییەی کە کۆمەڵگە خووی پێوە گرتووە. تەنیایی ستراتیژیانە دەبێتە دەرفەتێکی ناوازە و کەموێنە بۆ گەشەپێدانی وشیاری و دەوڵەمەندکردنی عەقڵ؛ ئەویش لە ڕێگەی بینینی فیلم، گوێگرتن لە میوزیک، خوێندنەوەی کتێب و گەڕان بەدوای زانیاریی نوێدا. هەر بۆیە جەختم لەوە کردەوە کە ئەم تەنیاییە بەواتای گۆشەگیری و خەمۆکی نایەت.

بەم چەشنە، مرۆڤی گۆشەگر لە ڕووی فیکرییەوە چیتر ڕێگە نادات کەسانی دەوروبەری - کە زۆرجار کاتکوژ و وزەمژن - ئاراستەی ژیانی دیاری بکەن، یان بەلاڕێیدا ببەن. لە جیاتی ئەوە، ئەو لە ڕێگەی ئەو پەرەسەندنە کەسییەی کە لە تەنیاییدا بەدەستی هێناوە، پەیوەندییەکی قووڵ و بێواستە لەگەڵ مێشکە گەورەکانی جیهاندا دروست دەکات. ئەم قووڵبوونەوەیە لە خود، تەنیا پەناگەیەک نییە بۆ پشوودان، بەڵکوو ئامادەکارییەکی قووڵە بۆ گەڕانەوەیەکی کاریگەر؛ هێزکۆکردنەوەیە بۆ ئەوەی مرۆڤ دەستی بە پێوانە و ستانداردە بەرزەکانی کار ڕابگات؛ چونکە جەوهەری مرۆڤ خزمەتکردنە، خزمەتکردنی ڕاستەقینەش بەبێ زانیاری، کارامەیی و توانا (Knowledge, Skills, Abilities) دەستەبەر نابێت. ئەم تەنیاییە تەنیا بۆ خودی تاک سوودمەند نییە، بەڵکوو دەتوانێت لە ئاستی سەرلێشێواویی کۆمەڵگە کەم بکاتەوە و بەستێنی گەڕانەوە بۆ واقیع فەراهەم بکات.

### ئەنجام:

بنیاتنانەوەی واقیع لە خوارەوە بۆ سەرەوە: لە سەردەمی گۆڕانکارییە مەزنەکان و پشێویی و بەتایبەت لە سەردەمی قەیرانی مانا و گێڕانەوە و دابڕانی تاکی کورد لە واقیع، گەڕانەوە بۆ ڕاستییەکان و بە واتایەک کەوتنە سەر ڕێڕەوی ڕاست و ڕزگاربوون لەم قەیرانانە، لە گۆڕینی دروشمە گەورەکان و دەسەڵاتەکانەوە دەست پێ ناکات، بەڵکوو لە ڕاستکردنەوە و ساخکردنەوەی ناخی خودی تاکەوە دەست پێ دەکات. لە تەنیاییەکی ستراتیژیانەوە کە نەک هەڵهاتن، بەڵکوو هەستکردنە بە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی و هەوڵدانە بۆ داهێنانی نوێ بەمەبەستی ڕووبەڕووبوونەوەی واقیع و کۆتاییهێنان بە سەرلێشێواوی و سەیرکردنی پەتی و دەستەوەستانیی ڕووداوەکان. خۆبوون وەک ئەستوونێکی تەنیایی ستراتیژیانە، تاکەکان فێر دەکات کە کات و ساتەکانیان بەفیڕۆ نەدەن و فێربوونی بەردەوامیش فێریان دەکات پێوەرەکانی کارەکەیان بەرز بکەنەوە. لەم ڕێگایەوە دەکرێت بە شێوەیەکی کردەیی بنەمای کۆمەڵگەیەکی قایم دابڕێژرێت.

پووشپەڕی ٢٧٢٦

ئەوە دەمـانگەیەنێتە ئەم ئاکـامەی کە ڕزگـاریی ئـێمە، وەک کـۆمەڵگەی کوردسـتان، لە گـۆڕینی ئاراسـتەی سـەرنجدایە؛ لە وازهێنـــان لەو ململانـــێ کۆنەقینـــانەی کە تەنیـــا بـــۆ ســـەرقاڵکردنمان بەرهەم دەهێنـــرێن، و گەڕانەوە بـــۆ نـــاو "مایکرۆچیرۆکەکـان"- بـۆ نـاو وردەکـاریی ئەو ئەرک و پیشـەیەی کە هەمانە. تەنیـا لەو کـاتەدایە کە هەر مرۆڤێک لە هەر شـوێنێک بێـت، کاتێـک بە دڵسـۆزی و بە پێـوەری بەرزەوە کـارەکەی ئەنجـام دەدات - لە وەسـتایەکی بەئەزموونەوە بگـرە تـا مامۆستایەک، پزیشکێک، یان کرێکارێک - هەموویان دەبنە دوورگەی دڵنیایی لەناو دەریـایەکی شڵەژاودا، متمـانە و مانـا بە ژیـان دەبەخشنەوە و بە کردە و بە شێوەیەکی پراکتیک پێوەرێکی نوێ دەسەپێنن. ئەمانە پێویستن، چونکە کۆمەڵگە بە پشتگوێخستنی وردەکارییەکان و فەکتەکان و تەنیا بە قسەی گشتی و باسکردن لە شاری خەونەکـان و چەمکە دەرهەستەکان چاک نابێت. هەرگیز قسەکردن نابێتە جێگرەوەی ئەو کار و ئەرک و بەرپرسیارێتییەی کە دەبێ هەر تاکێک لە ژیانی خۆیدا بیگرێتە ئەستۆ. بەپێچەوانەوە، کۆمەڵگە بەو هەوڵە بێدەنگانە چاک دەبێت کە تاکەکـان لە تەنیـاییەکی ستراتیژیدا، بـۆ پێگەیاندنی خۆیـان و خزمەتکردنـی ڕاستەقینەی دەوروبەریـان تەرخـانی دەکەن. ڕووداوە مێژووییەکـان پێمـان دەڵێن، تـاکی کورد توانـایەکی سەرسوڕهێنەری بـۆ خـۆڕاگری هەیە، بـۆیە ئەگەر بتوانێت لە تەڵەی تـاسە و پەژارەی ڕابـردوو و بە گشتی خۆی لە داوی مانەوە لە ڕابـردوودا دەربـاز بکـات و ڕێگە نەدات بێهیـوایی سیاسی دەوری بـدات، دەتوانێت بە پشبەسـتن بە بەرپرسیارێتیی تـاکەکەسی، ڕەسەنایەتیی نەتەوەیی و بیری ڕەخنەگرانە، گێڕانەوەیەکی نوێ بنووسێتەوە؛ گێڕانەوەیەک کە تێیدا ئازارەکانی ڕابردوو لە جیاتی نائومێدی، ببنە هەوێنی هۆشیارییەکی قووڵتر و مرۆییانەتر بۆ جیهانی ئەمڕۆ.

٢٢ی پووشپەڕی ٢٧٢٦

---

# مستەفا هیجری: لە هیچ هەلومەرجێکدا پاشەکشە لە داخوازیی خۆمان ناکەین




## وتووێژ لەگەڵ کاناڵی تەلەڤیزیۆنیی "زاگرۆس ٢٤"

کاک مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وتووێژێکدا لەگەڵ کاناڵی تەلەڤیزیۆنیی "زاگرۆس ٢٤"دا سیاسەت و ڕوانگەی حیزبی دێموکرات بۆ پرسە سیاسییەکانی کوردستان و ئێرانی باس کردووە و ڕاشکاوانە وڵامی زۆر پرسیاری پێوەندیدار بە دۆخی خەباتی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان، پێوەندیی نێوانیان و هەل و مەترسییەکانی بەردەم بزووتنەوەی کورد لە ئێراندا کردووە.

کاک مستەفا هیجری لە وڵامی ئەو پرسیارەدا کە چۆن دەڕوانە شەهیدبوونی کۆمەڵێک پێشمەرگە و گریلا لە ڕووداوەکانی مانگی ڕابردوودا و ئایا ئەمە دەسپێکردنەوەی خەباتی چەکداری دژی کۆماری ئیسلامییە، گوتی: پیلانی تیرۆر و کوشتن و هێرشکردنە سەر حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ئێرانی لەلایەن ڕێژیمە چاوەڕوانکراوە، چونکە کۆماری ئیسلامیی ئێران بێجگە لە سەرکوت و زەبروزەنگ نیشاندان هیچ شتێکی دیکەی لێ ناوەشێتەوە و مەبەست لەوەش تەنیا ترساندن و تۆقاندن و پاشەکشەپێکردن بە کۆمەڵگە و بزووتنەوەی سیاسیی کوردستانە کە دیارە ئەمەش هەوڵێکی بەردەوامی شکستخواردوویە. لە لایەکی دیکەشەوە حیزبی دێموکرات جیا لە مێژووی دوورتر و پێش لە هاتنەسەرکاری

کۆماری ئیسلامییش، بەڵام هەر لە ماوەی ٤٧ ساڵ دەسەلاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدا لە زۆر بڕگەی زەمانیدا خەباتی چەکداریی دژی ڕێژیم کردووە و خەباتی مەدەنیی بەرفراوانیشی ڕێکخستووە. بەڵام سروشتییە بێتوو کۆماری ئیسلامیی ئێران لەو سیاسەتەی بە نیسبەت هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ئێران بەردەوام بێت؛ لەوانەیە ڕێگایەکی دیکە بۆ بەرپەچدانەوەی ڕێژیم نەمێنێتەوە و دواجار خەڵکی کورد مافی خۆیەتی بەرگریی ڕەوا لە مان و مەوجودییەتی خۆی بکات.

**سکرتێری گشتیی حیزب لە وڵامی ئەو پرسیارەدا کە بۆچی پێچەوانەی چاوەڕوانییەکان لە شەڕی ٤٠ ڕۆژەدا هێزەکانی نەناردەوە و بەرەیەکی دیکەی شەڕ لە دژی کۆماری ئیسلامییان نەکردەوە، هۆکارەکەی بۆ هاوسەنگنەبوونی هێز گەڕاندەوە و گوتی:** ڕاستە کۆماری ئیسلامی لەو شەڕەدا زەبری قورسی وێ کەوت، بەڵام بینیمان کە بەو هێرشانە نەڕووخا. مخابن کۆماری ئیسلامی ئەوەندەی هێز هەیە لە دژی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ئێرانی لە کوردستان بیخاتە گەڕ و بەپێی ئەو تووڕەیی و بێزارییەی لە کوردی هەیە، ئەگەر هێزەکانی پێشمەرگە چووبانەوە تۆڵەی هەموو ئەو شکست و خەسارانەی لە هێرشەکانی ئیسرائیل و ئەمریکادا تووشی ببوو، لە خەڵکی کوردستانی دەکردەوە. هەر بەو جۆرەی لە خۆپیشاندانەکانی تاران و شارە گەورەکاندا خەڵکێکی یەکجار زۆریان کوشت، بێگومان لە کوردستان کوشتارەکە لەوەش زیاتر دەبوو.

کاک مستەفا هیجری وێڕای بە دروستزانینی ئەو بڕیارە لەلایەن هێزە کوردییەکانەوە گوتی حیزبە کوردییەکانی کارێکی دروستیان کرد حەرەکەتێکی وایان نەکرد کە پێشانی بدەن ئەوان شانبەشان و هەماهەنگ لەگەڵ هێزەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل هێرشیان کردووەتە سەر کۆماری ئیسلامی. چونکی تەنانەت ئەو دوو وڵاتەش سیاسەت و ئامانجی سەربەخۆ و جیاواز لە یەکتریشیان دژی کۆماری ئیسلامی هەبوو. بۆیە بێگومان لە ئەگەری چوونەوەی هێزی حیزبە کوردییەکاندا دەرەنجامەکان پێچەوانەی بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان دەبوون. بەڕێزیان لە کۆتاییدا ئەو ڕاستییەشی بیر هێنایەوە کە کوردستان بەتەنیا ناتوانێ ڕژێم بڕووخێنێ، سەرەڕای ئەوەی زیاتر لە هەموو بەشەکانی دیکە بۆ ئازادیی کوردستان و دێموکراسی لە ئێران خەباتی کردووە و قوربانیی داوە و خوێنی زۆری لەبەر ڕۆیشتووە. بۆیە حەق وایە هەر وەکوو خەڵکی دیکە لە ئێراندا بجووڵێتەوە. بەو مانایە نە لەوان دوا بکەوێت و نە ئەوەندە پێشیان بکەوێت کە ناچار بێت قوربانییەکی یەکجار زۆر بدات.

**سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەم وتووێژەدا و لە وڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئاخۆ ئەوە کەمکاریی بزووتنەوەی کوردە کە پرسی کورد لە هاوکێشە نێونەتەوەییەکان دژ بە کۆماری ئیسلامیدا نایەتە گۆڕێ، ڕەخنەی لە سیاسەتی ئەمریکا و ئورووپا لەهەمبەر کۆماری ئیسلامی گرت و گوتی:** لانیکەم لە ڕۆژی یەکەمی هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە هەتا ٤٠ساڵیش، سیاسەتی ئەمریکا، ئەورووپا، و بە گشتی سیاسەتی دنیا پشتیوانی لە ڕێژیمی کۆماری

ئیسلامیی ئێران بوو. چونکی پێیان وابوو ڕێژێمی کۆماری ئیسلامی هەنگاو بە هەنگاو سیاسەتە ئایدیۆلۆژییکییەکانی خۆی دەگۆڕێت، ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت و دەبێتە حکوومەتێکی هاوسەنگ و هەمیشە سیاسەتی ئەمریکا ئەوە بووە کار دەکەن بۆ ئەوەی کە سیاسەت و ڕەفتاری ڕێژێمی کۆماری ئیسلامی بگۆڕن، نەک ڕێژیمە سیاسییەکە. سروشتییە ئێران وڵاتێکی دەوڵەمەندە و وڵاتانی زلهێزی دنیا چاویان لێیەتی و هەمیشە ویستوویانە بە ساتوسەودای سیاسی و بازرگانی قازانج و بەرژەوەندیی خۆیان لەو وڵاتەدا دابین بکەن. تەنانەت ئەوکاتانەی کۆماری ئیسلامی کردەوەی تێرۆریستیی دژی تێکۆشەرانی کورد و ئۆپۆزیسیۆنی دیکەی ڕێژیم لە وڵاتانی ئورووپایی دەکرد، هێشتا لەسەر ئەو سیاسەتەیان بەردەوام بوون بەو هیوایەی ڕۆژێک ڕێژیم ڕەفتار و سیاسەتی خۆی دەگۆڕێ و ئەوان دەتوانن لەگەڵ ڕێژیمێکی باوی سەردەم، مامەڵە و بازرگانییەکانی خۆیان درێژە پێ بدەن. دیارە ئێستا ئەوەندەی دەردەکەوێ ئەوانیش گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی ئەو ڕێژیمە ئەو هەمووە دەرفەت و مەیدانەیان دایە، گۆڕانی بەسەردا نایەت. بۆیە دەبینین ئێستا ڕەفتاریان لەگەڵ ڕێژیم گۆڕاوە و بە دووری نابینم لەوە بەدوا پرسی کورد و بە گشتی ئۆپۆزیسیۆنی مەیدانیی ئێران زیاتر ببێتە ڕۆژەڤی هاوکێشەکان.

**پرسیارێکی دیکە لەو وتووێژەدا پێوەندیدار بە پێگەی کورد لەنێو ئۆپۆزیسیۆنی دژبەری ڕێژیمدا بوو. کاک مستەفا لە وڵامی ئەو پرسیارەدا کە بێتوو ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی بەنیسبەت پرسی کورد کراوەتر جووڵایەوە، بەڵام هێشتا فێدرالیزم و خودموختاریی قبووڵ نەبوو، ئاخۆ حیزبی دێموکرات لە داخوازی و ستراتیژییەکانی خۆی پاشەکشە دەکا؟** گوتی: لە هیچ هەلومەرجێکدا ئێمە لە داخوازیی خۆمان پاشەکشە ناکەین، چونکە پێمانوایە کە داخوازییەکانی ئێمە داوایەکی ڕەوا و سەردەمیانە و بەشێکی بنەڕەتیین لەو دێموکراسییەی هەمووومان کاری بۆ دەکەین. بەڵام ڕەنگە لە هەلومەرجێکدا هەندێ نەرمینواندن بێتە گۆڕێ و ئێمە نابێ لە سیاسەتدا مامەڵەی سفر و سەد بکەین، یا هەموو شتێک یا هیچ شتێک. بەڵکوو ئەوەی بەدەستی دەهێنین و لە توانامان‌دایە وەری دەگرین و دەیکەینە جێ‌پێیەک بۆ درێژەپێدانی داوا و خواستەکانی دیکەمان؛ چونکە ویست و داخوازیی دێموکراسی و دابینبوونی ماف هەتا ئەوکاتەی ژیان بەردەوامە و داخوازیی بۆ بەرەوپێشچوون هەیە؛ قەت کۆتایی نایەت.

کاک مستەفا هیجری لەو وتووێژەدا بە ئاماژە بە دەستپێشخەرییەکانی حیزب لە دامەزرانی ناوەندی هاوکاری، ناوەندی دیالۆگ و هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران لە ساڵانی ڕابردوودا پێی لەسەر پێویستیی یەکگری و هاوپێوەندیی زیاتری حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان داگرتەوە و یەکگرتوویی خەڵک و حیزبەکانی بە هۆکار و پێویستیی بردنەپێشی خەبات و سەرکەوتن بەسەر کۆماری ئیسلامی لەقەڵەم دا.

**بەڕێزیان لە وڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئەرکەکانی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستنی ئێران و هەڕەشە و**



سەرچاوە
Serchawe

**مەترسییەکان لەسەر نەمانی هاوپەیمانییەکە چین؟ گوتی:** ئامانج لەو هاوپەیمانییە بەهێزکردنی پێگەی کوردە و ئەوەش بە ڕێکخستنی باشتر و بەرفراوانترکردنی هاوپەیمانییەکە دێتە دی، هەروەها هاوپەیمانی پێویستە لەگەڵ حیزب و لایەنە سیاسییە ئێرانییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیم کە لانیکەم لەباری فکرییەوە بۆ بەڕیوەبردنی ئێرانی داهاتوو لێکنیزیکین؛ هاوخەباتییەکەی پەرە پێ بدا و هاوپەیمانیی لەدژی کۆماری ئیسلامی پێک بێنێ.

هەروەها ئێمە نەک هەر لە سەردەمی خەباتی دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، بەڵکوو دوای ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییش بۆ ئیدارەکردنی کوردستان و بۆ بەهێزکردنی پێگەی کورد لە حکوومەتی داهاتووی تاراندا پێویستیمان بە یەکگرتوویی و یەکڕیزیی نێوماڵی کوردی هەیە. ئەوەش کە ئاخۆ مەترسیی هەڵوەشانەوە لەسەر هاوپەیمانییەکە دەکرێ، دەبێ بڵێم هیچ هاوپەیمانییەک ئەبەدی نییە. هاوپەیمانییەکان لەسەر بنەمای پارسەنگی هێز و قازانج و بەرژەوەندی پێک دێن و ڕەنگبێ ڕۆژێک ئەو هاوپەیمانییە بە هۆکاری گۆڕانی پارسەنگیی هێز یان بەرژەوەندییەکان ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێت؛ بەڵام ئەوە بە مانای ئەوە نییە کە نەتوانی هاوپەیمانیی دیکە پێکبهێنی. بەڵام هەتا ئەوکاتەی ئێمە قازانج و بەرژەوەندییەکانمان وەکوو کورد لە هاوپەیمانی و کاری هاوبەشدایە، دەبێ هەوڵی بۆ بدەین.

**سکرتێری گشتیی حیزب لە بارەی پرۆسەی "ڕاسان" و لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە دەسکەوتەکانی ڕاسان کە ١٠ ساڵ لەوە پێش ڕاگەیەندرا چی بوو و بۆچی حیزبی دێموکرات ڕایگرت و وردە وردە لێی خاو بۆوە؟ گوتی:** پرۆژەی ڕاسان سەرەڕای تێچووی گیانی بۆ حیزب دەستکەوتی زۆریشی هەبوو، چونکی لە بارودۆخێکدا کە نائومێدی ڕووی لە خەڵک کردبوو، هیوایەکی دیکەی بە بەری خەڵک و کۆمەڵگەدا کردەوە و پیشانی دایەوە حیزبی دێموکرات هێز و توانا و خەبات و خۆڕاگرییەکەی هەر لە جێی خۆیدایە و هێزی پێشمەرگە ئێستاش دەتوانێ زەربەی قورس لە ڕێژیم بوەشێنێ. بەڵام بە هۆی گوشارە دەرەکییەکان لەلایەن بەغدا و هەرێمی کوردستان کە ئەوانیش گوشاری کۆماری ئیسلامییان لەسەر بوو، ئەم جموجۆڵە بەرەبەرە کەم بوونەوە؛ دیارە بۆ خۆشمان وەکوو حیزبی دێموکرات بەرنامەمان ئەوە نەبوو هەر درێژە پێ بدەین. کاک مستەفا هیجری لەبارەی کاریگەریی ڕێککەوتننامەی ئەمنییەتیی تاران-بەغدا-هەولێر لەسەر چالاکیی حیزبە کوردییەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی ڕوونی کردەوە کاتێک ئەوان ڕێککەوتوون کە ئێمە هێزی پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستانەوە نەنێرینەوە بۆ نێوخۆی ڕۆژهەڵات و لە کاتێکدا ئێمە لەسەر خاکی خۆمان نین و بەشی ئاشکرای حیزبەکانمان لە وڵاتێکی دیکەین، سروشتییە گوشاری دەرەکی کاریگەریی لەسەرمان دەبێت.

**پێوەندیدار بە دروشمی ستراتیژیی حیزب کە دابینبوونی مافە نەتەوەییەکانی کورد لە ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵە و لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە بنەما و جۆری ئەم فیدراڵیزمە چییە حیزبی دێموکرات داوا دەکا؟ گوتی:** ئێمە پێمان وایە باشترین جۆری فیدراڵیزم، فیدرالیزمی جوگرافیایی و نەتەوەیی بێت؛ هۆکارەکەی ئەوەیە پێکهاتەی ئیداری و جوگرافیی

**پووشپەڕی ٢٧٢٦**

**ئێستای ئێرانی و لەسۆنگەی پڕۆژە ئەمنیەتییەکان پێکهاتەی پارێزگا و ناوچە نەتەوەییەکان تێکەڵ بە یەکتری کراون. ئێمە دەمانەوێ هەموو نەتەوەکان بە شوناسی خۆیان لە حکوومەت و دەسەڵاتدا بەشدار بن و هەمووان پشکیان لە دەسەڵات و بەڕێوەبەریی وڵاتدا هەبێت. بۆ ناوچە جێناکۆکەکانیش مادام باوەڕمان بە دێموکراسی هەیە، سروشتییە دەنگی یەکلاکەرەوە زۆرینەی خەڵکی ناوچەکە دەیدەن. واتە لەو شارانەی دوو نەتەوەی کورد و تورک هەیە، ئەوە ئەنجومەنی شار یان ئەنجومەنی دێیە کە ئەو شوێنانە بەڕێوە دەبات و بە دەنگی ئازادی خەڵک دەسەڵاتەکان یەکلا دەبنەوە و دابەش دەکرێن.**

**٢٣ی پووشپەڕی ٢٧٢٦**

---

## گەرووی هورمز؛ شمشێری دامۆکلیس یان پاژنەی ئاشیل؟






**ناسر باباخانی**

گەرووی هورمز وەک یەکێک لە زیندووترین و گرنگترین ڕێڕەوەکانی وزە لە جیهاندا، هێشتا وەک چەق و چەقی گرژییە ژێئپپۆلەتیکییەکانە. کۆماری ئیسلامیی ئێران، وەک دەوڵەتێکی یاخی کە چەندین جار ڕێسا نێودەوڵەتییەکانی پێشێل کردووە، ئەم گەرووەی کردووەتە ئامرازی سەرەکیی خۆی بۆ فشارخستنە سەر ئەمریکا و ڕۆژاوا. وەک دەردەکەوێت، ستراتیژیی ئەم ڕێژیمە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەمریکادا، بریتییە لە "قەیرانسازیی ئامانجدار" لە ئەمنییەتی وزە و ئابووریی نێودەوڵەتیدا، ئەوەش لە ڕێگەی کۆنترۆڵکردن یان هەڕەشەکردن لە گەرووی هورمز. ئەم تێڕوانینە نەک هەر

تاکتیکێکی نیزامی، بەڵکوو بەشێکە لە دۆکتۆرینی ناهاوسەنگ کە دەخوازێت لە ڕێگەی سەپاندنی تێچوو بەسەر ئابووریی جیهانییەوە، هاوسەنگیی هێز بە قازانجی خۆی بگۆڕێت. بەڵام هەڕەشەکانی ئەم دواییەی سوپای پاسداران دەرخەری ئەوەن کە ئەم ستراتیژییە، زیاتر لەوەی شمشێری دامۆکلیس بێت بەسەر سەری جیهانەوە، بووەتە پاژنەی ئەشیل و خاڵی لاوازی خودی ڕێژیم.

بۆ پاراستنی کارایی "کارتی هورمز"، هەڕەشەکانی سوپای پاسداران چڕتر بوونەتەوە. بەرپرسانی سەربازیی ڕێژیم هۆشدارییان داوە کە ئەگەر هەر ڕێڕۆیکی ئاویی دیکە بۆ تێپەڕبوونی کەشتییەکان لە باشووری گەرووی هورمز، واتا لە کەناراوەکانی عومان بکرێتەوە، دەیکەنە ئامانج. هەروەها جەختیان کردووەتەوە لە ئەگەری گواستنەوەی نەوتی سعوودیە لە ڕێگەی هێڵە بۆرییەکانی ڕۆژهەڵات بۆ ڕۆژاوا، مووشەکەکانی ئێران توانای پێکانی ئەو دامەزراوانەشیان هەیە. موجتەبا خامنەیی لە یەکەم نامەی خۆیدا جەختی لەسەر ئەو خاڵە کردبۆوە کە بابولمەندەبیش -وەک یەکێکی دیکە لە ڕێڕەوە ئاوییە سەرەکییەکانی گواستنەوەی وزە- دەکاتە ئامانج. تەنانەت هێڵی (BTC باکۆ - تفلیس - جەیحان) بۆ گواستنەوەی نەوتی ئازەربایجان بۆ ئیسرائیلیش لەم هەڕەشانە بەدەر نەکراوە. ئەم هەڕەشە بەربڵاوانە، وێنای دەوڵەتێکی یاخی دەکێشن کە پێبەندی هیچ ڕێسایەکی یاریی نێودەوڵەتی لە دەریاکان و ڕێڕەوەکانی وزە نییە و ئامادەیە سەرجەم نەزم و سیستمی وزەی جیهانی بە بارمتە بگرێت.

لە ڕوانگەیەکی تیۆرییەوە، دەکرێت ئەم ڕەفتارە لە چوارچێوەی "بەرگرتنی ناهاوسەنگ"دا (Asymmetric Deterrence) شیکاریی بۆ بکرێت. ڕێژیمی یاخی کە لە باڵادەستیی سەربازیی باوی ئەمریکا دڵنیایە، پەنای بردووەتە بەر ئامرازی هەرزان و ناهاوسەنگ (مووشەک، درۆن، مین و بریکارەکان/پرۆکسی) تاوەکوو تێچووە ئابووری و سیاسییەکان بۆ لایەنی بەرامبەر بەرز بکاتەوە. ئامانجەکە، خولقاندنی "هاوسەنگیی ترس و تۆقاندنی ئابووری"یە؛ چونکە گرژی و قەیران لە گەرووی هورمزدا نەک هەر نرخی نەوت بەرز دەکاتەوە، بەڵکوو زنجیرەی دابینکردنی جیهانییش پەک دەخات و حکوومەتەکان دەخاتە ژێر گوشاری نێوخۆییەوە. بەڵام ئەم ستراتیژییە لە بنەڕەتدا ناجێگیر و ناسەقامگیرە. هەڕەشەکردن لە جیهان لە ڕێگەی تێکدانی نەزمی وزەوە، لێکەوتەی ئابووریی نالەبار (هەڵاوسان، ڕکوودی ئابووری، قەیرانی دراو و ...) و لێکەوتەی سیاسیی (کۆدەنگیی دژە ئێرانی) لێ دەکەوێتەوە. بۆیە لە درێژخایەندا، ئەم بژاردە سیاسییە ناتوانێت وەک شمشێری دامۆکلیس لە دەستی ئێراندا بمێنێتەوە، بەڵکوو دەبێتە هۆی پێکهاتنی کۆدەنگییەکی جیهانی - هەرێمی دژی کۆماری ئیسلامی. لەم سیناریۆیەدا، ئەمریکا چیتر بەتەنیا نابێت و جیهان لە دژی دەوڵەتێکی یاخی یەک دەگرێت.

هەڕەشە مووشەکی و درۆنییەکانی کۆماری ئیسلامی، دۆکتۆرینی سەربازی، ئەمنییەتی و سیاسیی ناوچەکەی بە تەواوی

گۆڕیوە. وڵاتانی ناوچە خەریکی داڕشتنەوەی پێگەی بەرگریی نوێی خۆیانن. هاوپەیمانیی "کۆارتێت" (سعوودیە، پاکستان، میسر، تورکیا + قەتەر) و "هێگزاگۆن" (ئیسرائیل، قوبرس، یۆنان، هیندستان، ئیتیۆپی و ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی) نموونەیەک لەم داڕشتنەوەیەن. ئامادەیی مەیدانی و سەربازیی وڵاتانی وەک پاکستان و میسر لە وڵاتانی کەنداودا خاوەن ڕەهەندی ماناداره؛ چونکە هەر هێرشێکی ئێران بۆ سەر ئەم وڵاتانە، ڕاستەوخۆ دەیخاتە بەردەم ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پاکستان و میسردا. فرۆشتنی سیستمەکانی بەرگریی موشەکیی ئیسرائیل بە قەتەر و سعوودیەش، تویژ و ڕەهەندێکی دیکەی بۆ ئەم هاوپەیمانێتییە زیاد کردووە. ئەم هاوپەیمانێتییانە نیشاندەری گواستنەوەن لە "ئەمنییەتی پاسیڤ/ناچالاک"ەوە بەرەو "بەرگریی بەکۆمەڵی پێشوەختە" و ئێران دەخەنە دۆخی گەمارۆدانی ستراتیژییەوە.

خاڵی جێی سەرنج ئەوەیە کە بەرپرسانی ئەمریکی جەخت لەسەر لاوازبوونی پلە بە پلە و قۆناغ بە قۆناغی کارتەکانی گوشاری سەر ئێران دەکەنەوە. مایکل والتز، باڵیۆزی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایگەیاندووە واشنتۆن لەگەڵ دەوڵەتانی عەرەبیی دەوروبەری کەنداو، چەندین ڕێوشوێنی جۆراوجۆریان گرتووەتە بەر تاوەکوو توانای مانۆڕ و هێزی گوشاری تاران بە تێپەڕبوونی کات کەم بکەنەوە. ئەو دەڵێت پێویستە ئێران لەوە تێ بگات کە کارتەکانی گوشاری ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لاوازتر دەبن؛ چونکە دەوڵەتانی عەرەبیی کەنداو سەرقاڵی پەرەپێدانی ڕێڕەوی جێگرەوەن بۆ تێپەڕاندن و دۆزینەوەی بەدیل بۆ گەرووی هورمز. والتز ئەوەشی زیاد کردووە کە ئەمریکاش بۆ پاراستنی بنکە سەربازییەکانی خۆی لە ناوچەکەدا پلانی داڕشتووە و ڕێوشوێنی نوێ دەگرێتەبەر؛ بە شێوەیەک کە هەندێک لە بنکەکان بەهێزتر دەکرێن، ژمارەیەکیان دەگوازرێنەوە بۆ ژێر زەوی و هەندێکیشیان جێگۆڕکێیان پێ دەکرێت.

لە ڕوانگەی تیۆریی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانەوە، دەکرێت ڕەفتاری کۆماری ئیسلامی بە "تێڕوانینێکی ڕیڤیژنیستی" (Revisionist Approach) پێداچوونەوەخوازانەی هێزێکی مامناوەندی ناسەقامگیر لێک بدرێتەوە. ئەم ڕێژیمە لە ڕێگەی پێشێلکردنی نەزم و نۆڕمەکانی دەریاوانی و وزەوە هەوڵی گۆڕینی دۆخی هەنووکەیی (Status Quo) دەدات، بەڵام هیچ شەرعییەتێک و هێزی بەردەوامی بۆ سەپاندنی ئیرادەی خۆی نییە. هەڕەشەکردن لە وزەی جیهانی و وڵاتانی دراوسێ، ئێرانی گۆڕیوە بۆ "دەوڵەتێکی تەواو تێکدەر و قەیرانخوڵقێنەر (Disruptive State) "کە ئەمنییەتی هەرێمی دەخاتە مەترسییەوە.

لە گۆشەنیگای تیۆریی ئەمنییەتی ئاڵۆزەوە (Complex Security Theory)، هەڕەشەکانی ئێران نەک هەر ڕەهەندی سەربازی، بەڵکوو ڕەهەندی ئابووری، سیاسی و ژینگەییشیان هەیە. بەردەوامبوونی ئەم سیاسەتانە، "ئەمنییەتی نەرێنی (Negative Security) " بەرهەم دەهێنێت؛ بە جۆرێک کە تەواوی لایەنەکان هەست بە نائارامی و تێکچوونی

پووشپەڕی ٢٧٢٦

دۆخی ئارایی دەکەن، بەڵام لەو نێوەدا کارەکتەری دەستپێشخەر و سەرەکی واتە ئێران، خۆی گەورەترین زیانمەند دەبێت. پاژنەی ئەشیل و خاڵی لاوازی ڕێژێمیش ڕێک لێرەدایە؛ بەستراوەیی توندی ئابوورییەکەی بە هەناردەکردنی وزە لە هەمان ئەو ڕێڕەوانەی خۆی هەڕەشەی تێکدانیان دەکات. هەر جۆرە کارکردێکی کردەیی دژی گەرووی هورمز یان ڕێڕەوە جێگرەوەکان، پەرچەکردارێکی زنجیرەیی جیهانی چالاک دەکات کە بەدەر لە تواناکانی ڕێژیم بۆ بەڕێوەبردن و کۆنترۆڵکردنی قەیرانەکە.

دەرەنجام ئەوەیە گەرووی هورمز بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران، نەک هەر شمشێرێکی بۆ بڕین نییە، بەڵکوو چەکێکی دوودەمە. ستراتیژیی تێکدانی ئەمنییەتی وزە، لە کورتخایەندا ڕەنگە جۆرێک لە گوشار دروست بکات، بەڵام لە درێژخایاندا کۆدەنگیی دژە ئێرانی بەهێزتر، هاوپەیمانێتییە نوێیەکانی ناوچەکە جێگیرتر و درز و کەرتبوونە نێوخۆییەکانی ڕێژیمیش قووڵتر دەکاتەوە. ئەو دەوڵەتە یاخییەی بڕوای بە نۆرم و ڕێسا نێودەوڵەتییەکان نییە، لە کۆتاییدا خۆی لە گۆشەگیرییەکی ڕەهادا دەبینێتەوە. پێویستە جیهان لە ڕێگەی بەهێزکردنی ڕێڕەوە جێگرەوەکانی وزە، هاوپەیمانێتییە بەرگرییەکان و فشارە هۆشمەندەکانەوە، ئەوە نیشان بدات کە سەرکێشییە گرژیخوڵقێنەکان تێچوویەکی تاقەتپڕووکێن و ناتەبایان هەیە. تا ئەو کاتە، گەرووی هورمز وەک هەڕەشەیەک بەسەر سەری هەمووانەوە هەڵواسراو دەمێنێتەوە، بەڵام شمشێری ڕاستەقینە بەسەر سەری خودی ڕێژیمە یاخییەکەوەیە.

٢٤ی پووشپەڕی ٢٧٢٦

# گەلۆ؛ شێعری دڵداری یان زمانحاڵی بەرگری و خۆڕاگری نەتەوەیەک!





هێمن مەردانی

بەندی بەناوبانگی کوردی "گەلۆ"، یەکێک لە ناسراوترین دەقەکانی ئەدەبی زارەکیی کوردییە کە لە پێشدا، هەروەک زۆربەی هۆنراوە کلاسیکییەکان، وەک دەقێکی دڵداری و عاشقانە دێتە بەرچاو. بەڵام پاش تێڕامانێکی زۆرتر و وردبینانەتر، ئەو بەرهەمە بانتر و بەرەوژوورتر لە دەربڕینێکی هەستەکیی سادە و ساکار، دەبێتە دەقێکی فرەڕەهەند کە

تێیدا خۆشەویستی، ژان، یادەوەری و شوناس ئاوێتەی یەکترین بوون و بە شێوازێکی جوان و زەریف، جۆرە گوتارێکی بەرگریی فەرهەنگی پێکدەهێنن و شەقڵی دەدەن.

ئەو هۆنراوەیە بێژەرەکەی نەناسراوە. هەروەک لە نەریتی ئەدەبی زارەکیدا باوە، لە ئێستادا هەندێک دەقی جۆراوجۆرمان لەو هۆنراوەیە لەبەر دەستدا هەیە. لە گێڕانەوەی دەقی بەردەستی ئێمەدا، بێژەرە نەناسراوەکە، چەقی هۆنراوەکە لەسەر ئەوە بنیات دەنێت کە دانەر یان هۆنەری گەلۆ، ئەوە داد و بێدادی گەلی خۆیەتی دەیکات و پەرتەوازەبوون و نەبوونی یەکیەتیی لە نێو کورداندا بە زمانی خوازە و وێکچواندن دەردەبڕێت. لەو ڕوانگەیەوە دەکرێ بڵێی کە "گەلۆ"کان بە تەنیا شت یان بەرهەمێکی سروشتی نین، بگرە وەک نوێنەر و هێمای کۆمەڵگەیەکی لێکبڵاو و بێسوباتن کە وێڵ و عەوداڵن بە شوێن مانا و یەکگرتنەوەدا.

لە هەندێک لە نوسخە و دەقەکانی دواتردا، ئەو هێمایانە بە ڕوانینی ئایینیی ئیسلامیی سەرلەنوێ داڕشتراونەتەوە، بە جۆرێک کە سەرتۆپی گەلۆکان بە پێغەمبەری ئیسلام و خاڵی گۆنای شیرین لەیلا، بە سیمای محەممەد وێکچوێندراون. بەڵام ئەو جۆرە خوێندنەوانە دەکرێ وەک جۆرە خوێندنەوەیەکی پلە دووهەم و ئایدیۆلۆژی چاو لێ بکرێن کە لە بەستێنی مێژوویی بەئیسلامکردنی بەشێکی زۆر لە کۆمەڵگەی کوردی شەقڵیان وەرگرتووە. لە بەرامبەریشدا، بەڵگە زمانی، وێنەیی و حەماسییەکانی دەقی مەبەستمان، ئەوە نیشان دەدەن کە "گەلۆ" بە ئەگەری زۆر دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمەکانی بەر لە پەرەسەندنی ئیسلام لە کوردستان؛ بۆ وێنە سەردەمی ساسانی، ئەشکانی یان تەنانەت مادی و مانایش، کە دواتر لە بەستێنەکانی فەرهەنگی نوێدا، سەرلەنوێ داڕشتن و تەفسیری نوێیان بۆ کردوون و بەشێک لە ئەسڵی دەقەکەیان گۆڕانکاری تێدا کردووە.

بۆیە هەر لەو ڕوانگەیەوە، دەتوانین و دەکارین کە بەندی "گەلۆ" بە بەرکوڵێک لەو دەقە جۆراوجۆرانە دابنێین کە بە درێژایی زەمەن، کۆمەڵێک چین و ڕەهەندی مانایی تری پێوە زیاد بووە، بێ ئەوەی کاکڵی سەرەکیی ئەو، یانی دەربڕینی ژان، خۆشەویستی و گەڕان بە دوای مانادا، لەناو بچێت.

## ژانی تاکەکان، زمانحاڵی کۆمەڵانی خەڵک

### یەکێک لە خەسڵەتە تایبەتەکانی ئەو هۆنراوەیە، شێوازی دەستپێکردنیەتی بە بانگهەڵهێنانی چەندپاتە کراوە:

"ئەمن بانگێکم وەبەر خودای... بانگی دووهەمم وەبەر حەزرەتی ڕەسوڵەڵایە... بانگی سێهەمم وەبەر ئەو غەوسەی ئەگەر لەنگەری ڕادەگرتەوە لە بەغدایە"...

ئەو داڕشتەیە، ئەزموونێکی تاکەکەسی، ژان، چاوەڕوانی و دڵەڕاوکێ بەرز دەکاتەوە بۆ ئاستی هەراوی کۆمەڵانی خەڵک و هەروەها ئاستی ڕێگەپێدراو. لە ڕاستیدا، بێژەر بە جێکردنەوەی خۆی لە نێو تۆڕێک لە ئیرجاعاتی قودسی، دەنگی خۆی هەڵدەبڕێ و بەرز دەکاتەوە. لە ڕوانگەی تیۆرییەوە، دەکرێ ئەو شتە، بە جۆرە وەڵامێک بۆ ئەو پرسیارەی سپیڤاک دابنێین کە دەیهێنێتە گۆڕێ: سووژەکانی هەڵکەوتوو کە لە قەراغ و پەڕاوێزدا، چلۆن دەتوانن دەنگ هەڵبڕن و ببیسترێن؟ لە بەندی "گەلۆ"دا، سووژە نەک هەر قسە دەکات، بگرە بە دەکارکردنی فۆرمگەلی ئایینی و دووپاتە، دەنگی خۆی تۆمار و جێگیر دەکات.

## دووپاتە بە واتای خۆڕاگری

واتای سەربەندی "من سەرگەردانی ئەوان شەدە شلانم..." کە بە جاران لە نێو دەقەکەدا دووپات دەبێتەوە، دەور و نەخشی سەرەکی لە داڕشتی هۆنراوەکەدا هەیە. ئەو دووپاتەیییە، لە ئاستێکی سادە و ساکاردا، یەکگرتوویی و نەزمی دەقەکە دەپارێزێت؛ بەڵام لە ئاستێکی قووڵتریشدا، جۆرە ڕێگریکردنێکە لە فەرامۆشکردن و لەبیرچوونەوە.

لە فەرهەنگ و کولتووورە زارەکییەکاندا، دووپاتکردنەوە یان دووپاتبوونەوە ئامرازی پاراستنی یادەوەرییە، بەڵام لێرەدا، دووپاتەیی دەبێتە کردەیەکی خۆڕاگری: سووژە بە باسکردنی چەندپاتەیی دۆخی خۆی، ڕێگە نادات کە ژان و زامەکانی لەبیر بکرێن و لەناو بچن. ئەمە ڕێک هەمان ئەو شتەیە کە دەکرێ پێی بڵێین "جوانیناسیی مانەوە"، یانی خۆڕاگری و خۆبەدەستەوەنەدان لە ڕێی زمانەوە.

## جەستە بە واتای جیهان

لە بەشە جۆربەجۆرەکانی "گەلۆ"دا، جەستەی کیژۆڵەی حەیران، بە زنجیرەیەک لە وێنەکان نیشان دەدرێت: سینگی وەکوو بەفر، ددانی وەک مرواری، لێوی ئاورێشم و ئەبرۆی کەوانی. بەڵام ئەو وەسف و شەرحانە بە تەنیا شاعیرانە و عاشقانە نین. جەستە لێرەدا دەبێتە نەخشەیەکی فەرهەنگی. ڕەگەز و تۆخمگەلی سروشتی، بازرگانی و جوگرافی لەنێو جەستەی یارکۆڵە و کیژۆڵەی حەیراندا کۆ دەبنەوە و بەم چەشنە، جەستە دەکرێتە شوێنی پێکەیشتنەوەی جیهان.

لە گۆشەنیگای پۆست-کۆلۆنیالیزمەوە، ئەم شتە گرینگایەتیی خۆی هەیە، چونکە لە زۆرێک لە داڕشتنەکانی دەسەڵاتدا، جەستەی "ئەویتر" بە شێوەی بابەتێکی لەژێر کۆنترۆڵ، چاوەدێری و نەزمهەڵگر نیشان دەدرێتەوە؛ ئەو جۆرەی کە فۆکۆ دەری دەخات جەستەکان لە چوارچێوەی گوتارەکانی دەسەڵاتدا دەبنە گۆڕەپانی نەزم، چاوەدێری و مانادانان.



سەرچاوە
Serchawe

لە بەرامبەردا، "گەلۆ" ئەو جەستەیە وێنا دەکات کە ئاڵۆزکاو، فرەڕەهەند و دارماڵ لە مانایە؛ جەستەیەک کە لە لۆژیکی دەسەڵات ڕادەکات و بە واتای هەڵگری فەرهەنگ، یادەوەری و خەیاڵی بەکۆمەڵ، هەمدیسان مانا و پێناسە دەکرێتەوە.

## سروشت، تەمسیل و ڕەخنەی ناجێگیری

یەکێک لە بەشە سەرنجڕاکێشەکانی دەقەکە، وتووێژی گوڵەکان و بای شەماڵە. گوڵەکان باس و وەسفی جوانیی خۆیان دەکەن، بەڵام بای شەماڵ، وەبیریان دێنێتەوە کە ئەو جوانی و چەلەنگییە کورتخایەنە و هەرمان نییە، و بێ بارانباریـن هەموویان سیس دەبن و دەژاکێن.

دەکرێ ئەو بەشە وەکوو تەمسیلێک دابنێین کە تێیدا سروشت بە زمانی پەروەردەیی دێتە گۆ. پەیامی سەرەکی، ناجێگیربوون و بەستراوەییە. بەڵام لە ئاستێکی تردا، ئەو تەمسیلە دەتوانێ ئاماژەیەکیش بێت بۆ دۆخی مرۆڤایەتی: کۆمەڵگەیەک کە بێ هەبوونی پێوەندی و پشتیوانی لە مەترسیی دارمان و لەناوچووندایە. ئەو خوێندنەوەیە لەتەک گێڕانەوەی حەمەدی ئاغای هاوڕێدا دەگونجێت کە پێی وایە گوڵەکان هێما و نوێنەرانی کۆمەڵگەی کوردەوارین لێرەدا.

## خۆشەویستی بە واتای بەرگری و خۆڕاگری

لە سەرلەبەری دەقی "گەلۆ"دا، ژان و خۆشەویستی تێک ئاڵاون. بێژەر باس لە ژانەسەر، دڵی بێئۆقرە و چاوەڕوانی دەکات، بەڵام قەت بێدەنگ نابێت و دەنگی خۆی هەڵدەبڕێت. ئەو بەردەوامییە جۆرێک لە خۆڕاگریی سۆزداری و عاتیفیشە هاوکات. کەواتە، لێرەدا، بابەتی خۆشەویستی بە تەنیا هەست نییە؛ بەڵکوو هێزێکە کە سووژە لە هەمبەر دارمان و تێداچوون دەپارێزێت. هەروەک فانون ئاماژەی پێدەکات، خۆڕاگری هەموو کات لە چوارچێوەی کردەی سیاسیدا دەرناکەوێت و خۆی نانوێنێت، بگرە دەتوانێ لە ئاستی فەرهەنگ و هەست و سۆزیشدا لە خۆی کردەوە نیشان بدات.

## مێژووی شاراوەی هۆنراوەکە

یەکێک لە خاڵە گرنگەکان لەمەڕ "گەلۆ"، دەگەڕێتەوە بۆ ناڕوونیی بەرچاو و تاریکیی زەمەنی هۆنینەوەی ئەو بەندە. هەروەک سەرچاوە جۆراوجۆرەکان ئاماژەی پێدەکەن مێژووی وردی ئەو هۆنراوەیە دیاری نییە و بە ئەگەری زۆرەوە سەر بە سەردەمە زۆر زووەکانە. لە گێڕانەوەیەکی تردا دەوترێ کە ئەو هۆنراوەیە وەک وەڵام و کاردانەوەیەک بۆ بەدیلگیران و یەخسیرکردنی کیژە کوردێک لە لایەن حاکمێکی زۆردارەوە، هۆنراوەتەوە.

**پووشپەڕی ٢٧٢٦**

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم گێڕانەوانە جۆربەجۆرن بەڵام لە یەک خاڵدا هاوبەشن: گشتیان پێداگری دەکەن لەسەر جۆرە ژان و دەردێکی بەکۆمەڵ و مێژوویی لە نێوان دێڕ و تاکە بەیتەکانی ئەم هۆنراوەیە. هەر بەم هۆیەوە، دەکرێ "گەلۆ" وەک دەقێک دابنێین کە تێیدا مێژوو بە شێوازێکی ڕاستەڕێ و ڕاستەوخۆ ناگێڕدرێتەوە بەڵکوو لە چوارچێوەی خوازە، وێنە و هەست و سۆزەوە بوونی هەیە.

## پاشبار: دەنگ و سەدای کپنەکراو و نەکوژاوە

لە کۆتاییدا ناکرێ و ناتوانین ئێمە ئەم دەقە بەس وەکوو هۆنراوە و بەندێکی ئاشقانە و دڵداری پێناسە بکەین و لێی بڕوانین. ئەم هۆنراوەیە دەقێکە کە تێیدا ئەوین و خۆشەویستی دەبێتە هەوێنی زمانی خۆڕاگری و بەرگری. ڕەگەز و خەسڵەتی دووپاتەیی جێ بە یادەوەریی بەکۆمەڵ و گشتی لێژ دەکات و شوێنپێی ئەو دەگرێتەوە، وە جەستە و سروشت دەبنە هێما و نوێنەرانی شوناس و پێناسی فەرهەنگی.

لە دنیایەکدا کە زۆربەی دەنگەکان دەخرێنە پەراوێزەوە، "گەلۆ" وێنەیەکی بەرچاو و دیارە لەوەی کە چۆن دەقێکی ئەدەبیی زارەکی دەتوانێ بێ دروشمدان، و بێ دەرکردنی بەیاننامە و بگرە تەنیا لە ڕێگەی جوانیناسانەی خۆیەوە بە شێوەیەکی قووڵ و کاریگەر دەست بداتە خۆڕاگری و بەرگریکردنەوە.

**٢٥ی پووشپەڕی ٢٧٢٦**

---



سەرچاوە
Serchawe

# زمان و دەسەڵات و ناسنامەی نەتەوەیی





**حەسەن قارەمانی**

لە سیاسەتدا زمان هەرگیز بێلایەن نییە. هەموو هەڵبژاردنێکی وشە، ڕەنگدانەوەی دنیابینییەکە و خاڵی دەستپێکی ئایدیۆلۆژی و ئامانجێکی ستراتیژییە. هەر بۆیە بە ڕێکەوت نییە کە بزووتنەوە سیاسییەکان گرنگییەکی زۆر بە چۆنیەتیی وەسفکردنی دەوڵەت، حکوومەت و نەتەوەکان دەدەن. ڕەنگە زاراوەگەلێکی وەک «ئێران»، «کۆماری ئیسلامیی ئێران»، «دەوڵەتی ئێران»، «ڕێژیمی تاران» یان «گەلی ئێران» لە یەکەم نیگادا وەک هاوواتا دەربکەون، بەڵام لە ڕاستیدا نوێنەرایەتیی دیدگای سیاسی و فەلسەفیی جیاواز دەکەن.

بۆ گەلی کورد ئەم پرسە بەتایبەتی گرنگە؛ کوردستان هێشتا لەنێوان چەند دەوڵەتێکدا دابەش بووە و کورد لەمێژە لەگەڵ دەرئەنجامەکانی ناسیۆنالیزم، سیاسەتی ناوەندگەرایی و بەکوردنەمان (ئاسمیلەکردن)ـی دەوڵەتەکان ژیاوە. هەر بۆیە پێویستە ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان و ڕۆشنبیرانی کورد، بەتایبەتی ئاگاداری کارکردی سیاسیی زمان بن. وشەکان تەنیا چیرۆک لەبارەی مێژووەوە دروست ناکەن، بەڵکوو کاریگەرییان لەسەر ئەگەرە سیاسییەکانی داهاتووش هەیە.

## جیاوازیی دەوڵەت و حکوومەت

لە زانستی سیاسەتدا، جیاوازییەکی ڕوون لەنێوان «دەوڵەت» و «حکوومەت»ـدا دەکرێت کە لە ئێستادا دەسەڵاتی سیاسی بەڕێوە دەبات. دەوڵەت دامەزراوەیەکی هەمیشەیی و خاوەن خاک، دانیشتووان، یاسادانان و پێگەی یاسایی نێودەوڵەتییە. لەبەرامبەردا، حکوومەتەکان کاتین؛ بە شۆڕش، هەڵبژاردن، کودەتا یان هەر گۆڕانکارییەکی تری دەسەڵات، دێن و دەڕۆن.

ئەمە بەو مانایەیە کە گۆڕینی حکوومەت، شوناسی دەوڵەت ناگۆڕێت. فەڕانسە بە فەڕانسە دەمێنێتەوە، بێ گوێدانە ئەوەی کە وڵاتەکە لەلایەن ڕاستڕەوەکانەوە بەڕێوە دەبرێت یان چەپڕەوەکان. ئەمریکا لە کاتی گۆڕینی سەرۆکیشدا، هەر وەک ئەمریکا دەمێنێتەوە. بەهەمان شێوە، ئێران وەک دەوڵەت دەمێنێتەوە، بێ گوێدانە ئەوەی کە ئایا ئەو وڵاتە لەلایەن دەسەڵاتی پاشایەتی، کۆماری ئیسلامی یان هەر حکوومەتێکی داهاتووی دێموکراتیکەوە بەڕێوە دەبرێت.

## گوتاری سیاسی دەوروبەری ئێران

لەم ساڵانەی دواییدا، هەندێک ئەکتەری سیاسی؛ چ لە نێو گرووپە ئۆپۆزسیۆنەکانی ئێران و چ لەنێو پارتە سیاسییەکانی کوردستان کە چوارچێوەی بەشێک لە مشتومڕی سیاسیی کورد پێک دەهێنن، زیاتر لەبری «ئێران»، دەربڕینگەلی وەک «کۆماری ئیسلامی» یان «ڕژێم لە تاران»-یان بەکار هێناوە. زۆرجار ئامانج لێی جیابوونەوەیەکی ڕوونە لە دەزگای ئێستای دەسەڵات.

ڕەخنەگرتن لە ڕژێمێکی پاوانخواز، هەم ڕەوا و هەم پێویستە. کێشەکە کاتێک سەرهەڵدەدات کە ئەم ستراتیژییە زمانەوانییە بە شێوەیەکی ناگونجاو بەکار بهێنرێت یان دەرەنجامی سیاسیی نەخوازراوی لێ بکەوێتەوە.

ئەگەر مرۆڤ بە بەردەوامی خۆی لە وشەی «ئێران» بەدوور بگرێت، مەترسیی دروستکردنی ئەو وێنەیە دێتە ئاراوە کە گوایە دەوڵەت خۆی بێلایەن یان بێتاوانە؛ لەکاتێکدا تەنیا حکوومەتی ئێستا بەرپرسیارێتیی ململانێ مێژوویی و

هاوچەرخەکان لە ئەستۆ ناگرێت. وەها ڕێبازێک، واقیع سادە دەکاتەوە و شیکردنەوەی ئەو پێکهاتانەی کە لەژێر ڕژێمە جیاوازەکاندا هەبوون، ئاڵۆزتر دەکات.

## ئەزموونە مێژووییەکان

ئەزموونەکانی کورد ئەوە دەردەخەن کە زۆرێک لە بەرفراوانترین ڕێوشوێنە سەرکوتگەرییەکان لە کۆماری ئیسلامییەوە دەستیان پێنەکردووە.

لە سەردەمی دەسەڵاتی پەهلەویدا، پرۆژەی ناوەندگەرایی بەرفراوان، قەدەغەکردنی زمانی کوردی لە بوارە جیاجیاکانی کۆمەڵگادا و پەلاماری سەربازی بۆ سەر بزووتنەوە کوردییەکان جێبەجێ دەکرا. کۆماری ئیسلامییش پاش شۆڕشی ١٩٧٩، بە ڕێکار و شێوازی جیاواز، بەڵام زۆرجار بە هەمان ئامانجەوە بەردەوامی بەو سیاسەتە دا: پاراستنی یەکپارچەیی خاک و بەرتەسککردنەوەی داخوازییەکانی نەتەوەکانی دیکە بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان.

ئەمە بەو مانایە نییە کە ئەو دوو سیستەمە وەک یەکن؛ لە ڕووی ئایدیۆلۆژی، دامەزراوەیی و سیاسییەوە لێک جیاوازن. بەڵام لە ڕوانگەی کوردییەوە، بەردەوامییەکی بەرچاو لە تێڕوانینی دەوڵەتدا بەرامبەر بە فرەچەشنیی نەتەوەیی بەدی دەکرێت. هەر بۆیە، لە ڕووی مێژووییەوە گونجاو نییە هەموو ململانێکان تەنیا بە دەرەنجامی ئەم دەسەڵاتەی ئێستا لە قەڵەم بدەین.

## بەراوردکارییە نێودەوڵەتییەکان

### سیاسەتی نێودەوڵەتی، چەند نموونەیەکی ڕوونی چۆنیەتیی کارکردنی زمان دەخاتە ڕوو.

کاتێک ئەمریکا بەشداریی شەڕێک دەکات، میدیاکانی جیهان بەزۆری باس لە «ئەمریکا» دەکەن، نەک ئەو ئیدارە تایبەتەی کە بەڕێکەوت لە دەسەڵاتدایە. کەس بە شێوەیەکی ڕۆتینی ناڵێت: «ئیدارەی بۆش، ئۆباما یان ترەمپ عێراقی داگیر کردووە»، ئەگەر مەبەست لە وەسفکردنی دەوڵەت بێت وەک ئەکتەرێکی نێودەوڵەتی.

بە هەمان شێوە، کاتێک ئیسرائیل لە ڕووی سەربازییەوە هەڵسوکەوت دەکات، ناوی دەوڵەتەکە بەکاردەهێنرێت، هەرچەندە بێگومان دەکرێت ڕەخنە لە حکوومەتی ئێستای بگیرێت. خەڵک لە کاتی شیکردنەوەی بەرپرسیارێتیی سەرکردایەتیی

سیاسیدا، هەر باسی «ئیسرائیل» دەکەن. ئەمە بەو مانایە نییە کە حکوومەتەکان بێبایەخن؛ بە پێچەوانەوە، لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا دەوڵەت ئەکتەری سەرەکییە.

## یەکدەنگی لە شێکاریی سیاسیدا

ئەگەر بگوترێت نابێت هەرگیز باس لە "ئێران" بکرێت بەبێ ئەوەی "کۆماری ئیسلامی" وەک جێگرەوەی ناوی بێت، ئەوا پرسیارێکی ژیرانە دێتە ئاراوە: ئەگەر ڕۆژێک کۆماری ئیسلامی ڕووخا، هەمان ئەو خەڵکە چۆن مەبەستی خۆیان دەردەبڕن؟ بۆ نموونە، ئەگەر لە داهاتوودا سیستەمێکی پاشایەتی یان هەر حکوومەتێکی دیکە دامەزرا و ئێران لە ململانێیەکی سیاسی یان سەربازیدا لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ وەک عێراق، تورکیە یان ئازەربایجاندا کەوتەوە، ئایا دیسان هەمان خەڵک دەڵێن "حکوومەتی نوێی تاران" لە شەڕدایە؟ یان جارێکی تر وشەی «ئێران» بەکاردەهێننەوە؟

**ئەم پرسیارە سەبارەت بە ماناسازی نییە، بەڵکوو پەیوەستە بە یەکدەنگیی شێکارییەوە. تیۆریی سیاسی دەبێت هەمیشە کارپێکراو بێت، بێ گوێدانە ئەوەی کام حکوومەت لە دەسەڵاتدایە.**

## بەرپرسیارێتیی بزووتنەوەی کوردی

بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، زیاتر لە سەدەیەکە خەبات بۆ دێموکراسی، مافی مرۆڤ و دانان بە مافە بەکۆمەڵەکانی گەلی کورد دەکات. هەر لەبەر ئەم هۆکارەشە، پێویستە بە دیسیپلینێکی فیکریی بەرز تایبەتمەند بێت.

بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی کە خۆی داوای ڕێزگرتن لە ناسنامەکەی دەکات، پێویستە زمانێکیش پەرە پێ بدات کە لەسەر بنەمای وردبینی، زانینی مێژوویی و یەکگرتوویی شێکاری دامەزرابێت. سادەکردنەوەی ڕیتۆریک (هونەری قسەکردن و وتاردان)، هەندێک جار دەکرێت دەستکەوتی سیاسیی کورتخایەن بەدی بهێنێت، بەڵام مەترسیی لاوازبوونی متمانەی درێژخایەنیشی لێ دەکەوێتەوە.

## ئەرکی ئایدیۆلۆژیی زمان

زمان هەرگیز تەنیا ئامرازێک نییە بۆ گەیاندنی پەیام، بەڵکوو وەک ئامرازێکی سیاسییش کار دەکات. شەرعییەت لە ڕێگەی وشەوە دادەمەزرێت. ناسنامەکان لە ڕێگەی وشەکانەوە لە قاڵب دەدرێن. وشەکان پێناسەی ئەوە دەکەن کە کێ بە قوربانی،



سەرچاوە
Serchawe

کێ بە تاوانبار و کێ بە نوێنەری گەل دادەنرێت.

بۆیە دەبێ هەر نووسەرێکی سیاسی یان وتەبێژی حیزبەکان لەخۆی بپرسێت: بەکارهێنانی دیاریکراوی زمان، چی دەرئەنجامێکی لێ دەکەوێتەوە؟ کاتێک دەوڵەت و حکوومەت تێکەڵ بە یەک دەبن، مەترسیی ئەوە هەیە کە شیکارییەکە سادە بکرێتەوە. بەڵام کاتێک دەوڵەت و حکوومەت لە یەکتر جیا دەکرێنەوە، دەکرێت لە یەک کاتدا ڕەخنە لە دەسەڵات بگیرێت و شیکاریی ئەو پێکهاتە مێژووییە قووڵانەش بکرێت کە کاریگەرییان لەسەر پەیوەندیی نێوان دەوڵەت و نەتەوە جیاوازەکانە. بۆ بزووتنەوەی کوردی، کە دەمێکە ناچار بووە بەرگری لە مێژووی خۆی بکات لە بەرامبەر پڕوپاگەندە و نکوڵیکردن، ئەمە بەتایبەتی گرنگە. متمانەپێکراوی ئێمە نەک تەنیا بە هێزی داواکارییەکانمان، بەڵکوو بە کوالیتیی شیکارییەکانمان دیاری دەکرێت.

## زمانێک بۆ بەهێزکردنی خەباتی دێموکراسی

**کورد زۆرجار داوای لە جیهانی دەرەوە کردووە کە گوێ بۆ ڕاستییەکان شل بکەن، نەک پڕوپاگەندە. پێویستە ئێمەش هەر هەمان بنەما بۆ خۆمان جێبەجێ بکەین.**

پێویستە لە زمانێک کەڵک وەربگرین کە پشت بە بەڵگەی سەلمێنراو ببەستێت، یەکگرتوو بێت و لە ڕووی فیکرییەوە خاوەن بەرنامەیەکی ڕوون بێت. ڕەخنەگرتن لە کۆماری ئیسلامی، کاتێک باس لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، سەرکوتی سیاسی و نکۆڵیکردن لە مافە نەتەوەییەکان دەکرێت، کارێکی پێویستە. لە هەمان کاتدا، دەبێت ئەو شیکارییە بە ڕوونی جیاوازی لە نێوان «دەوڵەت»، «حکوومەت» و «کۆمەڵگە» بکات. ئەم جیاکارییە ڕەخنەکە لاواز ناکات، بەڵکوو بەهێزتری دەکات.

## کۆتایی

خەباتی سیاسی تەنیا بەستراوە بە خاک، دامەزراوە و دەسەڵاتەوە نییە، بەڵکوو پەیوەندییەکی قووڵیشی بە وشەکانەوە هەیە. زمان تێگەیشتنی خەڵک بۆ مێژوو ڕێک دەخات و کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر تێڕوانینیان بۆ داهاتوو دەبێت.

بۆ کورد، کە زۆرجار مێژووەکەی شێوێنراوە یان پەراوێز خراوە، بەکارهێنانی زمانی ورد، تەنیا ئارەزوویەکی ئەکادیمی نییە، بەڵکوو پێویستییەکی سیاسییە. لەبەر ئەوە، پێویستە هەموو بابەت، وتار و شیکارییەکی گشتی، بە وردبینی، هۆشیاریی مێژوویی و یەکگرتوویی فیکرییەوە ئامادە بکرێت.



سەرچاوە
Serchawe

پووشپەڕی ٢٧٢٦

كاتێک دەنووسین، نابێت ڕێگە بدەین هەستی سیاسیی ساتەوەختەكان، شێوازی هەڵبژاردنی وشەكانمان دیاری بكات؛ بەڵكوو دەبێ هەوڵ بدەین زمانێک بەكار بهێنین كە وردبینیی زانستی لەگەڵ ڕوونیی سیاسی تێكەڵ بكات. تەنیا لەو كاتەدا ئارگیومێنتەكانمان متمانەی درێژخایەن بەدەست دەهێنن و دەبنە بەشێک لە تێگەیشتنێكی قووڵتر بۆ ئەو پرسانەی كە بە ئایندەی كوردستانەوە بەستراونەتەوە.

**بزووتنەوەی نەتەوەییی پێگەیشتوو، نەک هەر بە ئازایەتی لە خەباتدا، بەڵكوو بە ئازایەتی لە بیركردنەوەی ڕەخنەگرانە، شیكاریی ورد و دەربڕینی ڕوونی ئەو ڕاستییانەوە دەناسرێتەوە كە مێژووی داهاتوو داوای دەكات.**

٢٧ی پووشپەڕی ٢٧٢٦



سەرچاوە
Serchawe

# هەگبەی شاخ و شۆڕش (شەهید لەتیف حوسێنی)






**برایم چووکەڵی**

"من بە یادی ئەو هەڵۆیەی کەم ژیاوە بوومە باڵ
ڕوو لە بەرزی هەر دەژیم تاکوو هەناوی ئاسمان"...

کەم نین ئەو لاوانەی کورد بە تەمەنی کەمەوە دێنە ڕیزی خەباتەوە و مخابن گوڵی تەمەنیان زوو دەژاکێ و دەچنە ڕیزی

کاروانی نەمرانەوە. لە نێو ئەستێرە گەشاوەکانی ڕێی خەبات و لە هەگبەی شاخ و شۆڕشی ئەم ژمارەیەدا و لە کاروانی شەهیدان لە مەڵبەندی شاری شنۆدا، یادی فەرماندەی بەتوانا و خۆشەویست، لاوی ئازا و فیداکار شەهید سەید لەتیفی حوسێنی دەکەینەوە.

شەهید لەتیف حوسێنی ساڵی ١٣٤٠ لە گوندی مەلاعیسا لە ناوچەی دەشتەبێڵی شنۆ، لە بنەماڵەیەکی مامناوەندیی نیشتمانپەروەر لەدایک بوو. هەر بەهۆی کوێرەوەری و مەینەتبەشیی ئەوکان، توانی تا پۆلی ٥ی سەرەتایی دەرس بخوێنێ. بەرەبەرە کە گەورە بوو، زیاتر لە نێو خەڵک خۆشەویستتر دەبوو، بەو تەمەنە کەمەوە یارمەتیی خەڵکی دەدا، چونکە هەوڵی دەدا ئەوەی لەدەستی بێت بۆ بەهاناوەچوونی خەڵک دریغی لێ نەکات.

ساڵی ١٣٥٧ گەلانی ئێران لە چنگ زوڵم و زۆریی نیزامی پاشایەتیی پەهلەوی ڕزگاریان بوو. ئەو وای بیر دەکردەوە ئەو زوڵم و زۆرە کۆتایی دێت و نەتەوەکەی بە سەربەستی دەژی؛ بەڵام ڕێژیمێکی دیکە و زۆردارتر لە ڕێژیمی پێشوو دەسەڵاتی ئێرانی بەدەستەوە گرت. بە دەستپێکردنی تێکۆشانی ئاشکرای حیزب لە شاری شنۆ، سەید لەتیف ئەستێرەیەکی گەشاوەی هەست پێ کرد، بۆیە ئاواتەکانی خۆی و نەتەوەکەی لە بەرنامەی حیزبی دێموکراتدا دیتەوە. بێ سێودوو کردن، لە سەرەتای ساڵی ١٣٥٨ هاتە ڕیزی تێکۆشەرانی دێموکراتەوە و لە هێزی سمکۆی ئەوکاندا سازمان درا؛ بەم جۆرە قۆناغێکی تازە لە ژیانی سەید لەتیف دەستی پێ کرد.

سەید لەتیف لاوێکی ژیر و ڕوحسووک بوو. سەرتاسەری وجودی ئیحساساتی شۆڕشگێڕانە بوو، ئازا، بەجەرگ و نەترس بوو. ئیمانێکی قووڵی بە سیاسەتەکانی حیزب و ڕێبازی بزووتنەوەی گەلەکەی بوو. لە ماوەیەکی زۆر کورتدا جێگای خۆی لەنێو دڵی هاوسەنگەرانی پێشمەرگەدا کردەوە و وەک پێشمەرگەیەکی بەئیمان و دڵسۆز لە نێو هاوسەنگەرانیدا ناسرا. ئەو بۆ هەموو مەئموورییەتەکانی حیزبی ئامادە بوو. لە ماوەی پێشمەرگایەتیدا ڕێکوپێک، بەنەزم و لەخۆبوردوو بوو. لەگەڵ هاوسەنگەرانی ڕووخۆش و بەئەخلاق بوو؛ خەڵک ڕێزیان دەگرت و خۆشیان دەویست. لە شەڕە حەماسییەکانی مەڵبەندی شنۆ ئازایەتیی دەنواند و هەموو ئەو تایبەتمەندییانە بوو بەهۆی ئەوەی وەک سەرپەل دیاری بکرێت. هەروەک چاوەڕوان دەکرا، لەم پۆستەشدا بە هەستکردن بە بەرپرسیارێتی، ئەرکەکانی بەڕێوە دەبرد.

شەهید لەتیف دوای وەرگرتنی ئەو بەرپرسایەتییەش سەلماندی کە توانایی بەڕێوەبردنی ئەرکی گەورەتریشی هەیە، بۆیە زۆر عەمەلیاتی قارەمانانە لە ناوچەی شنۆ بە فەرماندەیی ئەو بەڕێوە چوو. ئیمان بە ڕێبازەکەی وای لێ کردبوو چاوی لە گوللە نەترسێت و هەمیشە لە سەنگەری پێشەوەی خۆڕاگریدا بێت.

پووشپەڕی ٢٧٢٦

دەرکەوتنی سەید لەتیف حوسێنی لە مەیدانی کردەوەدا بوو بەهۆی ئەوەی زۆر زوو پلەکانی پێشمەرگایەتی ببڕێت، لەبەر ئەوەی سەداقەت و ئیمان، قارەمانەتی، هەڵسووڕان و دەستوبردی بۆ هەموو پێشمەرگەکان ناسراو بوو، بە فەرماندەری لک دیاری کرا. ناوبراو ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر، بەتایبەتی لەباری نیزامییەوە، زانیاری خۆی پەرە پێ دەدا. شەڕە بەناوبانگەکانی ناو شاری ورمێ، ڕێگای نەغەدە - شنۆ، نێوشاری شنۆ و زۆر شەڕی دیکە، بەتێکڕا شەڕگەی شەهید سەید لەتیف و ئازایەتیی نواندنەکانی بوون و سینگی لە هەموو شەڕاندا قەڵغانی بەرگریی شوناسی نەتەوەیی و ئاخی خاک و نیشتمان و گەلەکەی بوو.

ئەو وەک فەرماندەیەکی ئازا، وریا و نەترس، ئامادەی هەر چەشنە مەئموورییەتێک بوو. کوڕێکی خاکی، ڕوحسووک و گوێڕایەڵی بڕیاراتی حیزب بوو. لە ماوەی پێشمەرگایەتیدا لە دەیان نەبەرد و خۆڕاگری و شەڕی پارتیزانیدا بوێرانە بەشداریی کرد. لە شەڕەکاندا یەکپارچە ئاگر بوو، بۆیەش هەمیشە ئاگری بەسەر دوژمندا دەباراند. سەید لەتیفی قارەمان لە شەڕەکاندا ٤ جار بریندار بوو، بەڵام زامەکان چۆکی پێ دانەدا و پاش سارێژبوونەوەی برینەکانی، گەڕایەوە سەنگەری ئازادی و دیفاع لە نەتەوەکەی. هەر بۆیە لاوی شۆڕشگێڕ و خەباتکار بڕیاری دابوو لە هەر جێگایەک قەڵای زۆرداری بەرز بێت، لوولەی تفەنگەکەی تێ دەکرد و قەڵای زۆرداریی وەلەرزی دەخست و ڕێگای نەدەدا لە ئاستی زوڵم لێکراوانی کورد بە بەرزی خۆی نیشان بدات و تێکی دەقرماند.

ڕۆژی ١٩ی خەرمانان لە گوندی کانیباغ لە جادەی پەسوێ - مەهاباد، کەمنیان بۆ هێزەکانی کۆنەپەرستی داناوە و زەبرێکی گورچکبڕیان لە هێزی کۆنەپەرستی دا. لەو شەڕەدا کە ئاخرین فیداکاری و فەرماندەیی سەید لەتیفی حوسێنی بوو، بەداخەوە کەوتە بەر گوللەی داگیرکەران و گیانی خۆی کردە قوربانی بۆ ڕزگاریی نەتەوەکەی و بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لە حیزب و گەلەکەی کرد.

٢٨ی پووشپەڕی ٢٧٢٦

# کۆماری ئیسلامی دەچێتە خێوەتی سەفوان؟





**عەلی بداغی**

ڕۆژی یەکشەممە، ١٢ی ڕەشەمەی ١٣٦٩ی هەتاوی، هاوپەیمانیی دژی حکوومەتی عێراق بۆ وەدەرنانی سوپای ئەو وڵاتە لە کووەیت، پاش ئەوەی زەبری گورچووبڕیان لە عێراق دابوو؛ سەرکردایەتیی حکوومەتی عێراقی بە لارەملی پەلکێشی دانوستانێک کرد بۆ ئاگربەس و ئاشتی. ڕێککەوتنەکە لەژێر خێوەتێک لە ناوچەی "سەفوان" لەنێوان سنووری عێراق و کووەیتدا ئیمزا کرا. بەڵام ئەم دانوستان و ئاگربەسەی نێوان هێزەکانی هاوپەیمان بە سەرکردایەتیی ئەمریکا لەگەڵ عێراق

نەک لەسەر بنەمای ڕێککەوتن و ئاشتییەکی دوولایەنە، بەڵکوو سەپاندنی خۆبەدەستەوەدانی بێئەملاوئەولا بەسەر عێراقدا بوو. عێراقێک کە لە بەرەکانی شەڕدا بەتوندی تێکشکابوو، سوپاکەی تەفروتونا ببوو، ئابوورییەکەی بەتەواوی ئیفلیج ببوو و هیچ چارەیەکی جگە لە ملڕاکێشان بە بڕیارنامەکانی شوورای ئەمنییەتی نەتەوە یەکگرتووەکان و مەرجەکانی ئەمریکا و هێزەکانی هاوپەیمان نەبوو.

## پرسیار ئەوەیە ئاخۆ کۆماری ئیسلامییش ناچار دەبێت لە ژێر سێبەری "خێوەتی سەفوان"ێکی دیکەدا و بە قبووڵکردنی تێکشکانیان لە شەڕ لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیلدا مل بۆ مەرجەکانی ئەمریکا ڕابکێشن؟

شک لەوەدا نییە شەڕی ١٢ ڕۆژە، پاشان شەڕی ٣٩ ڕۆژە و بەردەوامیی شەڕ و پێکدادانە قورسەکان لە ماوەی دوای ئیمزاکردنی لێکتێگەیشتنەکەی ئیسلامئاباد، کۆماری ئیسلامیی زۆر لاواز کردووە. لەو ماوەیەدا چەند توێژ لە ڕێبەرانی سیاسی، بەرپرسانی ئەمنییەتی، فەرماندەرانی نیزامی و کاربەدەستانی ئیداریی ئێران کوژراون. توانای نیزامی و تێکنۆلۆژیی شەڕی ئێران بۆ شەڕێکی کلاسیک لە ئاستی توانا و زەرفییەتە زەبەلاحەکانی ئەمریکادا نییە. ئەگەرچی ئێران هەوڵی داوە لە ڕێگەی دەستبەسەرداگرتنی تەنگەی هورموز، دەستکردنەوەی میلیشیا و هێزە نیابەتییەکانی و هەروەها بەکارهێنانی کەرەستەی شەڕی هەرزانبایی بەڵام کاریگەری وەک درۆن و بە سەپاندنی تێچووەکانی شەڕی ناهاوسەنگ ئەمریکا ناچار بە پاشەکشە بکات، بەڵام بڕیار و هەڵوێستەکانی ئەمدواییانەی ترامپ وادیارە پێچەوانەی خوێندنەوە و لێکدانەوەکانی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامین.

### دوو فاکتەری دیکەش گرینگ و یەکلاکەرەوەن؛

**یەکیان** کۆدەنگی و کۆڕاییەکی نێودەوڵەتی دژی ئێران کە خەریکە ئاماژەکان باس لە گۆڕان و دروستبوونەکەی بەتایبەت لەنێو وڵاتانی ناوچە و هەروەها هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لە ئورووپادا دەکەن.

**ئەویتریان** قووڵبوونەوەی هەرچی زیاتری قەیرانە ئابووری و پەرەسەندنی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتری نارەزایەتییە نێوخۆییەکان لە ئێرانە. واتە ناهاوسەنگیی هێزی نیزامی، خەساری زۆری گیانی بەتایبەت لەنێو فەرماندەرانی نیزامی و بەرپرسانی سیاسیی ڕێژیم، قووڵبوونەوەی قەیرانی ئابووری و شکستی دیپلۆماسی ئەوکی ڕێژیمیان بەتوندی و بەتەواوی گوشیوە.

خۆ ئەگەر کۆماری ئیسلامی بیشیهەوێ درێژە بە دۆخی نە شەڕ و نە ئاشتی لەگەڵ ئەمریکادا بدات و بەتەما بێ بە کڕینی

کات خۆی ببووژێنێتەوە و دوایە چەشنی کۆریای باکوور خۆی وەک ئەمری واقع بسەپێنێ؛ نە ئەمریکا و ئیسرائیل و وڵاتانی کەنداو لێی قبووڵ دەکەن و نە لە نێوخۆی وڵاتیش بۆی دەست دەدا ئەم مۆدێلە لە حوکمڕانی بەسەر کۆمەڵگەی ئێراندا فەرز بکات. شک لەوەدا نییە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دەست لەسەر دەست دانانین هەتا کۆماری ئیسلامی دوای هەر قۆناغێک لە شەڕ و گرژی دەرفەتی بووژانەوە و خۆڕێکخستنەوەی سیاسی و نیزامیی هەبێت. هێرشە چڕ و بەردەوامەکانی ئەمدواییانە کە هاوکات گەمارۆی دەریایی شادەماری ئابووریی ئێرانیشی هاتۆتەسەر؛ ڕێک بە مەبەستی بەچۆکداهێنانی ڕێژیم و پەلکێشکردنی بۆ خێوەتی سەفوانە.

ئەزموونی نیزیک ٥ دەیە دەرفەتدان و گرتنەوە، وتووێژی ڕەخنەگرانە، تەریکخستنەوە، سزای ئابووری و ددان بەخۆداگرتن دەبێ ڕۆژئاوای هێنابێتە سەر ئەو قەناعەتەی بەردەوامیی ئەو ستراتیژییە لەهەمبەر کۆماری ئیسلامیدا دەرەنجامەکەی هەر شکست و خولانەوە لە بازنەی ناکامییە. هێرشی بەردەوامی ئەمدواییانەش بۆ سەر ژێرخانی لۆجستیکی ڕێژیم وەک بنکە و کۆگاکانی بەرهەمێنان و ڕاگرتنی مووشەک و درۆن لە بەندەر و شارەکانی باشووری ئێران بۆ لاوازکردنی تەواوی توانای هێرشبەرانی ڕێژیمە. گەمارۆی دەریایی و هەڵتەکاندنی قووڵایی ستراتیژیکی ئێران (بەرەی موقاوەمەت)یش بۆ ئەوەیە کەمترین دەرفەت و توانای بووژانەوە نەدرێتە ڕێژیم. هەروەها لێدانی زەبری گورچکبڕ لە هێزە نیابەتییەکانی ڕێژیم، پەرەسەندنی گوشارەکان بۆ سەر حکوومەتی عێراق بۆ چەککردنی هێزە نیابەتییەکانی کۆماری ئیسلامی کە لە سەردانەکەی ئەمدواییانەی زەیدی، سەرۆکوەزیرانی عێراق بۆ کۆشکی سپی و هەروەها دەستبەسەرداگرتنی بارێکی گەورەی درۆن کە بڕیار بوو لە خاکی عێراقەوە و بە ڕێگەی سووریادا بۆ حیزبوڵڵا بنێردرێ؛ پێمان دەڵێ ئەمریکا و ئیسرائیل دەیانەوێ بەتەواوی کۆماری ئیسلامی لە پەلوپۆ بخەن و هەناسەی لێ ببڕن.

لە بەرامبەردا کۆماری ئیسلامییش تەنیا دوو ڕێگەی بۆ دەمێنێتەوە. یەکەم ڕێژیم دەزانێ دەرفەتی بووژانەوەی نادرێتێ، بۆیە هەوڵ دەدا بە هێرشی قوورس بۆ سەر ژێرخانی ئابووریی هاوبەشە سیاسییەکانی ئەمریکا -کووەیت و بەحرەین بەتایبەتی- و زیادکردنی تێچووی گیانی و ئابووری ئەو پەیامە بە ڕۆژئاوا بدا کە دەتوانێ هەر هەموو ناوچەکە و ئەمنییەتی دابینکردن و گواستنەوەی وزە لە دنیادا بخاتە مەترسییەوە. دووهەم خۆڕاگریی زیاتر و پەلەکردن لە دەستخستنی بۆمبی ئەتۆمی و کردنی بە ئامرازی مانەوە! ئەوەش بەزاندنی هێڵی سووری دوکترینی ئەمنییەتی ئەمریکا و ئیسرائیلە کە لە هیچ هەلومەرجێکدا ڕێگە نادەن ئێران خاوەنی چەکی ئەتۆمی بێت.

بە پێی دوکترینی ئەمنییەتی نیشتمانیی ئیسرائیل تەلئەبیب ئیزن نادا هیچ وڵاتێکی دوژمن لە ناوچەدا کە دژی ئیسرائیل بێت تێکنۆلۆژیی ئەتۆمیی هەبێ. هێرش بۆ سەر ڕیئاکتۆری ئەتۆمیی "اوزیراک" لە عێراق (١٣٦٠) و هەڵتەکاندنی دامەزراوە

پووشپەڕی ٢٧٢٦

ئەتۆمییەکانی "الکبر" لە سووریە (١٣٨٦) لەلایەن ئیسرائیلەوە دوو نموونە لە بڕیارەکانی ئیسرائیل لە چەند دەیەی ڕابردوون. سرووشتییە ئەمریکا لەپێناو ڕاگرتنی قوورسایی و هێشتنەوەی حەیسییەتی سیاسیی خۆی لە کۆمەڵگەی جیهانییشدا بێ ڕێگە نادا ئێران بەرەو ئەو ئاقارە بڕوا، ئەوە جگە لەوەی هەوڵی سەرکەوتووی ئێران لەو بوارەدا هاوسەنگیی هێز لە ناوچە بەتایبەت لەلای وڵاتانی وەک عەرەبستان و تورکیە و میسر تێک دەدا و بەوەش کێبڕکێیەکی کۆنترۆڵنەکراوی چەکوچۆڵ دەست پێ دەکات.

**ئێران کەوتووەتە تەڵەی ستراتیژیکەوە و لەسەر مێزی قومارێکی گەورەیە، قومارێک کە بێگومان ئێران تێیدا دەدۆڕێت.**

٢٨ی پووشپەڕی ٢٧٢٦

# تابووتێک لە تاران و سێ تەرمیش لە سیستان




**دارسمە**

لە جوگرافیای هەندێک وڵاتدا، وا باوە هەموو شتێک بەپێی دوو جەمسەر«نێوەند» و «پەراوێز» پۆلێن دەکرێت؛ سەروەت، دەسەڵات، میدیا و ئاوەدانی هەر هەمووی ئاوەڕووی نێوەندە. هەڵبەت ئەم جیاوازییە تەنیا بۆ زیندووان نییە و پەلیکێشاوە بۆ نێو قەبرستانیش!

بۆ ئەوەی باشتر لەم هاوکێشەیە تێبگەین، با میوەیەکی وەک قەیسی یان قۆخ بهێنینە بەرچاومان؛ دەبینین توێکڵ و گۆشتیان تەنیا بۆ ئەوە دروست بووە ببنە قوربانی و نێوکەی نێوەوە بپارێزن. نێوەندیش ڕێک وەک نێوکی قۆخەکەیە بەڵام پێچەوانەی پەندی کوردەواری: **«گۆشتەکەی دەخۆن و ئێسقانەکەی دەپارێزن!»** دەسەڵات هەمیشە ڕۆڵی ئەم نێوکە دەگێڕێت و پەراوێزیش ئەو توێکڵەیە دەبێت لە کاتی بەڵادا قوربانی بدات. گۆشتی ئەم میوانە کەمتر خۆ ڕادەگرێت و زۆر زوو شل و بڵ دەبێت؟ لێرەدا دەسەڵات یاریزانە سەرەکییەکەیە، بەڵام بۆ ئەوەی ڕووی ڕاستەقینەی خۆی بشارێتەوە، دەمامکی جۆراوجۆر دەپۆشێت. **ڕۆژێک بە ناوی «دەسەڵاتی گەل»، ڕۆژێک وەک «ئایین»** و ڕۆژانێکیش بە ناوی **«بەرژەوەندیی نەتەوەیی»یەوە** خۆی دەردەخات. بەڵام ئەمانە تەنیا کەرەستەن؛ هەر کاتێک پێگەی نێوەند بکەوێتە مەترسییەوە، دەسەڵات ئەم دەمامکانە فڕێ دەدات و وەکوو خۆی کە پاسەوانی بەرژەوەندییەکانی نێوەندە، دەردەکەوێت.

با واز لە شەڕەچەقەی ئەو زیندووانە بهێنین بەردەوام خەریکی ململانێی دروشمی بریقەدارن و ئاوڕێک لە مردووان بدەینەوە. با بزانین جیاوازیی نێوان «مردن لە نێوەند» و «مردن لە پەراوێز»دا چییە؟ با کەمێک لە پایتەخت دوور بکەوینەوە و ڕوو بکەینە پەراوێز. لە زاهیدان، لە سیستان و بەلوچستان، کاتێک خوێنی چەند گەنجێک دەڕژێت، ئەگەر کەسێک بوێرانە بپرسێت: «ئەم سێ گەنجە کێ بوون؟ بۆچی بەبێ دادگاییکردن وەک چۆلەکە پێکران؟ کێ فەرمانی تەقەکردنی دا؟»؛ وەڵامی دەزگا فەرمییەکان، وەک مریشکی قوون بڕاو خێرا و کورتە: «پرسیاری زیادە قەدەغەیە، بێدەنگ بە با کەپۆت نەسووتێ! ئێمە سەرقاڵی ڕێوڕەسمێکی نەتەوەیین!» مەبەستیان لە مەراسیمەکە گێڕانی تۆزی ژێرزەمینێکی بۆمبارانکراوی نێوەندی تارانە بەرەو بەغدا و نازانم کوێی دیکەش.

سیستمی نێوەند بۆ مردووەکانی خۆی زۆر ڕێکوپێکە. کاتێک تابووتێکی تەپ وتۆزی باڵەخانەی تێکڕووخاو دەجوڵێنێت، شەقامەکان قوفڵ دەکرێن، کارکردنی ڕۆژانە ڕادەگیرێت و تەنانەت تەلەفزیۆنەکانیش فرمێسکی بەرپرسان بە کوالیتیی (HD) پیشانی بەردەنگانی خۆیان دەدەن. لە نێوەنددا، دەبێت گریانیش ڕووناکییەکی گونجاو و کادرێکی کامێرای پرۆفیشناڵی هەبێت بۆ ئەوەی سۆزی بینەر بجوڵێنێت. بەڵام لە پەراوێز، ئەگەر دەریایەک فرمێسک لە چاوی سەدان پیرەژن بڕژێت، هیچ کامێرایەک بۆی نییە لێی نزیک ببێتەوە؛ چونکە لە فەرهەنگە جوانەکەی وڵاتی یەکپارچەدا فرمێسکی دایکی پەراوێزخراوەکان لە «ستانداردی پەخشی نیشتمانی» دەرچووە و وەک «هەڕەشەی ئەمنی» مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. لە تاران، بۆ تێپەڕینی تابووتێک، ئاراستەی شەقامەکان و ناوی کۆڵانەکان دەگۆڕدرێن. بەڵام لە زاهیدان و شارەکانی پەراوێز، بۆ شاردنەوەی ڕاستییەکان، «ناوی مردووەکان» دەگۆڕدرێت! لە چرکەساتێکدا، گەنجێکی بێکاری کاسبکار دەبێتە «چەتەی چەکدار»، یەکێکی دیکە دەکرێتە «ئەندامی باندی قاچاخ»، و ئەوی دیکەیان پێی دەگوترێت «تێکدەری ئاسایش و ئەمنییەت». لە نیشتمانێکی میللی دا بۆ وەرگرتنی پێناسەیەکی هاووڵاتیبوون پێویستت بە سەد بەڵگەنامە و مۆر هەیە، بەڵام بۆ تاوانبارکردن و کوشتنی تێکدەران لە پەراوێزەوە هیچ بەڵگەیەکی یاسایی ناوێت! میدیای فەرمی ڕێک وەک چاپکەرێکی ژەنگگرتوو کار دەکات؛ ناوی هەر بێتاوانێکی تێبکەیت، یەک مۆری حازربەدەستی لێ دەدات دەبێتە "ئەشرار"!

"پەراوێز" هەمیشە لەسەر نەخشە هەیە، بەڵام لە چاوی دەستەڵاتی وڵاتپارێزی نێوەند دا تەنیا کاتێک دەبینرێت کە ببێتە گۆڕەپانی تەقەکردن و هەڵمەت. ئەگەر باسی بێکاری، بێئاوی، کارەساتی کۆڵبەری و سووتەمەنیبەری یان نەبوونی نەخۆشخانە بکرێت؛ ئەوکاتە شارەکانی پەراوێز "وەک بەردی بن گۆمیان لێ دێت" و لە نەخشەدا ون دەبن! ئەوەیە پاراستنی یەکپارچەیی وڵات. ئەی ئەوە نییە کاتێک مەترسییەک بۆ نیشتمان لە پەراوێزەوە سەرهەڵدەدات، هەموو فەرماندە ئەمنییەکان دەبنە شارەزاترین جیۆگرافیناس و کۆڵان بە کۆڵانی شارەکە وەکوو لەپی دەستیان دەناسن.

پووشپەڕی ٢٧٢٦

هەر ئەم نیشتمانپەروەرییە وای کردووە کاتێک نێوەند دەگریت، مانشێتی ڕۆژنامەکان دەنووسن: «**سوگواریی میللی**». بەڵام کاتێک پەراوێز بە هەموو هێزییەوە لەبانگێ دەدات، هەڕەشەی لێ دەکرێت: «هەڵسوکەوتی هەستیار مەکەن و دۆخەکە مەشێوێنن!» لە پەراوێز ماتەمگێڕانیش پێویستیان بە مۆڵەتە؛ ماتەمی نێوەند مۆڵەتنامەی ئاسمان و زەویی هەیە، بەڵام ماتەمی پەراوێز لە یەکەم بازگەی ئەمنیدا ڕادەگیرێت. لە زاهیدان وەک ڕاگەیاندنی ڕاستگۆی نێوەند دەڵێت «**باندی تێکدەر**» خەریکە وڵات بشێوێنێت. ئەمەیە جیاوازیی نێوان تێگەیشتنی مرۆڤێکی خاوەن خەیاڵ و لاپەڕەکانی ڕاپۆرتی نێو چەکمەجەی فەرماندەیەکی ئەمنی.

هیچ بە دووری مەزانن مێژوونووسانی چەواشەکار دواتر باسی ئەم سەردەمە بکەن و دوور لە حەزی نێوەندی سەقامگیر بنووسن: ئەمە ئەو وڵاتە بوو دوو جۆر قەبرستانی هەبوو. یەکێکیان ڕازاوە بە گوڵاو، مایکرۆفۆن و ڕیزی ڤی ئای پی؛ ئەوی دیکەیان نوقمبوو لە تۆزوخۆڵ، بێدەنگی و دەرگای داخراوی دادگاکان. لە یەکێکیاندا هەمووان دەهاتن بۆ وێنەگرتن و خۆنواندن؛ لە ئەوی دیکەیاندا کامێرا قەدەغە بوو بۆ ئەوەی ڕاستییەکان زیندەبەچاڵ بکرێن. بەڵام با لەبیرمان نەچێت، هەرچەندە تابووتی نێوەند دەنگەدەنگ و هاتوهاواری زۆرە، بەڵام بێدەنگیی گۆڕستانەکانی پەراوێز زۆر بەرزتر و ڕاستگۆیانەتر لە هەزاران وتاری تەلەفزیۆنی قسە دەکات.

**پەیامی ئەم بێدەنگییە ئەوەیە: مێژووی ڕاستەقینەی ئەم وڵاتە بەو هەزاران پرسیارە بێ وەڵامانە دەنووسرێتەوە کە لەگەڵ گەنجەکانی پەراوێزدا چوونەتە ژێر خاک، نەک بە قەرەباڵغیی درۆینەی شاشەکان! ڕەنگە مێژوونووسانی داهاتووش بۆ چەواشەکاری دژ بە نێوەند درۆ هەڵبەستن و بە دڵی خۆیان و بەردەنگانیان باس لە تابووتەکەی تاران و.**

٢٩ی پووشپەڕی ٢٧٢٦

# نان پەڕیوەتە پشتی شێر



عەلی لەیلاخ

بەیانیی ڕۆژی سێشەممە، ٢ی پووشپەڕی ١٤٠٥، یەکەمین مانشێتی هەواڵی ڕۆژنامە و میدیاکان ئەمە بوو: "نرخی نان ١٠٠٪ بەرز بووەوە". ئەگەرچی بیستنی هەواڵە ناخۆشە ئابوورییەکان، لەمڕۆی ئێراندا بووەتە دیاردەیەکی ئاسایی، بەڵام تەنزە تاڵەکەی هاوکێشەکە لەوەدایە ڕەنگە جارێکی دیکە سەرۆککۆمار بڵێت: "ئەمن خۆم بەیانیی هەینی زانیم کە نان گران بووە." ئەم ڕۆژانە گوشاری ئابووری گەیشتووەتە ئاستێک، کە چیتر نە کەس دڵخۆشە بە شەڕ و نە هیچ پەرۆشییەکیش بۆ دەرەنجامی دانوستانەکانی نێوان ئێران و ئەمریکا هەیە. وەک چۆن "بەهمەن عیشقی"، ڕاوێژکاری باڵای ژووری بازرگانی دەڵێ ئەگەر هەر سبەی بەیانی ترەمپ و مەسعوود پزیشکیان لە تاران پێکەوە شۆرباو گۆشت هەڵقوڕێنن، دۆخی ئابووریی وڵات باشتر نابێت؛ تەنیا ئەوە کە دەوڵەت دەوڵەمەندتر دەبێت و خەڵک هەژارتر، چونکە هەژاریی گشتی ڕیشەی لە گەندەڵیی سیستمی و حکوومەتیدا هەیە.

ئەگەر ماوەیەک لەوە پێش باس لە بچووکبوونەوەی خوانەکان دەکرا و دەگوترا نرخی مریشک فڕیوە و کڕینی گۆشت بووە بە خەون؛ ئێستا ئیتر نانی ئیشکیش لەسەر بەزەحمەت دێتە سەر خوانەکان؛ چ کارەساتێکە "هەژاریی حکوومەتی"، خەڵکی بە دەردی ئەو ڕۆژڕەشی و مەینەتییە بردووە.

هۆکارەکانی ئەم ساردوسڕی و سستییە کۆمەڵایەتییە لە هەمبەر گرانبوونی بێسەروبەرەی نان و کاڵاکاندا، جیا لە دەروونناسیی ملدان بۆ قەدەر و چارەنووسی کۆمەڵگەی ئێرانی بۆ جۆری کاردانەوەی خودی کۆمەڵگەکەش دەگەڕێتەوە. کاتێک لە میدیای بەناو نیشتمانیدا و لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیشدا کات بە گاڵتەجاڕی دەبڕێتە سەر، کەمتر دەنگی ناڕەزایەتییەک بەرز دەبێتەوە کە بڵێ: "تکایە گرانی و قاتوقڕی مەکەنە گاڵتە و جەفەنگ!"؛ چونکە لەگەڵ هەر بازدانێکی نرخەکاندا، خێزانێک لێک هەڵدەوەشێت، کارگەیەک لە کار دەکەوێ، کرێکارێک بێکار دەبێت، ژنێک هان دەدرێت بۆ لەشفرۆشیی بەناچار و منداڵێکیش لە خوێندن دادەبڕێت. لە ڕاستیدا "هەژاریی حکوومەتی" ڕێک ئەو چەکە بێدەنگەیە کە کەرامەتی "تاکەکەسی و کۆمەڵایەتیی ئێمە" دەکاتە ئامانج.

دابینکردنی پێداویستییە ماددی و ڕۆژانەییەکان، هەم لە ڕوانگە ئایینییەکانەوە و هەم لە قوتابخانە فکرییەکانی دیکەشدا جێگەی سەرنج و بایەخە؛ تەنانەت خودی شۆڕشی ئیسلامییش بە بەڵێنی ئاو و کارەبای بێبەرامبەر توانی جیا لە چینی خوڵەمێشیی کۆمەڵگە، هەندێک لە ڕەوتە سیاسییە چەپەکانیش لەگەڵ خۆی بخات. ڕەنگە ئەوکاتە ئەگەر تۆسقاڵێک "عەقڵانییەتی گشتی" و "گەشەی کولتووری" هەبا، ئەم "درۆ زەبەلاحە"یان دەخستە چوارچێوەی "تەوەزەلی" و "خەڵەتاندنی گشتی"، نەک ئیرادەیەک لە پێناو "کار" و "سەربەخۆیی"دا. لێ مخابن نەزانین و تێنەگەیشتن لە چەمکە ژێرخانییەکانی ئابووری و سپاردنی بە چوارپێیان! (کە خومەینی ڕێبەری شۆڕش لە ساڵی ١٣٥٨دا گوتبووی ئابووری ئی کەرانە)، بواری بۆ ئەم تەماحکاری و قۆرغکارییە ڕەخساند و دەرەنجامەکەشی بوو بەو چەوساندنەوەیەی ئەمڕۆ دەیبینین. ڕێک وەک چیرۆکی "مەزرای ئاژەڵان"، سەرکەوتووان و شۆڕشگێڕانێک کە جاڕی دادپەروەری و یەکسانییان دەدا، خۆیان لە پێنتهاوسەکانی گەڕەکە دەوڵەمەندەکانی سەرووی شاردا نیشتەجێ بوون، و خەڵکی پەراوێزخراو و مارانگەزی "دەوڵەتەکان"یش، ئێستا لە هەر جۆرە گۆڕانکارییەک لە پێکهاتەی سیاسیدا دەترسن.

پێچەوانەی هەندێک بۆچوونی ناسیاسی کە بەبێ ڕەچاوکردنی زیان و لێکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی گرانی ئەمە وەک بەستێنی "شۆڕشی برسییەکان" دەبینن؛ ئەو ڕوانگەیە هەر لە خولی یەکەمی گەمارۆکانی سەر کۆماری ئیسلامییەوە و چاوەڕوانی ڕوودانی شۆڕشی برسییەکان بووە و هێشتاش ئەم ڕوانینە ناڕاستە، لەسەر خولگەی هەمان هەڵەی مێژوویی دەسووڕێتەوە.

هەژاری وەک شەڕ وایە؛ هەروەک چۆن لێکەوتەکانی شەڕ لە خودی شەڕکە زیاترن، لێکەوتەکانی هەژارییش برینی قووڵ و هەمیشەیی لە جەستەی کۆمەڵگەدا دروست دەکەن. لە کەشی پڕ کارەساتی هەژاریدا، شکۆ و کەرامەت دەکەوێتە سواڵکردن و دەستپانکردنەوە و، کۆمەڵگە سست و بەپارێزتر دەبێت و ئیرادەی گشتی لێک هەڵدەوەشێت.

پووشپەڕی ٢٧٢٦

**پێشینیان گوتوویانە: "ئەگەر هەژاری لە دەرگاوە بێتە ژووری، ئیمان لە پەنجەرەوە دەچێتە دەری."**

ئەگەر بمانەوێت پێوەندیی نێوان هەژاری و ئیمان بە جۆرێکی دیکە لێک بدەینەوە، تێدەگەین لە هەرکوێیەک دەنگی هەژاری بەرز بێت، بێدەنگییەکی کارەساتبار و خۆڵەمیشیی مەرگ کۆمەڵگە لە هەر جۆرە "ژیان و سەرزیندوویەتییەک" بەتاڵ دەکاتەوە. چیتر کەس بڕوای بە ئازاری ئەوی دیکە نامێنێ، و نەوەکانی باوە ئادەم و دایکە حەوا نابنە ئەندامی یەک جەستە، بەڵکوو دزی لە یەکتر دەکەن و تاڵان و تاوانەکان جێی هەموو شت دەگرنەوە.

زبلگەڕی لەنێو پاشماوەکان بۆ خواردن نەک بە دزی و شاراوە، بەڵکوو ئێستا بووەتە کار و پیشە؛ و تەنانەت گۆڕستانیش چیتر ئارامگەی ئەبەدی نییە! چونکە بەپێی ئامارە نارەسمییەکان زیاتر لە ١٩ میلیۆن کەس لە ئێران بێخانەولانن کە زۆربەیان لە "سەربانخەوتن"ەوە پەنایان بۆ "گۆڕەخەوی" بردووە.

ڕاهاتن بە مەرگ و توندگرتنی کڵاوی ژیان بە هەردوو دەست لە ترسی ئەوەی با نەیبات؛ بەرهەمی کۆمەڵگەیەکی هەژارنشینە کە چیتر هیچ هیوایەکی بۆ ڕاپەڕین و "بنیاتنانی نەخشەڕێیەکی نوێ" تێدا نەماوە. لانی کەم لە کۆمەڵگەی ئێراندا ئەمە ئەزموونێکی مێژووییە کە دەستکەوتی کۆمەڵگەی هەژار، تەنیا نەهامەتی و خەمی نان بووە، نەک "هاواری تووڕەیی" بۆ ڕاپەڕین و ڕزگاربوون لەو دیوارە ستەمکارییەی خەشت بە خەشتی بە بڕینی نانی خەڵک هەڵچندراوە.

**شاملوو گوتەنی: چیها قسەم هەیە بیکەم، ئەگەر خەمی نان لێگەڕێ...**

٣٠ی پووشپەڕی ٢٧٢٦

# کراوات و جامانەکەی قاسملوو؛ دوو ئێتیکێتی شیاو





**عەلی لەیلاخ**

یەکێک لە وێنە هەرە جوانەکانی دوکتور قاسملوو، ئەو وێنەیەیە کە بە کڵاوپێچی جامانەوە، کەڵەگەت سەیری لاتەنیشتی دەکات. هەرچەند لە زۆربەی وێنەکانی کاک دوکتوردا خەندە و پێکەنین بەشێکی دانەبڕاوەیە، بەڵام لەو وێنەیەدا هەست دەکەی ڕاماوی چارەنووسێکی نادیارە. ئەم وێنەیە سەردەم و لۆکەیشنێک وێنا دەکات کە "جامانە" بەرەبەرە دەبێتە هێما و نیشانەی ئەو دەستە لە خەباتکارانی کورد، کە بە گوتەی جەلال مەلەکشا "کوێستانیان کردبووە هێلانە و بە شمشاڵی

لوولەی تفەنگ، دڵدارەکانیان بۆ جێژوانی چیا دەچڕی."

ئەو کڵاوپێچە ڕاستە ڕەگازۆی نێو کولتووری کوردییە، بەڵام لەو وێنەیە و لە دەرکەوتنەکانی دیکەی ڕێبەری شەهیدماندا، جۆرە ناونیشانێکی دیار بوو بۆ سەرێکی بەرز و نیشتمانێکی خۆیی و خۆماڵی. ئەو بەو کڵاوپێچەوە دەیەویست بڵێ: ئەمنم سەرکردەتان بۆ لشکری خەم، ئەگەر چووم و گلاشم بەپێی ڕێنوێنیی "باشترین پاداشت بۆ شەهیدان درێژەدانی ڕێگایانە" با نەشکێ سوپاتان. دواتریش لەسەر کێلی گڵکۆی لە پێرلاشێزی فەڕانسە هەمان دەق بە جۆرێکی دیکە نووسرا کە: "ئەمن بمرم کورد نامرێ." هەر بۆیە بێهۆ نییە لە ئێستای ڕۆژهەڵاتدا و لە بۆنەکاندا، بەتایبەتی لە نەورۆزدا، جلی کوردی و خاکیپۆشی چووەتە نێو هزری گشتی و جامانە لەملکردن، باسکردنە لە ملنەدانێکی سیاسی لە هەمبەر تواندنەوە، و تۆخکردنەوەی سنوورەکانی سەربەرزی و نەبەزینە لەگەڵ دەستەمۆیی و ژێرچەپۆکەییدا.

ئەو دیپلۆماتە وردبینە، هەموو هەڵسوکەوتێکی دوورەدیمەنێکی پێوە دیار بوو، لە گەڕانەوەکانی بۆ کوردستاندا هەرجارە و هەگبەیەکی نوێی پێ بووە بۆ حیزبەکەی و دەتوانین بڵێین بۆ گەلی کورد بە گشتی. نموونەی هەرە بەرچاوی ئەم پەیوەندییانە، دۆزینەوەی دۆست بوو بۆ دۆزی ڕەوای گەلەکەی و ئاشناکردنی بزاڤی کورد لە ئێران بە ئێلیت و دەستەبژێرانی ڕۆژاوا، بەتایبەتی وڵاتی فەڕانسە؛ لە سەرووی هەمووشیانەوە سیاسییەکان و ئاکادیمییەکان و یەک لەوان کۆمەڵەی پزیشکانی بێسنوور کە ئێستاش ئەوانەیان وا لە ژیاندا ماون، قاسملوو بە پردی ئەم پەیوەندییە دەناسن و کورددۆستن.

گەڕانەوەی قاسملوو لە ناخی ئەورووپاوە بۆ شاخ، تەنیا سەردانێکی ئاسایی نەبوو، بەڵکوو دەتوانین بە "هەبوون" یان "هبوط"ێکی ئەفسانەیی (دابەزین) بشوبهێنین؛ کە مامۆستایەکی زانکۆ، پراگ و پاریسی ڕازاوە و بەباڤوبریق جێ دەهێڵێت و لەنێو بەردی سەنگەر و هەڵاتهەڵاتدا خۆی دەبینێتەوە. ڕەچەڵەکی ئەم دابەزینە کە ئاماژەیە بە چیرۆکی "ئادەم و حەوا"، مەبەستە سەرەکییەکەی ئەوەیە کە لە بەهەشتی خۆشبژێوییەوە بە تاوانی "میوەی قەدەغە" دادەبەزێندرێنە سەر زەویی سەرانسەر ڕەنج و ئازار. "میوەی قەدەغە"کەی قاسملووش ڕزگاریخوازی و ئازادیخوازی بوو بۆ گەلێکی چەوساوە کە نەیدەویست بە چەوساوەیی بمێنێتەوە. هەر بۆیە لە چەندین قۆناغدا، ئەو بەپێی زەروورەتی مێژوویی و دەروەستبوونی بە نیشتمان و کەرامەتی ئینسانیی هاونیشتمانیانی دەگەڕێتەوە و لە سەنگەرەکەی پێشەواوە هەوڵ دەدات شەرەفکەندییەکان بکاتە پارێزەری مەتەرێزی شەرەف. لە هەموو گەڕانەوەیەکیشدا گیانی تازەی دەبەخشی بە حیزبێک کە "ئەزموونی دەوڵەتداریی کوردی هەیە" و دەبێت ئەم ئەزموونە بە باشترین و بەربڵاوترین شێوە دووبارە بکاتەوە.

کاتێک گوێ لە قسەکانی دەگری، چ لە شاخ و لە بنبەردی سەنگەردا، یان کاتێک بۆ میدیاکان قسە دەکات؛ دەبینی

قاسملوو بۆ خەڵک دەدوێت و خەڵک تێدەگەیەنێت، نەک ئەوەی بە ڕازاندنەوەی قسەکانی خەڵک بخەڵەتێنێت. جاناتان ڕیندل لە بەشێک لە کتێبی "بەم شەرمەزارییەوە چ لێبوردنێک؟"دا دەڵێ: "قاسملوو، دیپلۆمات و کراواتلەگەردەنی کۆڕ و کۆبوونەوە سیاسی و زانستییەکان لە ئەورووپا، کە دەگەڕایەوە نێو کۆڕی یاران لە شاخ، جۆرێک دەژیا کە ناسینی ئاسان نەبوو". ڕاڤەی ئەم وتەیە ئەمەیە کە قاسملووی جیهاندیدە و ڕووناکبیر، بە تانەوتەشەرەوە هەستی بەشەمەینەتی و هەژاریی گەلەکەی زامدار نەدەکرد، بەڵکوو بە لێهاتوویی و دەروەستبوونی، مانای بە "ڕێبەر"بوونی بەخشی و بەجوانی سنوورەکانی لەگەڵ ملهوڕی و دیکتاتۆریدا جیا کردەوە.

کەواتە قاسملوویەک کە لە وتەکەی "بیسمارک" بە جوانی تێگەیشتبوو، سیاسەتی بە هونەری مومکینات دەزانی و لە هەردوو دیوەوە، واتە چ کاتێک جامانەی دەکرد بە کلاوپێچی "خۆشویستنی" کوردستان و چ بە کراواتی "کراوەیی"، هەموو هەوڵەکانی لە پێناو پەیوەندی، دۆستایەتی، ناساندن و دەربازکردنی چارەنووسی گەلەکەی بوو لە نامۆیی.

قاسملوو پێش ئەوەی ببێتە جڵەوکێشی سیاسیی گەلەکەی، جوگرافیا و دێموگرافیای وڵاتەکەی دەناسی و دەیزانی دەبێت لەگەڵ کولتووری باوی خەڵکدا هەڵسوکەوتی پێکەوەهەڵکردنی هەبێت، نەک دژایەتییەکی ناسەرکەوتوو کە هەندێ لایەن بە دژی ئەو و حیزبەکەی کردیان و سەری نەگرت، و نەبووە هۆی قڵێش و بۆشایی نێوان کۆمەڵگەش.

هەوڵی ئەو بەپێی ڕێچکەی کۆماری کوردستان، سەروەریی نیشتمانی و پێگەی کۆمەڵایەتی بوو، نەک تەنیا هەبوونی جێگە و پێگەی سەربازی. عیزەتوڵڵا سەحابی، یەکێک لە ئەندامانی هەیئەتی بەناو نیازپاکی (حوسنی نییەت) لە سەرەتاکانی سەپاندنی شەڕ بەسەر کوردستاندا دەڵێ: پاش سەردانی کوردستان و گەڕانەوەم بۆ تاران، بە خومەینیم گوت کە کوردەکان هێزێکیان دامەزراندووە بە ناوی "پێشمەرگە" و داوای جیایی دین لە سیاسەت دەکەن، باشتر وایە ئێمەش هەمبەرێکیان بۆ ساز بکەین لەژێر چەتری ئایینەوە. خومەینی پێشنیارەکەی قبووڵ دەکات و دواتر شاهیدی دامەزرانی هێزێکی بەکرێگیراوی ڕێژیم بووین بە ناوی "پێشمەرگەی موسڵمان" کە گوایە شەڕی کافران دەکەن. پووچەڵکردنی ئەم پیلانە شووم و ناجوامێرانەیە بەرانبەر بە حیزبێک کە دەیان کەسایەتیی ئایینی و تێکۆشەرانی مەندیللەسەر لەو سەنگەرەدا لە بەرەی خەڵک و خەباتدا بوون و هەن، پێویستیی بە ژیرییەکی سیاسی و تێگەیشتنێکی قووڵی کۆمەڵایەتی هەبوو؛ کە قاسملووی دانەبڕاو لە کۆمەڵگە هەستی پێکرد و بە بڕیاری ئەو، هەر جۆرە بێڕێزییەک بە باوەڕمەندانی ئایینە جیاجیاکانی نێو بەدەنە و ڕێبەریی حیزبەکەی قەدەغە کرا. تەنانەت لە ڕادیۆی دەنگی کوردستاندا، بڵاوبوونەوەی چەند ئایەتێک لە "قورئان" ئەو خوێندنەوە نوێیە بوو کە قاسملووی کراواتبەستووی سیاسەت لە قۆناخناسی و پێشگرتن لە پیلانە هەستیارەکاندا هەیبوو؛ کە مەبادا جامانەپۆشانی ئەم سەنگەرە، لەجیاتی خزمەت بە گەلی خۆیان، بەرانبەر بە خەڵکی

خۆیان سەنگەری ئایدیۆلۆژی بگرن و لەبیریان بچێتەوە دوژمن هەتا خاک و ناخیان هاتووە و بەرەبەرە ببنە داردەست و سووتەمەنیی نەیاران.

## سڵاوە مێژووییەکەی قاسملوو

لە ١١ی ڕەشەمەی ١٣٥٧دا - ڕۆژی ڕاگەیاندنی خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری مەهاباد - دوکتور قاسملوو لە ١١ خولەکدا بە زمانێکی ساکار و بە تێگەیشتنێکی سیاسییانە، لە واقیعدا مانیفێستی حیزبی دێموکرات باس دەکات.

ئەو ڕێبەرە کڵاوپێچ لەسەرە، سەودای کوردستانێکی ئازادی لەسەر بوو کە بیکاتە دەرفەتێک بۆ ڕاوەستان بەدژی هەر چەشنە پاوانخوازییەک. لەو وتارە کورتەدا، قاسملوو بۆ جارێکیش نالێ "من" و بە ناوی هاوڕێیانیەوە قسە دەکات. ئەو پاش ڕێزنان لە شەهیدان و زیندانیانی سیاسی، سڵاو دەنێرێت بۆ گەلانی دیکەی وەک فارس، ئازەری، ئاسووری و... لە ئێراندا. ئەگەر خوێندنەوەیەکی ورد و دوور لە دۆگماتیزم هەبایە، پەیامەکانی نێو ئەو ١١ خولەکە دەبوونە نەخشەڕێگای سیاسیی سەرلەنوێی ئێرانی فرەچەشن.

لەوێدا جامانەلەملەکانی کوردستان هێرشبەر و فاشیست دەرناکەون، چونکە کراوات پۆشێکی خوێندەوار و مرۆڤدۆست پێشەنگایەتییان دەکات و بە مەشخەڵی "سڵاو"ەوە هاتووە بۆ تێکشاندنی تاریکایی دیکتاتۆری و لابردنی شەوەزەنگی ستەم. لە یۆنانی کۆندا ئەفسانەیەک هەیە بە ناوی "پرۆمیسۆس" (پرۆمتە) کە مانا کۆنە یۆنانییەکەی بریتییە لە "خاوەنی ژیریی پێشوەختە". پرۆمتە ئاگری لە زێوس ڕفاند و بەخشیی بە "مرۆڤ" و بوو بە هۆی گەشەکردنیان، دواتریش کەوتە بەر غەزەبی "زێوس". پرۆمتە جامانەپۆشەکەی ئێمەش لە زمهەریری ئایەتوڵڵاکانی "اقتلوا"دا، بە "سڵاو" و سەفای پێکەنینەوە گوتی: پێکەوەژیان! هەر بۆیە پیاوکوژانی کۆشکی فیرۆزە هاتن و سینگیان هەڵدڕی.

کراوات و جامانە وەک دوو ئێتیکێتی پێویستی "دیپلۆماسی و خەباتی پێشمەرگانە" لە قاسملوودا ڕەنگیان دەدایەوە. ئەو بە جێخستنی کۆمەڵێک پرەنسیپی جیهانی، هەر زوو "پێشمەرگە"ی لە میلیشیایەکی سەرەڕۆ جیا کردەوە. ئێستا ئەگەر باریکەڕێیەک لە پارکێکی فەڕەنسادا بە ناوی "پێشمەرگە"وە کراوە، هەق وایە بە دیتن و باسکردنی یادی ئەو ڕێبەرە بلیمەتەش بکرێتەوە کە چەندە هەوڵی دا جیاوازییەکی جەوهەریی نێوان "پێشمەرگە" و "چەکدار" بە جیهان بناسێنێت.

پووشپەڕی ٢٧٢٦

ئەگەر لە ئەمڕۆی ئێراندا جیا لە کورد، گەلانی دیکەش لە ناوەندگەرایی و پاوانخوازیی تارانی "عەبا و منبەر" یان "تاج و تەخت" تۆقیون، کاتی خۆی قاسملوو بە زمانێکی پاراو و خاوێن، هەر چەشنە سەڵتەنەتخوازی و پاشاگەراییەکی بە مەترسیی سەر دێموکراسی و مافی شارومەندی و ئازادی دەزانی و لە ئێستاشدا دەبینین کە بۆچوونەکانی چەندە لە ڕاستی شێوە نزیکن. ئەو چ بە کراواتی ڕامیاری و چ بە جامانەی خەباتکارانە، خەون و ئاواتی ئازادی و کەرامەتی ئینسانی بوو کە بەداخەوە تاریکپەرستانی ئینسانکوژ، زوو ئەو بەخت و هیوا ڕوونەیان لە خەڵک ستاند؛ بەڵام ئێستاش بەپێی هزر، قەڵەم و ناخی بڵاو و هەرماوی، دەکرێ نەخشەڕێگای سیاسی و سەربەرزیی گەلی پێ دابرێژین.

کۆتا قسە؛ قاسملوو بە لێزانی و لێهاتوویی خۆی و پشتبەستن بە ئیرادەی گەل، چاولەدەست و لارەملی هیچ لایەن و ئایدیایەک نەبوو.

دەڵێن کاتی خۆی لەگەڵ شاندێکی فەڕەنسییدا دیداریان دەبێت، ئەوان دەڵێن: "یارمەتیی ماڵیتان دەوێت یان چی؟

"قاسملوو زیرەکانە دەڵێ: "نەخێر، تەنیا لە ئاستی نێودەوڵەتیدا ناومان بهێنن و دۆستانە پشتیوانمان بن."

دواتر هاوڕێیانی لێی دەپرسن: "باشە بۆ یارمەتیی ماڵییەکەمان وەرنەگرت؟" لە وەڵامدا دەڵێ:

"ئەوەی یارمەتیی مەعنەویت بدات، دواتر یارمەتیی ماڵیشت دەدات." ئەمە واتە قاسملوو سەرکردەیەکی دەستپانکەرەوە نەبوو، بەڵکوو ڕێبەرێکی داهێنەر و بیرمەند بوو.

بە قەولی قالەمەڕە: "قاسملوو دۆستی دونیا و قیامەتمانە"، و ئێوە دونیا و قیامەت لەو وتەیەدا بە "ئێستا و دوارۆژ" بخوێننەوە.

٣١ی پووشپەڕی ٢٧٢٦

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

پووشپەڕی ٢٧٣٦ی کوردی - جووڵای ٢٠٣٦ی زایینی



# سپاس و پێزانین

**بۆ هەموو هاوڕێ و دۆستان بۆ نووسین و ئامادەکردنی وتار، وتووێژ و بابەتەکان.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**



سەرچاوە
Serchawe